چاپی یەکەم

مەنصور عبدالحکیم

قەرین

دووژمنی شاراوەی مرۆڤ

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

پەیوەندییەکانی لەگەڵ مرۆڤدا لە لانکەوە هەتاوەکو مردن

سیفەتەکانی، هەڵسوکەوتەکانی، ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی

وەرگێڕانی
سەعید بەشیر مستەفا

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

قەرین

دووژمنی شاراوەی مرۆڤ

پەیوەندیەکانی لەگەڵ مرۆڤدا لە لانکەوە هەتاوەکو مردن
سیفەتەکانی، هەڵسووکەوتەکانی، ڕۆڵ و کاریگەریەکانی

مەنصور عبدال حکیم
وەرگێڕانی: سەعید بەشیر مستەفا

چاپی یەکەم
٢٠٢٤

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە ٥٠١٠

ناسنامەی کتێب

قەرین دووژمنی شاراوەی مرۆڤ

- نووسینی: مەنصور عبدال حکیم
- وەرگێڕانی: سەعید بەشیر مستەفا
- بابەت: ئاینی
- دیزاین و بەرگ: فواد کەولۆسی
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- شوینی چاپ: چاپخانەی گەنج
- سالی چاپ: ٢٠٢٤
- تیراژ: ١٠٠٠

ناونیشان:

سلیمانیی ــ سابونکەران ــ نیوان گەڕاجی عوسمانی تەمین و شوقەکانی تەکیە ڕووتە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

پێڕست

پێشەکی ٩

- ١ -

سەرەتا بڕیتیە لە مردن ١٣

قەرین لە زمانەوانی و قورئاندا ١٤

باسکردنی قەرین لە قورئانی پیرۆزدا ١٥

باسکردنی قەرین لە حەدیسەکانی پێغەمبەردا (ص) ٢٤

- ٢ -

قەرین و کارەکانی لەگەڵ مردۆدا، لە ڕوانگەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە(ص) ٣٧

ڕۆڵی ڕۆژانەی قەرینی شەیتانی لەگەڵ مردۆ و کۆتایی چاوەڕوانکراوی لە ڕۆژی دواییدا ٣٨

دەسەلاتی قەرینی شەیتانی بەسەر هاوەڵە مردۆکەیەوە ٧٢

- ٣ -

قەرین و وەحی شەیتانی ٩١

وەحی شەیتانی و ڕێگاو شێوازەکانی لە گومڕاکردنی خەڵکیدا ٩٢

ڕۆڵی قەرین لە وەحی شەیتانیدا ١٠٣

- ٤ -

قەرین و وەسوەسە ١١٥

وەسوەسە لە زمانەوانی و شەرعدا ١١٦

جۆرەکانی وەسوەسە و شێوازەکانی چارەسەر کردنی ١٢١

نەخۆشی وەسواسی قەهری ١٤١

لە ڕوانگەی زانستی پزیشکی و شێوازی چارەسەرە نوێکانی ١٤١
ڕێڕەوی نەخۆشی لە شڵەژانی وەسواسی قەهریدا ١٤٧
شێوازێکی نوێ بۆ چارەسەری وەسواسی قەهری ١٦٣
بەچوار قۆناغ " چارەسەری هەڵسووکەوتی زانی" (علاج السلوك الذاتی) ١٦٣
هەنگاوی یەکەم: ناونانەکە دووبارە بکەرەوە. ١٦٨
هەنگاوی دووەم: ڕێژەکە دووبارە بەرەوە. ١٧٢
هەنگاوی سێیەم: تەرکیز دووبارە بکەرەوە. ١٧٨
ڕێسای پازدە(١٥) خولەکی ١٨١
هەبوونی دەفتەرێکی ڕۆژانە ١٨٦
هەنگاوی چوارەم: دووبارەکردنەوەی هەڵسەنگاندن ١٨٨
-٥-
پەیوەندی قەرینی شەیتانی بە شەیتانی گەورەوە ١٩٧
ئیبلیس بنەڕەتی قەرینەکانی جنۆکەیە و یەکەمینی قەرینە خراپەکانی لەوانە ١٩٨
سیفەتە هەڵسووکەوتیەکان (الخُلُقیە): ٢٠٤
-٦-
حاڵەتەکانی شەیتانی قەرین لەگەڵ مرۆڤدا ٢٠٩
بەشدارییەکانی قەرینی شەیتانی لەگەڵ مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا ٢١٠
بەشداری شەیتان لەگەڵ مرۆڤ لە ماڵ و منداڵدا ٢١١
ئامادەباشی شەیتان لە هەموو کاروبارەکانی مرۆڤ وەک خانوو خواردن و خواردنەوە ٢١٢
بەشداری لە سەرجێی مرۆڤدا ئەگەر بسم اللّه نەکات ٢١٤
ئامادەبوون لە دەمەقاڵێکان و بەشداری کردنی تێیاندا ٢١٤
هەوڵی دڵتەنگکردنی مرۆڤ لە خەوو بێداریدا ٢١٤

هەوڵی تێکدانی عیبادەتی ئیمانداران دەدات ٢١٥
هەبوونی شەیتان لە توالیت و شوێنە پیسەکاندا ٢١٨
باسکردنی هەندێك لە ئازارەکانی قەبرینی شەیتانی بۆ مرۆڤ ٢١٩

-٧-

وەسوەسەی قەرین لەڕووی زانستیەوە ٢٢٧
ئەو شێوازەی کە قەرینی شەیتانی بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی وەسوەسە بۆ مرۆڤ دروست بکات. ٢٢٨
چۆن شەیتان ژیانت بەفیڕۆ دەدات ٢٢٩
چۆن شەیتان وادە و بەڵێنەکانی دەگەیەنێت بەتۆ و چۆن قەناعەتت پێدەکات؟ ٢٣٢
وادە و بەڵێنەکانی شەیتان بۆ مرۆڤ کامانەن؟ ٢٣٧
شەیتان وادە و بەڵێنی لەخۆباییبون دەدات ٢٤٤

-٨-

شوێنەکانی هەبوونی قەرین و جنۆکە لەکەڵ مرۆڤدا ٢٥١
بنەڕەتی دروستبوونی قەرین و جنۆکە و کاریگەری چالاکی نەو لە ژیانی دوونیادا ٢٥٢
بینینی جنۆکە و قەرین لەسەر شێوەی ڕاستەقینەیان شتێکی مەحالە ٢٦٩
شوێن و جێگاکانی هەبوونی جنۆکە لە ژیانی مرۆڤدا ٢٧٨
شوێنەکانی هەبوونی شەیتانی قەرین سەبارەت بەو مرۆڤەی کە لکاوە پێیەوە ٢٨٨

-٩-

قەرینی شەیتانی و خەون و کابوسەکان ٣٠١
خەون لە شەیتانی قەرینەوەیە ٣٠٢

-١٠-

ڕۆح و قەرین ٣٠٩
ڕۆح لە قورئانی پیرۆز و زانستی نوێ و ئایینەکانیتری بێجگە لە ئیسلام و لای فەیلەسوفەکان. ٣١٠
ڕۆح لە زانستی نوێدا ٣٢٠

ڕۆح لەلای فەیلەسوفەکان ٣٢٥
ڕۆح لەلای میسریە کۆنەکان ٣٢٦
ڕۆح لەلای بوزاییەکان ٣٢٧
ڕۆح لەلای هیندۆسیەکان ٣٢٨
ڕۆح لەلای جوولەکەکان ٣٣٠
ڕۆح لە مەسیحیەتدا ٣٣٠
دانیشتنەکانی ئامادەکردنی ڕۆحەکان بریتیە لە ئامادەکردنی قەرینی شەیتانی بۆ مرۆڤ ٣٣٢

-١١-

قەرین و نەخۆشیەکانی مرۆڤ ٣٥٥
ڕۆڵی قەرینی شەیتانی کانیەك مرۆڤ تووشی نەخۆشیە جیاوازەکانی لەئدامی و ڕۆحی دەبێت ٣٥٦
ڕۆڵی قەرین لە حاڵەتی تووشبونی مرۆڤ بە شێتی و سیحر و حەسودی ٣٦٠
دووعاکانی دوورخستنەوەی ئازارەکانی قەرینی شەیتانی ٣٦٩

-١٢-

خۆپاراستن لە خراپەکانی قەرینی شەیتانی ٣٧١
خۆپاراستن لە خراپەکانی شەیتان ٣٧٢
داخستنی دەم لەکاتی باوێشکداندا ٣٨٣
زیکری خودا لەکاتی چوونە دەرەوە لەماڵەوە و چوونە ژوورەوەدا ٣٨٤
دووعا نەبەویەکان ٣٨٥
وتەی کۆتایی ٣٨٧

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

﴿یأیها الناس کلوا مما فی الارض حلالا طیبا ولا تتبعوا خطوات الشیطان انه لکم عدوٌ مبین﴾ س البقره ا ١٦٨.

واتە: ئەی خەڵکینە لە ناز و نیعمەتە حەلاڵ و پاکەکانی سەرزەوی بخۆن و شوێنی هەنگاوو پیلانەکانی شەیتان مەکەون چوونکە ئەو دووژمنێکی ڕوون و ئاشکرای ئێوەیە.

﴿وقال قرینه هذا ما لدی عتید* ألقیا فی جهنم کل کفار عنید* مناع للخیر معتد مریب* الذی جعل مع الله الها اخر فألقیاه فی العذاب الشدید* قال قرینه ربنا ما أطغیته ولکن کان فی ضلال بعید* قال لا تختصموا لدی وقد قدمت الیکم بالوعید* مایبدل القول لدی وما أنا بظلام للعبید* یوم نقول لجهنم هل امتلأت وتقول هل من مزید﴾ س ق ئایەتی ٢٣ — ٣٠.

واتە: قەرینەکەی دەڵێت هەرچی کاروکردەوەی هەیە لەلای من حازر و ئامادەیە و تۆمار کراوە، هەموو کافرێکی ملجەڕێ کار بخەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەو کافرەی کە خودایەکی تری بێجگە لە پەروەردگار دانابوو بۆ خۆی، بیخەنە ناو ئەشکەنجە و سزایەکی تونددەوە، قەرینەکەی دەڵێت خودایە گیان من سەرکەش و گومڕام نەکردبوو ئەو خۆی لە گومڕایی و بێئاگاییەکی زۆر دێریندا بوو، خودای گەورەش دەفەرمێت لەلای من چەلەحانێ مەکەن، چوونکە پێشتر وادە و بەڵێن و هەڕەشەی خۆم بۆ

ناردبوون، من قسه و هەڕەشەی خۆم ناگۆڕم و ستەمیش لە بەندەکانی خۆم ناکەم، ڕۆژێك بە دۆزەخ دەڵێین ئایا پڕ بویت؟ ئەویش دەڵێت ئەگەر بێباوەڕی زیاتر هەیە بیانهێنن.

لە ئیبن عەباسەوە دەیگێڕنەوە کە گوتویەتی:

پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەر(ص)گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا من لەبەرخۆمەوە شتێك دەڵێم ئەگەر لە ئاسمانەوە بمخنە خوارەوە پێمخۆشترە لەوەی کە باسی بکەم.

پێغەمبەریش(ص) فەرموی: {الله اکبر الله اکبر سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە فرت و فێڵ و پیلانگێڕیەکەی گێڕایەوە بۆ وەسوەسە}[1]

[1] رواه احمد وابو داوود والنسائی.

پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورە، سوپاسی دەکەین و داوای یارمەتی و لێخۆش بوون و هیدایەت هەر لەو دەکەین، پەنا دەگرین بە خودا لە خراپەی دڵ و دەروونەکانمان کارو کرداڕە خراپەکانمان. هەرکەسێك خودای گەورە هیدایەتی بکات هیچ کەسێك ناتوانێت گومڕای بکات و هەرکەسێکیش خودای گەورە گومڕای کرد کەس ناتوانێت ببێت بە هیدایەتدەر و ڕێنماکاری، شاهێدی دەدەم کە هیچ خودایەك بێجگە لە خودای گەورە لەم جیهانەدا نیە و تاك و تەنیا و بێ شەریکە، هەر خۆی خاوەن دەسەلاتە و شیاوی سوپاس کردنە و بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

بوونەوەر و قەدەرەکان و ڕزق و ڕۆزیشی دروست کرد و کەسی لەیاد نەچوو.

وەهەروەها شاهێدی دەدەم کە محمد عەبدی خودا و پێغەمبەری ئەو زاتەیە و هەڵبژاردەی زاتی خودایە، پەیامی خودای بە ئەمانەتەوە گەیاند و ئامۆژگاری ئوممەتی کرد و بەهۆی ئەوەوە خودای گەورە ئالۆزیەکانی ڕوون کردەوە و ئێمەی بە ئاین و بەڵگەیەکی سپی و پاك و بێگەردەوە بەجێ هێشت، بێجگە لە مرۆڤە لەناوچوو فەوتاوەکان نەبێت هیچ کەسێك گومان لەبەرنامەکەی ناکات.

لەپاشان.....

خودای گەورە مرۆڤی دروستکردوە و لەسەر زەویدا نیشتەجێی کردووە، بە مەبەستی تاقیکردنەوە، پۆژی دوایی کردووەتە مالّی هەمیشەیی و پاداشتی نەبڕاوە، شەیتانەکانیشی دروستکردووە بۆ ئەوەی هەمیشە لە کێشە و بەرەدا بن لەگەڵ ئادەمیزاددا و هەڵیان بخەڵەتێنن و هیچ دەسەلاّتێکیشان بەسەریاندا نەبێت، شەیتانی گەورە کە ئیبلیسە پێگەی هەڵخەڵەتاندن و گومڕاکردنی گرتووەتەبەر، ئەوەش لەوکاتەوەی کە لەفەرمانی خودای گەورە لایدا و کڕنوشی بۆ ئادەم نەبرد، هەربۆیە خودای گەورەش لە ڕەحمەت و بەهەشتەکەی خۆی دەری کرد، ئەوو شوێنکەوتوانی لە شەیتانە جنۆکە و مرۆڤەکان لە یەک گروپ و تاقمدان کە بریتیە لە گروپ و کۆمەڵی دۆزەخی کە خودای گەورە بەهۆی ئەوانەوە دۆزەخەکەی خۆی پڕ دەکات، هەروەک چۆن هەڕەشەی لێ کردوون و سوێندیشی خواردووە:

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿وتمت كلمة ربك لأملأن جهنم من الجنة والناس اجمعين﴾ س هود ئا ١١٩.

واتە: ووشە و سوێندی خودای گەورە تێر و تەواو بووە کە فەرموویەتی دۆزەخ پڕ دەکەم لە هەموو خراپەکارانی جنۆکە و ئادەمیزاد.

خودای گەورە ئاگاداری کردوینەتەوە لە شوێنکەوتنی شەیتانی گەورە و شوێنکەوتەو پشتیوانەکانی چوونکە سزای ئەوکارە بریتیە لە مانەوەی هەتاهەتایی لەناو دۆزەخدا.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿يابنى ادم لايفتننكم الشيطان كما اخرج ابويكم من الجنة ينزع عنهما لباسهما ليريهما سوءاتهما انه يراكم هو وقبيله

من حيث لاترونهم انا جعلنا الشياطين اولياء للذين لايؤمنون﴾ س اعراف ئا٢٧.

واتە: ئەی ئادەمیزدا ووریابن شەیتان لە خشتەتان نەبات هەروەك چۆن بویە هۆی ئەوەی كە دایك و باوكتان لە ناو بەهەشتی بەرین دەربكرێن، جلوبەرگیان لەبەردا نەمێنێت بۆ ئەوەی شەرمگەیان دەربكەوێت، خودای گەورە ئێوەش و دارودەستەی شەیتانیش دەبینێت، بەڵام ئێوە ئەو نابینن، ئێمە شەیتانەكانمان كردووە بە پشتیوانی ئەوكەسانەی كە باوەڕیان بە خودای گەورە نیە.

یەكێك لە سەربازانی ئیبلیس و نوێنەرەكانی كە هەمیشە لەگەڵ ئادەمیزاددایە بریتیە لە قەرینی شەیتانی یاخود قەرینی جنۆكە، كە بریتیە لە دوژمنێكی شاراوە لەبەرچاوەكانمان، سەرەڕای مەترسی و گرنگیەكانی لەسەر ژیانی مرۆڤ لەڕووی گومڕاكردن و هەڵخەڵەتاندن و لەخشتەبردنیەوە، بەڵام هەمیشە لێی جیانابێتەوە و شەوورۆژ لەگەڵ ئادەمیزاددایە.

مەترسی ئەم قەرینەش كە بریتیە لەشەیتان بۆ هەموو مرۆڤێك، ئەوەیە كە مرۆڤ وەك دووژمن سەیری ناكات هەروەك خودای گەورە فەرمانی پێ دەكات، هەروەها لەبیریدا نیە چوونكە نایبینێت.

لەم كێبەدا ئەوە ڕوون دەكەینەوە كە هەموو مرۆڤێكی وەك ئێمە قەرینێكی لە جنۆكە و قەرنێكی لە فریشتەكان هەیە، كە هەرەیەكەیان ڕۆڵ و كاریگەری خۆیان هەیە لە ژیانی ئادەمێزاددا.

قەرینی شەیتانی هاوەڵەكەی هاندەدات لەسەر خراپە و خراپەكاری، قەرینی فریشتەیش هاوەڵەكەی هان دەدات لەسەر خێر و چاكە كردن، ئەوە

مرۆڤە کە خۆی ئازادە لە هەڵبژاردنی ڕێگەی خۆیدا و خودای گەورەش لە قیامەتدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات لەسەر ئەو هەڵبژاردنەی.

پێشینان و پاشینانمان جیاوازی بۆچونیان هەیە لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری قەرینی شەیتانی، وەئایا شتێك هەیە بەناوی جادووی قەرین یاخود دەگەدانی قەرین لە مرۆڤەکان، وە ئایا مرۆڤ بەهۆی قەرینەوە تووشی نەخۆشی دەبێت؟!

لەم دواییانەدا جیاوازیەکە هێندە توند بووەتەوە و گەیشتووەتە لوتکە هەتاوەکو کار گەیشتوەتە ئەوەی کە لە سەر چەندین پێگەی ئینتەرنێتی باس و خواسی لەسەر دەکرێت و هەرکەسەو پابەندە بە بۆچونی خۆیەوە و ئەویتر بە نەفام و کاڵفام دەداتە قەڵەم.

هەربۆیە لەم کتێبەدا هەوڵ دەدەین مەسەلەکە ڕوون بکەینەوە و هەموو بیرو بۆچونەکانیش لەوبارەیەوە بخەینە ڕوو، داوا لە خودای گەورە دەکەین سەرکەوتومان بکات و وەك کردەوە چاکەکانی ترمان لێمانی وەربگرێت و درود و سەلاوات بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەر و یارو یاوەرانی.

مەنصور عبدالحکیم

١٨ / ١٠ / ٢٠٠٨

-١-

سەرەتا بریتیە لە مردن

- قەرین لە زمانەوانی و قورئانی پیرۆزدا.
- باسکردنی قەرین لە حەدیسەکانی پێغەمبەردا(ص).

قەرین لە زمانەوانی و قورئاندا

قەرین لە زمانەوانیدا مانای هاوڕێ و هاودەمی لێك جیانەبوەوە دەگەیەنێت کە هەمیشە لەگەڵیدایە، وەك ووشەی (قرانی) کە کۆکەی دەکاتە (قُرناء) قەرینی شەیتانی بۆ مرۆڤ هەرگیز لێی جیانابێتەوە، قەرین بە جنۆکە و بەمرۆڤیش دەگوترێت، هەربۆیە قەرینی مرۆڤ بریتیە لە هاوڕێکەی، ئەوەش یان قەرینی باشە یاخود قەرینی خراپ، قەرینی جنۆکەش بریتیە لە شەیتانی خراپەکار، قەرین بە فریشتەکان و ئەو فریشتەیە دەگوترێت کە هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدایە، هەروەك دواتر لە حەدیسی پێغەمبەردا باسی دەکەین.

بە ژنی مرۆڤ دەگوترێت قەرینی مێردەکەی، چوونکە مانای قەرینی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، هەربۆیە لە عەربیدا دەگوترێت فلانە خاتوون قەرینی فلانە پیاوە، واتە هاوژین و هاودەمیەتی.

شاعیر دەڵێت:

پرسیار لەمرۆڤ خۆی مەکە بەڵکو بزانە قەرینەکەی کێیە

چوونکە هەموو قەرینێك چاولێگەری لە قەرینەکەی خۆی دەکات[٢]

---

[٢] شیعری شاعیر عەدی کوپی زەیدە.

قەرین لە هاوڕێ (الصديق) جیاوازە، چوونکە قەرین بریتیە لە هاوڕێی هەمیشەیی مرۆڤ، بەڵام هاوڕێ(الصديق) بریتیە لە هاوڕێ و هاودەمێك کە جارجار لەگەڵ مرۆڤدایە نەوەك هەموو کاتێك.

هەربۆیە هاوڕێی (الصديق)مان هەیە و هاوڕێی (القرين)مان هەیە کە لە زۆرێك لە سیفەتەکان یاخود هەموویاندا لە هاوڕێکەی خۆی دەچێت، چوونکە جاری وا هەیە کە تۆ هاوڕێیەتی (الصديق)مرۆڤێك دەکەیت لە زۆرێك سیفەتدا لە تۆ جیاوازە، بەڵام هەر هاوڕێیەتی دەکەیت، بەڵام هاوڕێی قەرین کە (ئەنتیم)ی پێ دەگوترێت و ووشەیەکی ئینگلیزیە و لە ناو خەڵکی عەرەبدا بەهەمان ووشە بەکار دێت و مانای قەرین دەگەیەنێت کە لە هاوڕێ(الصديق)ی ئاسایی لە ئیش و کار و خوێندن و سەفەردا جیای دەکاتەوە.

باسکردنی قەرین لە قورئانی پیرۆزدا

ووشەی قەرین و هاوماناکانی لە قورئانی پیرۆزدا بەچەندین مانای زۆر هاتووە لەوانەش ووشەی (قرين) سێ جار و ووشەی (قرينا) دووجار و (قرينه) دووجار و (قُرنا) یەك جار و ووشەی (مُقرنين) سێ جار و.... هتد هاتووە.

﴿قال قائل منهم انی کان لی قرين﴾س صافات ا ٥١.

واتە: یەکێکیان مۆڵەت دەخوازێت و دەڵێت من لە دوونیادا هاوڕێیەکم هەبووە.

﴿ومن يعش عن ذكر الرحمن نُقيض له شيطانا فهو له قرين﴾ س الزخرف ا ٣٦

واتە: هەرکەسێك لە بەرنامە و پەیامی خودای گەورە لابدات ئێمە یەکێك لە شەیتانەکان دەکەینە ملۆزم (قەرین) بۆی.

﴿حتى اذا جاءنا قال ياليت بينى وبينك بعد المشرقين فبئس القرين﴾س الزخرف ا ٣٨.

واتە: کاتێك دێتەوە بەردەم بارەگای ئێمە لە قیامەتدا بە هاوڕێ و هاودەم و قەرینەکەی دوونیای دەڵێت خۆزگایە نێوانی من و تۆ هێندە خۆرهەڵات و خۆرئاوا دوور بوایە.

﴿والذين ينفقون اموالهم رئاء الناس ولا يؤمنون بالله ولا باليوم الآخر ومن يكُن الشيطان و له قرينا فساء قرينا﴾ س النساء ا ٣٨.

واتە: ئەو کەسانەی کە لەبەر خۆنواندن و ڕیاکاری مالّ و سامانەکەیان دەبەخشن و باوەڕیان بە خودا و بەڕۆژی دوایی نیە، هەرکەسێك شەیتان ببێتە قەرینی ئەوا خراپترین هاوڕێ و قەرینی هەیە.

﴿وقال قرينه هذا ما لدى عتيد﴾ س ق ا ٢٣

واتە: فریشتە قەرینەکەی ڕوو دەکاتە پەروەردگار و دەڵێت ئەم مرۆڤە هەرچیەکی کردووە لەلای من بەتەواوەتی تۆمار کراوە.

﴿وقال قرينه ربنا ما أطغيته ولكن كان ف ضلال بعيد﴾ س ق ا ٢٧.

واتە: قەرینەکەی دەڵێت خودای گەورە من لە خشتەم نەبردووە، بەڵکو خۆی پێشتر لە گومڕاییەکی زۆر دوورودرێژدا بووە.

﴿وقضينا لهم قُرناء فزينوا لهم مابين ايديهم وما خلفهم وحق عليهم القول فى امم قد خلت من قبلهم من الجن والإنس إنهم كانوا خاسرين﴾ س فصلت ئا٢٥.

واتە: ئێمە کۆمەڵێك قەرینمان بۆ داناون هەموو کار و کردەوەکانی ڕابوردوو داهاتوویان بۆ ڕازاندونەتەوە تاوەکو سەرئەنجام بڕیاری تۆڵەی خودایيان بەسەردا جێبەجێ کراو لەو ئوممەت و نەتەوانە کە پێشتر لە جنۆکە و لە مرۆڤەکان هەبوون، بەدڵنیاییەوە ئەوانە خەسارۆمەندن.

﴿وترى المجرمين يومئذ مقرنين فى الأصفاد﴾س ابراهيم ا ٤٩.

واتە: لەڕۆژی قیامەتدا تاوانباران دەبینیت کە کۆت و زنجیر کراوان و لەتەنیش یەکترییەوە ڕیز کراوان.

﴿واذا أُلقوا منها مكانا ضيقا مقرنين دعوا هنالك ثبورا﴾ س الفرقان ا ١٣.

واتە: کاتێك ئەوان بە کۆت و زنجیرەوە فڕێ دەدرێنە ناو شوێنێکی تەنگەبەر و ناخۆشی دۆزەخەوە داوای مردن دەکەن هێندە ناڕەحەت و بێتاقەتن.

﴿واخرين مقرنين فى الأصفاد﴾ س ص ا ٣٨.

واتە: هەندێکیتریش بە کۆت و زنجیر بەستراونەتەوە بۆ ئەوەی نەتوانن کارو کردەوەی خراپ ئەنجام بدەن.

﴿فلولا أُلقي عليه أسورة من ذهب أو جاء معه الملائكة مقترنين﴾ س الزخرف ا ٥٣.

واتە: باشە ئەی بۆچی بازنی ئاڵتوونی پێشکەش ناکرێت یاخود فریشتەکان وەك هاوڕێی پشتیوان لەگەڵیدا نەهاتوون.

مەبەست لە ووشەی قەرین لە قورئانی پیرۆزدا بریتیە لە قەرینی شەیتانی لە جنۆکە، کە ئامانجی گومڕاکردن و لە خشتەبردنی ئادەمیزادە، ووشەی (مقرنين) هاتووە و باسی بارودۆخی تاوانباران و سیفەتەکانیان

دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا کە کۆت و زنجیر کراون و بەوپەڕی زەلیلی و سەرشۆڕییەوە دەست و قاچیان بەستراوەتەوە.

ووشەی (مقرنین) باسی ئەو حاڵەتە دەکات کە فیرعەون داوا لە پێغەمبەر موسا دەکات کە با فریشتەکان هاوڕێیەتی بکەن و لەگەڵیدا بێن بۆ ئەوەی لە پەیامەکەیدا پشتیوانی بکەن و قسەکانی بەڕاست بدەنە قەڵەم.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ونادى فرعون فى قومه قال ياقوم أليس لى ملك مصر وهذه الأنهار تجرى من تحتى أفلا تبصرون* أم أنا خير من هذا الذى هو مهين ولا يكاد يُبين*فلولا أُلقى عليه أسورةٌ من ذهب أو جاء معه الملائكة مقترنين*فاستخف قومه فأطاعوه إنهم كانوا قوما فاسقين﴾ س الصافات ا ٥١ – ٦١.

واتە: فیرعەون هاواری کرد بەناو هۆز و داروودەستەکەیدا و گوتی: ئەی خەڵکینە ئایا هەموو سەروەت و سامانی میسر مولکی من نیە و ئەو ڕووبارانەی کە بەژێرمدا دەڕۆن، ئایا ئەمانە نابینن، یاخود ئایا من باشترم یان ئەو مرۆڤە پەستە کە هیچ نازانێت(واتە پێغەمبەر موسا) باشە ئەگەر ڕاست دەکات کە پێغەمبەرە بۆچی بازنی ئاڵتوونی بۆ نازڵ ناکرێت یاخود فریشتەکان لەگەڵیدا نایەنە خوارەوە، هۆز و داروودەستەکەی سەرشۆڕ کردبوو ئەوانیش گوێڕایەڵیان کرد، بەڕاستی ئەوانە هۆزێکی گوناحبارن.

باسی قەرین و چەلەحانێکانی لەگەڵ قەرینە مرۆڤەکەیدا لە ڕۆژی دوایی لە سێ شوێنی قورئانی پیرۆزدا هاتووە بەتایبەت لە سورەتی صافات و سورەتی قافدا.

لەسورەتی صافاتدا باسی قەرینی شەیتانی کراوە کە لەگەڵ کافراندا دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە و هاوەڵ و قەرینە ئیماندارەکەش لەگەڵ باوەڕداراندا دەچێتە بەهەشتەوە و پرسیاری لەبارەوە لێ دەکرێت.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿قال قائل منهم إنی کان لی قرین* یقول أئنك لمن المصدقین*أئذا متنا وکنا ترابا وعظاما أئنا لمدینون* قال هل أنتم مطلعون* فاطلع فرآه فی سواء الجحیم* قال تالله إن کدت لتُردین* ولولا نعمة ربی لکنت من المحضرین* أفما نحن بمیتین* إلا موتتنا الأولی وما نحن بمعذبین* إن هذا لهو الفوز العظیم* لمثل هذا فلیعمل العاملون﴾ س الصافات آ ٥٠– ٦١.

واتە: یەکێکیان گوتی من کاتی خۆی هاوڕێ و قەرنێکم هەبوو، پێی دەگوتم باشە تۆ باوەڕ بە شتی وەها دەکەیت؟ ئایا ئەگەر بوینە خاك و ئێسك و پروسك ئێمە بەڕاستی پاداشت دەدرێینەوە؟ پاشان ئیماندارەکە ڕووی کردە هاوەڵانی خۆی و گوتی: باشە ئێوە بۆ سەیرێك ناکەن، با بزانین ئەو هاوەڵەم حاڵ و بارودۆخی چۆنە؟ هەرکە سەیرێکی کرد دەبینێت لە ناوەڕاستی دۆزەخدا گیری خواردووە.... دواتر پێی گوت: بەخودا خەریکبوو منیش ماڵوێران بکەیت و منیش وەك خۆت بەرەو هەڵدێر ببیەت، ئەگەر نیعمەتی هیدایەتی پەروەردگارم نەبوایە ئەوکات منیش یەکێك بووم لە ئامادەبوانی ناو دۆزەخ، ئینجا بەختەوەران لەخۆشیدا دەڵێن: ئێمە ئیتر نامرین و ژیانمان بەردەوام دەبێت... جگە لەو مردنەی یەکەمجاری دوونیامان نەبێت... پاش ئەوە ئیتر هیچ ئازار و ئەشکەنجەیەکیش ناچێژین.

هەروەها لەسورەتی (ق)دا باسی قەرینی خراپ و هاوەڵەکەی کراوە کە وەک خۆی نالەبارە و ئەو چەلەحانێیەش باس دەکات کە لەنێوانیاندا ڕوو دەدات و خودای گەورەش ئاگاداری قسەو باسەکانی نێوانیانە.

﴿وجاءت كل نفس معها سائق وشهيد* لقد كنت فى غفلة من هذا فكشفنا عنك غطاءك فبصرك اليوم حديد*قال قرينه هذا ما لدى عتيد* ألقيا فى جهنم كل كفار عنيد* مناع للخير معتد مريب* الذى جعل مع الله إلها آخر فألقياه فى العذاب الشديد* قال قرينه ربنا ما أطغيته ولكن كان فى ظلال بعيد* قال لاتختصموا لدى وقد قدمت إليكم بالوعيد* ما يبدل القول لدى وما أنا بظلام للعبيد* يوم نقول لجهنم هل امتلأت وتقول هل من مزيد﴾ س ق ا ٢١– ٣٠.

واتە: ڕۆژی قیامەت دێت و هەموو کەسێك دوو کەسی لەگەڵدایە، یەکێکیان دەیگەیەنێت و ئەوی تریشیان شاهێدە بەسەرەیەوە، بە یەکە یەکەی بێ باوەڕان دەگوترێت: سوێند بەخودا بەڕاستی تۆ لەم بەسەرهاتانە نائاگا بویت و گوێی خۆتت لێ خەواندبوو، ئێستا ئێمە پەردەمان لەسەر چاوەکانت لاداوە و هەموو شتێك وەکو خۆی دەبینیت و ئەمڕۆ چاوەکانت تیژە، فریشتەی هاوەڵ و چاودێری ڕوو دەکاتە پەروەردگار و دەڵێت: هەرچی کارو کردەوەی ئەم ئادەمیزادە هەیە هەمووی لەلای من تۆمارە و بەجوانی و بەبێ کەموکوڕی یاداشتم کردووە، پاش لێپرسینەوە خودای گەورە فەرمان بە دوو فریشتەکە دەکات کە هەرچی کافر و بێباوەڕ و بوغزن و سەرکەش هەیە فرێی بدەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەوەی کە هەمیشە بەتوندی ڕووبەڕووی هەموو کارێکی چاك دەبوویەوە و مافی خەڵکی پێشێل دەکرد و خۆی بەگومان بوو خەڵکیشی تووشی گومان دوو دڵی

دەکرد، هەر ئەوە بوو کە هاوەڵ و شەریکی بۆ خودای گەورە بەڕەوا دەزانی، کەوابوو ئێوە هەردوکتان ئەو مرۆڤە فڕێ بدەنە ناو ئاگری سەخت و سوتێنەری دۆزەخەوە، هاوەڵە شەیتانیەکەشی پاکانە بۆ خۆی دەکات و دەڵێت: خودایە گیان خۆ من لە خشتەم نەبردووە، من سەرکەشم نەکردووە، ئەو خۆی تاوانبارە، بەڵام خۆی لەناو سەرلێ شێواوی و گومڕاییەکی دوور و درێژدا نقوم بوو بوو، ئەوکاتە شەیتان و ئادەمیزاد لەبەردەم بارەگای خودای گەورە دەبێتە کێشەیان و خودای گەورەش بێدەنگیان دەکات و دەفەرمێت: لەلای مندا دەمەقاڵێ مەکەن، چوونکە بەڕاستی من پێشتر هەڕەشەی هاتنی ئەم ڕۆژەم خستبویە بەرچاوی ئێوە و ئاگادارم کردبونەوە، دڵنیابن قسە و بریار و فەرمانی من ناگۆڕێت و هەرگیز ستەم لە بەندەکانی خۆم ناکەم، ڕۆژێك دێت کە بەدۆزەخ دەڵێین: ئایا پڕ بویت؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: ئەگەر خەڵکی تاوانباری زیاتر هەیە بیهێنن.

لەچەندین ئایەتی تردا باسی قەرینی شەیتانی لە ژیانی دوونیادا و ڕۆڵ و کاریگەریەکانی لەسەر ژیانی مرۆڤ کراوە، کە قەرینی هەرکەسێکە کە لە بەرنامە و پڕۆگرامی خودا لادەدات و لەپاشان پەشیمانی مرۆڤەکان لەوەی کە شوێنی کەوتون، واتە لەڕۆژێکدا کە پەشیمانی هیچ دادێکی مرۆڤ نادات.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ومن يعش عن ذكر الرحمن نقيض له شيطانا فهو له قرين* وإنهم ليصدونهم عن السبيل ويحسبون أنهم مهتدون* حتى إذا جاءنا قال ياليت بيني وبينك بُعد المشرقين فبئس القرين﴾ س الزخرف ا ٣٦– ٣٨.

واته: کەسێك کە خۆی کوێر بکات لە ئاستی قورئان و یادی خودای میهرەبان ئەوە ئێمە شەیتانێك دەکەینە ملۆزمی و هەمیشە دەبێتە یار و یاوەری و لەگەڵیدا دەبێت، بێگومان ئەو شەیتانانە ڕێگەی ڕاستیان لێ دەگرن و وایان لێ دەکەن کە وابزانن بەدڵنیاییەوە لەسەر ڕێبازێکی پاك و چاکن، هەتاوەکو ئەو کاتەی کە خۆی و شەیتانەکەی لە قیامەتدا دێنەوە لامان، بە شەیتانەکەی دەڵێت خۆزگە نێوانی من و تۆ هێندەی دووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوایە، ئای کە هاوڕێیەکی ناڕەبار و خراپ بوبیت.

ئیبن کەسیر ڕەحمەتی خودای لێ بێت سەبارەت بە تەفسیری ئەم ئایەتانەی سورەتی الزخرف دەڵێت: ووشەی (ومن یعش) واتە: کەسێك کە خۆی کوێر بکات خۆی بێئاگا بکات و پشت لە بەرنامەی خودای گەورە بکات، ووشەی (العشا) لە چاودا واتە لاوازی بینینی چاوی مرۆڤ.

مەبەست لێرەدا بریتیە لە کوێری بەصیرەت و بینایی دڵ و دەروون. هەروەك خودای گەورە لە قورئاندا دەفەرمێت:

﴿ومن یُشاقق الرسول من بعد ما تبین له الهدی ویتبع غیر سبیل المؤمنین نوله ما تولی ونصله جهنم وساءت مصیرا﴾س النساء ا ١١٥.

واتە: ئەوەی دووژمنایەتی پێغەمبەر(ص) بکات و لێی جیابێتەوە لەپاش ئەوەی ڕێگەی ڕاست و دروستی بۆ ڕوون بوەتەوە و ڕێبازێك بگرێتەبەر کە جیا بێت لە ڕێگە و ڕێبازی ئیمانداران، ئەوە ڕووی وەردەچەرخێنین بۆ ئەو ڕووگە و بەرنامەیەی کە خۆی هەڵیبژاردووە و ڕووی تێکردووە و لە قیامەتیشدا دەیخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە و دەیسوتێنین کە ئەویش سەرئەنجامێکی زۆر ناخۆش و سامناکە.

هەروەها ئەو ئایەتەی کە دەفەرمێت: ﴿وإذ قال موسى لقومه لم تُؤذوننى وقد تعلمون أنى رسول الله إليكم فلما زاغوا أزاغ الله قلوبهم والله لايهدى القوم الفاسقين﴾ س الصف ا ٥.

واتە: بیریان بخەرەوە کاتێك موسا بە قەومەکەی خۆی گوت: باشە بۆچی ئازارم دەدەن لەکاتێکدا کە دەزانن من پێغەمبەر و نێردراوی خودای گەورەم بۆ لای ئێوە، کاتێك کە بەتەواوەتی پشتیان هەڵکرد و گوێیان بۆ ڕاستی نەگرت و لەحەق لایاندا، خودای گەورەش دڵەکانی ڕەش کردنەوە، خودا هیدایەتی هۆزی تاوانکار و لەسنور دەرچوان و گونحاباران نادات.

هەربۆیە خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمێت: ﴿وإنهم ليصدونهم عن السبيل ويحسبون أنهم مُهتدن﴾ س الزخرف ا ٣٧.

واتە: ئەوانە لە خشتەیان دەبەن و ڕێگریان لێ دەکەن کە بێنە سەر ڕێگەی ڕاست و پێیانوایە کە هیدایەت دراوو ڕێنمایی کراون.

واتە ئەو کەسەی کە خۆی بێئاگا کردووە لە هیدایەت، ئێمەش شەیتان و ملۆزمێکی لە شەیتانەکان بۆ دادەنێن کە گومڕای بکات و بەرەو ئاگری دۆزەخ ڕێنمایی بکات، کاتێك لە ڕۆژی قیامەتدا دەگاتەوە بە خودای گەورە خۆی لە شەیتانەکەی بێ بەری دەکات و دەڵێت: ﴿يا ليت بينى وبينك بُعد المشرقين فبئس القرين﴾ س الزخرف ا ٣٨.

واتە: خۆزگایە نێوانی من و تۆ هێندەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دوور بوایە، ئای چەندە قەرین و هاوەڵێکی خراپ و نالەباریت.

عبدالرەزاق دەڵێت موعەمەر لە سەعیدی جەریریەوە بۆی گێڕاوینەتەوە و گوتویەتی: پێمان ڕاگەیەنراوە کاتێك مرۆڤی کافر لە گۆڕەکەی هەڵدەستێتەوە و لەڕۆژی قیامەتدا دەوەستێنرێت شەیتانێك لکاوە بە

دەستیەوە و لێی جیانابێتەوە هەتاوەکو خودای گەورە دەیانخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، هەربۆیە کافرەکە دەڵێت: (خۆزگایە نێوانی من و تۆ هێندەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دوور بوایە).

مەبەست لە ووشەی (المشرقین) بریتیە لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لێرەدا ووشە (المشرق)ی بەکارهێناوە وەک زۆری هەروەک لە عەرەبیدا دەگوترێت: (قمران) واتە: هەردوو مانگەکە، یاخود (عمران) واتە: هەردوو عومەرەکە[٣].

باسکردنی قەرین لە حەدیسەکانی پێغەمبەردا (ص)

باسی قەرینی شەیتانی و قەرینی فریشتەیی لە کۆمەڵێکی زۆر حەدیسی صەحیحی پێغەمبەردا(ص) هاتووە کە پۆڵێ هەریەکەیان دیاری دەکات و چۆن موسوڵمان دەتوانێت قەرینە شەیتانیەکەی کوژت و زنجیر بکات و چۆن هەموو مرۆڤێک قەرینی هەیە و تەنانەت پێغەمبەرانیش سەلامی خودایان لەسەر بێت لەو قەرینە بێ بەش نین.

پێغەمبەر(ص) باسی ئەوە دەکات کە قەرینەکەی ئەو فەرمانی پێناکات بە خراپە وەک ئەوەی کە لەگەڵ خەڵکیدا دەیکات، زاناکان دەڵێن ئەوە تایبەتە بە پێغەمبەرەوە(ص) هەروەک دواتر باسی حەدیس دەکرێت بە ڕیوایەتەکانیەوە.

قەرینی شەیتانی لەهەموو حاڵەتەکاندا مرۆڤ ناچار ناکات کە خراپە و تاوان ئەنجام بدات، بەڵکو وەسوەسەی بۆ دروست دەکات و کاری خراپەی بۆ دەڕازێنێتەوە، ئەوە مرۆڤە کە کارەکە ئەنجام دەدات و دواتر خودای

---

[٣] تفسیری ئبن کەسیر و تەفسیری ئبن جەریری تەبەری.

گەورە لەسەر کاروکردەوەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات و سزا و پاداشتی دەداتەوە لەسەریان:

١- پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ما منكم من أحد إلا وقد وُكل بة قرين و من الملائكة و من الشياطين، قالوت وإياك يا رسول الله! وإياى، ولكن الله تعالى أعاننى عليه فلم يؤمرنى إلا بحق} رواه مسلم وأحمد فى مسنده وإن حبان فى صحيحه، وإبن خزيمة ومسند الفردوس والطبرانى فى الأوسط والكبير.

واتە: هەموو کەسێك لە ئێوە قەرینێك لە فریشتە و شەیتانەکانی بۆ دانراوە، هاوەڵان گوتیان: بۆتۆش ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: بۆ منیش، بەڵام خودای گەورە یارمەتی منی داوە و ناچاری کردووە کە تەنها فەرمانم پێ بکات بە کاروکردەوەی چاك.

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە دەفەرمێت: {أعاننى عليه فأسلم فلم يأمُرنى إلا بخير} مسلم فى صحيحه واتە: خودای گەورە یارمەتی داوم و قەرینەکەم مسوڵمان بووە و تەنها فەرمانم پێ دەکات بە چاکە.

زاناکان جیاوازی بۆچونیان هەیە لەوەی کە ئایا قەرینی شەیتانی موسوڵمان دەبێت هەروەك چۆن ئەو حاڵەتە بۆ قەرینەکەی پێغەمبەر(ص) ڕوویداوە؟ هەندێك دەڵێن بەڵێ دەکرێت قەرینی موسوڵمانانیش وەك قەرینەکەی پێغەمبەر(ص) موسوڵمان ببێت، ئەوەش بەهۆی زۆری عیبادەت و پەرستشەکانی ئەو کەسەوە دەبێت، بەڵام هەندێکیتر دەڵێن موسوڵمانبونی قەرینەکەی پێغەمبەر(ص) حاڵەتێکی تایبەتە بەو زاتە درودو سەلامی خودای لەسەر بێت، هەربۆیە هەرگیز ناکرێت قەرینی شەیتانی موسوڵمان ببێت... خودای گەورە باشتر دەزانێت.

٢- پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {إن للشيطان لمة بأبن آدم وللملك}(واتە قەرینی فریشتەیی) واتە: شەیتان هاوەڵایەتی لەگەڵ ئادەمیزاددا هەیە، هەروەها فریشتەکانیش بەهەمان شێوە، هاوەڵایەتی شەیتان بریتیە لە هاندان لەسەر خراپە و بەدرۆخستنەوەی حەق و ڕاستی، بەڵام هاوەڵایەتی فریشتەکان بریتیە لە هاندان لەسەر چاکە و پشتگیری کردن لە حەق و ڕاستی، هەربۆیە هەرکەسێك بەمجۆرە بوو ئەوە سوپاسی خودای گەورە بکات و هەرکەسێکیش بە پێچەوانەوە بوو ئەوا با خۆی بەدوور بگرێت لە شەیتانی نەفرەت لێ کراو.

دواتر پێغەمبەر(ص) ئەم ئایەتی خوێند کە دەفەرمێت: ﴿الشيطان يعدكم الفقر ويأمركم بالفحشاء﴾ س البقرة آ ٢٦٨.

واتە: شەیتان وادەی هەژاریتان پێ دەدات و فەرمانیشتان پێ دەکات بە خراپە.

٣- هەروەها پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {إن المؤمن لينضى شيطانه كما ينضى أحدكم بعيره فى السفر}أخرجه الترمذى وأحمد فى المسند.

واتە: هەموو مرۆڤێك دەتوانێت هەوساری شەیتانەکەی خۆی بکات هەروەك چۆن ئێوە لە سەفەردا حوشترەکەتان جڵەو کردووە و لەژێر کۆنترۆڵی خۆتاندایە.

٤- لە مەسنەدی دارەمیدا هاتووە کە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: {ما منكم من أحد إلا ومعه قرينه من الجن وقرينه من الملائكه، قالوا وأياك! قال وإياى، ولكننى أعانى عليه فأسلم}. واتە: هیچ کەسێك نیە لە ئێوە کە قەرنێکی جنۆکە و قەرنێکی فریشتەی لەگەڵدا نەبێت، هاوەڵان گوتیان:

ئەی پێغەمبەری خودا تۆش! ئەویش فەرمووی: بەڵێ منیش بەڵام من خودای گەورە زاڵی کردووم بەسەریدا و موسوڵمان بووە.

٥- لە صەحیحی ئیبن حیباندا هاتووە کە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: {ما منكم من أحد إلا وقد وُكل به قرينه من الجن، قالوا وإياك يارسول الله! قال: وإياى إلا ان الله اعاننى عليه فأسلم فلا يأمُرنى إلا بخير}

واتە: هیچ کەسێك نیە لە ئێوە کە قەرنێکی جنۆکە و قەرنێکی فریشتەی لەگەڵدا نەبێت، هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا تۆش! ئەویش فەرمووی: بەڵێ منیش بەڵام من خودای گەورە زاڵی کردووم بەسەریدا و موسوڵمان بووە، هەربۆیە تەنها فەرمانم پێ دەکات بە خێر و چاکە.

٦- موسلیم و ئەحمەد لە عائیشەوە دەیگێڕنەوە کە {ان رسول الله خرج من عندها ليلا، قالت ففزعت عليه، فقالت فجاء فرأى ما أصنع، فقال: مالك يا عائشة؟

فقالت: مالى لايُغار مثلى على مثلك؟

قال: أفخذك شيطانك؟

فقلت: أو معى الشيطان؟

قال: ومع كل إنسان.

قلت: ومعك يارسول الله؟

قال: نعم ولكن ربى عز وجل أعاننى عليه فأسلم.

ذكره البيهقى فى دلائل النبوة.

واتە: شەوێکیان پێغەمبەر(ص) لەلای ئەو چووەتە دەرەوە ئەمیش زۆر خەمی پێغەمبەری بووە، عائیشە دەڵێت: کاتێك گەڕایەوە دەبینێت زۆر بێتاقەتم، فەرمووی: ئەوە چیتە ئەی عائیشە؟

عائیشەش لەوەڵامدا گوتوویەتی: چۆن کەسێکی وەک من غیرە لە تۆ نەکات؟

پێغەمبەریش(ص) فەرموویەتی: شەیتانەکەت هاتوەتە بن کەڵێشەت؟

منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا من شەیتانم لەگەڵدایە؟

فەرمووی: بەڵێ شەیتان لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدایە.

منیش گوتم: لەگەڵ تۆشدا هەیە ئەی پێغەمبەری خودا؟

فەرمووی: بەڵێ، بەڵام خودای گەورە پشتیوانی کردووم و شەیتانەکەی من موسوڵمان بووە.

بەمشێوەیە فەرموودەکانی پێغەمبەر(ص) بەوردی باسی رۆڵی قەرین و کاروکردەکانی کردووە لەگەڵ مرۆڤدا، هەروەها چۆن هەمیشە مرۆڤ لە ململانێیەکی هەمیشەییدایە لەگەڵ قەرینە شەیتانیەکەیدا کە قەرینی خراپەیە، وە هەروەها ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە بە پەرستشی خودای گەورە چۆن کاریگەری قەرینی شەیتانی سنوردار دەکرێت و کاریگەری قەرینە فریشتەییەکەی مرۆڤ زۆر دەبێت، بەمشێوەیە مرۆڤی باوەڕدار دەتوانێت کاریگەری کارو کردەوە و وەسوەسەکانی شەیتان لەسەر خۆی پوچەڵ بکاتەوە و لە خراپەی پارێزراو بێت، بەڵام ئەوەی کە قەرینی شەیتانی فەرمان بە هاوڕێکەی بکات بە خێر و چاکە ئەوە تایبەت بووە بە پێغەمبەرەوە(ص) بەپێی ڕاستترینی بۆچونەکان، چوونکە ئەگەر ئێمە تەسەور بکەین کە قەرینی شەیتانیی ئیماندار وەک قەرینی پێغەمبەرە و فەرمان دەکات بە خێر، ئەوکات ئەرکە خراپەکەی پوچەڵ دەبێتەوە و دەبێت بە قەرینی فریشتەیی و هیچ جیاوازیەکیان نابێت، ئەمەش شتێکی نەگونجاوو مەحاڵە.

بەڵام ئەوەی کە مرۆڤ سەلامەت و پارێزراو بێت لە قەرینی خراپە ئەوە شتێکە دەکرێت ڕووبدات، هەروەک پێغەمبەر (ص) دەفەرمێت: {إن المؤمن لينضى شيطانه كما ينضى أحدكم بعيره فى السفر}أخرجه أحمد فى المسند.

واتە: مرۆڤی ئیماندار دەتوانێت شەیتانەکەی خۆی هەوسار بکات هەروەک چۆن کەسێک لە ئێوە حوشترەکەی خۆی لەسەفەردا هەوسار دەکات.

چوونکە وەسوەسەی قەرین بە خراپە بە پەناگرتن بە خودای گەورە بەتاڵ دەبێتەوە، ئەوکات ئەو مرۆڤە دەچێتە ژێر پارێزگاری خودای گەورەوە و لەو شەیتانە و دارودەستەکەی لە مرۆڤ و جنۆکە ڕزگاری دەکات. خودای گەورە باشتر دەزانێت.

ئەوەی کە لە حەدیسەکانی پێغەمبەردا (ص) هاتووە سەبارەت بە قەرینی شەیتانی و کاروکردەوەکانی، ئەو فەرموودەیە کە ئیبن عومەر دەیگێڕێتەوە و دەڵێت کە پێغەمبەری خودا(ص) فەرموویەتی: {إذا كان أحدكم يُصلى فلا يدع أحدا يمر بين يديه فأن أبى فليقاتله فأن معه القرين}رواه مسلم فى صحيحه.

واتە: ئەگەر کەسێک لە ئێوە سەرقاڵی نوێژکردن بوو، با ڕێگە نەدات هیچ کەسێک بەبەردەمیدا بڕوات، ئەگەر هەر ویستی بڕوات با شەڕی لەگەڵدا بکات، چوونکە ئەوە قەرینی لەگەڵدایە.

زاناکان ئەوەیان باسکردووە کە هۆکاری جیاوازی بۆچوون لەسەر موسوڵمانبونی قەرینەکەی پێغەمبەر کاتێک فەرمویەتی: {ما منكم من أحد

إلا وقد وُكل به قرينه من الجن، قالوا وإياك يارسول الله! قال: وإياى إلا ان الله أعاننى عليه فأسلم فلا يأمُرنى إلا بخير}

واتە: هیچ کەسێك نیە لە ئێوە کە قەرنێکی جنۆکە و قەرینێکی فریشتەی لەگەڵدا نەبێت، هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا تۆش! ئەویش فەرمووی: بەڵێ منیش بەڵام من خودای گەورە زاڵی کردووم بەسەریدا و موسوڵمان بووە، هەربۆیە تەنها فەرمانم پێ دەکات بە خێر و چاکە.

لە سەر ووشەی (فأسلم) جیاوازیان هەیە، ئایا پیتی میمەکە بە زەممەیە (فأسلمُ) یان فەتحەی لەسەرە (فأسلمَ) کە هەردووکیان دوو گێڕانەوەی بەناوبانگن، هەندێك بە زەممە گوتویانە و دەڵێن مانای ئەوەیە کە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی من سەلامەتم لە خراپە و خراپەکاریەکانی ئەو قەرینە.

هەندێکیش دەڵێن بە فەتحەی میمەکەیە(فأسلمَ) واتە قەرینەکەی موسوڵمان بووە و ئیمانی هێناوە و تەنها فەرمانی پێ کردووە بە خێر و چاکە کردووە.

خیتابی دەڵێت بۆچوونی ڕاست و هەڵبژێردراو بریتیە لە زەممەی سەر میمەکە، بەڵام قازی عیاز دەڵێت بە فەتحە مانا بکرێت باشترە، ئەمەش لەلای ئەو پەسەندە. بەڵگەی ئەوەی کە بە فەتحەیە واتە (فأسلم) یانی موسوڵمان بووە، ئەوەیە کە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: {فلا يأمُرنى إلا بخيرٍ) واتە: تەنها فەرمانم پێ دەکات بە خێر و چاکە.

لەسەر گێڕانەوەی فەتحەی میمەکەش جیاوازیان هەیە هەندێك دەڵێن (أسلم) بە مانای تەسلیمبون و ملکەچی قەرینەکە بووە بۆ پێغەمبەر(ص)

لە ڕێوایەتەکانیتری بێجگە لە گێڕانەوەکەی موسلیمدا بەوجۆرە هاتووە، واتە تەسلیم و ملکەچ بووە، هەندێکیش دەڵێن موسوڵمان بووە و ئیمانی هێناوە، ئەمەش مانای زاهیری و دیاری فەرموودەکەی پێغەمبەرە(ص).

قازی عیاز دەڵێت: ئەوەی سەلمێنراوە ئەوەیە هەموو ئوممەتی ئیسلامی کۆکن لەسەر عیصمەتی پێغەمبەر(ص) لە شەیتان لە جەستە و خەیاڵ و زمانیدا، لەم فەرموودەیەشدا ئاماژەیە بۆ ووریاکردنەوەی مرۆڤ لە فیتنە و خراپەی قەرین و وەسوەسەکانی و پشتیوان و یاریدەدەرەکانی، هەربۆیە ئەو سەروەرە فێری کردوین کە هەمیشە لەگەڵماندایە و بەپێی توانای خۆمان ووریای خۆمان بین.

لە حەدیسەکەی ئەحمەد و موسلیمدا دوو ڕیوایەت هاتووە {ما منكم من أحد إلا وقد وُكل به قرينه من الجن، وقرينه من الملائكة، قالوا وإياك يارسول الله! قال: وإياى إلا ان الله اعاننى عليه فأسلم فلا يأمُرنى إلا بخير}

واتە: هیچ کەسێك نیە لە ئێوە کە قەرنێکی جنۆکە و قەرینێکی فریشتەی لەگەڵدا نەبێت، هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا تۆش! ئەویش فەرمووی: بەڵێ منیش بەڵام من خودای گەورە زاڵی کردووم بەسەریدا و موسوڵمان بووە، هەربۆیە تەنها فەرمانم پێ دەکات بە خێر و چاکە.

کاتێك مرۆڤ دەگاتە قۆناغی بالْغبون و ئەرك و تەکلیفی خودایی دەکەوێتە سەر شانی دوو قەرینی هەیە.

ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کە دەفەرنت: ﴿ونفس وما سواها* فألهمها فجورها وتقواها* قد أفلح من زكاها* وقد خاب من دساها﴾ س الشمس آ ٧ — ١٠.

سوێند بە نەفس و ئەوەی کە ڕێکی خستووە، هەرخۆی خراپە و تەقوای تێدا وەک ئیلهام پێداوە، سەرکەوتووە ئەو کەسەی کە نەفسی خۆی پاک دەکاتەوە، خەسارۆمەند و دۆڕاویشە ئەو کەسەی کە پیس و چەپەڵێ دەکات.

ئەوە ڕوونبوەتەوە کە مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی ڕێگەی باش و خراپدا، لە دادپەروەری خودای گەورەیە کاتێک مرۆڤی دروستکرد خراپەی بۆ ڕوون کردوەتەوە بۆ ئەوەی خۆی لێی دوور بخاتەوە، تەقوا و چاکەشی بۆ بەیان کردووە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات و شوێنی بکەوێت، خودای گەورە لە چەند ئایەتێکی تردا دەفەرمێت: ﴿وهديناه النجدين* فلا اقتحم العقبة﴾ س البلد آ ١٠– ١١.

واتە: ڕێنماییمان کرد و هەردوو ڕێگاکەمان بۆ ڕوون کردەوە، بەداخەوە زۆربەی خەڵکی نەیانتوانی زاڵ ببن بەسەر کۆسپ و تەگەرە و لەمپەڕەکانی بەردەمیاندا و شوێنی ڕێگەی ڕاست بکەون.

ئەمەش مانا و دەلالەتی خۆی هەیە، بۆ نمونە مرۆڤ دانیشتووە و کاتی نوێژی شێوانە، هەست دەکات کە کەسێک یاخود هەستێک هانی دەدات یاخودا پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی هەستێت و نوێژەکەی بکات، لەولاشەوە هەست دەکات کە پاڵنەرێک هەیە و هانی دەدات بۆ ئەوەی تەمبەڵی بکات و نوێژەکەی یان نەکات یاخود لانیکەم دوای بخات، ئەوەش بە هێنانەوەی هەزاران بیانوو، ئەوە مانای جوانکردنی کردەوە خراپەکانە لەلایەن شەیتانەوە بۆ مرۆڤ، هەربۆیە مرۆڤ لەنێوان دوو قەرێندا هەمیشە لە کێشە و بەرەدایە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە کاتێک فەرموودەکەی پێغەمبەر(ص) دەبیستین لەوە تێدەگەین کە لەوانەیە لە ژیاندا هەردوو

قەرینەکەمان لەگەڵدا بێت، لەوانەیە لە چرکەساتێکدا یەکێکیان لێت نزیك ببێتەوە و ئەویتریان لێتی دوور بخاتەوە، هەربۆیە هەرگیز هەردوکیان (واتە قەرینی چاکە و قەرینی خراپە) پێکەوە و لەیەك کاتدا لە خەیاڵ و دەروونی مرۆڤدا کۆ نابنەوە.

هەندێکجار دەبینیت کەسێك بەردەوام لە مزگەوتدا نوێژ دەکات، بەڵام دواتر دەبینی بۆ ماوەیەك دیار نیە و سەردانی مزگەوت ناکات، پاشان دووبارە دێتەوە بۆ مزگەوت و لە نوێژەکاندا ئامادە دەبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەو ماوەیەی کە نەهاتووە بۆ مزگەوت قەرینە جنۆکەکەی سەرکەتوو بووە بەسەریدا و لە مزگەت و نوێژ و جەماعەت دووری خستووەتەوە، بەڵام پاش ماوەیەك ئەم توانیویەتی زاڵ ببێتەوە بەسەریدا و بگەڕێتەوە بۆ نوێژ و جەماعەت کردن لەناو مزگەوتدا. باشترین بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەمان ئەو فەرموودەیە کە خاتوو عائیشە گێڕاویەتیەوە:

موسلیم و ئەحمەد لە عائیشەوە دەیگێڕنەوە کە {ان رسول الله خرج من عندها ليلا، قالت ففزعت عليه، فقالت فجاء فرأى ما أصنع، فقال: مالك يا عائشة؟ فقالت: مالى لايُغار مثلى على مشلك؟ قال: أفخذك الشيطانك؟ فقلت: أو معى الشيطان؟ قال: ومع كل إنسان. قلت: ومعك يارسول الله؟ قال: نعم ولكن ربى عز وجل أعاننى عليه فأسلم. ذكره البيهقى فى دلائل النبوة.

واتە: شەوێکیان پێغەمبەر(ص) لەلای ئەو چووەتە دەرەوە ئەمیش زۆر خەمی پێغەمبەری بووە و غیرەی کردووە، عائیشە دەڵێت: کاتێك گەڕایەوە دەبینێت زۆر بێتاقەتم، فەرمووی: ئەوە چیتە ئەی عائیشە؟ عائیشەش لەوەڵامدا گوتویەتی: چۆن کەسێکی وەك من غیرە لە تۆ نەکات؟پێغەمبەریش(ص) فەرموویەتی: شەیتانەکەت هاتوەتە بن

کەڵیشەت؟منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا من شەیتانم لەگەڵدایە؟ فەرمووی: بەڵێ شەیتان لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدایە. منیش گوتم: لەگەڵ تۆشدا هەیە ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: بەڵێ، بەڵام خودای گەورە پشتیوانی کردووم و شەیتانەکەی من موسوڵمان بووە.

لە فەرموودەیەکیتردا هاتووە کە دەفەرمێت: {ما منكم من أحد إلا وقد وُكل به قرينه من الجن، وقرينه من الملائكة، قالوا وأنت يارسول الله! قال: وأنا إلا أن الله اعاننى عليه حتى أسلم فلا يأمُرنى إلا بخير}

واتە: هیچ کەسێك نیە لە ئێوە کە قەرنێکی جنۆکە و قەرینێکی فریشتەی لەگەڵدا نەبێت، هاوەڵان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا تۆش! ئەویش فەرمووی: بەڵێ منیش بەڵام من خودای گەورە زاڵی کردووم بەسەریدا هەتاوەکو موسوڵمان بووە، هەربۆیە تەنها فەرمانم پێ دەکات بە خێر و چاکە.

ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان هەردوو فەرموودەکەدا دەبینین یەکێکیان بە دەستەواژەی (حتى أسلم) واتە: هەتاوەکو موسوڵمان بوو، هاتووە و ئەویتریشیان بە دەستەواژەی (فأسلم)موسوڵمان بوو هاتووە، هەربۆیە هەردوو دەستەواژەکە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر(ص) هەمیشە ئەو قەرینەی لەگەڵدا بووە هەتاوەکو خودای گەورە یارمەتی داوە و موسوڵمان بووە یان لە خراپەی سەلامەت بووە.

لە گێڕانەوەیەکی تریشدا (فأسلم) هاتووە واتە ئەو قەرینە جنۆکەیە موسوڵمان بووە و وای لێهاتووە کە فەرمانی چاکەی بە پێغەمبەر(ص) کردووە، بەمشێوەیە هەردوو قەرینەکەی پێغەمبەر(ص) بوونەتە قەرینی فەرمانکەر بە خێر و چاکە.

بەمجۆرە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە قەرینی جنۆکە هەوڵ دەدات مرۆڤ لە بازنەی خێر و چاکە ببات دەرەوە و بیخاتە ناو بازنە خراپە و خراپەکاریەوە، قەرینی خراپەی مرۆڤیش بەهەمان شێوەیە چوونکە قەرینی خراپی مرۆڤ خراپە و ناڕەباری بەلاوە جوان دەکات و دەیڕازێنێتەوە، لەسورەتی الصافاتدا باسی قەرینی خراپی مرۆڤ و ئەو وەسوەسەیە کراوە کە بۆ خاوەنەکەی دروستی دەکات و دەفەرمێت:

﴿قال قائل منهم إنی کان لی قرین* یقول أئنك لمن المصدقین﴾ س الصافات ا ٥١– ٥٢.

واتە: یەکێکیان گوتی من کاتی خۆی هاوڕێ و قەرنێکم هەبوو، پێی دەگوتم باشە تۆ باوەڕ بە شتی وەها دەکەیت؟

***

قەرین و کارەکانی لەگەڵ مرۆڤدا لە ڕوانگەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە(ص)

- ڕۆڵی ڕۆژانەی قەرینی شەیتانی لەگەڵ مرۆڤ و ئەو پاشهاتە چاوەڕوانکراوەی کە لە قیامەتدا بۆ خۆی و شوێنکەوتوانی هەیە
- قەرینی بنەڕەتی و قەرینی زیادە
- دەسەڵاتی قەرینی شەیتانی بەسەر هاوڕێ مرۆڤەکەیدا.

ڕۆڵی ڕۆژانەی قەرینی شەیتانی لەگەڵ مرۆڤ و

کۆتایی چاوەڕوانکراوی لە ڕۆژی دواییدا

هەروەك دەزانن ئەگەر قەرین هەر لە ساتی لەدایکبونی مرۆڤەوە کاری خۆی دەستپێبکات و بەتایبەت لەوکاتەدا زۆر چالاك دەبێت کاتێك مرۆڤ دەگاتە تەمەنی لێپرسینەوە، ئەوا ڕۆڵی ئەو قەرینە لەگەڵ مرۆڤدا بەدرێژایی شەوو ڕۆژی بەردەوامی هەیە هەتاوەکو کاتی مردنی، ئەمەش لەڕوانگەی فەرموودەکانی پێغەمبەر(ص) و ئەوەی کە فێری کردوین، ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو زاتە لە هەموو کاروبارەکاندا موسوڵمانی پەیوەست کردووە بە خودای گەورەوە، ئەوەش بە زیکر و یادی بەردەوامی خودای گەورە هەر لە هەستانی لەخەو هەتاوەکو جارێکیتر دەگەڕێتەوە بۆ سەر جێگەکەی، هەموو ئەم شتانەش بەڕەو یەك ئاراستەن کە بریتیە لە خۆپاراستن لەوەی کە نەکەوێتە ناو تەڵە و داوەکانی شەیتانەوە.

پێغەمبەری خودا فێری کردوین کە لەکاتی خەوتندا زیکری خودای گەورە بکەین بۆ ئەوەی خۆمان لەوە بپارێزین کە لەکاتی خەوتن و لەڕێگەی خەونەکانمانەوە شەیتان زاڵ ببێت بەسەرماندا، دواتر پێنج فەرزە نوێژەکە دێت.

لەلایەکیترەوە خودای گەورە هانمان دەدات لەسەر شەونوێژ کردن و دەفەرمێت: ﴿ومن الليل فاسجُد له وسبحه ليلا طويلا﴾ س الأنسان آ ٢٦.

واتە: لەشەودا نوێژ بکە و سوجدە بۆ خودای گەورە ببە و بەدرێژایی شەو تەسبیحاتی ئەو زاتە بکە.

پێغەمبەری خودا کاتێک دەچوویە سەر جێگای خەوتن پێشتر دەستنوێژی دەگرت بۆ ئەوەی هەمیشە خودای لەگەڵدا بێت و لەپەنای ئەوو پارێزگاری فریشتە بەڕێزەکانیدا بێت و هەموو شەیتانێکی لێ دوور بخاتەوە.

مرۆڤ کاتێک دەستی بەدەستنوێژ بێت، هیچ شەیتانێک نزیکی ناکەوێتەوە و قەرینی خراپی جنۆکەی لێ دوور دەکەوێتەوە، پێغەمبەری ئازیزیش هانی داوین لەسەر ئەوەی کە ڕاستەوخۆ و پێش خەوتن بڵێین: {اللهم إنى أسلمت نفسى إليك وفوضت أمرى إليك وألجأت و ظهرى أليك رغبة ورهبة أليك، لاملجأ ولا منجا منك إلا إليك آمنت بكتابك الذى أنزلت وبنبيك الذى أرسلت}

واتە: خودایە گیان من خۆم تەسلیمی تۆ کرد، هەرچ کاروباری خۆم هەیە هەمویم سپارد بەتۆ، پشتم هەر بەتۆ بەستووە لە خۆشی و ناخۆشیدا، هیچ پشت و پەنایەک نیە بێجگە لەتۆ نەبێت ئیمان و باوەڕم هێناوە بەوکتێبەی کە نازڵت کردووە و باوڕیشم هەیە بەو پێغەمبەرەی کە ناردووتە بۆ ئوممەتەکەت.

ئەمانە و چەندین زیکر و ویردی تر کە لە کتێبەکانی حەدیسدا تایبەت بە خەوتن و لەخەوهەستان هاتوون.

هەرەها لەکاتی دەرچوون لە ماڵەوە پێغەمبەری خودا درودی خودای لەسەر بێت فێرمان دەکات کە بڵێین: {بسم الله توكلت على الله ولاحول ولا قوه إلا بالله ما شاو الله كان وما لم يشأ لم يكن، حسبنا الله ونعم الوكيل}

واتە: بەناوی خودای گەورە و پشتم بە خودا بەستووە، هیچ هێز و تواناو پشت و پەنایەك نیە بێجگە لە خودا نەبێت، هەرچیەك ئەو زاتە بیەوێت هەر ئەوە دەبێت و ئەوەشی کە ئەو ویستی لەسەری نەبێت هەرگیز ڕووندادات، تەنها خودامان بەسە بەڕاستی ئەو باشترین نوێنەر و وەکیلی مرۆڤەکانە.

هەربۆیە دەڵێن کاتێك مرۆڤ ئەم فەرموودەیە بخوێنێت شەیتانیش دەڵێت: تۆ هیدایەت دراویت، تۆ خودا پشتیوانیت دەکات، ئیتر شەیتان لێی دوور دەکەوێتەوە و دەڕوات.

لە ڕیوایەت و گێڕانەوەکەی تیرموزیدا هاتووە کە دەڵێت: {يقول القرين للشياطين عندما يسألونه لماذا تنحى عن هذا الأنسان: ما بالكم برجل هُدى ووُقي و كُفي}

واتە: کاتێك شەیاتینەکان پرسیار لە قەرینەکە دەکەن بۆچی وازت لەو مرۆڤە هێناوە: قەرینەکەش لەوەڵامدا دەڵێت: هەقتان چیە بەسەر پیاوێکەوە کە هیدایەت دراوە و پارێزراوە و خودا پشتیوانیەتی.

خودای گەورە لەم ئایەتانەدا دەفەرمێت: ﴿وإن عليكم لحافظين* كراما كاتبين* يعلمون ما تفعلون﴾ س الأنفطار آ ١٠– ١٢.

واتە: دوو فریشتەی پارێزگارمان بۆ ئێوە داناوە، زۆر بەڕێزن و کاروکردەوەکانتان دەنوسن، هەرچیەك ئێوە ئەنجامی دەدەن ئەوان بەباشی دەیزانن.

بەمشێوەیە شەوو ڕۆژەکانت خودای گەورە لە شەیتانەکان دەتپارێزێت.

هەروەك چۆن قەرینی جنۆکەمان هەیە بەهەمانشێوەش قەرینی خراپمان لە مرۆڤەمانیش هەیە کە لەوەی پێشوو خراپتر و مەترسیدارترە هەروەك چۆن لەسورەتی الزخرفدا هاتووە و دەفەرمێت: ﴿ومن یعش عن ذکر الرحمن نقیض له شیطانا فهو له قرین* وإنهم لیصدونهم عن السبیل ویحسبون أنهم مهتدون* حتی إذا جاءنا قال یالیت بینی وبینك بُعد المشرقین فبئس القرین﴾ س الزخرف ا ٣٦– ٣٨.

واتە: کەسێك کە خۆی کوێر بکات لە ئاستی قورئان و یادی خودای میهرەبان ئەوە ئێمە شەیتانێك دەکەینە ملۆزمی و هەمیشە دەبێتە یار و یاوەری و لەگەڵیدا دەبێت، بێگومان ئەو شەیتانانە ڕێگەی ڕاستیان لێ دەگرن و وایان لێ دەکەن کە وابزانن بەدڵنیاییەوە لەسەر ڕێبازێکی پاك و چاکن، هەتاوەکو ئەو کاتەی کە خۆی و شەیتانەکەی لە قیامەتدا دێنەوە لامان، بە شەیتانەکەی دەڵێت خۆزگە نێوانی من و تۆ هێندەی دووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوایە، ئای کە هاوڕێیەکی ناڕەبار و خراپ بویت.

لە حەسەنی بەصریان پرسی: ئەی ئیمام: کامیان بەلای تۆوە زیانیان کەمترە، شەیتانی جنۆکە یان شەیتانی مرۆڤ؟

گوتی: باوەڕ بکەن شەیتانی مرۆڤ زیانی زیاترە.

گوتیان: چۆن؟

گوتی: چوونکە شەیتانی جنۆکە کاتێك دەڵێیت پەنا دەگرم بەخودا لە شەیتانی نەفرەت لێکراوو ڕەجم کراو یەکسەر پاشەکشە دەکات و دەدۆڕێت، بەڵام شەیتانی مرۆڤ زۆربەی کات پەنایش دەگرین بە خودای گەورە هێشتا پاشەکشە ناکات و لە پیلانەکانی بەردەوامە بۆمان.

واته پێویستی به تێکۆشانێکی مرۆڤانەی زۆر زیاترە بۆ ئەوەی لە مرۆڤی موسوڵمان دوور بکەوێتەوە.

لە سورەتی الصافاتدا گفتوگۆی نێوان ئەهلی بەهەشت و دۆزەخیەکان هاتووە کە دەفەرمێت: ﴿فأقبل بعضهم على بعض يتساءلون* قال قائل منهم إنى كان لى قرين* يقول أئنك لمن المصدقين*أئذا متنا وكنا ترابا وعظاما أئنا لمدينون* قال هل أنتم مطلعون* فاطلع فرآه فى سواء الجحيم* قال تالله إن كدت لتُردين* ولولا نعمة ربى لكنت من المحضرين* أفما نحن بميتين* إلا موتتنا الأولى وما نحن بمعذبين* إن هذا لهو الفوز العظيم* لمثل هذا فليعمل العاملون﴾ س الصافات آ ٥٠– ٦١.

واتە: هەندێکیان ڕوو دەکەنە هەندێکی تریان و پرسیار لەیەکتری دەکەن، یەکێکیان گوتی من کاتی خۆی هاوڕێ و قەرنێکم هەبوو، پێی دەگوتم باشە تۆ باوەڕ بە شتی وەها دەکەیت؟ ئایا ئەگەر بوینە خاك و ئێسك و پروسك، ئێمە بەڕاستی پاداشت دەدرێینەوە؟ پاشان ئیماندارەکە ڕووی کردە هاوەڵانی خۆی و گوتی: باشە ئێوە بۆ سەیرێك ناکەن، با بزانین ئەو هاوەڵەم حاڵ و بارودۆخی چۆنە؟ هەرکە سەیرێکی کرد دەبینێت لە ناوەڕاستی دۆزەخدا گیری خواردووە.... دواتر پێی گوت: بەخودا خەریکبوو منیش ماڵوێران بکەیت و منیش وەك خۆت بەرەو هەڵدێر ببیەت، ئەگەر نیعمەتی هیدایەتی پەروەردگارم نەبوایە ئەوکات منیش یەکێك بووم لە ئامادەبوانی ناو دۆزەخ، ئینجا بەختەوەران لەخۆشیدا دەڵێن: ئێمە ئیتر نامرین و ژیانمان بەردەوام دەبێت... جگە لەو مردنەی یەکەمجاری دوونیامان نەبێت... پاش ئەوە ئیتر هیچ ئازار و ئەشکەنجەیەکیش ناچێژین.

بەمجۆرە ڕۆڵی قەرینی خراپ لە مرۆڤ و جنۆکە و پاشەڕۆژیان لە قیامەتدا ڕوون دەبێتەوە، قەرینی خراپی مرۆڤ لە دوونیادا ئەوانەن کە گاڵتە بە خودا و بە ئایینی خودا دەکەن و بەهیچ شێوەیەک ئەو کارەشیان ناشارنەوە و بەئاشکرا جارێ بۆ دەدەن، ئەمانەش چەندە زۆرن لەناو ئێمە و لەم ژیانی دوونیایەدا، ئەمانە خەڵکانێکی زۆریان گومڕا کردووە مەگەر ئەوانە نەبێت کە خودای گەورە خۆی پاراستونی، هەربۆیە کاتێک ئیماندار ناز و نیعەتەکانی خودای گەورە دەبینێت لە بەهەشتدا، پرسیار لەبارەی ئەوانەوە دەکات کە لە دوونیادا گاڵتەیان بە ئایینەکەی خودای گەورە دەکرد و دەڵێت ئەوانە لەکوێن؟ بیری ئەو سوکایەتی و ئینکاری کردنەیان دەخەنەوە کە بەرامبەر بە ئاین و بەژیانی ڕۆژی دوایی و بە زیندوو بوونەوە و بە سزای ناو گۆڕ و چەندین مەسەلەی تری ئاینی کە ئەنجامیان دەدا.

هەروەک چۆن خودای گەورە لە سورەتی البقرەدا دەفەرمێت: ﴿فی قلوبهم مرض فزادهم الله مرضا ولهم عذاب أليم بماكانوا يكذبون﴾ س البقرة آ ١٠.

واتە: ئەوان لە دڵ ودەروونیاندا نەخۆشی هەیە و خودای گەورەش هێندەیتر نەخۆشی ئەو دڵەی ئەوانی زیاد کردووە و سزایەکی زۆر بەئازاریان هەیە لەبەر ئەوەی کە ئایینی خودایان بەدرۆ دەخستەوە.

هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرمێت: ﴿من كان يريد العاجلة عجلنا له فيها مانشاء لمن نُريد ثم جعلنا له جهنم يصلاها مذموما مدحورا﴾ س الأسراء آ ١٨.

واتە: ئەوەی مەبەستی دوونیا بێت کە بەپەلە و بەخێرایی تێدەپەڕێت، ئەوە ئێمە بە ئارەزوی کەس ناکەین و بەڵکو هەرچیەکمان بوێت بەزووبی و

بەویستی خۆمان بە هەرکەس کە بمانەوێت دەیبەخشین، پاشان لەو جیهانەدا لەو جۆرە کەسانە (واتە دوونیا پەرستان) دەخەینە ناو دۆزەخەوە بە سەرزەنشت کراوی و ڕاونراوییەوە کە بەردەوام فریشتەکان ئێش دەکەن بەدڵیاندا و ناهێڵن پشوو بدەن و هەر ڕاویان دەنێن بەناو تونێل و شوێنە سامناکەکانی دۆزەخدا.

خودای گەورە لەسورەتی الکهفدا دەفەرمێت: ﴿نحن نقص علیك نبأهم بالحق إنهم فتیةٌ آمنوا بربهم وزدناهم هدی﴾ س الکهف آ ١٣.

واتە: ئێمە چیرۆك و بەسەرهاتی ئەو گەنجە جوامێرە ئیماندارانەت بەڕاستی و دروستیەوە بۆ دەگێڕینەوە کە کۆمەڵێك لاوی خوێن گەرم بوون ئیمان و باوەڕیان بە خودای خۆیان هێنابوو ئێمەش هیدایەت و ڕێنمایی زیاترمان کردن.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە –خودای گەورە باشتر دەزانێت– ئەو قەرینەی کە خودای گەورە وادەی داوە کە لەڕێگەی هیدایەت دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە سەر ڕێگەی گومڕایی بریتیە لە قەرینێکی تری زیادە کاتێك گەڕایەوە سەر ڕێگەی ڕاست و تەوبەی کرد و پەشیمان بوویەوە ئیتر وازی لێ دەهێنێت و خودای گەورەش تەوبەکەی لێ وەردەگرێت.

ئەو قەرینەی لەم ئایەتانەدا هاتووە نزیکە کە هاوەڵەکەی لەناو بەریت و بەهیلاکدا بیبات، بەڵام بەهۆی ڕەحمەت و نیعمەتەکانی خودای گەورەوەیە کە ئەم مرۆڤەی گرتووەتەوە و لە لەناوچوون پاراستویەتی.

ئەو ڕزگاربوانەش بریتین لەوانەی کە خودای گەورە لە سورەتی ئالی عیمراندا باسیان دەکات و دەفەرمێت: ﴿الذین یذکرون الله قیاما وقعودا

وعلى جنوبهم ويتفكرون فى خلق السماوات والأرض ربنا ما خلقت هذا باطلا سبحانك فقنا عذاب النار* ربنا إنك من تُدخل النار فقد أخزيته وما للظالمين من أنصار* ربنا إننا سمعنا مُناديا يُنادى للأيمان أن آمنوا بربكم فآمنا ربنا فاغفر لنا ذنوبنا وكفر عنا سئاتنا وتوفنا مع الأبرار* ربنا وآتنا ما وعدتنا على رُسُلك ولا تُخزنا يوم القيامة إنك لاتُخلفُ الميعاد* فاستجاب لهم ربهم أنى لاأُضيع عمل عامل منكم من ذكر أو أُنثى بعضكم من بعض فاللذين هاجروا وأُخرجوا من ديارهم وأُوذُوا فى سبيلى وقاتلوا و قُتلوا لأُكفرن عنهم سيئاتم ولأُدخلنهم جنات تجرى من تحتها الأنهار ثوابا من الله والله عنده حُسن الثواب﴾ س آل عمران آ ١٩١ — ١٩٥.

واتە: ئەوانەی یادی خودا دەکەن لەکاتێکدا کە بەپێوەن یان دانیشتوون یاخود ڕاکشاون، (لە هیچ حاڵەتێکدا یادی ئەو زاتە فەرامۆش ناکەن) هەمیشە بیردەکەنەوە لە دروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی (بیر دەکەنەوە لە هەموو ووردەکاریەک و سەرنجی هەموو دیاردەیەک دەدەن و سەرئەنجام دەڵێن): پەروەردگارا تۆ ئەم هەموو دروستکراوانەت بێ هووده و بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاکی و بێگەردی هەر شایستەی زاتی تۆیە، دەسا تۆش بمانپارێزە لە ئاگری سەختی دۆزەخ. پەروەردگارا بەڕاستی تۆ هەرکەسێك بخەیتە ناو ئاگری دۆزەخەوە ئەوە ئیتر شەرمەزار و ڕیسواو خەجاڵەتت کردووە، (جا بێگومان لەوێ) ستەمکاران هیچ جۆرە پشتیوان و پشتوپەنایەکیان نیە.

پەروەردگارا بەڕاستی ئێمە گوێمان لەبانگخوازێك بوو کە بانگی کردین بۆ ئیمان و دەیفەرموو: ئیمان و باوەڕ بهێنن بە پەروەردگارتان جا ئێمەش (بەبێ دوودڵی) خێرا باوەڕمان هێنا و (وتمان) پەروەردگارا دەسا تۆش لە

گوناهو هەڵەکانمان ببورە و چاوپۆشی لەکرداره ناڕەبار و ناپەسەندەکانمان بکە و (لەسەر ڕێبازی) چاکان و (بەختەوەران) بمانمرێنە و لەگەڵ ئەواندا کۆمان بکەرەوە.

پەروەردگارا ئەو بەڵێنانەشمان بۆ ئەنجام بدە کە لەسەر زاری پێغەمبەرەکانت بە ئێمەت داوە (کە سەرکەوتنە لە دوونیا و بەهەشتی بەرینە لە داهاتوودا) و لەڕۆژی قیامەتیشدا خەجاڵەت و ڕوو زەردمان مەکە، بێگومان تۆ بەڵێن شکێن نیت و بەڵێنی خۆت دەبەیتە سەر.

(کاتێك ئیمانداران بەمشێوەیە نزایان کرد کە پەروەردگاری ئازیزیان فێریان دەکات، بێگومان ئەو زاتە دووعاکانیان لێوەردەگرێت و (بەهاناو هاواریانەوە دەچێت، بۆیە دەفەرمێت): بەڕاستی من هەوڵ و کۆشش و کارو کردەوەی هیچکام لە ئێوە بەزایە نادەم چ نێرینە و پیاوتان و چ مێینە و ئافرەتتان (چوونکە) هاوکاری یەکتری بوون (لەچاکە و چاکەکاریدا) جا ئەوانەی کۆچیان کرد و لە شوێن و زێدی خۆیان دەربەدەر کران و ئازار و ئەشکەنجە دران و لە پێناوی منداو جەنگان و شەهید کران، بەڕاستی سوێند بێت چاوپۆشی دەکەم لە هەڵە و گوناهکانیان و دەیانخەمە باخەکانی بەهەشتەوە کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا و بەبەردەم کۆشکەکانیدا دەڕوات، ئەمەش پاداشتێکە لەلایەن خوداوە (پێشکەشیان دەکرێت) خودا پاداشتی چاك و جوان و ڕازاوەی لەلایە بۆ تێکۆشەران.

ئەم مرۆڤە پرسیاری لە ئەهلی بەهەشت دەکات و دەڵێت: (هل أنتم مطلعون) واتە: ئایا ئێوە ئاگادارن، ئەوەش پرسیارێکی ئیستیفهامیە و پێی نەگوتن (هل تریدون أن تروه) واتە: ئایا دەتانەوێت ببینن؟ چوونکە بینین لە ئاگردا شتێکی زاتی و خودی نیە ئەوانیش نایانەوێت ببینن، چوونکە

شێوەی لەناو ئەشکەنجە و ئازاردا گۆڕاوە و سوتاوە، بەڵام مەبەست بینین نیە بەڵکو مەبەست ئاگاداربونە لە حاڵی ئەو قەرینە لەناو ئاگری دۆزەخدا ئەو ئاگاداربونەش بە پشتیوانی خوداو ڕێنمونی ئەوە و ئەو خۆی ئاگاداری دەکاتەوە، چوونکە ئەهلی بەهەشت مەسەلەکەیان بەلاوە گرنگ نیە بەڵام ئەو ویستویەتی ئاگاداری حاڵی ئەو قەرینە بێت کە لە دوونیادا کاروکردەوەی خراپی بۆ دەڕازاندەوە، ئەویش لەناوجەرگە و ناوەڕاستی دۆزەخدا دەیبینێت.

ووشەی (الوسط) مانای هەبوونی دوو لایەن دەگەیەنێت، بەڵام ووشەی (السواء) مانای یەکسانی هەموو مەوداکان دەگەیەنێت لە هەموو لایەنەکانەوە کە بەتەواوەتی لەناوەڕاستدایە، لەهەموو لایەنێکەوە پێوەرەکانی سەرەتاکانی تێدا یەکسانە.

هەروەها دەستەواژەی (إن کدت لتُردین) کدت لە زمانی عەرەبیدا فیعلی موقارەبەیە چوونکە لە لێواری ئەوەدایە کە بیخاتە ناو بازنەی فەوتانەوە، ووشەی (تردین) مردنێکە کە پاش ئەوە ئیتر ژیانێك بوونی نیە.

دەستەواژەی (ولولا نعمه ربی لکنت من المحضرین) مانای ئەوەیە کە سزاکەی ئەوە نیە کە بیر بچێتەوە بەڵکو بەهەمیشە و بەردەوامی سزا و ئەشکەنجە دەدرێت لەناو کۆت و زنجیرگەلێکدا بەستراوەتەوە کە حەفتا گەز دەبێت، چوونکە ئەو کەسە ئیمان و باوەڕی بە خودای گەورە و پۆژی دوایی و زیندوبوونەوە نەبووە. ئەگەر ڕەحمەت و بەزەیی خودای گەورە نەبوایە بەرامبەر بەو مرۆڤە ئەوا وەك ئەو دەبوو لە سزا و ئەشکەنجەدا.

هەروەها دەستەواژەی (إنما نحن بميتين) جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو فەرموودەی خودای گەورە کە دەفەرمێت ﴿إن الدار الآخرة لهى الحيوان﴾ س العنكبوت آ ٦٤.

واتە: ژیانی ئەو دوونیا هەمیشەییە و پڕ بەمانای ووشەکە پێی دەگوترێت ژیان.

دەستەواژەی (إلا موتتنا الأولى) ئەمەش ئاراوتەیە، مردنی یەکەممان بینیوە، بەڵام مردنی دووم ئیتر مردنێکی تر لەپاش ئەو بوونی نیە، هەربۆیە پێویست بە هەوڵ و ماندوبون و تێکۆشانێکی زۆر دەکات لە دوونیادا، چوونکە ئەو کەسەی کە پابەندە بە ئاینەکەی خۆیەوە هەوڵ دەدات و ماندوو دەبێت و ڕۆژەکانی بەسانڵ بۆ تێدەپەڕێت، بەڵام ئەوکەسەی کە گاڵتە بە خودا و بە ڕۆژی دوایی دەکات ساڵەکانی وەک ڕۆژ بۆ تێدەپەڕێت. لە چیرۆکی پێغەمبەر نوحدا سەلامی خودای لەسەر بێت ئاشکرا کردنی متمانەیە بەخودای گەورە کاتێك ئەو هەموو سوکایەتی و گاڵتەپێکردنەی هۆزەکەی تاملێ دەکات بەتایبەت لەکاتی دروستکردنی کەشتیەکەدا، کاتێك خودای گەورە فەرمانی پێدەکات کە (واصنع الفلك بأعيننا ووحينا) واتە: بە وەحی و چاودێری ئێمە کەشتیەکە دروست بکە. مرۆڤی باوەڕدار لە پەیوەندی لەگەڵ خودای گەورەدا هەست بە شیرینیەکی زۆر دەکات، هەندێکجار لەیەکەم بڕگەی پابەندبونەکانی بەخودای گەورەوە تووشی سەختی و ناڕحەتی دەبێت و سوکایەتی و گاڵتەیەکی زۆری پێ دەکرێت، بەڵام کاتێك هەست بە شیرینی پەیوەندی خۆی لەگەڵ خودای گەورەدا دەکات لەبەرامبەر گاڵتەجاڕانەوە سەبر دەگرێت و خۆراگرە لەسەر پەرستش و عیبادەتەکان.

لەپاشان لە دەستەواژەی (لمثل هذا فليعمل العاملون) واتە: بۆ شتێکی لەمجۆرە با ئیمانداران کارو کردەوەی چاکە ئەنجام بدەن. ماناکەی کەسی ژیر ئەوەیە کە ئیدانەی نەفسی خۆی بکات و کار بۆ پاش مردنی خۆی بکات، بەڵام مرۆڤی هەرزە و نەفام ئەو کەسەیە کە هەمیشە داوا و ئاوات لە خودای گەورە دەخوازێت و ئەیەوێت لە دوونیادا هەموو شتێك بکات و بۆ ساتێکیش خودای گەورەی لەیاد نەبێت و ملکەچی نەبێت و پەرستشی نەکات.

ئەوەی کە لە ئاگری دۆزەخدایە یەکێکە لە قەرینە مرۆڤەکان (یا لیتنی لم أتخذ فُلانا خليلا) واتە: خۆزگایە فلانەکەسم نەکردایە بە هاوڕێی خۆم. پەیوەندی مرۆڤ بەم قەرینەوە بە هاوڕێیەتی و هاودەمی دەستپێدەکات، بەڵام کۆتاییەکەی بریتیە لە چوونەناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەم کەسەی کە لە ئایەتەکەدا باسی دەکرێت لەگەڵ قەرینەکەیدا لە ئاگری دۆزەخ دایە، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەسورەتی الصافاتدا هاتووە کە مرۆڤی ئیماندار لە بەهەشتدایە و قەرینەکەشی لە ئاگردایە، چوونکە بە ڕەحمەت و بەزەیی خودای گەورە ئەویش لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری دەبێت.

﴿ومن يعش عن ذكر الرحمن نقيض له شيطانا فهو له قرين﴾ س الزخرف آ ٣٦.

واتە: هەرکەسێك لە بەرنامەی خودای گەورە لابدات شەیتانێك دەکەین بە قەرین و ملۆزمی.

قەرین لەم ئایەتەدا بریتیە لە قەرینی شەیتانی زیادە کە هەمیشە لەگەڵ مرۆڤی خراپەکاردایە. ئەگەر ئێمە شوێنی فەرمانەکانی پێغەمبەر(ص) بکەوین، ئەوکات شەیتان لەکاتی خەوتن و لەکاتی چوونەدەرەوەمان

لەماڵەوە لێمان دوور دەکەوێتەوە، بەڵام باشە چۆن خودای گەورە قەرینی شەیتانیمان بۆ دادەنێت؟

پێغەمبەر(ص) ئەوەی پوون کردووەتەوە کە هەموو مرۆڤێك قەرینێکی لە جنۆکە و لە قەرینێکی فریشتەکان بۆ دانراوە، هەرکەسێك زیکر و یادی خودا نەکات و لەبیری خۆی بباتەوە، ئەوە قەرینێکی شەیتانی بۆ دادەنرێت، ئەوەش دەرئەنجامی کاروکردەوەی مرۆڤ خۆیەتی، هەروەك چۆن قەرینی خراپمان هەیە، بەهەمانشێوەش قەرینی باش و چاکەکاریشمان هەیە کە مرۆڤ بانگهێشت دەکات بۆ پەرستش و ئەنجامدانی کاروکردەوەی چاکە.

ئایەتەکەی سورەتی الزخرف کە دەفەرمێت: ﴿ومن یعش عن ذکر الرحمن نقیض له شیطانا فهو له قرین﴾ س الزخرف آ ٣٦.

واتە: هەرکەسێك لە بەرنامەی خودای گەورە لابدات شەیتانێك دەکەین بە قەرین و ملۆزمی.

ووشەی (یعش) لە (العشی)وە هاتووە کە بریتیە لە لاوازی بینین لە شەودا، چوونکە شەوکوێرەکان لەشەودا زۆر بەکەمی شتەکان دەبینن، هەروەك بڵێی ئەوەی کە لە بەرنامەی خودا چاوی خۆی داخستبێت وەك ئەوە وایە کە هەموو شتێك ببینێت بێجگە لە بانگەوازی خودایی نەبێت، چوونکە بەرامبەر بە بەرنامەکەی خودا کورت بین و شەوکوێر بووە.

شەیتانێکمان هەیە کە لەلایەن خوداوە دانراوە، بەڵام وەك دەرئەنجامێك وایە بۆ کاروکردەوەکانی مرۆڤ.

قەرین ووشەیەکە پێناسەیەکی هەیە کە زۆر گونجاوە لەگەڵ ووشەکەدا و پێناسەیەکی گونجاوە بۆ هەموو قەرینێك، بە شێوەیەکی گشتی قەرین

بریتیە لە شتێك کە هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدایە و گونجاوە لەگەڵیدا و بۆ ساتێکیش لێی جیانابێتەوە، هەربۆیە جیاوازیمان خستە نێوان قەرین و نێوان هاوڕێ و هاودەمەوە.

قەرین ئەوەیە کە لە هەموو سیفەتەکاندا گونجاوە لەگەڵ مرۆڤدا، یان مرۆڤ کاریگەری دەکاتە سەر قەرینەکەی، یاخود قەرینەکە کاریگەری دەبێت لەسەر مرۆڤەکە، ئەوەش لەو فەرموودەیەدا ڕوونکرایەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە هەموو بوونەوەرێك قەرینێکی لە جنۆکە هەیە، تەنانەت پێغەمبەری خوداش، بەڵام خودای گەورە یارمەتی پێغەمبەرەکەی خۆی داوە و زیانی نەبووە بۆی، لە گێڕانەوەکەی خاتوو عائیشەشدا هەتاوەکو موسوڵمان بووە.

جنۆکەش موسوڵمان و غەیرە موسوڵمانیان تێدایە، بەڵام کاتێك ووشەکە دەگوترێت زەینی مرۆڤ دەچێت بۆلای شەیتان، چوونکە ئیبلیس لەبەردەم خودای گەورەدا وادەی ئەوەی داوە کە هەموو خەڵکی هەڵبخەڵەتێنێت بێجگە لە بەندە پاك و بێگەرد و خاوەن ئیخلاسەکانی خودا نەبێت، (إلا عبادك منهم المخلصین) ئەوە سەلمێنراوە کە هەندێك لە خەڵکی قەرینێك لە جنۆکەیان هەیە و دەڵێت خودا ئەو قەرینەی بۆ من داناوە و هیچ دەسەلاتێکم بەسەریدا نیە، بەڵام بێئاگایە لەوەی کە خودای گەورە ئاراوتەی کردووە، واتە شەیتان لەبەردەم خودای گەورەدا گوتویەتی هەموو بەندەکانی تۆ دەخەڵەتێنتم بێجگە لە بەندە موخلیسەکانت نەبێت، ئەمەش مانای ئەوەی ئەگەر مرۆڤ پاك و خاڵیس بێت لەگەڵ خودای گەورەدا هەرگیز شەیتان و قەرینە خراپەکەی زەفەری پێنابات.

خودای گەورەش وەلأمی شەیتان دەداتەوە، ووشەی بەندەکانم (عبادی) بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە هەندێك لە بەندەکانی خودای گەورە هەیە کە شەیتان دەسەلأتی نیە بەسەریاندا، ئەوانە ئەوکەسانەن کە قەرینەکەشیان بەرەوئیسلام پەلکێش دەکەن، هەر بۆیە پێویستە لە فەرموودەکەی پێغەمبەر(ص) و ئایەتە پیرۆزەکەی خودای گەورە بەباشی تێبگەین کە دەفەرمێت: ﴿ولكم فى روسل الله أُسوةٌ حسنة﴾ واتە: پێغەمبەر(ص) بۆ ئێوە پێشەنگێکی چاکە. ئەوەی کە پێغەمبەر(ص) لەگەڵ قەرینەکەیدا ئەنجامیدا پێویستە ببێت بە پێشەنگ بۆ ئێمە، ئەگەر ئەو وەك پێغەمبەر(ص) ئەرك بوبێت لەسەری کە بەربەرەکانێی قەرینەکەی بکات ئەوا لەسەر ئێمە بە ئەولاتر واجیب دەبێت کە ڕوبەڕووی قەرینەکەمان بوەستینەوە هەتاوەکو سەردەکەوین بەسەریدا هەروەك چۆن پێغەمبەر(ص) وەك پێشەوا و پێشەنگی موسوڵمانان ئەوکارەی ئەنجامداوە.

ئەم ڕوبەڕوبونەوەی قەرینەش بە ئەنجامدانی پێنج فەرزە نوێژەکان دەبێت سەرەڕای ئەو تەمبەڵی و ساردکردنەوانەی کە لەلایەن شەیتانی قەرینەوە ڕوبەڕووی مرۆڤی ئیماندار دەبنەوە، بەوەی کە لە نوێژ و پەرستشەکانیتر باوەڕداران سارد دەکاتەوە.

قەرینەکان لەگەڵ یەکتریدا زۆر گونجاون و قەرینی خوێندەوار و قەرینی نەخوێندەوارمان نیە. هەربۆیە تۆ ڕوبەڕووی قەرینەکەت دەبیتەوە، یان لە کۆتاییدا ئەوەیە کە ئەو شوێنی تۆ دەکەوێت، یان بەپێچەوانەوە پەنا بەخودای گەورە تۆ دەبیتە شوێنکەوتەی ئەو، ئەوەش حاڵەت و بارودۆخی

قەرینە لەگەڵ هاوڕێ مرۆڤەکەیدا. هەربۆیە ناونانەکە بەپێی کۆتایی مەسەلەکە دەچەسپێت.

بۆ نمونە من دەچم بۆ نوێژ و ڕوبەڕوی قەرینەکەم دەبمەوە کە هەوڵ دەدات دابنیشم و نەچم بۆ مزگەوت، ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئەو قەرینە لەبەر ئەوەی کە لە نوێژکردن ساردت ناکاتەوە و تەنها لە چوون بۆ مزگەوت ساردت دەکاتەوە ئەوە موسوڵمان بوبێت، بەڵکو لە نوێژ و لەناو مزگەوتیشدا تووشی وەسوەسەت دەکات و خەیاڵ دەتباتەوە و زۆر بەکەمی ئاگات لە نوێژەکەت هەیە.

ئەم ڕوبەڕوبوونەوەیەش بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ بەردەوامی هەیە هەتاوەکو مردن، دواتر لە قیامەتدا کاتێك ئیماندار لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری دەبێت هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿فمن زُحزح عن النار وأُدخل الجنه فقد فاز﴾ واتە: هەرکەسێك لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری بوو چوویە ناو بەهەشتی بەرینەوە ئەوە سەرکەوتنی نەبڕاوەی بەدەست هێناوە. هەربۆیە یەکێك لە ئەهلی بەهەشت دەڵێت: ﴿قال قائلٌ منهم إنی کان لی قرین﴾ واتە: من لە دوونیادا قەرینێکم هەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی کە گوێڕایەڵی قەرینە خۆڕاپەکەی خۆی نەکردووە ئێستە دەچێتە ناو بەهەشتی بەرین و نەبڕاوەی خودای گەورەوە و قەرینەکەش لە ئاگری دۆزەخدایە، ئەمەش ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە ئەو ئیماندارە و قەرینەکەی لە هیچ شتێکدا پێکەوە نەیانکراوە و کەسەکە لەسەر بیروباوەڕی خۆی بەردەوام بووە و قەرینەکەش هەروا لەسەر ملەجەڕێ و نالەباریەکانی خۆی بەردەوام بووە، ئەم ئیماندارەش خۆی پاراستووە لە شوێنکەوتن و خەڵەتان بە

قەرینەکەی، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە لەوەی کە بتوانێت قەرینەکەی خۆی موسوڵمان بکات، هەروەک بۆ پێغەمبەر(ص) ڕوویداوە.

ئایەتەکانی سورەتی الصافات باس لە قەرینی مرۆڤ دەکات بە بەڵگەی ئەوەی کە گفتوگۆکە لەنێوان ئەو دوو کەسەدا ڕوویداوە و نەیفەرمووە وەسوەسەی بۆ دروست کردووە: ﴿فأقبل بعضهم على بعض يتساءلون* قال قائل منهم إنى كان لى قرين* يقول أئنك لمن المصدقين*أئذا متنا وكنا ترابا وعظاما أئنا لمدينون* قال هل أنتم مطلعون* فاطلع فرآه فى سواء الجحيم* قال تالله إن كدت لتُردين* ولولا نعمة ربى لكنت من المحضرين* أفما نحن بميتين* إلا موتتنا الأولى وما نحن بمعذبين* إن هذا لهو الفوز العظيم* لمثل هذا فليعمل العاملون﴾ س الصافات آ ٥٠– ٦١.

واتە: هەندێکیان ڕوو دەکەنە هەندێکی تریان و پرسیار لەیەکتری دەکەن* یەکێکیان گوتی من کاتی خۆی هاوڕێ و قەرنێکم هەبوو، پێی دەگوتم باشە تۆ باوەڕ بە شتی وەها دەکەیت؟ ئایا ئەگەر بوینە خاك و ئێسك و پروسك ئێمە بەڕاستی پاداشت دەدرێینەوە؟ پاشان ئیماندارەکە ڕووی کردە هاوەڵانی خۆی و گوتی: باشە ئێوە بۆ سەیرێك ناکەن، با بزانین ئەو هاوەڵەم حاڵ و بارودۆخی چۆنە؟ هەرکە سەیرێکی کرد دەبینێت لە ناوەڕاستی دۆزەخدا گیری خواردووە.... دواتر پێی گوت: بەخودا خەریکبوو منیش ماڵوێران بکەیت و منیش وەك خۆت بەرەو هەڵدێر ببیەت، ئەگەر نیعمەتی هیدایەتی پەروەردگارم نەبوایە ئەوکات منیش یەکێك بووم لە ئامادەبوانی ناو دۆزەخ، ئینجا بەختەوەران لەخۆشیدا دەڵێن: ئێمە ئیتر نامرین و ژیانمان بەردەوام دەبێت... جگە لەو مردنەی یەکەمجاری

دوونیامان نەبێت... پاش ئەوە ئیتر هیچ ئازار و ئەشکەنجەیەکیش ناچێژین.

ئەوەش قەرینی مرۆڤە کە لەسەردەمی ئێمە و لە هەموو سەردەمێکدا زۆر خراپترە لە قەرینی جنۆکە، چوونکە هەروەک گوتمان قەرینی جنۆکە بە گوتنی (پەنا دەگرم بە خودا لەشەیتانی نەفرەت لێکراو) یەکسەر تێکدەشکێت و پاشەکشە دەکات، بەڵام قەرینی مرۆڤ لەزۆربەی کاتەکاندا پەناگرتن بە خودا سودێکی ئەوتۆی لەگەڵیدا نابێت، هەربۆیە مامەڵە کردن لەگەڵ قەرینی جنۆکەدا ئاسانترە.

پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە ئەو فەرموودەیەی خودای گەورە کە دەفەرمێت ﴿﴿ومن یعش عن ذکر الرحمن نقیض له شیطانا فهو له قرین﴾ س الزخرف آ ٣٦.

واتە: کەسێك کە خۆی کوێر بکات لە ئاستی قورئان و یادی خودای میهرەبان ئەوە ئێمە شەیتانێك دەکەینە ملۆزمی و هەمیشە دەبێتە یار و یاوەری و لەگەڵیدا دەبێت.

خودای گەورە دەفەرمێت (نُقیض) و نەیفەرمووە (قضینا) ئەوەش بەمانای ئەوەیە کە هەرکەسێك لە بەرنامەی خودا دوور دەکەوێتەوە ئەوکات ملۆزم و قەرینی خراپی بۆ دادەنێین، هەربۆیە دەبێت ئەوە بزانین کە (التقییض) واتە دانانی قەرین و ملۆزم سەرەتا لەلایەن خودای گەورەوە نیە، بەڵکو وەك دەرئەنجامی دووری خەڵکیەوە لە بەرنامەی خودای گەورەوە ئەوە پوو دەدات، ئەوەش شتێکە کە سەرەتا مرۆڤ دەستی پێدەکات و خودای گەورە بەپێی کردەوەکانی مرۆڤ شتەکان دەبەخشێت، هەروەك لەم دوو ئایەتە پیرۆزەدا بەجوانی ئەوە پوون کراوەتەوە کە

دەفەرمێت: ﴿للذين أحسنوا الحُسنى وزيادة﴾ س يونس ێ ٢٦. واتە: ئەوانەی کە کاری چاکە ئەنجام دەدەن چاکەیان لەگەڵدا دەکەینەوە و بەزیادیشەوە. ﴿فی قلوبهم مرض فزادهم الله مرضا﴾ س البقرە ێ ١٠. واتە: ئەوانەی کە دڵیان نەخۆشە و پیس بووە ئێمەش نەخۆشی و پیسیەکەی زیاتر دەکەین. ئەمەش مانای ئەوەیە مرۆڤ خۆی دەستپێشخەرە بۆ خراپەکان و دواتر خودای گەورە قەرینی بۆ دادەنێت.

ئەگەر خودای گەورە لە ئایەتەکەدا بفەرمێت (قضینا) واتە: ئێمە بڕیارمان لێ داوە. ئەوە مانای ئەوەبوو کە مرۆڤ هیچ سوچ و گوناحێکی نیە لەو مەسەلەیەدا. بەڵام ووشەی (نُقیض) واتە وەک دەرئەنجامێك بۆ نالەباریەکانی مرۆڤە کە ئێمەش قەرینێکی شەیتانی بۆ دادەنێین. واتە ئەوەی کە بەسەریدا دێت بەرهەمی کاروکردەوەکانی خۆیەتی کە بریتیە لە دوورکەوتنەوە لەبەرنامەی خودای گەورە، ئەمەش وەک دەرئەنجامێکی مەرجیە، واتە خودای گەورە دەفەرمێت مادەم ئەو مرۆڤە لەبەرنامەی خودا لایدا ئێمەش قەرین و ملۆزمی خراپی بۆ دادەنێین. خودای گەورە دەفەرمێت (لە) واتە: بۆ ئەو، مانای ئەوەیە بەبەردەوامی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، یان ئەوەیە نیعمەتی خودای بەسەردا تەواو دەبێت و تەوبە دەکات و قەرینەکەی لێ دوور دەکەوێتەوە، یان ئەوەیە لەسەر کاروکردەوە نالەبارەکانی بەردەوام دەبێت و هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت قەرینەکەی لەکۆڵ نابێتەوە، دەستەواژەکەش مانایەکی ڕوون ئاشکرای هەیە کە لەکات و ساتی دەرچوونی مرۆڤەکە لە یاساو ڕێسای ئیلاهی یەکسەر قەرین و ملۆزمەکەی بۆ دادەنرێت.

بەڵام ئایەتی دووم کە دەفەرمێت: ﴿وإن علیکم لحافظین﴾ ﴿کراما کاتبین﴾ س الأنفطار آ ١٠. ئەو فریشتە پارێزگارە نوسەرانە هیچ پەیوەندیەکیان نیە بە ئاراستەکردنی خەڵکیەوە، بەڵکو ئەوان تەنها کارو کردەوەکانی خەڵکی دەنوسن و تۆماریان دەکەن. بەڵام قەرین دەستێوەردانی هەیە لە خۆت و لە کاروکردەوەکانیشتدا (ئەوکارە بکە، ئەوە مەکە، خراپەت بۆ دەڕازێنێتەوە) ئایەتەکەی تر کە دەفەرمێت: ﴿کراما کاتبین* یعلمون ما تفعلون* إن الّابرار لفی نعیم* وإن الفُجار لفی جحین﴾ س الأنفطار آ ١١– ١٤.

واتە: دوو فریشتەی پارێزگارمان بۆ ئێوە داناوە، زۆر بەڕێزن و کاروکردەوەکانتان دەنوسن، هەرچیەك ئێوە ئەنجامی دەدەن ئەوان بەباشی دەیزانن، چاکەکاران لە ناز و نیعمەتی بەهەشتدان و خراپەکارانیش لەناو ئاگری سوتێنەری دۆزەخدان.

فریشتە ئەوە تۆمار دەکات کە تۆ ئەنجامی دەدەیت، بەبێ وەصفکردنی ئەو فریشتەیە، چوونکە ئەو نازانێت نیەت و مەبەستی تۆ چیە، ڕاستگۆیانەیە یان بە پێچەوانەوە، ئایا ئەوەی کە دەیکەیت بە نیەتێکی پاکەوەیە یان بۆ ڕیاو خۆنواندنە، ئەوەش کەس نایزانێت بێجگە لە خودای گەورە نەبێت، هەروەك دەفەرمێت: ﴿یعلم خائنة الأعین وما تُخفی الصدور﴾ س غافر آ ١٩.

واتە: خودای گەورە نهێنی چاوەکانی مرۆڤ و نهێنی و شاراوەی ناو دڵیان دەزانێت.

هەربۆیە کردەوەکان لەڕێگەی فریشتەیەکی قەرینەوە دەنوسرێت کە تەنها ئیشی نوسینە و بەس، هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت: (قال

قرینه هذا ما لدی عتید) واته: فریشته نووسەرەکەی دەڵێت: هەرچیەکی ئەنجامداوە لەلای من نوسراوە و تۆمارە. واتە ئامادەیە و هەرچیەك عەبدەکە کردویەتی قەرینەکە نوسیویەتی. بەڵام قەرینەکەی تر واتە قەرینی خراپ فەرمان بە مرۆڤ دەکات بە خراپە و ئاراستەی دەکات بەرەو ڕێگەی خراپ و نالەبار.

سەرکەشان و ئەوانەی کە وەك ئەوانن ئەوانەن کە دەبنە بەربەست لەبەردەم بەرنامەی ڕاست و دروستی خوداییدا ئەوەش لەڕێگەی شەیتانی دانراوی ملۆزمەوە، لەمە خراپتر ئەوەیە کە وادەزانن لەسەر ڕێگەی هیدایەت و ڕاستین، ئەوەش لەڕێگەی قسەو گوفتار و دروشمەکانیانەوە، کە گوایە ئەیانەوێت نوێگەری و چاکسازی ئەنجام بدەن، ئەمەش هەمان ئەوکارەیە کە قەرینەکەیان کردەوە خراپەکانیان بۆ دەڕازێنێتەوە.

خودای گەورە لە سورەتی الکهفدا دەفەرمێت ﴿قُل هل أُنبئکم بالأ خسرین أعمالا* الذین ضل سعیهم فی الحیاة الدنیا ویحسبون أنهم یُحسنون صُنعا﴾س الکهف آ ١٠٣– ١٠٤.

واتە: پێیان بڵێ ئایا ئاگادارتان بکەمەوە بۆ ئەوەی بزانین کێ خەسارۆمەندترینی مرۆڤەکانە، ئەوانەن کە هەوڵ و کۆششەکانیان لە ژیانی دوونیادا گومڕایانەیە و خۆیان وادەزانن کار و کردەوەیەکی باش و پەسەندیان ئەنجامداوە.

ئەمانە وادەزانن کارەکانیان چاکن، بەڵام لە ڕۆژی قیامەتدا خەسارۆمەندن، چوونکە کاروکردەوەکانیان بە تەرازوی پێغەمبەری خودا کێشانە ناکەن، بەڵکو بە پێی ئەقڵ و سەلیقەی کلۆڵی خۆیان مەسەلەکان هەڵدەسەنگێنن.

خودای گەورە دەفرمێت: ﴿ولقد خلقنا الأنسان من صلصال من حمأ مسنون* والجان خلقناه من قبل من نار السموم* وإذ قال ربك للملائكة إنى خالق بشرا من صلصال من حمأ مسنون* فأذا سويته ونفخت فيه فقعوا له ساجدين* فسجد الملائكة كلهم أجمعون* إلا إبليس أبى أن يكون مع الساجدين* قال يا إبليس ما لك الا تكون مع الساجدين* قال لم اكن لأسجُد لبشر خلقته من صلصال من حمأ مسنون* قال فاخرج منها فأنك رجيم* وإن عليك اللعنة إلى يوم الدين* قال ربى فانظرنى إلى يوم يُبعثون* قال فأنك من المُنظرين* إلى يوم الوقت المعلوم* قال ربى بما أغويتنى لأزينن لهم فى الأرض ولأُغوينهم أجمعين* إلا عبادك منهم المخلصين* قال هذا صراط على مستقيم* إن عبادى ليس لك عليهم سلطان إلا من اتبعك من الغاوين﴾ س الحجر آ ٢٦– ٤٢.

واتە: سوێند بەخودا ئێمە سەرەتا مرۆڤمان لە قوڕێکی ووشک دروست کرد، کە پێشتر قوڕێکی ڕەشاباوی ترشاو بوو. جنۆکەکانیشمان پێشتر لە ئاگرێکی بەتین دروست کرد، کە بە کونە ووردیلەکاندا تێدەپەڕێت. یادی ئەوە بکەرەوە کاتێك پەروەردگارت بە فریشتەکانی گوت: بەڕاستی من دروستکاری بەشەرێکم لە قوڕێکی ووشک کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباوو ترشاو بوو. کاتێك ڕێك و پێك و تەواوم کرد لەو ڕۆحە تایبەتەی کە من بەدیهێنەری ئەوم، کردم بەبەریدا، هەمووتان کڕنۆشی بۆ بەرن، (واتە کڕنۆشی ڕێزگرتن و بەفەرمانی خودا). ئینجا فریشتەکان فەرمانی خودایان بەجێهێناو هەموویان بە گشتی کڕنۆشی ڕێزیان برد بۆ ئادەم. جگە لە ئیبلیس (شەیتانی گەورە) نەبێت کە سەرپێچی کرد و نەیویست لەگەڵ کڕنۆش بەراندا بێت. خودای گەورە فەرمووی ئەی ئیبلیس باشە بۆچی لەگەڵ

کرۆنۆش بەراندا نیت؟!. شەیتان لەوەڵامدا گوتی: من ئەوەندە نزم و بچووک نەبووم کرنۆش بەرم بۆ بەشەرێک کە تۆ لە قوڕێکی ووشک دروستت کردووە کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباوو ترشاو بووە!. خودای گەورەش فەرمووی: لەبەر ئەوەی کە سەرپێچیت لەفەرمانی من کرد دەبێ لەم شوێنە نەمێنیت، کە بەهەشتە یان ئاسمان، کەوابوو لێرە دەرچۆ چوونکە تۆ نەفرەت لێکراویت. بەڕاستی نەفرەتی خودای گەورەت لەسەرە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت. شەیتانیش گوتی: پەروەردگارا مۆڵەتم بدە بڕیم هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی هەمووان زیندوو دەکرێنەوە. هەتاوەکو ڕۆژی کاتە دیاریکراوو زانراوەکە(لەلای خودا). ئیبلیس بە بوغز و کینەو حەسادەتەوە گوتی: پەروەردگارم مادەم بەهۆی ئەم مرۆڤەوە منت سەر لێشێواو کرد، پەیمان بێ لەسەر زەویدا هەموو گوناح و تاوان و لادانێکیان لەلا شیرین بکەم و هەرهەموویان سەرلێشێواوو سەرگەردان بکەم. بێجگە لە بەندە پوختەو دڵسۆزەکانی خۆت نەبێت (چوونکە دڵیان بەباوەڕ بەتۆ و یادی تۆ ئاوەدانە و هەوڵ و کۆششی من بۆ گومڕاکردنیان ناکامە). خوای گەورەش فەرمووی ئەوە ڕێگە و ڕێبازێکی ڕاست و دروستە و هەربۆلای من دێت و هەر منیش چاودێری دەکەم. بەڕاستی بەندە چاک و پاکەکانی من بەتۆ فریو نادرێن و تۆ هیچ دەسەڵاتێکت نیە بەسەریاندا، جگە لەوانە نەبێت کە شوێنت کەوتوون لەسەرکەش و یاخی و سەرگەردانەکان.

ئیبلیس بۆ چاوتروکانێکیش لە فریشتەکان نەبووە، بەبەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزەی کە دەفەرمێت: ﴿وإذ قلنا للملائكة اسجدوا لآدم فسجدوا إلا إبليس كان من الجن ففسق عن أمر ربه أفتتخذونه وذريته أولياء من دوني وهم لكم بئس للظالمين بدلا﴾ س الكهف آ ٥٠.

واتە: کاتێك بە فریشتەکانمان گوت: کڕنۆشی ڕێز بۆ ئادەم ببەن، ئەوانیش کڕنۆشیان برد بێجگە لەشەیتان(ئیبلیس) نەبێت کە لە جنۆکە بوو لەفەرمانی خودا لایدا، خودای گەورەش دەفەرمێت: باشە ئەی ئادەمیزاد ئایا شەیتان و زوڕیەتەکانی دەکەن بە پشتیوانی خۆتان بێجگە لە خودای گەورە، کە ئەوانە دووژمنی ئێوەن، بەڕاستی ستەمکاران لەبرێکی خراپیان بۆ خودای گەورە داناوە.

(کان) فیعلی ڕابوردوی ناقیصە، واتە ئیبلیس بەدرێژایی تەمەنی لە جنۆکەکان بووە، ئیبلیس لە فەرمانی خودا لادەدات لەبەر ئەوەی کە لە جنۆکەیەو سیفەتە خراپەکەی زاڵ بووە بەسەریدا.

فەرمان بە سوجدە بردن لەئایەتەکەدا لەلایەن خودای گەورەوە ئاراستەی فریشتەکان کراوە دەبوایە ئیبلیسیش لەگەڵ فریشتەکاندا بەدەم بانگەواز و فەرمانەکەی خودای گەورەوە بچوایە و گوێڕایەڵی بکردایە هەرچەندە لەوانیش نەبوو، هەربۆیە ئاراوتەکردنەکەی لە جێبەجێ کردنی فەرمانی خودایی حاڵەتە تایبەتەکەی ئیبلیس نیشان دەدات کە جنۆکەیە و سیفەتی شەیتانی و ئیبلیسی زاڵ بووە بەسەریدا.

ئاراوتەکەش (إستثناء)کەش لە چەندیەتیەوە نیە، بەڵکو لە سیفەت(الصفه)وەیە.

(إلا إبلیس أبی أن یکون مع الساجدین) خودای گەورە فەرمووی (مع) واتە لەگەڵ کڕنۆش بەراندا و نەیفەرموو (من الساجدین) واتە: لە کڕنۆش بەران، واتە خودای گەورە هەڵێکی زێڕینی بە ئیبلیس داوە کە بچێتە ڕیزی فریشتەکانەوە، ئەوەش بە جێبەجێ کردن و گوێڕایەڵی فەرمانی خودا کە کڕنۆشی ڕێزگرتن بووە لە ئادەم، بەڵام سیفەتە جنۆکەییە خراپەکەی زاڵ

بووە بەسەریدا، چوونکە لەبنەڕەتدا لەوان نەبووە، هەربۆیە هەرجارێك مرۆڤ سوجدە دەبات بۆ خودای گەورە ئیبلیس ئاهی حەسرەت هەڵدەکێشێت و دەڵێت: هاوار بەماڵم خودای گەورە فەرمانی پێکردم بە سوجدە بردن بەلاّم من سوجدەم نەبرد.

مرۆڤی موسوڵمان هەمیشە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودای گەورەیە کە سیفەتی کۆتایی و هەمیشەییان هەیە. خودای گەورە لەبارەی ئادەمەوە کاتێك سەرپێچی فەرمانی خودای کرد کە فەرمووی لەبەری ئەو درەختە نەخۆن بەلاّم ئەوان فەرمانەکەیان شکاندن و لەبەری درەختەکەیان خوارد دەفەرمێت: ﴿ولقد عهدنا إلى آدم من قبل فنسى ولم نجد له عزما* وإذ قُلنا للملائكة اسجدوا لآدم فسجدوا إلا إبليس أبى﴾ س طه آ ١١٥– ١١٦.

واتە: سوێند بەخودا ئێمە پێشتر پەیمانمان لە ئادەم وەرگرت کە نزیکی درەختی قەدەغەکراو نەکەوێت، بەلاّم بیری چوویەوە، بەمەرجێك نەمانبینی کە پێشتر بڕیاری ئەنجامدانی ئەو سەرپێچی کردنە بدات. سەردەمێك بە فریشتەکانمان گوت: سوجدە بەرن بۆ ئادەم، هەموو سوجدەیان برد بێجگە لە ئیبلیس نەبێت کە سەرکەش و یاخی بوو.

هەربۆیە بەهۆی لەبیرچونەوەوە لە بەری درەختەکەی خوارد، ئەگەر کەمێك بیری بکردایەوە ئەوا بەدڵنیاییەوە بیری دەکەوتەوە، چوونکە سروشتی مرۆڤ بەمجۆرەیە کە جاری وا هەیە تۆ بڕیار لە ئەنجامدانی کارێك دەدەیت بەلاّم دواتر ماندو دەبیت و نایکەیت، بەلاّم ئیبلیس یەکسەر فەرمانەکەی ڕەتکردەوە و بە ناشیرینی وەلاّمی خودای گەورەی دایەوە و خۆی بەگەورە زانی.

لە سورەتی الحجردا خودای گەورە باسی پەتکردنەوەی سوجدە بردنەکەمان بۆ دەکات لەلایەن ئیبلیسەوە و دەفەرمێت: ﴿قال فاخرج منها فأنك رجيم﴾ س الحجر آ ٣٤.

واتە: لە بەهەشتەکەی من بڕۆرە دەرەوە چوونکە تۆ لەمە بەدواوە نەفرەت لێکراوو پەجم کراویت.

مانای ووشەی (الرجيم) لە پەجمەوە هاتووە واتە نەفرەت لێکراوی دەرکراوی بێبەش لە سۆز و بەزەیی خودایی، ئەوەش هەموو موفەسیرەکان کۆکن لەسەر مانای ووشەی الرجيم کە ئەو مانایەی سەرەوەی هەیە.

پیتی (ها)کە لە دەستەواژەی (منها) دا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ هەموو یەکێك لەو مانایانەی پێشوو کە نەفرەت لێکراوو دەرکراوو بێ بەشبونە لە سۆزو و بەزەیی و پەحمەتی ئیلاهی. ئیبلیس لە بەهەشت دەرکرا چوونکە خۆی هۆکار بوو بۆ ئەو ڕووداوە کە دەرکردنی بوو لە بەهەشتی بەرینی خودایی، هەربۆیە دەرکران لە پەحمەت هەموو ئەومانایانە دەگرێتەوە کە موفەسیرەکان جیاوازیان تێدا هەیە.

ئادەمیش سەلامی خودای لێبێت لە بەهەشت دەرکرا، بەڵام لە پەحمەتی خودای گەورە دەرنەکرا، هەربۆیە خودای گەورە نەیفەرموو لە بەهەشت بڕۆرە دەرەوە، بەڵکو فەرمووی (إهبطوا– واهبطا) واتە دابەزن – هەردووکتان دابەزن، ئەوەش نزمکردنەوەی پلەو پایەیە نەوەك نزمکردنەوەی شوێن و جێگە بەتەواوەتی، هەروەك چۆن خودای گەورە لەسەر زمانی موسا پێغەمبەر سەلامی خودای لێبێت بۆمان دەگێڕێتەوە کە بە بەنی ئیسرائیلی گوت (اهبطوا مصر) لە میسر دابەزن و لەوێ نیشتەجێ بین. هەربۆیە مانای ڕوون و ئاشکرا لە فەرموودەکەی خودای گەورەدا کە

دەفەرمێت (فاخرج منها) واتە تێیدا دەربچۆ، بریتیە لە دەرکردن لە ڕەحمەت و میهرەبانی خودا کە دەرکردن لە هەموو شتێك دەگرێتەوە: واتە لە هاوەڵایەتی فریشتەکان و لە ڕەحمەت و لە مەلەئی ئەعلای خودای گەورە.

پاش ئەوەی ئیبلیس هەموو سزاکەی خۆی بیست گوتی: (پەروەردگار سوێند بێت مادەم تۆ منت سەرگەردان کرد پەیمان بێت نەوەکانی ئادەم لە خشتەبەرم و هەموو کاروکردەوە ناشیرینەکانیان لەلا جوان بکەم و لە ڕێگەی ڕاست گومڕایان بکەم، هەروەك بڵێی تۆمەتێکی ناڕەوای دراوەتە پاڵ (پەنا دەگرین بەخودا). سروشتی ئیبلیس و سروشتی فریشتە و سروشتی مرۆڤیش هەمووی دروستکراوی خودای گەورەیە، بەڵام ئەوەی کە دەبێت ئێمە لێی تێبگەین ئەوەیە کە کاتێك ئیبلیس ئاراوتەی بەکار هێناو گوتی: ﴿قال ربی بما أغویتنی لأزینن لهم فی الأرض ولأُغوینهم أجمعین* إلا عبادك منهم المخلصین﴾.

واتە: پەروەردگارم مادەم بەهۆی ئەم مرۆڤەوە منت سەر لێشێواو کرد، پەیمان بێ لەسەر زەویدا هەموو گوناح و تاوان و لادانێکیان لەلا شیرین بکەم و هەرهەمویان سەرلێشێواو سەرگەردان بکەم. بێجگە لە بەندە پوختەو دڵسۆزەکانی خۆت نەبێت (چوونکە دڵیان بەباوەڕ بەتۆ و یادی تۆ ئاوەدانە و هەوڵ و کۆششی من بۆ گومڕا کردنیان ناکامە). لەمەوە تێدەگەین کە مرۆڤی پاك و بێگەردەکان ئاراوتە و جیاوازن چوونکە پشتیان کردووەتە شەیتان، ئەوەش نەوەك لەبەر چاکەی ئەو بێت لەگەڵیاندا بەڵکو لەبەر ئەوەیە توانای نیە بەسەریاندا و ناتوانێت کاریگەری بکاتە سەر دڵ و

دەروونیان و لە خشتەیان بەرێت، چوونکە خودای گەورە پاك و بێگەردی کردوون.

خودای گەورەش وەڵامی شەیتان دەداتەوە و دەفەرمێت: ﴿إن عبادی لیس لك علیهم سُلطانٌ﴾ س الحجر آ ٤٢.

واتە: تۆ هیچ دەسەڵات و کاریگەریەکت نییە لەسەر بەندە دڵسۆزەکانی من.

بە کاری خودا و کارایی خۆیان ئەو قسەیەی کە ئیبلیس دەسەڵاتی بەسەر عەبدەکانی خودای گەورەدا نیە ڕاستە چوونکە شەیتان دەسەڵاتی بەسەر ملکەچ و ژێردەستەکانی خۆیدا هەیە، چوونکە بەندە پاك و بێگەردەکانی خودا ئاراوتەن لەم مەسەلەیەدا ئەوەش نەوەك لەبەر پیاوچاکی شەیتان بێت بەڵکو ئەوە بەفەرمانی خودای گەورە دەکرێت، واتە ئەوان دەستپێشخەر بوون و کردەوەی چاکیان ئەنجامداوە، هەربۆیە دەفەرمێت: ﴿وعباد الرحمن الذین یمشون علی الأرض هونا وإذا خاطبهم الجاهلون قالوا سلاما﴾ س الفرقان آ ٦٣.

واتە: کاتێك نەزان و نەفام و لە ئاین دەرچووەکان قسە لەگەڵ باوەڕاداران و بەندە دڵسۆزەکانی خودای گەورەدا دەکەن و سوکایەتی و گاڵتەیان پێ دەکەن، ئەمان لە وەڵامدا پێیان دەڵێن سڵاوتان لێ بێت. بەمشێوەیە لە بەندە و ملکەچی شەیتانەوە دەبن بە عەبد و بەندەی پاك و بێگەردی خودای گەورە.

پێوستە ئاگاداری ئەم فەرموودەی خودای گەورە بین کە دەفەرمێت: ﴿وما تشاءون إلا أن یشاء الله﴾ س الأنسان آ ٣٠. واتە: هیچ شتێك بە ویستی ئێوە ئەنجام نادرێت مەگەر ویستی خودای گەورەی لەسەر نەبێت.

سەرەتا ویستی خودای گەورە و دواتر ویستی خەڵکی، تۆ ویستت هەیە و بە کرداری خۆت و فەزڵێکی پێشووی خودای گەورەیە، چوونکە ناکرێت مرۆڤ ویستی ڕەهای هەبێت بەبێ ویستی خودا، چوونکە کەس ئاواتەخوازی سزادانی خۆی نیە، کاتێك باوەڕمان وابێت ویست و ئیرادە تەنها هی خەڵکیە، لە ئایەتی (یغفر لمن یشاء) واتە: ویستی لەسەر هەرکەسێك بێت لێی خۆش دەبێت. ئەوکات (ویعذب من یشاء) هیچ مانایەکی نابێت، چوونکە مرۆڤ ویستی سزادانی خۆی ناکات، کەوابوو خاوەن ویست و ئیرادەی یەکەم لەلای خودایە.

هەربۆیە پێویستە لەسەرمان هەمیشە ئەم ئایەتە پیرۆزە دووبارە بکەینەوە کە دەفەرمێت: ﴿الحمد لله الذی هدانا لهذا وما کنا لنهتدی لولا أن هدانا الله﴾ واتە: سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە هیدایەتی داوین لەسەر ئەم ئاینە ئێمە نەماندەتوانی هیدایەت وەربگرین ئەگەر خودای گەورە ویستی لەسەر هیدایەتی ئێمە نەبوایە.

لەوەی کە باسمان کرد ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە قەرین چەندین جۆر و بەشی هەیە، هەیانە قەرینی شەیتانیە و هەیە قەرینی فریشتەییە، قەرینی مرۆڤیش بە هەردوو جۆرەکەیەوە واتە قەرینی خراپ و قەرینی باش، قەرین بریتیە لەو هاوڕێیەی کە هەمیشە و هەردەم لە ژیانی ڕۆژانەدا لەگەڵتدایە، هەرچەندە ئێمە کاتێك باسی قەرین دەکەین بیرو زەینمان یەکسەر دەچێت بۆلای قەرینی شەیتانی، بەڵام لەڕاستیدا قەرین هەروەك باسمان کرد چەندین جۆر و بەشی هەیە لە جنۆکە و لە مرۆڤ.

بەڵام قەرینی جنۆکە بریتیە لەو شەیتانەی کە دانراوە بۆ مرۆڤ هەر لەکاتی لەدایکبونیەوە هەروەك چۆن لە فەرمودەی پێغەمبەردا(ص)

هاتووه، قەرینی فریشتەیی کە مرۆڤ هاندەدات بۆ کاری چاکە، کە خەڵکی بەگشتی بە ویژدانی زیندووی مرۆڤانە ناوزەدی دەکەن.

قەرینی مرۆڤ ئیتر قەرینی خراپە بێت یاخود قەرینی خێر و چاك بێت، لە هەردوو قەرینە جنۆکەکە بەهێزتر و بەتوانا تر، چوونکە جنۆکە کافر و سەرکەش و ئیمانداریان تێدایە، بەڵام قەرینی فریشتەیی رۆڵێکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە کە بریتیە لە هاندانی بۆ کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لەڕێگەی خراپە و تاوان.

هەروەك چۆن قەرین بریتیە لە هاوەڵی هەمیشەیی مرۆڤ لە ژیانی دوونیادا لە قیامەتیشدا هەروایە، چوونکە گروپێك لە بەهەشتدان و گروپێکیش لە دۆزەخدان.

هەروەها ئەهلی ئاگری دۆزەخیش چەلەحانێ دەکەن پێکەوە واتە قەرینە خراپە مرۆڤەکان کە لەدۆزەخدان، دەبێتە دەمەقاڵێیان، هەروەها قەرینە جنۆکەکان لەگەڵ قەرینە مرۆڤەکاندا شەڕە قسە دەکەن، ئەمە سەرەڕای گەورەی قەرینی شەیاتینەکان کە ئیبلیسە، نەفرەتی خودای گەورەی لێ بێت کە قسە بۆ دۆزەخیەکانی شوێنکەوتەی خۆی دەکات.

سەرکردەی هەموو قەرینە خراپەکانی جنۆکە و مرۆڤ بریتیە لە ئیبلیسی نەفرەت لێکراو، چوونکە ئەو جووڵێنەری سەرەکیانە لە دوونیادا، هەر لەوکاتەوەی کە شەیتانیەتی کرد و لە ڕەحمەتی خودایی دەرکرا، چوونکە فەرمانی خودای جێبەجێ نەکرد و سوجدەی ڕێزی نەبرد بۆ ئادەم سەلامی خودای لەسەر بێت.

شەیتانی گەورە خۆی بێ بەری دەکات لە شوێنکەوتووەکانی لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەوەش پاش ئەوەی کە هەموویان دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە و پێیان دەڵێت: ﴿فلا تلومونی ولوموا أنفُسكم﴾ س إبراهیم ی ٢٢.

واتە: لۆمەو سەرزەنشتی من مەکەن، بەڵکو لۆمەی خۆتان بکەن کە ساویلکە بوون و شوێنی من کەوتن. خودای گەورە ڕوو دەکاتە شەیتانی نەفرەتی و دەفەرمێت: ﴿إن عبادی لیس لك علیهم سلطان إلا من اتبعك من الغاوین﴾ س الحجر آ ٤٢. واتە: تۆ هیچ دەسەلآتێکت بەسەر بەندە موخلیسەکانی مندا نیە، بەڵکو دەسەلآت بەسەر ئەو کەسە ساویلکانەدا هەیە کە شوێنت دەکەون و سەرکەشی خودای گەورە دەکەن. ئایا چۆن قەرین دەگۆڕێت بۆ فەرمانکەر و ڕێگریکار و فەرمانڕەوا؟

قەرین بریتیە لە وەسفکردنی حاڵەتی کۆتایی نەوەك حاڵەتی سەرەتا لە پەیوەندی نێوان قەرین و مرۆڤدا، لەسەرەتاوە قەرینێك هەیە کە مەسەلەکان دەخاتە ڕوو مرۆڤێکیش هەیە کە ڕەتی دەکاتەوە، ئەوە نابێتە قەرینێکی خراپ، بەڵآم قەرینێکمان هەیە کە شتەکان دەخاتە ڕوو مرۆڤەکەش ڕازی دەبێت، دیسانەوە دەخاتەوە ڕوو ئەمیش قبوڵی دەکات هەتاوەکو وای لێ دێت لە شوێنکەوتەی قەرینی جنۆکەوە دەبێت بە قەرینێکی خراپ بۆ مرۆڤ.

زۆرجار ئێمە گوێمان لە ڕستەیەکی مەترسیدار دەبێت کە خەڵکی ئاسایی بەگشتی دووبارەی دەکەنەوە و دەڵێن من بەندەیەکی خودام و فەرمانم پێکراوە ئەوکارە بکەم و بە دەستی خۆم نیە، ئەم دەستەواژەیە لەڕووی ڕۆژگرام و مەنهەجی بیرکردنەوەوە کێشە و گرفتی تێدایە، هەروەها دەڵێن لەبەر ئەوەی من عەبدێکی فەرمانپێکراوم هەربۆیە لێپرسینەوەشم لەگەڵدا

ناکرێت، ئەوەش هەمان گفتوگۆیە کە لەناو خەڵکیدا هەیە و لەنێوان شەیتان و شوێنکەوتووەکانیدا بەبەردەوامی دەگوترێتەوە.

ئەگەر ئێمە عەبیدی شەیتانەکان بین یاخود عەبدی خودای گەورە بین ئەوکات ئێمە عەبید و ژێردەستەی فەرمانکارەکانین نەوەک عەبید و ژێردەستەی ئەوانە بین کە فەرمانیان بەسەردا دەکرێت، عەبدی فەرمانپێکراو هەرگیز نابێتە فەرمانکار، ناکرێت من ببم بە بەندەی ئەو کەسە بەڵکو دەکرێت ببم بە شوێنکەوتەی لە مەسەلەکەدا، چوونکە لەوانەیە لە کارو پیشەکەمدا لێپرسراوم بێت، لەبەر ئەوەی بەندایەتی تەنها بۆ خودا دەبێت و بەس، هەربۆیە زۆر پێوستە خەڵکی واز لەم قسە ناپەسەندە بهێنن کە ئەوان لەکارو کردوەکانیاندا هیچ دەسەلآتێکیان نییە و فەرمانیان پێکراوە کە ئەوکارانە ئەنجام بدەن.

ئەوکەسەی سەرکەشی دەکات و دەچێت بەرەو ئاراستەی قەرینەکەی، ئەوکات وەسوەسە لە ڕاوێژێکی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ دەسەلآت و زاڵبون، کە ئیتر ناکرێت ڕزگارمان بێت لێی، خودای گەورەش باسی دیمەنێکی تر دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا و دەفەرمێت: ﴿قالوا فیم کُنتم قالوا کُنا مُستضعفین فی الأرض﴾ س النساء آ ٩٧.

واتە: گوتیان ئێوە لە چ حاڵێکدا بوون؟ ئەوانیش دەڵێن ئێمە لە دوونیادا لە چینی چەوساوەکان(مستضعفین) بوین.

لێرەدا موستەزعەفی مانای تەسلیمبون نیە لەبەرامبەر حەرامەوە، بەڵآم لەڕووی وەسفەوە حاڵی زۆرێك لە خەڵکیە، ئیتر هەژاری دارایی بێت یان لاواز بێت لەڕووی فرت و فێڵ و تەڵەکەی دوونیاییەوە.

کاتێك پێغەمبەر(ص) ڕوی کردە ئاسمان و دووعا بەناو بانگەکەی خۆی لە شاری تائیفدا کرد و گوتی: (اللهم إليك أشكو ضعف قوتي وقلة حيلتي وهواني على الناس يا أرحم الراحمين انت رب المستضعفين وانت ربي) واتە: خودایە سکالاّی لاوازی و کەمی دەسەلاّتم بەسەر خەلّکیدا دەهێنمە لای تۆ ئەی لە هەموو خاوەن بەزەییەکان بە بەزەییتر، تۆ خودای چەوساوەکان و خودای منی.

سکالاّی لاوازی خۆی کرد، واتە پێشتر هێز و دەسەلاّتی هەبووە، دەفەرمێت: خودای چەوساوەکان و نەیفەرموو خودای لاوازەکان چوونکە لاوازکردن تەنها بەدەستی خودای گەورەیە.

ئیمانداران لەبەرامبەر یەکتریدا ملکەچن و لەبەرامبەر کافراندا خاوەن عیزەت و گەورەیین.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿واخفض لهما جناح الذل من الرحمة وقل رب ارحمهاما كما ربياني صغيرا﴾ س الأسراء آ ٢٤. واتە: باڵی سۆز و بەزەیی بۆ دایك و باوکت ڕابخە و دووعایان بۆ بکە و بڵێ خودایە گیان بەزەییت پێیاندا بێتەوە هەروەك چۆ ئەوان بەزەییان بەمندا هاتەوە و لە منداڵیەوە گەورەیان کردم.

هەربۆیە لە ڕەحمەت و بەزەیی و سۆزەوەیە کە باڵی ڕێز و خۆشەویستی بۆ دایك و باوکت ڕابخەیت کە ئەوان هۆکاری بەرزی و گەورەیی تۆن، دەبێت لەبەردەم دایك و باوکتدا زەلیل بیت، لە ڕەحمەت و بەزەیی خودای گەورەوەیە کە منداڵان لەبەردەم دایك و باوکیاندا لەوپەڕی زەلیلی و ملکەچیدا بن، ئەوەش وەك پاداشتی چاکەی ئەوانە کە لە منداڵیەوە پەروەردەیان کردووە (خودایە گیان بەزەییت پێیاندا بێتەوەهەروەك چۆن

ئەوان بە منداڵی منیان گەورە کرد و پەروەردەیان کردم) ئەوان بەو هەموو سۆز و بەزەییەوە منیان گەورە کرد هەربۆیە دەبێت داوا لە خودای گەورە بکەیت کە ڕەحمیان پێبکات، ئەوەش پێویستی بە تێفکران هەیە، خودای گەورە دەفەرمێت (ولقد یسرنا القرآن للذکر فهل من مدکر) واتە: ئێمە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ ئەوەی بەباشی مرۆڤەکان لێی تێبگەن، ئایا کەسێك هەیە کە بیری بکەوێتەوە. قورئانی پیرۆز ئاسان کراوە بۆ وەبیرهاتنەوە، بەڵام بۆ کەسێك کە وەبیری خۆی بهێنێتەوە.

دەسەلاتی قەرینی شەیتانی بەسەر هاوەڵە مرۆڤەکەیەوە

ئەسڵ وایە کە شەیتان هیچ دەسەلآتێکی بەسەر مرۆڤدا نەبێت، چوونکە خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿إن عبادی لیس لك علیهم سلطان إلا من اتبعك من الغاوین﴾ س الحجر آ ٤٢. واتە: تۆ هیچ دەسەلآتێکت بەسەر بەندە موخلیسەکانی مندا نیە، بەڵکو دەسەلآتت بەسەر ئەو کەسە ساویلکانەدا هەیە کە شوێنت دەکەون و سەرکەشی خودای گەورە دەکەن. ئایا چۆن دەسەلآتی هەیە بەسەر ئارەقخۆر و قومارچی و دز و جەردە و پیاوکوژدا کە هەوڵی پارەپەیداکردن دەدات بۆ ئەوەی لە ئارەقخۆری و قوماردا خەرجی بکات، ئەوکات ئارەق و قومار و زینا و داوێنپیسی دەبنە دەسەلآتدار بەسەریەوە، بەمشێوەیەش خەڵکی دەبن بە عەبید و بەندەی ئەو حاڵ و بارودۆخە خراپە، کەسی تاوانباریش ناتوانێت لەو حاڵەتە ڕزگاری ببێت چوونکە پشت بەخودای گەورە نابەستێت.

لەکات و ساتی ئەنجامدانی تاوان و گوناحدا مرۆڤ واز لەهاوڕێیەتی و پشتیوانی خودای گەورە دەهێنێت و دەچێت لەگەڵ شەیتاندا، هەربۆیە ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ خودای گەورەدا بێت هیچ تاوانێك ئەنجام نادات، چوونکە ناکرێت مرۆڤێك لە نوێژدا بێت و گوناح و تاوان ئەنجام بدات و سەرکەشی بکات.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ویؤتون الزكاة وهم راكعون﴾ س المائدة آ ٥٥. واتە: زەکاتی مالّ و سامانەکەیان دەردەکەن و ڕکوع بۆ خودای گەورە دەبەن و نوێژ دەکەن. باشە چۆن دەکرێت لەکاتی ڕکوعدا تۆ پاك ببیتەوە؟

لێرەدا مەبەست لە ووشەی رکوع بریتی نیە لە رکوع و چەمانەوەی جەستەیی بۆ خودای گەورە بەڵکو مەبەست لێی ملکەچیە بۆ خودای گەورە لە غەیری نوێژدا. هەروەك پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: (مرۆڤی زیناکار لەوکاتەدا کە زینا دەکات موسوڵمان نیە، مرۆڤی دزو جەردەش لەوکاتەدا کە دزی دەکات موسوڵمان نییە).

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ألم تكن أرض الله واسعة فتهاجروا فيها﴾ س النساء آ ٩٧. واتە: ئایا سەرزەوی خودای گەورە فراوان نیە بۆ ئەوەی کۆچی تێدا بکەن. باشە لێرەدا مەبەست لە هیجرەت چیە؟ ئایا چۆن لەگەڵ ئەو قەرموودەی پێغەمبەردا(ص) دەگونجێت کە دەفەرمێت: (لاهجرە بعد الفتح وإنما جهاد ونیە) واتە: پاش فەتحی مەککە ئیتر کۆچ کردن نیە، بەڵکو جیهاد و نیەت هەیە.

باشە بۆچی خەڵکی مەککە لەپاش فەتحی مەککە کۆچ دەکەن؟ خەڵی مەککە لەبەر ئەوە لە شارەکە کۆچیان کرد چوونکە کافران دەسەڵاتدار بوون تێیدا، بەڵام کاتێك مەککە فەتح کرا کۆچ کۆتایی هات، هەربۆیە مەبەست لەو هیجرەتە ئەوەبوو کە خەڵکی مەککە لەو کوفر و بێباوەڕی و گوناح و تاوانەوە کۆچیان کرد، چوونکە ئەگەر مرۆڤ لەشوێنێکدا تووشی زەلیلی و چەوساوەیی بویەوە ئەوا زەوی خودای گەورە فراوانە و دەتوانێت لە شوێنێکەوە کە لەگەڵ خودابون بوونی نیە بڕوات بۆ شوێنێك کە لەگەڵ خودای گەورەدابوون باوی هەیە. حەدیسە صەحیحەکەش کە لەبارەی

کۆچەوە هاتووە بەباشی ئەم مەسەلەیە ڕوونەدەکاتەوە کە دەفەرمێت: {إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى فمن كانت هجرته إلى الله ورسوله فهجرته إلى الله ورسوله، ومن كانت هجرته لدنيا يُصيبها أو امرأة ينكحها فهجرته إلى ما هاجر إليه } واتە: کاروکردەوەکانی مرۆڤ بە پێی نیەت و مەبەستەکانیەتی، هەرکەسێك کۆچی بۆلای خودا و پێغەمبەرەکەی کردووە ئەوا کۆچەکەی هەر بۆلای خودا و پێغەمبەرەکەیەتی، هەرکەسێکیش کۆچی بۆ مەبەستێکی دوونیایی کردووە یاخود بۆ ئەوە کۆچی کردووە کە ژنێك ببێت بە نسیبی، ئەوە بەدڵنیاییەوە کۆچ و هیجرەتەکەی هەر بۆلای ئەو شتەیە کە لەپێناویدا کۆچی کردووە. دەرئەنجامی هەر کارێك وەك کارەکە وایە، بۆ ئەمکارە دەبێت مرۆڤەکان هەوڵ بدەن، ئەگەر هەوڵت بۆ ناووشۆرەت و پارە بوو ئەوا بەرباد دەچێت، بەڵام ئەگەر لەبەر خودا کارت کرد، ئەوا ئەو کارە هەر دەمێنێتەوە. شاعیر دەڵێت:

مالّ و سامانەکانمان بۆ میراتگرەکان بەجێ دەهێڵین

خانوو باڵەخانەکانیشمان بۆ زەمانە دروست دەکەین بۆ ئەوەی

بیرۆخێنێت

هەرکەسێك بۆ خێر و چاکە دروستی بکات شوێنی خۆش دەبێت

هەرکەسێکیش بۆ خراپە دروستی بکات خەسارۆمەند دەبێت

چێکارەکەی.

ئەگەر کارت بۆ خودای گەورە کرد ئەوا دڵنیابە پاداشتەکەی گرنتی کراوە، بەڵام ئەگەر لەبەر غەیری خودای گەورە بوو ئەوە نابێت، خودای گەورە لە حەدیسی قودسیدا دەفەرمێت: {أنا أغنا الشُركاء عن الشرك فمن

عمل عملا أشرك فيه معى غيرى فأنا بريئٌ منه وهو أشرك}. واتە: من پێویستم بەوە نیە کە شەریك و هاوڵم بۆ دابنرێت، هەرکەسێك کارێك بکات کە شەریك بۆ من بڕیار بدات ئەوە من بێ بەریم لەو کەسە و بەدڵنیاییەوە ئەو مرۆڤە کەسێکی هاوەڵدانەرە بۆ خودای گەورە.

ئیمانداری ڕاستەقینە زیناو داوێنپیسی ناکات و دزی ناکات و درۆ ناکات و بە شێوەیەکی گشتی خراپە ناکات و لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵی خودای گەورەیە کە فەرمانی پێ دەکرێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا، هەروەها ئەو شەیتانە (قەرین)کەی ڕاپێچ دەکات و قەرینی شەیتانی هیچ دەسەلاتێکی نیە بەسەریدا، بەڵام هەمیشە لە ناشتەوایی و هاوکاریدایە لەگەڵ قەرینە فریشتە چکەکارەکەیدا کە هەمیشە هانی دەدات لەسەر خێر و چاکە.

ئەوەش ئەو موعادەلە خوداییەیە لە ژیانی مرۆڤدا، خودای گەورە دروستکراوەکانی خۆی هیدایەت داوە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست، هەربۆیە مرۆڤ پێویستە لەسەری کە هەڵبژێرێت، هەروەها ڕۆڵی شەیتانیش بریتی دەبێت لە هاندانی مرۆڤ لەسەر کاروکردەوەی خراپە، هەربۆیە لە ڕۆژی قیامەتدا هەردووکیان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەرچەندە بکەری تاوانەکە مرۆڤە، بەڵام شەیتان کارو ئەرکی لەم مەسەلەیەدا بریتی دەبێت لە هاندان و ڕازاندنەوەی ئەو کارە قێزەونە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿قال فبما أغويتنى لأقعدن لهم صراطك المستقيم* ثم لآتينهم من بين أيديهم ومن خلفهم وعن أيمانهم وعن شمائلهم ولا تجد أكثرهم شاكرين﴾ س الأعراف آ ١٦– ١٧.

واتە: شەیتانی گوتی: پەروەردگارا مادەم تۆ منت سەرلێ شێوار و کرد و نەفرەتت لێ کردم، سوێند بێت لەسەر ڕێگە ڕاستەکەی تۆدا بۆسە بۆ

بەندەکانت دادەنێم، دواتر لەپێش و پاش و لای ڕاست و لای چەپیانەوە دەچمە بنکەڵێشەیان وایان لێ دەکەم کە زۆربەیان سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی تۆ نەبن.

هەربۆیە مرۆڤ پێویستە دووژمنەکەی بەباشی بناسێت بۆ ئەوەی لە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی بچێتە دەرەوە.

کلیلەکانی دەرچوون لە سنور و دەسەڵاتی شەیتان لە قورئانی پیرۆزدا بە ڕوونی بوونیان هەیە. ئایەتەکانی سورەتی الحجر کە دەفەرمێت: ﴿قال رب بما أغويتنى لأزينن لهم فى الأرض ولأُغوينهم أجمعين* إلا عبادك منهم المخلصين* قال هذا صراط على مستقيم* إن عبادى ليس لك عليهم سلطانٌ إلا من اتبعك من الغاوين﴾ س الحجر آ ٣٨٩– ٤٢.

واتە: شەیتان گوتی: پەروەردگارا سوێند بێت لەبەر ئەوەی کە منت سەر لێ شێواو کرد هەرچی خراپەی سەرزەوی هەیە بۆیان دەڕازێنمەوە و هەموویان لە خشتە دەبەم، بێجگە لە بەندە موخلیس و دڵسۆزەکانت نەبێت، خودای گەورەش فەرمووی ئەوە ڕێگەی ڕاستی منە و ڕوون ئاشکرایە، تۆ هیچ دەسەڵاتێکت بەسەر بەندە موخلیسەکانی منداا نیە، بێجگە لەوانە نەبێت کە ساویلکەن و سەرکەشی دەکەن. ئەمەش ڕاستیەکەیە کە بەڕاستی شەیتان دووژمنی مرۆڤە.

خودای گەورە دەفەرەمێت (شەیتان دووژمنی ئێوەیە) ئەوە پێمان ڕادەگەیەنێت، وەهەروەها کاتێك دەفەرمێت (ئێوەش بە دووژمنی خۆتانی بزانن) ئەوەش فەرمانە و دەیکات بە ئەرك بەسەر موسوڵمانەوە کە بیکات بە دووژمنی خۆی.

ئەگەر مرۆڤی تاوانکار بۆ ساتێك ئەو سزایە لەبەرچاو بگرێت کە لەبەرامبەر ئەو تاوانەدا تووشی دەبێت هەرگیز گوناحی نەدەکرد، ئەگەر بۆ نمونە مرۆڤی داوێنپیس بیر لە سزای زینا و داوێنپیسی بکاتەوە و ئەوە بزانێت کە لەبەرچاوی خەڵکی گوناحەکەی نەکردووە، بەڵام بەبەرچاوی خودای گەورەوە تاوانەکەی ئەنجامداوە و خودای گەورەش لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرمێت: {عبدی إستحییت من الناس جمیعا ولم تستح مني لماذا جعلتنی أهون الناظرین إلیك؟ لما أقدمت علی المعصیة} واتە: بەندەکەی من باشە بۆچی شەرمت لە هەموو خەڵکی کرد بەڵام شەرمت لەمن نەکرد، باشە بۆچی بە ئاسانترینی ئەوانەت زانیم کە سەیرت دەکەن، کاتێك تاوانەکەت ئەنجامدا.

تەکلیف و فەرمانی خودا بۆ موسوڵمانان کە شەیتان بکەنە دووژمنی خۆیان، بۆ ئەوەیە کە ئاگاداری فێڵ و تەڵەکەکانی شەیتان بن کە دێتە ناو دڵی مرۆڤەوە، بەمشێوەیە مرۆڤ دەتوانێت بە چەندین کلیلی زۆر دەرگاکانی هاتنەژوورەوەی شەیتان دابخات.

یەکێك لە کەرەستە و شێوازەکانی شەیتان بۆ هەڵخەڵەتاندنی مرۆڤ بریتیە لە ڕازاندەوە(التزیین) ئەمەش واتە ڕازاندنەوە و جوانکردنی تاوان بۆ مرۆڤ، دەرگاکانی جوانکردن و ڕازاندنەوەش زۆرن، هەندێکات مرۆڤ هەست دەکات ئەو جوانکردنە گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و نەفسیەتی و نازانێت ئەوە گفتوگۆی نێوان ئەم شەیتانە، ئەی باشە چۆن جیاوازی بخەینە نێوان گفتوگۆی نەفسی خۆمان و گفتوگۆمان لەگەڵ شەیتاندا؟

جیاوازی نێوان وەسوەسەی شەیتان و وەسوەسەی نەفس ئەوەیە کە نەفس پێداگرە لەسەر هەمان تاوان، بەڵام شەیتان وەسوەسە بۆ مرۆڤ

دروست دەکات لە هەموو بوارەکاندا، دزی و زینا کردن و....هتد، لە نوێژ و ڕۆژوو پەرستشەکانیتردا وەسوەسەی بۆ دروست دەکات، چوونکە ئەو ئەیەوێت بیخاتە ناو هەر تاوانێکەوە بێت کە بیگەیەنێت بە کافربون بە خودای گەورە و بە حەڵاڵ زانینی گوناح و تاوان، بۆ ئەوەی بەهەمیشەیی لەئاگری دۆزەخدا لەگەڵیدا بمێنێتەوە.

ئەو تەکلیفەی خودای گەورە کە دەفەرمێت (بە دووژمنی خۆتانی بزانن) بەڵگەیە لەسەر پڕۆسەیەکی ڕوبەڕووبوونەوە و کاری سەخت هەتاوەکو شەیتان بێ ئومێد دەبێت لە مرۆڤ، لێرەدا بیری ئەو فەرموودەی پێغەمبەر(ص)مان دەکەوێتەوە کە فەرمووی: (بەڵێ منیش قەرینم هەیە، بەڵام خودای گەورە یارمەتی داوم هەتاوەکو موسوڵمان بووە)، دەستەواژەی هەتاوەکو موسوڵمان بووە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر(ص) هەوڵی زۆری لەگەڵدا داوە هەتاوەکو قەرینەکەی تەسلیم بووە و کەوتووەتە ژێر کۆنترۆڵی پێغەمبەرەوە(ص).

شەیتان لە ئیبلیسە، کە قەرینی دانراوە بۆ مرۆڤ لەگەڵ شەیتاندا، ئێمەش دەبێت بەشوێن کلیلەکاندا بگەڕێین، بەڵام ئەگەر نەفس بوو بە فەرمانکار بە تاوان پێویستە لە نەفسی فەرمانکار بە خراپەوە بیگۆڕین بە نەفسی لۆمەکار(لوامە).

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ونهى النفس عن الهوى﴾ س النازعات آ ٤٠. واتە: نەفسی خۆی دوورخستوەتەوە لە هەواو ئارەزوو. باشە با بزانین ئەو هەواو ئارەزووە کامەیە کە پێویستە مرۆڤ ڕێگری لە نەفسی خۆی بکات بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناویەوە؟

ئاین لەلایەن خودای گەورەوە بە بەرنامە و شەریعە دابەزیوە، دین و دیانەتیش جیاوازیان هەیە، دین یەك دانەیەو و دیانەت زۆرن، (واتە ریسالەتەکان) نابێت بڵێین ئەدیان چوونکە دین یەك دانەیە کە ئەویش ئیسلامە، هەربۆیە یەهودەیەت دیانەتە و دینەکەی ئیسلامە و مەسیحیەتیش دیانەتە و دینەکەی ئیسلامە.

هەندێك لە خەڵکی هەن کە بە پێی حەزو ئارەزوی خۆیان بەرنامە دادەنێن، لەکاتی خۆیدا هەڵناستێت بۆ نوێژی بەیانی و دوای دەخات هەتاوەکو نزیکی خۆرهەڵاتن و بگرە پاشتریش، بەبێ هیچ بەڵگە و بیانوییەك، هیچ پەشیمانیەکیشی پێوە دیار نیە، چوونکە لەکاتی نوێژەکەیدا خەوتووە و بێئاگا بووە، ئەگەر موسوڵمانان نەفسی خۆیان ملکەچ بکەن بۆ بەندایەتی و گوێڕایەڵی خودای گەورە ئەوا دەرگاکانی هاتنەژوورەوەی شەیتان و نەفسی فەرمانکار بە خراپە بەتەواوەتی لەسەر دڵ و دەروونی خۆیان دادەخەن.

ئەگەر کەسێك خەبەری ببێتەوە و کاتی نوێژی بەیانی نەمابێت، هەست بە پەشیمانی بکات و داوای لێخۆشبون لەخودای گەورە بکات و نوێژەکەی بگێڕێتەوە دواتر خۆی ڕابهێنێت لەسەر زوو خەبەربوونەوە بۆ نوێژی بەیانی و نوێژەکانیتر لە داهاتوودا لەکاتی خۆیدا، ئەوە زۆر باش دەبێت بۆی.

دەگەڕێینەوە بۆ سەر باسی جوانکردنی گوناح و تاوان لەلایەن شەیتانەوە بۆ مرۆڤ هەروەك لە سورەتی الحجردا هاتووە و دەفەرمێت: ﴿قال ربی فانظرنی إلی یوم یُبعثون* قال فأنك من المُنظرین* إلی یوم الوقت المعلوم* قال ربی بما أغویتنی لأزینن لهم فی الأرض ولأُغوینهم أجمعین*

إلا عبادك منهم المخلصين* قال هذا صراط علی مستقيم* إن عبادی ليس لك عليهم سلطان إلا من اتبعك من الغاوين﴾ س الحجر آ ٣٦– ٤٢.

واتە: شەیتان گوتی: پەروەردگارا مۆڵەتم بدە بژیم هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی هەمووان زیندوو دەکرێنەوە. هەتاوەکو ڕۆژی کاتە دیاریکراوو زانراوەکە(لەلای خودا). ئیبلیس بە بوغز و کینەو حەسادەتەوە گوتی: پەروەردگارم مادەم بەهۆی ئەم مرۆڤەوە منت سەر لێشێواو کرد، پەیمان بێ لەسەر زەویدا هەموو گوناح و تاوان و لادانێکیان لەلا شیرین بکەم و هەرهەموویان سەرلێشێواوو سەرگەردان بکەم. بێجگە لە بەندە پوختەو دڵسۆزەکانی خۆت نەبێت (چوونکە دڵیان بەباوەڕ بەتۆ و یادی تۆ ئاوەدانە و هەوڵ و کۆششی من بۆ گومڕاکردنیان ناکامە). خوای گەورەش فەرمووی ئەوە ڕێگە و ڕێبازێکی ڕاست و دروستە و هەربۆلای من دێت و هەر منیش چاودێری دەکەم. بەڕاستی بەندە چاك و پاکەکانی من بەتۆ فریو نادرێن و تۆ هیچ دەسەلاتێکت نیە بەسەریاندا، جگە لەوانە نەبێت کە شوێنت کەوتوون لەسەرکەش و یاخی و سەرگەردانەکان.

وە هەروەها ئەو ئایەتانەی کە دەفەرمێت: ﴿قال ربی أنظرنی إلی یوم یُبعثون* قال أنك من المُنظرین* قال فبما أغویتنی لأقعدن لهم صراطك المستقیم* ثم لآتینهم من بین أیدیهم ومن خلفهم وعن أیمانهم وعن شمائلهم ولا تجد أکثرهم شاکرین س الأعراف آ ١٤– ١٧.

واتە: شەیتان گوتی: خودایە هەتاوەکوڕۆژی قیامەت بمهێڵەرەوە، خودای گەورەش فەرمووی باشە ئەوە بڕیارمدا هەتاوەکو قیامەت بمێنیتەوە، شەیتانیش لەوەڵامدا گوتی: پەروەردگارا مادەم تۆ منت سەرلێ شێوار و کرد و نەفرەتت لێ کردم، سوێند بێت لەسەر ڕێگە ڕاستەکەی تۆدا

بۆسه بۆ بەندەکانت دادەنێم، دواتر لەپێش و پاش و لای ڕاست و لای چەپیانەوە دەچمە بنکەڵێشەیان وایان لێ دەکەم کە زۆربەیان سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی تۆ نەبن.

هەروەک زانایانی تەفسیر دەڵێن: ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز یەکتری تەفسیر و ڕاڤە دەکەن.

لەسورەتی الحجردا شەیتان بەندە موخلیسەکانی خودای جیاکردەوە، واتە ئەوانەی کە خودای گەورە یەکلاییکردونەتەوە بۆ پەرستشی خۆی، خودای گەورەش وەڵامی ئەو جیاکردنەوەی شەیتان دەداتەوە و دەفەرمێت (تۆ هیچ دەسەڵاتێکت نیە بەسەر بەندەکانی منداا)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی شەیتان تەنها بەسەر ئەوانەدایە کە ساویلکە و سەرکەشن و شوێنی دەکەون.

لە سورەتی الفرقاندا ووشەی سەرکەشان(الغاوون) لەبەرامبەر بەندەکانی خودا (عباد الرحمن)دا هاتووە کە لە ئایەتەکانی سورەتی ناوبراودا وەسفیان هاتووە.

سەرکەشان (الغاوون) ئەوانەن کە شەیتان لەسەر ڕێگەی ڕاستدا بۆسەی بۆ داناون، هەروەک خۆی دەڵێت: (پەروەردگارا: لەسەر ڕێگە ڕاستەکەی تۆ بۆسەیان بۆ دادەنێم)، کەسی سەرکەش (الغاوی) ئەو کەسەیە کە خۆی حەزی بەسەرکەشیە و شەیتان هیچ دەسەڵاتێکی نیە بەسەریدا بۆ ئەوەی لەخشتەی ببات و سەرکەشی بکات.

خودای گەورە بە سەرکەشان(الغاوون) وەسفی کردوون، کە شەیتان هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریاندا نیە و چاوەڕێیش ناکەن کە شەیتان هەڵیان بخەڵەتێنێت، (بێجگە ئەوانە نەبێت کە سەرکەشن و شوێنت کەوتوون)

ئایەتەکە نافەرمێت تۆ لە خشتەت بردوون، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خۆیان پێشتر دەستپێشخەر بوون، هەربۆیە خودای گەورە سەرکەشیەکە دەداتە پاڵ خۆیان نەوەک شەیتان.

لە ووشەی (اغویتنی) واتە منت سەرلێشێواو کرد، ئەوە تێدەگەین خودای گەورە شەیتانی سەرلێشێواو کردووە، باشە با بزانین سەرلێشێوان (الاغوا) چیە؟

ئادەم سەلامی خودای لەسەر بێت سەرلێشێواو بوو پاش ئەوەی کە سەرکەشی کرد بەبەڵگەی ئەم ئایەتەی کە دەفەرمێت: ﴿وعصى آدم ربه فغوى﴾ س طه آ ١٢١. واتە: ئادەم سەرکەشی خودای گەورەی کرد و سەری لێشێوا. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەستپێشخەر بە تاوان سەرەتا ئادەم بووە سەرلێشێوانیش پاش گوناح و تاوان دێت تەنانەت لە شەیتانەوە، تاوانیش پووندات مەگەر ئەوکاتە نەبێت کە مرۆڤەکە لە بانگەواز و بەرنامەی خودای گەورە لابدات و خۆی کوێر بکات، هەروەک خودا خۆی دەفەرمێت: ﴿ومن يعش عن ذكر الرحمن نقيض له شيطانا فهو له قرين* وإنهم ليصدونهم عن السبيل ويحسبون أنهم مهتدون* حتى إذا جاءنا قال ياليت بيني وبينك بُعد المشرقين فبئس القرين﴾ س الزخرف ا ٣٦– ٣٨.

واتە: کەسێک کە خۆی کوێر بکات لە ئاستی قورئان و یادی خودای میهرەبان ئەوە ئێمە شەیتانێک دەکەینە ملۆزمی و هەمیشە دەبێتە یار و یاوەری و لەگەڵیدا دەبێت، بێگومان ئەو شەیتانانە رێگەی ڕاستیان لێ دەگرن و وایان لێ دەکەن کە وابزانن بەدڵنیاییەوە لەسەر ڕێبازێکی پاک و چاکن، هەتاوەکو ئەو کاتەی کە خۆی و شەیتانەکەی لە قیامەتدا دێنەوە

لامان، به شەیتانەکەی دەڵێت خۆزگە نێوانی من و تۆ هێندەی دووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوایە، ئای کە هاوڕێیەکی ناڕەبار و خراپ بوبیت.

خودای گەورە لە کۆمەڵێك ئایەتی تردا دەفەرمێت: ﴿وقال الشيطان لما قُضى الأمر إن الله وعدكم وعد الحق ووعتكم فأخلفتكم وما كان لى عليكم من سلطان إلا أن دعوتكم فاستجبتم لى فلا تلومونى ولوموا أنفسكم ما أنا بمصرخكم وما انتم بمصرخي إنى كفرتُ بما أشركتمونى من قبل إن للظالمين لهم عذاب اليم﴾ س إبراهيم آ ٢٢.

واتە: کاتێك هەموو شتێك تەواو دەبێت و ئەهلی بەهەشت و دۆزەخ دەچنە جێگەی حەقی خۆیان، شەیتان بەفەرمانی خودای گەورە دێتە قسە و ڕوو دەکاتە شوێنکەوتوانی خۆی و دەڵێت: بەڕاستی خودای گەورە بەڵێنی ڕاست و دروستی پێ ڕاگەیاندبون، منیش بەڵێنی درۆو نادروستم پێدان و توانیم گومڕاتان بکەم و لەڕێبازی ڕاست دوورتان بخەمەوە، من هیچ دەسەڵاتێکم بەسەر ئێوەدا نەبووە، تەنها بە وەسوەسە و خەیاڵات بانگم کردن بۆ خودانەناسی و تاوان، ئێوەش بەدەمەوە هاتن و بەقسەتان کردم، ئێتر سەرزەنشت و لۆمەی من مەکەن بەڵکو سەرزەنشت و لۆمەی خۆتان بکەن کە ئاوا بە ساویلکانە و بەبێ بیرکردنەوە بە قسەتان کردم، من ناتوانم بە هاناو هاواری ئێوەوە بێم و ئێوەش ناتوانن بێن بەهانای منەوە، بێگومان من باوەڕم بەوە نەبوو کە کاتی خۆی منتان کردبوو بە شەریك و هاوبەش لە پێشدا، بەڕاستی ئەمڕۆ ستەمکاران سزای زۆر بە ئیش و ئازار دەدرێن.

بە گشتی سەرلێشێوان بانگهێشتکردنە نەوەك گومڕاکردن بێت ئەوەی کە خودای گەورە بەسەرزاری شەیتانەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە گوتوبەتی

لەبەر ئەوەی کە منت سەرلێشێواو کرد (فبما أغويتنی) واتە لەبەر ئەوەی منت بانگهێشت کرد خیلقەتت بەوجۆرە لێ کردم.

گوێڕایەڵی لە شتێکدایە کە خودای گەورە پێیخۆشە و جێبەجێ دەکات، بەڵام سەرکەشی و تاوان خودای گەورە پێیناخۆشە چوونکە لە هەواو ئارەزووی ناپەسەند و نەفسی فەرمانکار بەخراپەی مرۆڤەوەیە. تێبینی دەکەین کە ئایەتەکە جارێك بە دەستەواژەی (بما) هاتووە بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکە و جارێکیش بە دەستەواژەی (فبما) واتە بەهۆی ئەوەوە، هەموو شتێك لە بنەڕەتدا لە ناو بازنەی زانست و دانایی خودای گەورەدایە کە هیچ بالآدەستێك نیە کە لەسەر کارەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات.

فەرمانکردنێکی ڕەها هەیە بە سوجدە بردن، شەیتانیش دەزانێت کە خودای گەورە فەرمانی پێکردووە کە سوجدە ببات، خودای گەورەش باش دەزانێت کە شەیتان فەرمانەکانی جێبەجێ ناکات و دوونیاش بە پێی خواست و دەسەلآتی خودای گەورە دەسوڕێتەوە، یەکێك لە خواستەکانی خودای گەورەش ئەوەیە کە شەیتان نابێت دەسەلآتدار بێت، بەڵکو ئیشی هەر دەبێت هەڵخەڵەتاندن و سەرلێ شێواندن بێت، بۆ نمونە کەسێك بەگوێی دەکات و لە خشتەی دەبات، بەڵام لەگەڵ کەسێکیتردا هەوڵ دەدات بەڵام هەوڵەکەی ناکامە و سەرکەوتوو نابێت و مرۆڤەکە بەگوێی ناکات.

کاری شەیتان لەگەڵ مرۆڤدا بریتیە لە گومڕاکردن و لەخشتەبردن، ئەوەش بە دانانی بۆسە بۆ ئیمانداران لەسەر ڕێگەی ڕاست بە ڕازاندنەوەی کردەوە خراپ و ناپەسەندەکان بۆ باوەڕداران، مەسەلەی گرنگ ئەوەیە ئایا ئەو ڕازاندنەوە و جوانکردنە لەکوێدایە و شەیتان چۆن ئەنجامی دەدات؟

شەیتان خۆی ئەو شوێنەی ڕوون کردووەتەوە کە کاری تێدا دەکات، ئەوەش فەزڵ و میهرەبانی خودای گەورەیە لەگەڵ بەندەکانیدا بۆ ئەوەی ووریای خۆمان بین و بەو نەفرەتیە هەڵنەخەڵەتێین ﴿لأقعدن لهم صراطك المستقيم﴾ لەسەر ڕێگەی ڕاستی تۆدا بۆسەیان بۆ دادەنێم.

لە ئایەتێکی تردا هاتووە کە خودای گەورە لەسەرزاری شەیتانەوە باسی دەکات کە شەیتان دەڵێت بۆیان جوان و ڕازاوە دەکەم (لأُزينن) و لە ئایەتەکەی دواتردا ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو جوانکردنە چۆنە و دەفەرمێت: ﴿لأقعدن لهم صراطك المستقيم﴾ س أعراف آ ١٦. لەسەر ڕێگەی ڕاستی تۆدا بۆسەیان بۆ دادەنێم.

هەروەها لە سورەتی فاتیحەدا و لەنوێژدا ئەو ئایەتە پیرۆزە دەخوێنینەوە کە دەفەرمێت: ﴿إهدنا الصراط المستقيم﴾ واتە: خودایە هیدایەتمان بدە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست. ئەمەش لە ڕۆژێکدا بەلایەنی کەمەوە حەڤدەجار دووبارەی دەکەینەوە، بەڵام شەیتان بەردەوام هەوڵ دەدات کە دوورمان بخاتەوە لەو ڕێگا ڕاستە، ئێمەهەرگیز لە شوێنەکانی ئەنجامدانی تاواندا شەیتان هەست پێ ناکەین، بەڵکو لە نوێژ و ڕۆژوو حەجدا هەستی پێدەکەین بۆ ئەوەی ڕێگریمان لێ بکات لە بەجێهێنانی ئەو فەرزانە یاخود بەتاڵ کردنەوەیان بە دروستکردنی وەسوەسە بۆمان.

لە بۆسەدا بۆیان دادەنیشم(لاقعدن) ئەمەش قسەیەکی ڕوون و ڕاشکاوی شەیتانە کە لە بۆسەدایە بۆ هەموو موسوڵمانێك بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگەی ڕاست لایبدات، ئەو هەوڵانەی شەیتان بۆ دوورخستنەوەی موسوڵمانان لەڕێگەی ڕاست زۆرجار مەسەلەکان بە بچووك و بێ بایەخ دێنەبەرچاوو ئەنجامدەرەکانیان باوەڕناکەن کە هیچ زەرەر و زیانێکیان بۆ دین و دوونیا

هەبێت، بەڵام دەبێت ئەو بزانین کە هەندێکجار ئێمە کارانێك دەکەین و وادەزانین زۆر بچووکن بەڵام بەڵای خودای گەورەوە زۆر گەورە و تاوانن، دەبێت ئەوەش بزانین کە ئاگری کلێپەدار سەرەتا لە داروچیلکەی وورد و بچووکەوە پەرە دەسەنێت.

ڕێگەی ڕاست سەرەتا شایەتمانە و دواتر نوێژ و زەکات و ڕۆژوو حەج کردنە. شەیتانیش باش ئەو شوێنە شارەزایە کە کارە چەپەڵەکانی خۆی تێدا دەستپێبکات، ئەویش بریتیە لە شوێن و کاتی پەرستشەکان، هەربۆیە پەرستشەکان هەندێك قورس و سەختن بەڵای مرۆڤەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە لەم قۆناغەدا شەیتان کاری خۆی دەستپێدەکات بۆ گومڕاکردن و بەتاڵ کردنەوەی کارو کردەوە چاکەکانی مرۆڤ.

ئەو باش دەزانێت کە چی دەکات بۆ ئەوەی مرۆڤ کەمتەرخەم بکات لە ئەنجامدانی عیبادەتەکاندا، یان ئەوەیە لە ئەنجامدانی پەرستشەکاندا وای لێ دەکات بە دانیشتنەوە ئەنجامیان بدات، یاخود خاوی دەکاتەوە لێیان، لێرەدا دەستەواژەی دانیشتنم بەکارهێنا چوونکە زۆر ئیسراحەتە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان، هەربۆیە نایەوێت هەستێتەوە بۆ ئەوەی ماندوو نەبێت، ناشی دەوێت پاڵبکەوێت بۆ ئەوەی تەمبەڵی نەکات، واتە لەناوەڕاستی هەردووکیاندایە نە هەستانەوەیە و نە پاڵکەوتنە بەڵکو دانیشتنە، هەربۆیە لە حاڵەتی دانیشتندا مرۆڤ کەمێك هەوڵ دەدات و تەمبەڵ نییە، هەربۆیە خودای گەورە دەستەواژەی بۆیان دادەنیشم بەکار دەهێنێت، حاڵەتی دانیشتنیش هەروەك باسمان کرد بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە شەیتان چەندە کارەکەی خۆی شارەزایە بەتایبەت لەکاتی ئیسراحەتدا.

هەر لەبەر ئەمەیە کە خودای گەورە بە پێغەمبەر یەحیای گوت سەلامی خودای لەسەر بیت ﴿خُذ الكتاب بقوة﴾ س مریم آ ١٢. واتە: کتێبەکە بەهێز و بەتوندی لە ئێمە وەربگرە.

وەرگرتن بە هێزەوەیە، چوونکە کتێبەکە شیاوی ئەوەیە، کتێبەکەش بەهێزە، هەربۆیە کاتێك وەری دەگریت بە هێز و توندی وەری بگرە.

هەروەها ووشەی لە بۆسەدا بۆیان دادەنیشم (لاقعدن) مەبەست ئەوەیە لە کەمیندایە بۆ هەموو کەسێکی بالّغی ئاقلّ کە تەکلیفی لەسەر بێت هەروەك دەفەرمێت: ﴿ثم لآتينهم من بين أيديهم ومن خلفهم وعن أيمانهم وعن شمائلهم ولا تجد أكثرهم شاكرين﴾ س الأعراف آ ١٧.

واتە: شەیتان گوتی: خودایە دواتر لەپێش و پاش و لای ڕاست و لای چەپیانەوە دەچمە بنکەلّێشەیان وایان لێ دەکەم کە زۆربەیان سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی تۆ نەبن. لەم ئایەتەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە شەیتان لە چوار لایەنەوە دێت بۆ مرۆڤ ڕاست و چەپ و پێش و دواوە، بەلّام وازی لە هەردوو لایەنی سەرەوە و خوارەوە هێناوە.باشە با بزانین ئەم دوو لایەنە بۆ لەلایەن شەیتانەوە وازیان لێ هێناوە؟

چوونکە لایەنی سەرەوە خودای گەورە پاسەوانی دەکات، بۆ ئەوەی تۆ دلّنیا ببیتەوە کاتێك داوای شتێکی لێ دەکەیت، هەروەها لایەنی خوارەوەش خودای گەورە پاسەوانیت بۆ دەکات ئەوەش بە هەستان و ڕکوع و سوجدەکانت لە نوێژەکانتدا.

هەربۆیە ئەوەی کە ئاگاداری لە نوێژەکەی نیە و هەموو نوێژەکەی لە خەیالآندایە، ئەوە تاوانی شەیتان نیە بەبەلّگەی ئەم ئایەتانە، چوونکە خودای گەورە پاسەوانی هەردوولایەنی سەرەوە و خوارەوەی مرۆڤ دەکات،

هەروەك گوتمان لای خوارەوە خودای گەورە دەیپارێزێت هەربۆیە شەیتان بوێری ئەوە ناکات لەو لایەنەوە نزیکی مرۆڤی ئیماندار ببێتەوە، ئەمەش هۆکاری باس نەکردنی هەردوو لایەنی سەرەوە و خوارەوەیە لە ئایەتە پیرۆزەکەی پێشوودا.

سەبارەت بەلایەنی خوارەوە کاتێك مرۆڤ دەست دەکات بە نوێژکردن بە پێوە وەستاوە و دواتر ڕکوع دەبات و لەپاشان سوجدە دەبات، هەربۆیە نزیکترین کات و شوێن کە مرۆڤ لە خودای خۆیەوە زۆر نزیکە کاتی سوجدەیە، هەر لەبەر ئەمەیە کە خودای گەورە ڕێگری لە شەیتان کردووە لەو لایەنەوە بێت و وەسوەسە بۆ مرۆڤ دروست بکات، ئەگەر مرۆڤ ئاگاداری ئەم دوو لایەنە بێت (واتە خوارەوە و سەرەوە) ئەوا دەتوانێت دەرگاکانیتری هاتنەژوورەوەی شەیتان لەسەر دڵ و دەروونی خۆی دابخات.

پێغەمبەر(ص) لە دووعا و پاڕانەوەکەیدا ئەمەی بەڕوونی فێر کردوین کە دەفەرمێت: {واعوذ بعظمتك أن أغتال من تحتی} واتە: پەروەردگارا پەنا دەگرم بە گەورەیی خۆت لەوەی کە لە لای خوارەوە تیرۆر بکرێم.

دووعا کردن بریتیە لە بەندایەتی و عیبادەت، هەربۆیە کاتێك مرۆڤ دووعا دەکات دڵنیایە لەوەی کە شەیتان لەلای سەرەوە بوونی نیە، لەمەشدا ئاماژەیەك هەیە بەوەی کە پەناگرتن بەخودای گەورە لەڕێگەی دووعاکردنەوە، بریتیە لە ڕێگەی ڕزگاربوون لە سەرلێشواندن و گومڕاکردنەکانی شەیتان بۆ مرۆڤ، لە باشترین و موخلیسانەترین دووعاکانیش لەمبارەیەوە ئەوەیە کە دووعا بکەیت و لە خودای گەورە بپارێیتەوە کە لە دوونیا ڕزگارت بکات کە بەڕاستی سەرمایەی شەیتانی نەفرەت لێکراوە، هەروەك چۆن پێغەمبەر(ص) بەجوانی دوونیای ناسیوە و

دەفەرمێت: {اللهم اجعل الدنيا فى أيدينا ولا تجعلها فى قلوبنا} واتە: خودایە گیان دوونیا بخەرە ناو دەستەکانمانەوە و مەیخەرە ناو دڵ و دەروونەکانمانەوە.

یەکێکیتر لە فەزڵ و بەخششەکانی خودای گەورە بۆ مرۆڤ بریتیە لە نەخۆشی، چوونکە لەو حاڵەتەدا بەخۆیدا دەچێتەوە و پێش ئەوەی بمرێت قەرەبوی کەموکوڕیەکانی خۆی دەکاتەوە لە بەندایەتی خودای گەورەدا، هەربۆیە کاتێك مرۆڤ نەخۆش دەکەوێت دەبێت ووردی بەرز بێت و سوپاسی خودای گەورە بکات لەسەر نەخۆشیەکەی، چوونکە نەخۆشی ئاگادارکردنەوەی مرۆڤە لە مردن، یەکێك لە ئاگادارکردنەوەکانی خودای گەورە کە بۆ مرۆڤ داینناوە بریتیە لە پیربون و نەخۆشی ئەوەش ڕەحمەتی خودای گەورەیە بەرامبەر بە بەندەکانی.

خودای گەورە بالآتر و زاناترە.....

***

— ٣ —

قەرین و وەحی شەیتانی

- ڕێگاو شێوازەکانی وەحی شەیتانی لە گومڕاکردنی مرۆڤ لە کۆن و نوێدا.
- قەرین بریتیە لە سەفیر و نێردەی ئیبلیس لەلای نادەمیزاد.

وەحی شەیتانی و ڕێگاو شێوازەکانی لە گومڕاکردنی خەڵکیدا

شەیتانی نەفرەت لێکراو سوێندی بە گەورەیی پەروەردگاری جیهانیان خواردووە کە هەموو بەندەکانی خودا لە خشتە دەبات و گومڕایان دەکات بێجگە لە بەندە موخلیسەکان نەبێت، هەربۆیە لەوکاتەوە شەیتان هەموو ئەو هۆکارانەی گرتوەتە بەر کە سوێنەکەی ببات‌سەر، هیچ ڕێگەیەک نیە کە شەیتان نەیگرتبێتەبەر بۆ گومڕاکردنی خەڵکی لە گەیشتن بە ڕێگای خودا و ڕەزامەندی ئەو، هیچ ڕێگایەک نیە کە بۆ ئەو مەبەستە شەیتانی نەفرەت لێکراو تاقی نەکردبێتەوە.

یەکێک لە شێوازەکانی شەیتان لە گومڕاکردنی خەڵکیدا بریتیە لە (وەحی شەیتانی) کە خودای گەورەی هەموو جیهانیان لە کتێبە پیرۆزەکەیدا باسی کردووە و دەفەرمێت: ﴿وكذالك جعلنا لكل نبى عوا شياطين الأنس والجن يُوحى بعضهم إلى بعض زُخرُف القول غُرُورا﴾ س الأنعام آ ١١٢. واتە: بۆ هەموو پێغەمبەرێک دووژمنێک لە شەیاتینی مرۆڤ و جنۆکەمان داناوە کە بەردەوام قسەی زل و ڕازاوە دەدەن بە گوێی یەکدا و خۆیان و خەڵکی پێ سەرگەردان و گومڕا دەکەن، خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە نەیاندەتوانی شتی لەوجۆرە ئەنجام بدەن، دە وازیان لێ بێنە با لەگەڵ ئەو درۆو بوختانەی کە دەیکەن تووشی سزای خودایی ببن چوونکە قوتاربونیان مەحاڵە.

ئەبو زەڕی غیفاری ڕەزای خودای لێ بێت دەگێڕێتەوە و دەڵێت: {أتيت و رسول الله في مجلس قد أطال فيه الجلوس قال: فقال: يا أبا ذر هل صليت؟

قلت: لا يا رسول الله.

قال: قم فاركع ركعتين.

قال: ثم جئت فجلست إليه فقال: يا أبا ذر هل تعوذت بالله من شياطين الجن والأنس؟

قال: قلت: لا يا رسول الله وهل للأنس من شياطين؟

قال: نعم هو شر من شياطين الجن.[1]

واتە: ئەبوهورەیرە دەڵێت: هاتم بۆلای پێغەمبەری خودا (ص) لە مەجلیسێکدا کە کاتی زۆری خایاند، گوتی: ئەی ئەبو زەڕ ئایا نوێژت کرد؟ گوتم: نەخێر ئەی پێغەمبەری خودا. گوتی: دەی هەستە و دوو ڕکات نوێژ بکە. گوتی: دواتر چووم بۆلای فەرمووی ئەی ئەبو زەڕ ئایا پەنات گرتووە بەخودا لە شەیتانی جنۆکە و مرۆڤ؟ گوتی: منیش گوتم نەخێر ئەی پێغەمبەری خودا(ص) ئایا مرۆڤیش شەیاتینی هەیە؟ فەرمووی بەڵێ ئەوانە لە شەیتانی جنۆکە خراپتر و نالەبارترن.

{وعن عكرمة قال: للأنس شيطان وللجن شيطان، فيُلقى شيطان الأنس شيطان الجن فيوحى بعضهم إلى بعض زُخرُف القول غُرُرا} واتە: عەکرەمە دەڵێت: مرۆڤ شەیتانی هەیە و جنۆکەش شەیتانێکی هەیە، شەیتانی مرۆڤ

---

[1] (صححه إبن كثير بمجموع طُرُقه).

تەڵقین بە شەیتانی جنۆکە دەکات و پێکەوە قسەوباس دەکەن و مرۆڤەکان هەڵدەخەڵەتێنن.

کاتێك ئیبن عومەر هەواڵی پێگەیشتن موختاری سەقەفی (کە داوای پێغەمبەرایەتی کردووە) و پێیوایە کە وەحی بۆ دێت گوتی: بەڕاستی ئایەتەکەی خودای گەورە زۆر جوان و پڕمانایە کە دەفەرمێت: ﴿وإن الشياطين ليوحون إلى أوليائهم ليُجادلوكم﴾ س الأنعام آ ١٢١. واتە: دڵنیابن کە شەیتانەکان شت دەخەنە دڵی لاینگرەکانیانەوە هەتاوەکو موجادەلەتان لەگەڵدا بکەن و بەرگری لە بەتاڵ و ناڕەوای خۆیان بکەن.

ئەمەش زۆر بەڕوون و ئاشکرایی لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەردەکەوێت کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد و دەفەرمێت: ﴿يُوحى بعضهم إلى بعض زُخرُف القول غُرُورا﴾ واتە: شەیتانە مرۆڤ و جنۆکەکان بەردەوام قسەی زل و ڕازاوە کە گوێگرە نەفام و ساویلکەکان لە خشتە دەبات و دەیانخەڵەتێنێت دەدەن بە گوێی یەکدا و خۆیان و خەڵکی پێ سەرگەردان و گومڕا دەکەن، خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە نەیاندەتوانی شتی لەوجۆرە ئەنجام بدەن، دە وازیان لێ بێنە با لەگەڵ ئەو درۆو بوختانەی کە دەیکەن تووشی سزای خودایی ببن چوونکە لەقیامەتدا هەرگیز ڕزگاریان نابێت.

لە ووێنە و نمونەکانی وەحی شەیتانی ئەوکاتەیە کە شەیتان بە کرداری خۆی دەنوێنێت و بەرجەستە دەبێت و قسە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات، هەروەك بوخاری لە ئیبن مەسعودەوە دەیگێڕێتەوە: {إن اشيطان ليتمثل فى صورة الرجل فيأتى القوم فيُحدثهم بالحديث من الكذب فيتفرقون، فيقول الرجل منهم: سمعت رجُلا أعرف وجهه ولا أدرى ما إسمه يُحدثُ} واتە: شەیتان خۆی لەسەر شێوەی پیاوێکدا دەنوێنێت و دێت و قسە بۆ خەڵکە

دەکات و هەموو قسەکانیشی درۆ و بێمانایە و دەبێتە هۆی دروستبونی جیاوازی لە نێوانیاندا، کەسێك لەناو خەڵکەکەدا دەڵێت: گوێم لە پیاوێك بوو کە قسەی دەکرد و دەموچاویم دەناسی بەڵام نازانم ناوی چی بوو.

لەوانەیە ئەم وەحیە وەسوەسەیەکی شەیتانی بێت کە مەبەست لێی کردنەوەی دەرگاری کوفر و گومان و لەرزۆك کردنی عەقیدە و بیروباوەڕە لەناو دڵی خەڵکیدا، هەروەك بوخاری لە ئەبوهورەیرەوە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: ﴿یأتی الشیطان أحدکم فیقول من خلق کذا، من خلق کذا، حتی یقول من خلق ربك، فإذا بلغه فلیستعذ بالله ولینیته﴾ واتە: شەیتان دێت بۆلای کەسێك لە ئێوە و دەڵێت کێ ئەوەی دروست کردووە، کێ ئەمەی خولقاندووە، هەتاوەکو دەگاتە ئەوە کە دەڵێت: کێ خوداکەی تۆ دروست کردووە، ئەگەر گەیشتە ئەو پرسیارە پەنابگرە بە خودا لەو نیەت و مەبەستەی کە ئەو نەفرەت لێکراوە هەیەتی.

موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: ﴿لایزال الناس یتساءلون حتی یقال هذا خلقُ الله فمن خلق الله، فمن وجد من ذالك شیئا فلیقُل آمنت بالله﴾ واتە: خەڵکی بەردەوام پرسیار دەکەن هەتاوەکو کار دەگاتە ئەوەی کە دەڵێن باشە ئەوە خودا دروستی کردووە، ئەی باشە کێ خودای دروست کردووە، هەرکەسێك خەیاڵاتێکی لەوجۆرەی بۆ دروست بوو با بڵێت ئیمانم هێناوە بەخودای گەورە.

هەندێکجار وەسوەسەکان بۆ بەدرۆخستنەوەی حەق و ڕاستی و پەیماندانی خراپەیە، هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿الشیطان یعدکم الفقر ویأمُرُکم بالفحشاء والله یعدُکُم مغفرة منه وفضلا والله واسعٌ علیم﴾ س البقرة آ ٢٦٨. واتە: کاتێك مااڵ و دارایی خۆتان دەبەخشن شەیتان

وەسوەسەتان بۆ دروست دەکات و بەڵێنی هەژاری و نەداریتان پێ دەدات و دەتانترسێنێت بە نەداری و نەبوونی، فەرمانتان پێ دەکات بە گوناح و تاوان و خراپە و نەبەخشین، خودای گەورەش بەڵێنی لێخۆش بوونێکی تایبەتی خۆیتان پێ دەدات لەگەڵ زۆری ڕۆزی و بەهرەی فراواندا و خودا فراوانگیر و زانایە.

ئیبن قەیم لە ئیغاسە اللهفاندا دەڵێت: (یەکێک لە هۆکارەکانی بت پەرستی ئەوەیە کە شەیتانەکان دەچنە ناویانەوە و قسەیان لەگەڵدا دەکەن و باسی کۆمەڵێک غەیبیات و شتی نادیاریان بۆ دەکەن و شتانێکی نەزانراویان بۆ باس دەکەن و شتە شاراوەکانیان بۆ ئاشکرا دەکەن، بەڵام کەسە نەزان و نەفام و پەستەکانیان وادەزانن کە بتەکەیە قسە دەکات و هاتووەتە گۆ.

هەندێکیشیان وادەزانن ئەوانە ڕۆحی خاوەنی ئەو بتانەن، یان لەوانەیە هەندێکیتر پێیان وابوبێت ئەوانە فریشتەن، هەربۆیە ئەمە هێندەی تر باوەڕ بە بتەکان بەهێزتر کردوون و زیاتر پابەند بوون بە پەرستشیانەوە.

شەیتانێک لەناو بتی عوزادا ژیاوە کە هەندێک لە عەرەب پەرستویانە و گوایە دەنگێکیان لێوە بیستووە.

ئیبن عەباس دەڵێت: عوزا بتێکی مێینەی شەیتان بووە سێ جار دەهات بۆ بەتن نەخلە، کاتێک پێغەمبەری خودا(ص) مەککەی فەتح کرد خالیدی کوڕی وەلیدی نارد و گوتی: بڕۆ بۆ بەیت نەخلە و لەوێدا سێ بتی گەورەی لێیە، یەکەمیان بەباشی بپشکنە و دواتر درەختەکەی پاڵی ببڕەرەوە.

خالیدیش چوو بۆ ئەوێ و بەباشی گەڕا، دواتر درەختەکەی پاڵی بتەکەی بڕیەوە، پاشان گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەر(ص) فەرمووی هیچت بینی؟

خالید گوتی: نەخێر، دواتر فەرمووی برۆ دووەمیان بپشکنە و درەختەکەی ببڕەوە، ئەویش چوو پشکنی و درەختەکەی بڕییەوە و هاتەوە بۆلای پێغەمبەر(ص)، فەرمووی هیچت بینی؟ گوتی: نەخێر ئەی پێغەمبەری خودا.

دواتر فەرمووی: باشە برۆ و سێیەمیشیان بپشکنە و درەختەکەشی ببڕەوە، خالیدیش چوو بۆ لای بتی سێیەم کە بتێکی ڕەشی شێوە حەبەشی بوو قژەکانی پەخشان بووە و هەردوو دەستی خستبویە سەر شانەکانی، چنگێکی کراوەی هەبوو، مجێورەکەی دیبەت سەلما بوو کە خزمەتی دەکرد، گوتی: ئەی عوزا ئێمە کافر بوین بە تۆ ئێتر بە پاك و بێگەردت نازانین چوونکە من خودای گەورەم ناسیوە و سوکایەتی بە تۆ دەکات.

دواتر لێیدا و سەری کەوتە خوارەوە، دواتر درەختەکەی ئەویشی بڕییەوە و دیبەی خومەتکاری کوشت و لەپاشان گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەر(ص) و باس و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: ئەوەش عوزا بوو ئێتر عەرەب هیچ عوزایەکیان نییە.

یەکێك لە شێوازەکانی وەحی شەیتانی کە زۆر باوی هەیە و مرۆڤ زۆر لەخۆبایی دەکات ئەوەیە کە دەگوترێت دەبێت وەحی سروشێکی کرداری بێت، وەحی بۆ کراو وادەزانێت پێغەمبەرە و لەلایەن خوداوە وەحی بۆ دێت و ئەوەی کە دێت بە بیر خەیاڵیدا ئەوە وەحی خوداییە:

عەکرەمە ڕەحمەتی خودای لێ بێت دەڵێت: چووم بۆلای موختاری سەقەفی کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد زۆر ڕێزی لێ گرتم و میوانداریەکی باشی کردم و لەلای مامەوە و تەنانەت دەیگوت دەبێت شەو

لێرە بمێنیتەوە، پێیگوتم: بڕۆ بۆلای خەڵکی قسەیان لەگەڵدا بکە، منیش چووم، پیاوێك هات و گوتی: چی دەڵێیت لەبارەی وەحیەوە؟ منیش گوتم: وەحی دوو جۆرە: خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿وإن الشياطين ليوحون إلى أوليائهم ليُجادلوكم﴾ س الأنعام آ ١٢١. واتە: دڵنیابن کە شەیتانەکان شت دەخەنە دڵی لاینگرەکانیانەوە هەتاوەکو موجادەلەتان لەگەڵدا بکەن و بەرگری لە بەتاڵ و ناڕەوای خۆیان بکەن.

دەڵێت پاش ئەوەی کە ئەو ئایەتەم بۆ خوێندەوە خەریکبوو بمکوژن، منیش هاوارم کرد و گوتم: من موفتی ئێوە و میوانتانم، ئیتر باش بوو وازیان لێ هێنام.

یەکێکیتر لە شێوازە زۆر ڕوونەکانی وەحی شەیتانی ئەوەیە کە بانگەشەکارانی پێغەمبەرایەتی لە کۆن و نوێدا دەیڵێن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوە وەحیە لەلایەن خودای گەورەوە، نمونەی ئەمەش تولەیحەی کوڕی خووەلیدی ئەسەدیە کە لەکۆندا هەبووە و نەیهێشتووە شوێنکەوتووەکانی سوجدە ببەن و گوتویەتی: خودای گەورە پێیخۆش نییە نێوچاوەکانتان چرچ و لۆچ ببێت و بە شێوەیەکی ناشیرین قۆڵ ببنەوە، بەڵکو بە وەستانەوە زیکری خودا بکەن و بیپەرستن.

یەکێك لە شوێنکەوتووەکانی هات بۆلای ئەبوبەکری صدیق ڕەزای خودا لێ بێت، ئەبوبەکر پێیگوت: ئەوە چیتان پێ دەڵێت؟ ئەویش گوتی: (الحمام واليمام، والصرد الصوام، قد صمن قبلكم بأعوام، ليبلغن ملكنا العراق والشام) واتە:

هاوشێوەی ئەمیش موسەیلەمەی درۆزن بوو، ئیبن کەسیر لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: دەڵێن عەمری کوڕی عاص وەك شاند چوو بۆلای

موسەیلەمە، پێش ئەوەی عەمر سلاو بکات موسەیلەمە گوتی: ئەم ماوەیە چی دابەزیوە بۆ هاوەڵەکەتان(واتە بۆ پێغەمبەر"ص")؟

عەمریش گوتی: سورەتێکی کورتی پڕ لە ماناو ڕەوانبێژی دابەزیوە بۆی.

گوتی: کام سورەتەیە؟ عەمریش گوتی: ﴿والعصر* إن الأنسن لفی خُسر* إلا الذین آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر﴾ س العصر.

موسەیلەمەش کەمێك ماتی کرد و دواتر گوتی: منیش هاوشێوەی ئەوەم بۆ هاتووە.

عەمر گوتی: ئادەی بزانم کامەیە؟

موسەیلەمەی درۆزنیش گوتی: یا وبر یا وبر، إنما أنت أذنان وصدر، وسائرك حر نقر) دواتر گوتی: چۆنە بەلاتەوە ئەی عەمر؟

عەمریش گوتی: سوێند بەخودا تۆ باش دەزانیت کە من دەزانم تۆ درۆزنیت.

یەکێکیتر لە سورەتەکان کە موسەیلەمەی درۆزن بانگەشەی کردووە ئەمەیە: یا ضفدع بنت ضفدعین، نقی کم تنقین، أعلاك فی الماء وأسفلك فی الطین، لاالشارب تمنعین ولا الماء تکدرین.

دەڵێن تەلحەی نومەیری هاتووە بۆ لای موسەیلەمەی درۆزن سەبارەت بە حاڵ و بارودۆخی پرسیاری لێ کردووە؟ ئەویش گوتویەتی کە پیاوێك لە تاریکی شەودا دێت بۆلای و پێیدەڵێت: شاهێدی دەدەم کە تۆ درۆزنیت و محمد ڕاستگۆیە بەڵام درۆزنی ڕەبیعە بەلای ئێمەوە باشترە لە ڕاستگۆی موزەڕ. ئەوەبوو لە ڕۆژی حەدیقە لە یەمامە لەگەڵیدا بەکافری کوژرا. واتە

ئەو لەبەر عەشرەت و خزمایەتی شوێنی کەوتووە هەرچەندە بەباشی دەزانێت کە درۆزنە.

نمونەیەکیتر بریتیە لە سەجاج لە هۆزی تەمیم کە گوایە وەحی دەهێنا بۆ شوێنکەوتوەکانی خۆی کە بەرەو یەمامە دەچوو بۆ شەڕکردن لەگەڵ موسەیلەمەدا، گوایە ئەم ئایەتانەی بۆ نازڵ بووە، ئەویش دەیخوێندنەوە بۆ شوێنەکەوتوەکانی خۆی: دەبێت بڕۆن بۆ یەمامە، ئەوە غەزایەکی زۆر یەکلاکەرەوەیە، پاش ئەوە ئیتر پەشیمان نابنەوە، هات بۆلای موسەیلەمە و شوی پێ کرد و سێ ڕۆژ لەلای مایەوە.

عەتاردی کوڕی حجیب کە یەکێکە لە شوێنکەوتووەکانی بووە ئەم دوو بەیتە شیعرە دەڵێت:

خاتوونە پێغەمبەرەکەی ئێمە ژن دەرچوو
بەڵام پێغەمبەرانی خەڵکی تر نێرینە بوون

کاتێك میرزا عەلی محمد قادیانی کە نازناوی (باب) بوو دەرکەوت بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کتێبی (البیان)ی لەلایەن خوداوە بۆ هاتووە و قورئانی سڕیوەتەوە، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو بابی مەهدیە، دواتر یەکێك لە شوێنکەوتوەکانی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد و خۆی وەك موژدەدەری ئیمامی مەهدی ناساند، کە ناوی میرزا حوسەین عەلی بەها بوو کە خاوەنی ئەو مەزهەبە لادەرە بوو کە بە بەهائی ناسرابوو بانگەشەی دەکرد کە گوایە کتێبی ئەقدەسی بۆ هاتووە، کە کتێبێك بوو لە وەحی ئیبلیسی شەیتان نەفرەتی خودای لێ بێت.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿إن الشياطين ليُوحون إلى أوليائهم ليُجادلُوكم وإن أطعتم إنك لمُشركون﴾ س الأنعام آ ١٢١. واتە: شەیاتینەکان وەحی دەکەن بۆ شوێنکەوتوەکانیان بۆ ئەوەی موجادەلەتان لەگەڵدا بکەن، ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵیان بکەن ئەوکات ئێوەش دەبنە هاوەڵدانەر و موشریك بۆ خودا.

ئیبن کەسیر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: واتە هەرکاتێك لە فەرمانی خودای گەورە و شەرعەکەی ئەو لاتاندا و شوێنی قسەی غەیری ئەو کەوتن و چوون بۆلای خەڵکانیتر، ئەوە بریتیە لە هاوەڵدانان بۆ زاتی ئەو، هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿إتخذوا أحبارهم ورُهبانهم أربابا من دون الله والمسيح ابن مريم وما أُمروا إلا ليعبُدوا إلها واحدا لا إله إلا هو سبحانه عما يُشركون﴾ س التوبة آ ٣١. واتە: ئەحبار و ڕاهیبەکان و مەسیحی کوڕی مەریەمیان کردووە بە گەورە و خودای خۆیان بێجگە لە زاتی خودا، لەکاتێکدا کە فەرمانیان پێکرابوو کە تەنها یەك خودا بپەرستن کە هیچ خودایەك بێجگە لە زاتی ئەو بوونی نییە پاکوبێگەردی بۆ ئەو خودایە لەوەی کە ئەوان شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیاردەدەن.

تیرموزی لە عدی کوڕی حاتەمەوە گێڕاویەتیەوە کە گوتویەتی: ئەی پێغەمبەر(ص) ئەوان چیان پەرستووە؟ پێغەمبەریش(ص) فەرموویەتی: بەڵێ حەرامیان بۆ حەلاڵ کردوون و حەلاڵیان لێ حەرام کردوون و شوێنی کەوتوون، ئەوەش عیبادەتیان بووە واتە پەرستنی ئەوان.

وەحی شەیتانی هاوچەرخیش بریتیە لەوەی کە ئێمە لەسەر زمانی عەلمانیەکانەوە دەیبیستین کە سەرسامن بە خۆرئاواییەکان. ئەم وەحیە کۆنەش بەردەوامە لە هەموو سەردەمێکدا، چوونکە پشتیوانان و

شوێنکەوتوانی شەیتانەکان لە هەموو کات و ساتێکدا بوونیان هەیە، هەندێك لە ڕۆشنبیران و ڕۆشنگەرانیش هەن کە شەیتان وەحیان بۆ دەکات و شتانێکی گەورە و قەبە دەخاتە سەرزمانیان کە هیچ ماناو مەغزایەکیان نییە و تانە لە ئایینی ئیسلام دەدەن و هاوەڵانی پێغەمبەر(ص) بە دواکەتوو تۆمەتبار دەکەن، هەندێکیتریش تانە لە میژووی ئیسلام و سەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکان دەدەن و پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە گوایە دزی لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا بەربڵاو بووە ! تەنانەت دەڵێن خراپە و خراپەکاری لەوسەردەمە زێڕێنەدا زۆر بووە ! !

لە تەلەفیزیۆن و کەناڵە ئاسمانیەکاندا بەرنامەیان هەیە و بە بیرمەندانی ئیسلامی ناوزەد دەکرێن.

پێشەوا ئیبن قەیم ئەم وەحیە شەیتانیە و حاڵی شوێنکەوتوانی شەیتان (ئیبلیس)ی فێڵباز بە قسەی بەتاڵ و بێمانا و بیربۆچونی داڕوخاوو خەیاڵاتی دژبەیەك کە بریتیە لە شەخەڵی و بیرو زەینەکان، پیسی فیکرەکان و ئەو کەفە بێمانایەی کە دەخرێتە ناو دڵ سەرگەردانەکانەوە، کە حەق دەکەن بە بەتاڵ و هەڵە دەکەن بەڕاست، کە شەپۆلەکانی شوبهە دەیانهێنن و هەوری چڵکنی خەیاڵات دەدەن بەسەریاندا، هۆکاری و کەرەستەی هاتنیشیان قسەو قسەڵۆك و شك و گومان و موجادەلەی زۆرە، ئەمەش هیچ دڵنیاییەکی نیە کە مرۆڤ پشتی پێ ببەستێت و هیچ بیروباوەڕێکیشی تێدا نییە کە بەرابەر بێت لەگەڵ حەقدا و مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ سەری، بەڵکو هەروەك ئایەتەکە دەفەرمێت: ﴿يُوحي بعضهم إلى بعض زُخرُف القول غُرُورا﴾ واتە: بەردەوام قسەی زل و ڕازاوە دەدەن بە گوێی یەکدا و خۆیان و خەڵکی پێ سەرگەردان و گومڕا دەکەن.

هەر لەبەر ئەمەیە قورئانیان خستوەتە لاوە، لەبەرخۆیانەوە قسەی نالەبار و ناپەسەند دەکەن و لە ناو گومان و شکی خۆیاندا نغرۆ بوون و لەناو دەریای دوودڵیدا گیریان خواردووە، کتێبەکەی خودایان خستوەتەلاوە و هەروەک بڵێی هیچ زانیاریەکیان لەبارەیەوە نییە، شوێنی ئەو شتە کەوتوون کە شەیتان لەسەرزاری پێشینانیانەوە لە ئەهلی گومڕایی بەسەریدا خوێندونەتەوە، حوکم و فەرمانی پێ دەکەن، کێبەرکێی پێ دەکەن، لەبەڵگە و دەلیلی بەجێ دوور کەوتونەتەوە، شوێنی هەواو ئارەزووی کەسانێک کەوتوون کە پێشتر گەمڕا بوون و زۆرێک لە خەڵکیشیان گومڕا کردووەو لە ڕێگەی ڕاستیش لایانداوە.

کار گەیشتوەتە جێگەیەک کە لە مانگی ڕەمەزاندا بەرنامەیەک بۆ کەسێک لەوانە تەرخان کراوە بۆ ئەوەی باسی بیرو فیکرەکانی خۆی بۆ خەڵکی بکات کە بە حەڵاڵ کردنی حەرامەکان و حەرامکردنی حەڵاڵەکانی خودا و ئاسانکردنی گوناح و تاوانە بچووکەکان دەستی پێکردووە و بە شتی بچووک دەیانداتە قەڵەم، دەڵێت خودا لێیان خۆش دەبێت ئەوەش بە ئەنجامدانی چاکە لەپاش ئەو خراپەیە.

ڕۆڵی قەرین لە وەحی شەیتانیدا

سەفیر و نێردەی ئیبلیس لەلای هەموو مرۆڤێک دانراوە، هەر ئەوەی کە مرۆڤەکان تووشی وەسوەسە دەکات یان بۆ قەناعەت پێکردنی یاخود باوەڕپێکردنی بەبەڵگەکەی کە دەیهێنێتەوە بۆ قەناعەت پێکردنی خەڵکی.

زۆرێك لەخەڵكی نازانن ئەو قەرینەی كە لێیان جیانابێتەوە هەندێكجار فەرمانیش دەكات بە چاكە، هەرچەندە كارەكەی بریتیە لە هاندانی مرۆڤ لەسەر خراپە و تاوان و تەنها فەرمان بە خراپە دەكات.

قەرین بریتیە لە شەیتانی بچووكی هەموو مرۆڤێك لەم ژیانی دوونیایەدا، بەتایبەت كە بەشداری لەگەڵ خاوەنەكەیدا دەكات لە هەموو كارو كردەوەیەكی گەورە و بچووكدا، وەسوەسە بۆ زۆرێك لە خەڵكی دروست دەكات تەنانەت لەنێوان هەر لێدانێكی دڵدا فەرمانێك دەكات بە خراپە، ئەمەش بە چەندین شێوەی جیاواز كە مرۆڤ تەسەوری ناكات و وادەزانێت لە نەفس و دەروونی خۆیەتی و لە سروشتە شەیتانیە خراپەكەیە و دواتر لە كۆڵی دەبێتەوە، هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿كمثل الشيطان إذ قال للأنسان اكفر فلما كفر قال إنى بريئٌ منك إنى أخاف الله رب العالمين﴾ س الحشر آ ١٦. واتە: وەك نمونەی شەیتان كاتێك بە مرۆڤ دەڵێت كاری خراپە و كوفر بكە، كاتێك مرۆڤەكەش كارە خراپەكە ئەنجام دەدات و كافر دەبێت، ئەوكات شەیتان پێی دەڵێت من بێ بەریم لەتۆ من لە خودای جیهانیان دەترسم.

كاتێك ئەم قەرینە خراپە مرۆڤ هاندەدات لەسەر چاكە، ئەوە مەبەستێكی باشی نییە، بەڵكو هەروەك دەڵێن دەدات بەدەمی مرۆڤەوە و دانی بۆ دادەكات بۆ ئەوەی كتوپڕێك بیخاتە ناو گێژاوی خراپە و تاوانەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی جڵەوی كۆنترۆڵی دڵی ئەو مرۆڤەی لەدەست دەرنەچێت، چوونكە شەیتانی نەفرەتی هیچ شتێكی نییە كە لەم شەڕە هەتاهەتاییەیدا لەگەڵ مرۆڤی باوەڕدار لەدەستی بكات، هەربۆیە بەهەموو توانایەوە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو جەنگە دەدات، ئەوەش بە هەموو ئەو رێگایانەی كە

خەڵکی لێیان بێئاگان، تەنانەت بۆ هەندێکەس خۆی وەک چاکەخواز نیشان دەدات هەروەک لەگەڵ باوکە ئادەم ودایکە حەوادا کردی و خواردنی بەری درەختەکەی لەلایان زۆر ئاسایی کردەوە و بوویە هۆی دەرکرانیان لەناو بەهەشتی خوداییدا.

خودای گەورەش لەمبارەیەوە دەفەرمێت: ﴿وقاسمهما إني لكما لمن الناصحين﴾ س الأعراف آ ٢١. واتە: کاتێک شەیتان زانی ئادەم و حەوا دووڵن و دەترسن، سوێندی بۆ خواردن کە من ئامۆژگاری خێری ئێوە دەکەم و دڵسۆزی ئێوەم.

قەرین بە شەوو رۆژ لەگەڵتدایە لە هەرکوێیەک هەبیت، ئیتر لە خێردا بێت یاخود لە شەڕ و خراپەدا، ئەوەش بۆ ئەوەی بەتەواوەتی زاڵ ببێت بەسەر هەموو جێگە و پێگە جیاوازەکانی ژیانی ئادەمیزاددا، ئەمەش بۆ ئەوەی مرۆڤەکە هەوڵی بچووک کردنەوەی ڕۆڵی ئەو نەدات، نابێت بەلامانەوە سەیر بێت کە زۆرێک لە قەرینەکان هەوڵ دەدەن بگەن بە گەورەترین بەشی ژیانی مرۆڤ و داگیری بکەن، ئەوەش لەڕێگەی دەردی وەسوەسەی هەمە چەشنەوە، تەنانەت کار دەگاتە ئەوەی کە قەرین بەزۆر و بە تۆپزی مرۆڤ تووشی نەخۆشی وەسواسی دەکات، ئەوەش ئەوپەڕی هەوڵ و تێکۆشانیەتی بۆ بەلاڕێدا بردنی مرۆڤی ئیماندار، چوونکە سەرکەوتوو بووە لەوەی کە قاچی مرۆڤەکە بخاتە سەر ڕێچکەی کوفرەوە ئەمەش بە کاری خۆکوشتن لەلایەن کەسەکەوە کۆتایی پێ دێت، هەروەک بۆ هەندێک لەو کەسانە ڕوو دەدات کە بەدەست خەمۆکی و وەسوەسەوە دەنااڵێنن.

وەسوەسەش نەوەدونۆ بەشی هەیە، ئەمەش ڕاستیەکە نابێت مرۆڤ لێی بێئاگا بێت، بەڵکو دەبێت بەوپەڕی جیدیەت و خۆپارێزییەوە مامەڵەی

لەگەڵدا بکرێت: چوونکە هەندێکمان دەبینین زۆربەی ژیانی بە وەسوەسە دەگوزەرێنێت، تەنانەت لە ووردترین کاروبارەکانیدا، ئەوەش پلەیەکی زۆر پێشکەوتووە تەنها ئەو کەسانە پێی دەگەن کە ڕێگە بەشەیتان دەدەن کە بەشەووڕۆژ خۆی بخاتە ناو دڵ و دەروونیانەوە و ئەمانیش هیچ بەربەرەکانێیەکی ناکەن و ڕوبەڕووی نابنەوە.

هەندێك لە قەرینەکان هەیە کە ئەگەر مەسەلەکە بەدەستی ئەوان بێت ئەوا هەر لەمندااڵیەوە و لەکاتی لەدایکبونەوە خۆیان لە قەرینە مرۆڤەکانیان ڕزگار دەکەن، بەاڵم تەنها چەکی کوشندە و ترسناکی جەنگی دەروونیان بەدەستەوەیە، ئەوەش لەڕێگەی هەزاران هەوڵ و تێکۆشانی شەیتانیەوە کە لەگەڵ هەندێك کەسدا بەرهەمی هەیە.

نمونەی هاندانی شەیتانی قەرین بۆ هاوەڵە مرۆڤەکەی لەسەر گوناح و تاوان لە هەموو دەرگایەکی خێر و چاکەوە دەچێتە ژوورەوە بۆ ناو دڵ و دەروونی، ئەمەش شتێکە دەکرێت زۆربەی کات ڕووبدات، تاوانەکەی بۆ بچووك دەکاتەوە و بە حەاڵڵ دەیداتە قەڵەم و بەمشێوەیە دەچێتە ناو تاوانی بچووك یاخود گەورەوە، بەشی زۆری کڵپەی ئاگر بەمۆی داروچیلکەی بچووکەوەیە.

بەکورتی ئیبلیس پیلان دادەنێت و قەرینەکەش نەخشە و پیلانەکە جێبەجێ دەکات کە سەرۆکی گەورەیان داناوە،(واتە ئیبلیسی نەفرەت لێکراو)، هەندێکات ئیبلیس خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەحی شەیتانی دەخاتە دڵی مرۆڤەکانەوە، ئەمکارەش بەیارمەتی وەرگرتن لە شەیاتینە جنۆکەکان ئەنجام دەدات، نومنەی ئەمەش بریتیە لە حاڵەتەکانی

بانگەشەکردنی پێغەمبەرایەتی لە سەردەمی کۆن و نوێدا. خودا باشتر دەزانێت.

کاتێك وەسوەسەکانی شەیتان شالاو بەرەو دەروونی مرۆڤ دەهێنن و تووشی خەیاڵەتە خراپەکانی دەکەن، مرۆڤ هیچ دەرچوون و ڕزگاربونێکی نیە بێجگە بەرەولای خودا نەبێت، هەروەك خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت: ﴿وإما ينزغنك من الشيطان نزغق فاستعذ بالله إنه سميعٌ عليم* إن الذين التقوا إذا مسهم طائفٌ من الشيطان تذكروا فأذا هم مُبصرون﴾ س الأعراف آ ٢٠٠ – ٢٠١. واتە: کاتێك لەلایەن شەیتانەوە وەسوەسەت بۆ دروست بوو ویستی لە خشتەت بەرێت و تووشی هەڵەت بکات، تۆش پەنابگرە بە خودا و پشت بەو ببەستە، چوونکە بەڕاستی ئەو زاتە بیسەر و زانایە. بەڕاستی ئەوانەی کە پارێزکار و تەقوادار بوون کاتێك خەیاڵێك لەلایەن شەیتانەوە تووشیان دەبێت، ئەوە خێرا بێدار دەبنەوە و خودای خۆیان بیر دەکەوێتەوە و هۆشیار دەبنەوە و دەستبەجێ بەرچاویان ڕوون دەبێتەوە و ڕێبازی ڕاستی خودای گەورە بەدی دەکەن و سەریان لێ ناشێوێت.

بەڵام هەندێك کەس لە بەرنامەی خودا خۆیان کوێر دەکەن و بێئاگا دەبن لێی، پەنا ناگرن بە خودای گەورە، خۆیان تەسلیمی خراپەکانی شەیتان دەکەن و بیریان دەچێتەوە کە ئەوە دووژمنی سەرسەختیانە، لێرەدایە کە شەیتان زەفەریان پێ دەبات و خودای گەورەش قەرینی خراپەیان لە شەیتانەکان بۆ دادەنێت کە دوو کاری سەرەکی دەکات:

یەکەم: ڕێگری لێ دەکات لە کاری خێر و ناهێڵێت هیچ کارو کردەوەیەکی چاکە ئەنجام بدات و ڕێگەی نادات بچێتە سەر ڕێگە و ڕێبازی ڕاستەقینە، بەمشێوەیە لە هیدایەت و ڕێنمایی ئیلاهی بێبەشی دەکات.

دووەم: کارو کردەوە خراپەکانی بۆ دەڕازێنێتەوە و گوناحی لەلای جوان دەبێت، ئیتر هەرگیز سەرکەوتوو سەرفراز نابێت.

قەرینیش خاوەنەکەی لە ڕێگەی خودا دوور دەخاتەوە و لە تەوبە و پەشیمانی و گەڕانەوە بۆلای خودا بێبەشی دەکات و تووشی تەمبەڵی دەکات، بەتایبەت کاتێك کە ئەیەوێت هەستێت و نوێژ بکات یاخود کارێکی خێر ئەنجام بدات، دڵی مرۆڤەکە پڕ دەکات لە وادە و بەڵێنی درۆ و هیوا و ئاواتی بێماناو وەسوەسەی خراپ.

بەڵکو شەیتان دەرگایەکی لێ دەکاتەوە و هەمیشە دەڵێت لە داهاتوودا خێر و چاکە دەکەم، بەمجۆرە ئێستە واز لە خێر و چاکە دەهێنێت بەهیوای ئەوەی کە لە داهاتوودا بیکات، دواتر و کاتێك مرۆڤەکە لە داهاتوودا ویستی خێر و چاکە بکات لەوێشدا تووشی وەسوەسەی دەکات و ناهێڵێت خێر و چاکە ئەنجام بدات.

بەمشێوەیە شەیتان گومڕایی بۆ قەرینەکەی خۆی دەڕازێنێتەوە بۆ ئەوەی وابزانێت هیدایەتە. مادەم مرۆڤ شك و گومانی هەیە لە تەریقەت و شێوازەکەیدا هیوای ڕزگاری بۆ دەخوازێت، بەڵام کاتێك شەیتان کردەوەکانی بۆ دەڕازێنێتەوە لەدڵی خۆیدا وادەزانێت هیچ پێویست ناکات بیر لە ڕاستیەتی بەرنامەکەی و سەلامەتی پلانەکانی بکاتەوە، بەمجۆرە هەرگیز ڕزگاری نابێت.

خودای گەورە لە سورەتی کهف دا دەفەرمێت ﴿قُل هل أُنبئكم بالأ خسرين أعمالا* الذين ضل سعيهم فى الحياة الدنيا ويحسبون أنهم يُحسنون صُنعا﴾س الكهف آ ١٠٣– ١٠٤.

واتە: پێیان بڵێ ئایا ئاگادارتان بکەمەوە بۆ ئەوەی بزانن کێ خەسارۆمەندترینی مرۆڤەکانە، ئەوانەن کە هەوڵ و کۆششەکانیان لە ژیانی دوونیادا گومڕایانەیە و خۆیان وادەزانن کار و کردەوەیەکی باش و پەسەندیان ئەنجامداوە.

ئەمانە وادەزانن کارەکانیان چاکن، بەڵام لە ڕۆژی قیامەتدا خەسارۆمەندن، چوونکە کاروکردەوەکانیان بە تەرازوی پێغەمبەری خودا کێشانە ناکەن، بەڵکو بە پێی ئەقڵ و سەلیقەی کڵۆڵی خۆیان مەسەلەکان هەڵدەسەنگێنن.

ئایەتەکە ئاماژە دەکات بە دوو مەسەلە:

یەکەم: هەنگاوی یەکەم لە ڕێگەی گومڕاییدا هەروەک چۆن لەڕێگەی هیدایەتیشدا هەروایە مرۆڤ بەوپەڕی ئازادی خۆیەوە هەڵیدەگرێت، کاتێك خۆی کوێرکرد لە بینینی بانگەوازی خودایی، ئەوکات خودای گەورە بە قەرینی خراپ گومڕای دەکات، بەڵام کاتێك بیری بانگەوازی خودای هەبوو خودای گەورە دەیکات بە کەسێکی بینا و لە خراپەی شەیتانی نەفرەت لێکراو دەیپارێزێت.

کەوابوو ئەرك و لێپرسراویەتی گەورەی مرۆڤ بریتیە لە هەڵبژاردنی هیدایەت بە پەناگرتن بەخودای گەورە، ئەوەش بە خۆدارنین لە حاڵەتی خۆبەگەورەزانینی پەست بۆ ئاسمانی بەرین و ڕازاوەی بەندایەتی خودای گەورە.

دووەم: لێپرسراویەتی مرۆڤ بەرامبەر بە عەقیدە و بیروباوەڕ و کردارەکانی هەڵناوەشێتەوە، کە وادەزانێت ڕاست و دروستن، مادەم ئەو باوەڕبون و قەناعەتە لە جوانکردنی شەیتانەوە هاتبێت.

ئەوە وەك ئەو کەسە وایە کە لەبەرزاییەکەوە خۆی فڕێ بداتە خوارەوە، ئەوە لێپرسراوی ئەوکارەی خۆی دەکەوێتە ئەستۆ، تەنانەت ئەگەر لەکاتی خلۆربونەوەی بەناو تاشەبەردەکاندا هیچ دەسەلاتێکی نەبێت، باشە بۆچی؟

لەبەر ئەوەیە ئەو خۆی بووە کە توانای لە خۆی زەوت کردووە کاتێك لەوبەرزاییەوە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە.

بەهەمانشێوە ئەو کەسەش کە پەنا نابات بەرخودای گەورە لەلایەن پەروەردگارەوە شەیتان و ملۆزمێکی بۆ دادەنرێت و گومڕای دەکات.

هەربۆیە تەنها باوەڕبون بەشتێك نابێتە بیانوو بۆ ئەوەی مرۆڤ پێیدا بڕوات و ئەنجامی بدات، ئەگەر پشتی بە بەرنامەیەکی ڕاست و دروست نەبەستبێت، وەگەرنا زۆرێك لە تاوانباران وادەزانن کاروکردەوەکانیان ڕاست و دروستن.

ئەگەر دەتەوێت ڕاستی شتێك بزانیت لە دوونیادا سەیر بکە و بزانە لە قیامەتدا چۆن بەرجەستە دەبێت. چوونکە ئەو دوونیا بریتیە لە پێوەر، لەبەر ئەوەی کە وەرزی گەورەی چنینەوەی بەرهەمەکانی کێڵگەی ژیانی دوونیا لەوێدا دەبینرێتەوە، دەی دیارە کە باشی و خراپی کشتوکاڵیش بە بەرهەمەکەی دەناسرێتەوە.

قورئانی پیرۆز دیمەنەکانی قیامەتمان بۆ ووێنا دەکات و کۆمەڵێك ووێنەی گونجاوی ئەوێ بلاّو دەکاتەوە کە تایبەتن بە ڕاستی بارودۆخی قیامەتەوە، بە ئامانجی ئەوەی بیانکاتە پێوەر، لەوانەیە ئێمەش زیاتر و زیاتر لە

حەقیقەت و ڕاستیەکانی دروستکراوەکان نزیك ببینەوە، سەیری ڕوالەتی ژیانی دوونیا نەکەین.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ومن يعش عن ذكر الرحمن نقيض له شيطانا فهو له قرين* وإنهم ليصدونهم عن السبيل ويحسبون أنهم مهتدون* حتى إذا جاءنا قال ياليت بيني وبينك بُعد المشرقين فبئس القرين﴾ س الزخرف ا ٣٦– ٣٨.

واتە: کەسێك کە خۆی کوێر بکات لە ئاستی قورئان و یادی خودای میهرەبان ئەوە ئێمە شەیتانێك دەکەینە ملۆزمی و هەمیشە دەبێتە یار و یاوەری و لەگەڵیدا دەبێت، بێگومان ئەو شەیتانانە ڕێگەی ڕاستیان لێ دەگرن و وایان لێ دەکەن کە وابزانن بەدڵنیاییەوە لەسەر ڕێبازێکی پاك و چاکن، هەتاوەکو ئەو کاتەی کە خۆی و شەیتانەکەی لە قیامەتدا دێنەوە لامان، بە شەیتانەکەی دەڵێت خۆزگە نێوانی من و تۆ هێندەی دووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوایە، ئای کە هاوڕێیەکی ناڕەبار و خراپ بویت.

لەم ئایەتانەدا میحوەری ڕاست و دروستی ژیانی دوونیا ڕوون کراوەتەوە کە یەکتاپەرستیە، نەوەك پارەو سامانا و هاوڕێیەتیەك کە لەسەر بنەمای ئەو دامەزرابێت. قورئانی پیرۆز یەکێك لە دیمەنەکانی ئەو ململانێیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لەنێوان هاوڕێیان خراپدا هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا و دەفەرمێت: ﴿حتى إذا جاءنا قال ياليت بيني وبينك بُعد المشرقين فبئس القرين﴾ واتە: هەتاوەکو ئەو کاتەی کە خۆی و شەیتانەکەی لە قیامەتدا دێنەوە لامان، بە شەیتانەکەی دەڵێت خۆزگە نێوانی من و تۆ هێندەی دووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوایە. لەو ڕۆژەدا کەسی تاوانبار ناواتە خوازی

ئەوەیە کە نێوانی خۆی و قەرینەکەی هێندەی خۆرهەلآت و خۆرئاوا دوور بوایە، هێندە تووشی تاوان و خراپەی کردووە.

هەربۆیە خۆبێ بەری کردن لەیەکتری و بەڵگە و بیانوهێنانەوە هیچ سودێکی نییە، چوونکە ستەمەکە بەوپەڕی ئازادی و ئیختیاری خۆیانەوە ڕوویداوە و ئاگری دۆزەخیشی جێگەی هەموو خراپەکارانی دوونیای تێدا دەبێتەوە. واتە ئەوەی کە ئاواتەخوازن کە دوور بونایە لەیەکتریەوە هیچ سودێکی نییە چوونکە ئەو ئاوات خواستنە زۆر درەنگە و پاش ئەوە دێت کە خۆتان ستەمتان لەخۆتان کردووە.

هەروەها ئەوەی کە ئێستە دەیڵێن هیچ سودی نییە بۆ ئەوەی سزاکەتان لەنێواندا بەش بکرێت، بەڵکو هەریەکەتان پشکی شێرتان لە ئازار و ئەشکەنجە بەردەکەوێت.

هەروەها دەڵێن: کەس بە سزاو ئەشکەنجەی کەسیتر دڵخۆش نییە و بەڵایەك نییە کە تەنها بەسەر لایەنێکیاندا هاتبێت، بەڵکو گشتگیرە بۆ هەموو بێباوەڕان و سزایش بۆ کەسیان ئاسان نییە چوونکە توند و بەئازار و هەمیشەیی و بەردەوامە. هەروەها قەرینە خراپەکان لە ململانێیەکی هەمیشەیی و بەردەوامدان لەگەڵ یەکتریدا و کەسیان دڵخۆشی کەسیتریان نادەنەوە.

کاتێك قەرینی خراپە هاوەڵەکەی گومڕا دەکات وەك کەسی کەڕ ولاڵ و کوێر وایە. چوونکە دەزگای وەرگرتن لەلای ئەم کار ناکات، ئیتر چۆن ببیستێت، شاعیر دەڵێت:

ئەگەر بانگی کـــەسێکی زیندوو بکەیت دەبیستێت
بەڵآم ئەو کەسەی کە تۆ بانگی دەکەیت زیندوو نییە

هەروەك خودای گەورە ڕوو دەکاتە پێغەمبەر(ص) و دەفەرمێت: ﴿أفأنت تُهدی العُمي ومن کان فی ضلال مُبین﴾ واتە: ئایا تۆ دەتوانیت هیدایەتی کەسێك بدەیت کە خۆی کوێر کردووە و لە گومڕاییەکی ڕوون ئاشکرادایە.

کەسێك کە تۆزێك لە ڕێگە لایداوە هیوایەك هەیە کە بگەڕێتەوە سەر ڕێگە ڕاستەکە، بەڵام کەسێك کە زۆر لەسەر ڕێگەکە دوور کەوتووەتەوە و گومڕایی دەورەی داوە چۆن دەکرێت هیدایەت بدرێت.

بەمشێوەیە پێویستە بێ هیوا بین لە کەسێك کە خۆشەویستی دوونیای خستووەتە دڵیەوە و هەموو شتێك بە پارە و دەسەڵات و هێزی ڕواڵەتی پێوانە دەکات، بەدڵنیاییەوە ئەوە لە گومڕاییەکی ڕوون و ئاشکرادایە، هەربۆیە هەرگیز سەرسام مەبە بەوەی کە هەیەتی، تۆش هەوڵبدەیت بەهەرشێوەیەك بووە ئەوەی ئەو بەدەست بهێنیت و واز لە ئاینەکەت و هەڵوێستە مەردانە و جوامێرانە ئاینیەکانی خۆت بهێنیت. چوونکە ئەوەی لەلای خودای گەورەیە باشترە و هەمیشەییە و هەتا هەتایە و دەمێنێتەوە.

پاشەڕۆژی ئەوانە سزایە لە دوونیادا پێش ئەوەی سزا گەورەکەی قیامەت و خودای گەورە بچێژن. ئیتر لەپاش مردنیان بێت یاخود لە ژیانیاندا، گرنگ ئەوەیە ئەوانە سزا دەدرێن، هەربۆیە مالێ و سامان و دارایی و منداڵ و وەچەیان لەخۆبابیت نەکات و پێیان سەرسام نەبیت و بە فرت و فێڵ و بانگەشەی خراپ و پوچەڵیان خەمبار و دڵتەنگ نەبیت، پەلەیان لەگەڵدا مەکە چوونکە ئەو سزایەی کە چاوەڕوانیان دەکات زۆر لەوە بە ئازارترە کە لە دوونیادا وادەیان پێ دراوە.

هەبوونی پێغەمبەر(ص) و ئیمانداران لەناو کافراندا، لەوانەیە بۆ کاتێکی دیاری کراو خودای گەورە سزادانیان بە شێوەیەکی سنوردار دوا بخات، هەربۆیە خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿وما كان الله ليُعذبهُم وأنت فيهم وما كان الله مُعذبهُم وهُم مُستغفرون﴾ س الأنفال آ ٣٣. واتە: هەتاوەکو تۆ لەناویاندا بیت خودای گەورە لەبەر خاتری تۆ سزایان نادات، خۆ ئەگەر داوای لێخۆش بوون لەخودای بکەن و تەوبە بکەن لە گوناح و تاوان خودایش سزایان نادات.

هەندێکجار خودای گەورە لەسەردەمی پێغەمبەر(ص) دا بەبەرچاوی خۆی یاخود بانگخوازانی شوێنکەوتەی ئاینەکەیەوە سزای داون بۆ ئەوەی هێزی خۆی نیشانیان بدات و چاویان گەش بکاتەوە بە سەرکەوتنەکانی بۆ موسوڵمانان هەروەک دەفەرمێت: ﴿أو نُرينك الذى وعدناهُم فإنا عليهم مُقتدرون﴾ س الزخرف آ ٤٢. واتە: یاخود ئەنجامی ئەو هەڕەشەیەی لێمان کردوون نیشانی تۆی دەدەین چوونکە بێگومان ئێمە توانامان بەسەریاندا هەیە.

ئەوکات سەروەت و سامان و هێزو دەسەلاتیان هیچ سودێکی نابێت بۆیان و لە سزای خودایی ڕزگاریان ناکات.

لەبەر ئەوەی کە پاشەڕۆژی کافران وێرانی و مالْکاولیە، هەربۆیە دەبێت ڕوبەڕووی لەخشتەبردن و تێرۆر و تۆقاندنەکانیان ببینەوە، ئەوەش تەنها بە پابەندبونی توند بە ڕێگەی ڕاستی خوداوە دەبێت کە خۆی هیدایەتی بەندە لەخوداترسەکانی خۆی دەدات بۆ سەر ئەو ڕێگایە.

قـــەرین و وەســـوەســـە

- وەسوەسە لە زمانەوانی و شەرعدا
- جۆرەکانی وەسوەسەی شەیتانی و چارەسەرەکانی.
- نەخۆشـــی وەسوەســـەی قـــەهری (الوســـواس القهـــری) لەڕوانگـــەی پزیشـــکیەوە هۆکـــار و چارەســـەرەکانی بـــە شێوازە نوێکان.
- نـــوێترین ڕێگاکـــانی چارەســـەری وەسواســـی قـــەهری بریتیە لە (چارەسەری هەڵسوکەوتی خودی(الڕاتی).

وەسوەسە لە زمانەوانی و شەرعدا

ئەم حاڵەتەش بریتیە لە قسەی دەروون و ئەوەی کە شەیتان دەیخاتە دڵی مرۆڤەوە، ئیبن مەنزور ڕەحمەتی خودای لێ بێت سەبارەت بە مانای وەسوەسە دەڵێت: دوو مانای هەیە یەکەم: (وسواس) بە فەتحەی واوی یەکەم، بریتیە لە دەنگی نزمی هەوا، دووەمیان: بە کەسرەی واوی یەکەم، بریتیە لە دەنگی خشڵ و زێڕ.

وەسوەسە و وەسواس بریتیە لە قسەکردنی نەفس و دەروون، دەگوترێت نەفسی وەسوەسەی بۆ دروست کرد، بە کەسرەی واوەکە لە چاوگدا، بە فەتحەی واوەکەش لە ناوەکەدا (الاسم). وەسواس بە فەتحەی واوەکە دەبێتە شەیتان، هەموو شتێك کە وەسوەسەت بۆ دروست دەکات و قسەت لەگەڵدا دەکات، دەگوترێت (رجلٌ مُوسوس) واتە پیاوێك کە وەسوەسە زاڵ بووە بەسەریدا.

وەسوەسە لە فێڵ و تەڵەکەکانی قەرینی شەیتانیە، کە دەرئەنجامی زیادەڕەوی و تووندوتیژییە لە کۆمەڵێك مەسەلەدا کە خودای گەورە ڕێگری کردووە لەوەی کە تووندی و زیادەڕەویان تێدا بکرێت، هەربۆیە بەگشتی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گێژییەك لە ئەقڵی مرۆڤ یاخود نەبوونی

شارەزایی لەبارەی شەرعەوە، هەروەك ئیمامی غەزالی ڕەحمەتی خودای لێ بێت باسی کردووە.

یاخود میزکردن لەو شوێنەی کە خەڵکی خۆی تێدا دەشوات ئەگەر بێت و شوێنێك نەبێت کە میزەکەی تێدا بچێتە دەرەوە، بەڵگەی ئەمەش ئەو حەدیسەیە کە دەفەرمێت:{لا یبولن أحکدکم فی مُستحمه ثم یغتسل- قال أحمد ثم یتوضأ- فإن عامة الوسواس منه} واتە: با کەس لە ئێوە میز نەکات لەو شوێنەدا کە خۆی تێدا دەشوات- ئیمامی ئەحمەد دەڵێت لەپاشان دەستنوێژ بگرێت- چوونکە وەسوەسە بەگشتی بەهۆی ئەوەوە دروست دەبێت}.

زیادەڕەوی لە خۆپاککردنەوەدا خراپە. خۆپارێزی زۆر پێویستە بەڵام بەمەرجێك نەگاتە ئاستی وەسواسی، ئەوکات ناپەسەند و خراپ دەبێت، شێخ ئەبو محمدی جوینی لە کتێبی (التبصره فی الوسوسه)دا هەروەك نەوەوی لە المجموعدا لەوەوە گێڕاویەتیەوە سەبارەت بە باسکردنی خراپەی ئەوانەی کە وەسوەسە بۆ خەڵکی دروست دەکەن دەڵێت: "ئەمە شێوازی حەروریەی خەواریجە کە توشی فیتنە بوون و زیاد لە پێویست و بەدەر لە جێگەی خۆیدا زیادەڕەویان کردووە، هەروەها کەمتەرخەمیان کردووە لە شوێنێکدا کە پێویستە خۆپارێزی بکرێت، هەرکەسێك بەوجۆرە بکات وەك ئەوە وایە کە دژی کارو کردارەکانی پێغەمبەر(ص) و هاوەڵان و تابعین و موسوڵمانانیتر وەستابێتەوە.

لە زمانەوانیشدا وەسوەسە و وەسواس بریتیە لەو ختورە خراپەی کە دێت بە دڵ و دەروونی مرۆڤدا و ئەوەی کە شەیتان دەیخاتە دڵی مرۆڤەوە بەمەبەستی گومڕاکردنی و هاندانی لەسەر تاوان.

بەغەوی دەڵێت: وەسوەسە بریتیە لە قسەیەکی نهێنی کە مەبەست لێی گومڕاکردنی مرۆڤە.

وەسواس بریتیە لەوەی کە بەدڵدا دێت و کردەوەی خراپە و ئەوەی کە خێری تێدا نییە، ئەمەش بە پێچەوانەی ئیلهامەوەیە چوونکە لەخێرەوەیە و هیچ خراپەیەکی تێدا نییە لەبەر ئەوەی کە لە خودای گەورەوەیە.

ئیبن قەیمی جەوزی ڕەحمەتی خودای لێ بێت دەڵێت: وەسوەسە بریتیە لە دروستبونی خورپەیەك لەدڵدا یان بەدەنگێکی بەرز کە تەنها ئەو کەسە دەیبیستێت کە پێی دەگوترێت، یان بە بێ دەنگە هەروەك چۆن شەیتان وەسوەسە بۆ عەبد دروست دەکات.

وەسوەسە هەندێکجار لە کرداری شەیتانەوەیە، هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿فوسوس لهما الشيطان ليُبدى لهُما ما وُوري عنهُما من سوءاتهما﴾ س الأعراف آ ٢٠. واتە: شەیتان وەسوەسەی بۆ دروست کردن بۆ ئەوەی شەرمگەیان دەربکەوێت.

هەندێکجار وەسوەسە لە شەیاتینی جنۆکە و مرۆڤەوەیە پێکەوە، هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿من شر الوسواس الخناس* الذى يُوسوس في صدور الناس* من الجنة والناس﴾ س الناس آ ٤– ٦. واتە: پەنا دەگرین لە خراپەی وەسواسی خەناس، ئەوەی کە وەسوەسە لە دڵ و دەروونی مرۆڤەکاندا دروست دەکات، لە جنۆکە و لە ئادەمیزاد.

هەندێکاتیش وەسوەسە لە نەفسی بەشەریەوەیە، خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ولقد خلقنا الٱنسان ونعلم ما تُوسوسُ به نفسه ونحن أقرب إليه من حبل الوريد﴾ س (ق) ئا ١٦. واتە: ئێمە لەشادەماری دڵیان نزیکیترین لەوانەوە.

کەسی وەسوەسەدار بیرو مێشکی زۆر زیاد لە پێویست سەرقاڵ دەکات و کەمتەرخەمە لە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خودا و پێغەمبەر(ص) دا. زیانەکانی وەسوەسە بۆ کەسی وەسوەسەدار زۆر و زەوەندن، بەتایبەت لە هەڵسوکەوت و پەرستشەکانی وەك نوێژ و دەستنوێژ و.....هتد.

ئیبن قەیم دەڵێت: " یەکێك لە بەشەکانی وەسوەسە کە نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە وەك دووبارە کردنەوەی هەندێك ووشە وەك خوێندنی تەحیات و زۆر دووبارەکردنەوەی ووشەگەلێکی وەك التحیات.... التحیات.... التحیات....هتد ئەمەش بەدڵنیاییەوە نوێژەکەی پێ بەتاڵ دەبێتەوە و مرۆڤەکەش لەوانەیە تووشی گوناح ببێت.

هەندێکجاریش ئەم کەسە وەسواسە ئیمامەت دەکات بۆ خەڵکی، بەمکارەی نوێژی موسوڵمانانیش بەتاڵ دەکاتەوە، ئەوکاتە نوێژ کە گەورەترینی پەرستشەکان و گەورەترین هۆکارە بۆ دوورخستنەوەی مرۆڤەکە لە گوناحە گەورەکان کەموکوڕی تێدا دروست دەبێت، هەرکارێکیش لەمجۆرە کارانە ئەگەر نوێژ بەتاڵ نەکەنەوە ئەوا باش نین و کەراهەتیان هەیە و لادانە لە سوننەتی پێغەمبەر(ص) و هاوەڵان و پاشینانی ئەوانیش، لەوانەیە دەنگ بەرزکردنەوە و دووبارە کردنەوەی زۆری ووشەکان ئامادەبوان بێزار بکات و خەڵکی وا لێ بکات کە غەیبەتی بکەن و بەهۆی ئەوەوە تووشی گوناح ببن، بەمجۆرە گوێرایەڵی ئیبلیسی کردووە و دژایەتی سوننەتی پێغەمبەر(ص)ی کردووە. هەروەها تووشی خراپترینی شتەکان بووە کە بیدعەیە، خۆیشی ئازار داوە، کاتی خۆی بەفیڕۆ داوە، سەرقاڵ بووە بە شتێکەوە کە خێری کەم کردووەتەوە، ئەو

شتەی فەوتاندووە کە بەسود بووە بۆی، کەسە نەفامەکانیشی والێکردووە کە هەرگیز چاوی لێ نەکەن و لەدوایەوە نوێژ نەکەن.

هەروەك ئەبو حامیدی غەزالی و زانایانی تریش دەڵێن: وەسوەسە هۆکارەکەی یان ئەوەیە کەسەکان شارزایی شەرعی خودایان نییە، یان ئەوەیە کە لەڕووی ئەقڵییەوە گەمژەن، هەردوو هۆکارەکەش لە گەورەترینی کەموکوڕی و عەیبەکانی مرۆڤن.

***

جۆرەکانی وەسوەسە و شێوازەکانی چارەسەر کردنی

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە دوژمنایەتی نێوان شەیتان و مرۆڤ مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، هەر لەو کاتەوەی کە خودای گەورە فەرمانی بە فریشتەکان کرد کە سوجدەی ڕێز ببەن بۆ ئادەم، ئەوەبوو ئیبلیس لەفەرمانی خودای گەورە دەرچوو خۆی بە گەورەتر زانی و شەڕ و دووژمنایەتی لەگەڵ ئادەم و نەوەکانیدا ڕاگەیاند، هەروەک خودای گەورە لەم کۆمەڵە ئایەتەدا دەفەرمێت: ﴿قال ربی بما أغویتنی لأزینن لهم فی الأرض ولأُغوینهم أجمعین* إلا عبادك منهم المخلصین﴾. س ص ا ٨٢–٨٣.

واتە: پەروەردگارم مادەم بەهۆی ئەم مرۆڤەوە منت سەر لێشێواو کرد، پەیمان بێ لەسەر زەویدا هەموو گوناح و تاوان و لادانێکیان لەلا شیرین بکەم و هەرهەمویان سەرلێشێواوو سەرگەردان بکەم. بێجگە لە بەندە پوختەو دڵسۆزەکانی خۆت نەبێت (چوونکە دڵیان بەباوەڕ بەتۆ و یادی تۆ ئاوەدانە و هەوڵ و کۆششی من بۆ گومڕا کردنیان ناکامە).

هەروەک چۆن لە بۆسەدایە بۆمان بۆ ئەوەی سەرلێشێواومان بکات و گومڕامان بکات و لەخشتەمان بەرێت، شەیتانی نەفرەتی پێداگرە لە ڕشتنی ژەهر و ژارەکانی لەناو دڵی موسوڵمانانداو بۆ ئەوەی ئیمان و باوەڕیان بە

خودای گەورە لەرزۆك بكات، شك و گومان و دوودڵیمان بۆ دروست بكات سەبارەت بەوەی كە خودای گەورە لە قورئانەكەیدا بۆی ناردوین، لە سیبرەی كوڕی ئەبی فاكیهەوە دەگێڕنەوە كە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: {إن الشيطان قعد لأبن آدم بأطرقه فقعد بطريق الأسلام، فقال: تسلم وتذر دينك ودين آبائك وآباء آباءك؟ فعصاه و أسلم. ثم قعد له بطريق الهجرة فقال: تُهاجر وتدع ارضك وسماءك؟ وإنما مثل المُهاجر كمثل الفرس فى الطول، فعصاه فهاجر. ثم قعد له بطريق الجهاد فقال: تُجاهد؟ فهو جهد النفس والمال، فتُقاتلُ فتُقتل، فتُنكح المرأة ويقسم المال؟ فعصاه فجاهد.

قال رسول الله (ص) فمن فعل ذالك كان حقا على الله أن يدخله الجنة، وإن وقصته دابته كان حقا على الله أن يُدله الجنة، ومن قُتل كان حقا على الله أن يُدله الجنه، وإن غرق كان حقا على الله أن يدخله الجنة، وإن وقصته دابته كات حقا على أن يُدخله الجنة.[٥]

واتە: شەیتان لە هەموو ڕێگاكاندا بۆسە بۆ ئادەمیزاد دادەنێت، لە ڕێگەی ئیسلامدا بۆسەی بۆ داناو پێیگوت: موسوڵمان دەبیت و ئاینی كۆنی باوباپیرانی خۆت واز لێ دەهێنیت؟ كەسەكەش بەگوێی ناكات موسوڵمان دەبێت. دواتر لە ڕێگەی كۆچدا بۆسەی بۆ دادەنێت و پێی دەڵێت: كۆچ دەكەیت و ئاسمان و زەوی خۆت بەجێ دەهێڵیت؟ كۆچەری وەك وولاخ وایە هەر دەبێت بار ببات بۆ خاوەنەكەی، مرۆڤەكەش بەگوێی ناكات و موسوڵمان دەبێت. دواتر لە سەر ڕێگەی جیهاد و تێكۆشان لەپێناوی خودا بۆسەی بۆ دادەنێت و پێی دەڵێت: جیهاد دەكەیت؟ ئەوە لەناوبردنی نەفس

---

[٥] (رواه النسائى وإسناده صحيح).

و دارایی مرۆڤە، شەڕدەکەیت و دەکوژرێیت، ژنەکەت مارە دەکرێتەوە و مالّ و سامانەکەت دابەش دەکرێت، مرۆڤەکەش گوێڕایەڵی ناکات و موسوڵمان دەبێت.

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: هەرکەسێك ئەوە بکات ئەوا لەسەر خودای گەورە پێویستە بیخاتە ناو بەهەشتەوە، ئەگەرچی وولاّخەکەشی جووتەی لێ بدات وبمرێت حەقە خودای گەورە بیخاتە بەهەشتەوە، هەرکەسێك بکوژرێت ئەوا لەسەر خودای گەورە پێویستە بیخاتە ناو بەهەشتی بەرینەوە، ئەگەر لەئاودا بخنکێت و بمرێت هەر دەبێت خودای گەورە بیخاتە بەهەشتەوە.

یەکێکیتر لە ڕەحمەتەکانی خودای گەورە بەرامبەر بە بەندەکانی ئەوەیە کە شەیتان هیچ دەسەلاّتێکی نییە بەسەر مرۆڤەکاندا هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت:﴿إن عبادی لیس لك علیهم سلطانٌ إلا من اتبعك من الغاوین﴾ س الحجر آ ٤٢.

واتە: خودای گەورەش بە شەیتانی فەرمووی تۆ هیچ دەسەلاّتێکت بەسەر بەندە موخلیسەکانی مندا نیە، بێجگە لەوانە نەبێت کە ساویلکەن و سەرکەشی دەکەن. ئەمەش ڕاستیەکەیە کە بەڕاستی شەیتان دووژمنی مرۆڤە.

هەروەها خودای گەورە وەسفی فێڵ و تەڵەکەی شەیتان دەکات بەوەی کە زۆر لاوازە و دەفەرمێت: ﴿إن کید الشیطان کان ضعیفا﴾ س النساء آ ٧٦. واتە: فڕوفێڵ و داوو تەڵەکەی شەیتان زۆر لاوازە.

هەربۆیە ئەگەر شەیتان نەیتوانی لە ڕێگەکانی تردەوە کاریگەری بکاتە سەر ئیمانداران، ئەوکات پەنا دەباتە بەر وەسوەسە دروستکردن بۆ موسوڵمانان.

شەیتان لە هەموو کاروبارەکاندا لەلای ئادەمیزاد ئامادەیە، تەنانەت لەکاتی نانخواردن و ئاوخواردنەوەشدا، ئەمەش وەک تاقیکردەوەی مرۆڤ وایە، بەڵام مەبەستی گەورە و سەرەکی ئەو بریتیە لە تێکدانی ئیمان و باوەڕی ئیمانداران، ئەو بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدات بۆ ئەوەی ڕووناکی زانست و هیدایەت لەدڵی موسوڵماندا بکوژێنێتەوە و بیانخاتە ناو تاریکایی شک و گومان و دوودڵیەوە، هەربۆیە هەرچی وەسوەسەی شەیتانی هەیە ڕوو دەکەنە دوو مەسەلەی ئاینی گرنگ:

جۆری یەکەمیان: بریتیە لە وەسوەسەی شەیتان لە مەسەلە عەقیدەیی و ئیمانیەکاندا، ئەمەش تووندترینی جۆرەکانی وەسوەسەی شەیتانیە، لەبەر ئەوەی کە تەوحید و یەکتاپەرستی بریتیە لە بناغە و بنەڕەتی ئیسلام و قەڵای بەهێز و سەرمایەی ئیمانداران، هەربۆیە لەم ڕێگەیەوە دەکرێت شەیتان ژەهرەکانی خۆی بوەشێنێت و کەموکورتی لە ئاینی مرۆڤدا دروست بکات، هەربۆیە ئیبلیس هەموو تیرە ژەهراویەکانی و هەموو سەربازەکانی خۆی ئاراستەی ئەم عەقیدەیە دەکات، دروستکردنی گومان و دوودڵی لە یەکتاپەرستی ڕاستەقینەدا بریتیە لە فیتنە و لادانی خەڵکی لە ئاینی حەق و ڕاستی.

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {إن عرش إبليس على البحر فيبعثُ سراياهُ فيفتنون الناس، فأعظمهم عنده أعظمهم فتنةً}[٦] واتە: عەرش و کورسی شەیتان لەسەر دەریایە، هەربۆیە سریەکانی خۆی دەنێرێت و خەڵکی تووشی فیتنە و لادان دەکەن، بەڕێزترینی خەڵکی لەلای ئەو نەفرەتیە ئەوکەسانەن کە فیتنە و لادانیان لە هەموو کەسێك زیاترە.

جۆری دووەمیان: بریتیە لە وەسوەسە لە عیبادەت و مامەڵەکاندا، لەکاتی پاکی و نوێژ و زیکر و دوعاو حەج و تەوافی کەعبە و ڕۆژووەکاندا شەیتان دێتە لای مرۆڤ، بۆ ئەوەی پەرستشەکان لەلای خەڵکی ئالۆز بکات و عیبادەتەکانیان لێ تێکبدات.

ئەبوهورەیرە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: پێغەمبەر(ص) فەرمووی: {إن الشيطان إذا سمع النداء أحال(ذهب هاربا) له ضراط، حتى لايُسمع صوته، فإذا سكت رجع فوسوس، فإذا سمع الإقامة ذهب حتى لا يُسمع صوته، فإذا سكت رجع فوسوس}[٧] واتە: شەیتان کاتێك گوێی لە بانگ دەبێت و بایەکی لێ بەردەبێتەوە، ڕادەکات و دوور دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی کەس گوێی لەدەنگی بایەکەی نەبێت، کاتێك دەنگی نەما دەگەڕێتەوە و وەسوەسە بۆ مرۆڤەکان و نوێژخوێنان دروست دەکات، کاتێك گوێی لە قامەتی نوێژ دەبێت، بایەکی لێ بەردەبێتەوە و دوور دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی کەس دەنگی نەبیستێت، کاتێك دەنگەکەی نەما دەگەڕێتەوە و دەست دەکات بە دروستکردنی وەسوەسە بۆ نوێژخوێنان.

---

[٦] (رواه مسلم فى صحيحه)

[٧] (متفق عليه).

وەسوەسە لە کاروبارەکانی عەقیدە و بیروباوەڕدا کۆمەڵێك شێواز و فرت و فێڵی هەیە.

شەیتان و گەمە ناڵەبارەکانی کە بەرامبەر بە هەندێك لە خەڵکی دەیکات ئەوەیە کە فزولی و پرسیارکردنی زیادەیان لەلا خۆشەویست دەکات سەبارەت بە خودای گەورە کە مرۆڤ توانای دەرک کردنی ئەو پرسیارانە نییە سەبارەت بەو زاتە گەورەیە. بەمشێوەیە مرۆڤەکە دەکەوێت ناو گۆماوی وەسوەسەوە سەبارەت بە پرسیار کردن لە چیەتی(ماهیە)ی بوون و ووجودی خودای گەورە.

هەندێکجار ئەم حاڵەتە بۆ زۆرێك لە ئیماندارانی ڕاسەقینە ڕوو دەدات، بەڵام بە پێچەوانەی حاڵەتی یەکەمەوە ئەو وەسوەسانە پاڵی پێوە دەنێن بۆ بەگەورەزانین و ڕێزگرتنی زۆری خودای گەورە، هەروەك لە حەدیسەکەی ئەبو هورەیرەدا هاتووە کە: {جاء ناس من أصحاب النبي(ص) فسالوه: " إنا نجد فی أنفُسنا ما یتعاظم أحدنا أن یتکلم به، قال: وقد وجدتموه؟

قالوا: نعم.

قال: ذالك صریح الأیمان.}[٨]

واتە: هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ص) هاتن و پرسیاریان لێ کرد و گوتیان: ئێمە لە دڵی خۆماندا شتێك هەیە کە گەورەیە بەلامانەوە و قورسە و ناتوانین باسی بکەین، پێغەمبەریش فەرمووی ئەو شتەتان دۆزیوەتەوە؟

ئەوانیش گوتیان: بەڵێ.

پێغەمبەریش (ص) فەرمووی: ئەوە ئیمانی ڕاست و دروست و ڕاشکاوە.

---

[٨] (رواه مسلم فی صحیحه).

عبدالله ی کوڕی مەسعود دەڵێت: پرسیار لە پێغەمبەر(ص) کرا سەبارەت بە وەسوەسە، ئەویش فەرمووی: {تلك محض الأیمان} (رواه مسلم فی صحیحه). واتە: ئەوە ئیمانێکی ڕاستەقینە و تەواوە.

خەتابی دەڵێت مانای ئەو فەرموودەیە ئەوەیە کە: "ئیمانی ڕاشکاو بریتیە لەوەی کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی کە شەیتان دەیخاتە دڵ و دەروونتانەوە و بەڕاستی بزانن، مانای ئەوە نییە کە خودی وەسوەسە ئیمانی ڕاشکاوە، چوونکە وەسوەسە لە کاروکردار و ئاسانکاریەکانی شەیتانەوەیە، ئیتر چۆن دەبێتە ئیمان و باوەڕی ڕاشکاو! سەرەڕای ئەمەش ئیمان بریتیە لە یەقین و دڵنیایی، حەدیسەکە ڕوونکەرەوەی ئەوەیە کە ئەو ئیماندارانە لەترسی خودا ناوێرن پرسیارەکانی ناو دڵیان سەبارەت بە خودای گەورە بکەن نەوەك تووشی سزای خودایی ببن، ئەوە ئیمانی ڕاشکاوە کە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی، نەوەك خودی وەسوەسەکە.

شك و گومانی مرۆڤی موسوڵمان لە عەقیدە و بیروباوەڕەکەیدا بەبێ هیچ بەڵگە و بیانویەك، لە گرنگترین کارەکانی شەیتانی قەرینە، ئەمەش بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر(ص) ڕوویداوە، کە سەردەمی ئەوان باشترین سەردەم و خۆشیان باشترین ئوممەتن، واتە پرسیارگەلێکی لەوجۆرە بە بیرو زەینیاندا هاتووە و پێغەمبەریش(ص) لەناویاندا بووە.

ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە دەڵێت: کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ص) هاتن و پرسیاریان لێکرد و گوتیان: " إنا نجد فی أنفُسنا ما یتعاظم أحدنا أن یتکلم به، قال: وقد وجدتموه؟ قالوا: نعم.قال: ذالك صریح الأیمان. (رواه مسلم فی صحیحه).

واته: هەندێك له هاوەڵانی پێغەمبەر(ص) هاتن و پرسیاریان لێ کرد و گوتیان: ئێمە له دڵی خۆماندا شتێك هەیە كە گەورەیە بەلامانەوە و قورسە و ناتوانین باسی بكەین، پێغەمبەریش فەرمووی ئەو شتەتان دۆزیوەتەوە؟ئەوانیش گوتیان: بەڵێ. پێغەمبەریش (ص) فەرمووی: ئەوە ئیمانی ڕاست و دروست و ڕاشكاوە.

ترسی هاوەڵانی پێغەمبەر(ص) لەوەی كە شەیتان گومان و دوودڵیان بۆ دروست بكات بەڵگەیە لەسەر ئیمان و باوەڕی بەهێز و تەواویان بە خودا و بەئایەتەكەیان، ئامانجی ڕاستەقینەی شەیتان له دروستكردنی وەسوەسە و شك بۆ مرۆڤی ئیماندار بریتیە له پەلكێشكردنی ئەو مرۆڤ بۆ ناو بازنەی كوفر و بێباوەڕی.

هەندێك له خەڵكی هەن كە شك و گومان له عەقیدە و بیروباوەڕیاندا بووەتە بەشێكی دانەبڕاو له ژیانی ڕۆژانەیان، ئەوەش لەژێر سێبەری خۆڕاگری و سەبركردنیان و بێدەنگیان بەوهیوایەی هەوری ڕەشی ئەم كێشە تاقەت ڕووكێنە لابچێت كە بە نهێنی بە عەیبەیەكی گەورەی دەزانن كە ئاشكرا ببێت، بەڵام بەبێ هەبوونی هۆشیاریان سەبارەت بە ڕێگاكانی ڕزگاری لەم داوو تەڵەكەیە، هەربۆیە سەختی و ناڕەحەتیەكانیان زۆر درێژە دەكێشێت.

شتێكی نامۆ نییە كە ئەم ئوممەت لەم دوونیایەدا بە سەختی و ناڕەحەتیەوە بژی، چوونكە پیاوچاكانی پێش ئێمە چەندین شێوازی ئەزیەت و ئازاریان لەسەر ئاینەكەیان چەشتووە كە هەر خودای گەورە خۆی دەزانێت و ئاگاداڕە له بارودۆخیان.

خەباب ڕەزای خودای لێبێت دەیگێڕتەوە و دەڵێت: پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: {كان الرجل قبلكم يُؤخذ فيُحفرُ لهُ فى الأرض فيُجعل فيه، فيُجاءُ بالمنشار فيُضع على رأسه فيشق بأثنتين ما يصده ذالك عن دينه}[٩] واتە: پیاوی ئیمانداری پێش ئێوە دەستگیر دەکرا و دەخرایە ناو چاڵێکەوە و مشارێکیان دەهێنا و دەیانخستە سەرسەریەوە و لەسەرەوە دەیانکرد بە دوو کەرتەوە، بەڵام لە ئاینەکەی پەشیمان نەدەبوویەوە.

هەروەها سەروەرمان دەفەرمێت: {كما يُضاعفُ لنا الأجر كذالك يُضاعف علينا البلاء}[١٠] واتە: هەروەک چۆن ئەجر و پاداشتمان زیاد دەکات، بەهەمان شێوەش بەڵاو تاقیکردنەوەی زۆرمان بۆ دێتە پێشەوە.

ئەوەی ئەرک و واجیبە لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە تووشی تاقیکردنەوە و بەڵای خودایی دەبنەوە لە گومان کردن لە ئایندا هەرچەندە کەمێکیش بێت، نازانێت چۆن لەخۆی دووری بخاتەوە، دەبێت یەکسەر بچێت بۆلای کەسی شارەزاو لەبارەی ئەو حاڵەتەی خۆیەوە پرسیار بکات، چوونکە شاردنەوەی ئەو حاڵەتە و ئەو شک و گومانە کاریگەری زۆر گەورەی لەسەر دڵ و دەروونی موسوڵمانان دەبێت بە ژن و پیاوەوە، وەک:

پاشەکشەی سەیر و نامۆ لە ئیمان و باوەڕی کەسی تووش بوودا، لەگەڵ نەبوونی ئیسراحەتی دەروونی، کە هەمیشە دڵەڕاوکێیەکی زۆری هەیە، کە کاریگەری زۆر خراپ دەکاتە سەر بوارەکانیتری ژیانی کەسی تووش بوو.

---

[٩] رواه البخارى وأحمد والنسائى وأبو داود.

[١٠] أخرجه إبن سعد وحسنه الألبانى.

گریمانێکی زۆر هەیە کە کەسی تووش بوو بە گومان و دوودڵی –ئەگەر تازە تەوبەی کردبێت و گەڕابێتەوە– واز لە پەرستش بهێنێت و بەوپەڕی بەهێزیەوە بگەڕێتەوە بۆناو بازنەی گوناح و تاوان، چوونکە زۆربەی شەیتانەکان بەوپەڕی هێزیانەوە هێرش دەکەنە سەر ئەوانەی تازە تەوبەیان کردووەو گەڕانەتەوە بۆ ناو ئاینەکەیان، چوونکە بەلای شەیتانەکانەوە ئەوانە مەترسیان بۆ سەر کۆمەڵگەی ئیسلامی هەیە و پابەندی شوێنکەوتوانی ئاین بەهێز تر دەکەن و بازاڕی شەیتانەکان لاواز دەکەن.

ئیبن تەیمیە ڕەحمەتی خودای لێ بێت دەڵێت: "واتە ڕووداتی ئەم وەسواسە لەگەڵ ئەو نەفرەت و بێزارانە زۆر گەورەیە سەبارەت بەو، لەگەڵ دەرکردنی ئەو نەفرەتیە لە دڵ و دەروونیدا بریتیە لە ئیمان و باوەڕێکی ڕاستەقینە و ڕاشکاو، وەک ئەو موجاهیدەی کە دووژمن هێرشی بۆ هێناوە، بەڵام ئەم بەرگری کردووە هەتاوەکو تێکی شکاندووە، ئەوە گەورەترینی جیهادە، ڕاشکاوی پاکوبێگەرد وەک شیری پاکی پاڵفتە وایە، لەبەر ئەوەیە کە پێی دەڵێن ڕاشکاو، چوونکە هەرکاتێك وەسوەسەیەك چوبێتە ناو دڵیانەوە یەکسەر فڕێیانداوەتە دەرەوە، ئەو ئیمانەکەی لەدڵ و دەروونیاندا هەیە دەستبەجێ دەستبەکاربووە و ڕقی لەو وەسوەسەیە بووەتەوە، و لەدژی وەستاوەتەوە: ئەوەش ئیمان و باوەڕی ڕاشکاوە، ئەمەش پێویست بەوە ناکات هۆکارەکەی کە بریتیە لە وەسوەسە فەرمانی پێکرابێت، چوونکە هەندێکجاریش هەیە کە بەندە شتێك بانگی دەکات بۆ کوفر یان گوناح و تاوان بەڵام نایکات و بگرە ڕێگریشی لێ دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی ئیمان و باوەڕ و لەخوداترسانێکی بێوێنە، خۆ

هۆکارەکەش فەرمانی پێ نەکراوە کە هەر دەبێت ببێت. خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿الذين قال لهم الناس إن الناس قد جمعوا لكم فاخشوهم فزادهم إيمانا وقالوا حسبنا الله ونعم الوكيل* فانقلبوا بنعمة من الله وفضل لم يمسسهم سوءٌ واتبعوا رضوان الله والله ذو فضل عظيم﴾ س آل عمران آ ١٧٣ – ١٧٤. واتە: ئەوانەی کە خەڵکی پێیان دەگوتن گەلەکۆمەتان لێکراوە، دەیانترساندن، بەڵام ئەمان لەبەرامبەردا هێندەیتر ئیمان و باوەڕیان زیاتر دەبوو دەیانگوت: تەنها خودامان بەسە کە پشتیوان و پشت و پەنامان بێت، بەمشێوەیە نیعمەتی خودا ڕژا بەسەریاندا و تووشی هیچ زیانێك نەبوون و شوێن ڕەزامەندی خودا کەوتن و خودای گەورەش خاوەنی فەزڵێکی زۆر گەورەیە.

ئەم ئیمان و باوەڕە زۆرە و ئەو پشتبەستنە بەخودای گەورە، هۆکاری ئەوە بوو کە دووژمنەکەیان لێیان بترسێت، ئەمەش پڕۆسە یاخود پڕۆژەیەك نییە، چوونکە هەندێکجار مرۆڤ تاوان و گوناح ئەنجام دەدات و دواتر تەوبەیەکی پاك و بێگەردی بەدوادا دێت، کە خودای گەورە زۆری پێ خۆشە، خۆ خودای گەورە فەرمانی بە ئەنجامدانی ئەو گوناحە نەکردووە، ئەمەش بوارێکی زۆر فراوانە.

پێغەمبەر(ص) هاوەڵانی خۆی ئاگادار کردووەتەوە کە خەڵکی لە داهاتوودا باسی ئەم وەسوەسانە دەکەن. ئەبو هورەیرە ڕەزای خودای لێ بێت لە پێغەمبەرەوە(ص) دەیگێڕێتەوە کە حەزرەت فەرموویەتی: {لايزال الناس يسألون يا أبا هريرة فيقولوا: هذا الله فمن خلق الله؟ قال فبينما أنا فى المسجد إذ جائنى ناسٌ من الأعراب فقالوا ياأبا هريرة هذا الله فمن خلق الله؟ قال فأخذ حصى بكفه فرماهم} واتە: ئەی ئەبوهورەیرە بەردەوام

خەڵکی پرسیار دەکەن، هەتاوەکو دەگەنە ئەو پرسیارە و دەڵێن: باشە ئەوە خودایە ئەی خودا کێ دروستی کردووە؟ ئەبوهورەیرە گوتی: لە مزگەوتدا بووم کۆمەڵێك لە عەرەبە دەشتەکیەکان هاتن و گوتیان: ئەی ئەبو هورەیرە: باشە ئەوە خودایە، ئەی کێ خودای دروست کردووە؟

ئەبوهورەیرەش دەڵێت: منیش مشتێك وورده بەردم هەڵگرت و بۆم وەشاندن.

دواتر ئەبوهورەیرە دەڵێت: هەستنەوە هەستنەوە، بەڕاستی هاوڕێکەم(پێغەمبەر"ص") ڕاستی فەرموو.

سەلامەتی و پارێزراوی لە فیتنەی شەیتان بەتایبەت لە وەسوەسە دروستکردن لە ئیمان و بیرو باوەڕ و پەرستشەکان و مامەڵەکاندا لەم چەند ڕێگایەی خوارەوەدا کورت دەکرێتەوە:

یەکەمیان خۆپارێزیە و دووەمیان چارەسەرییە.

١- (خۆپارێزییە) هەروەك دەگوترێت: خۆپاراستن باشترە لە چارەسەر، کە بریتیە لە خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە وەسوەسە پێش ئەوەی کە ڕوو بدات، ئەوەش بە خۆتەیار کردن بە زانست و تێگەیشتنی باش و پێویست لە چەمکەکانی یەکتاپەرستی و ئیمان و باوەڕ، توێژینەوە و گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی شارەزای لەوبارەیەوە، چوونکە شەیتان هیچ ڕێگەیەکی نییە بۆ ئەوەی بتوانێت شك و گومان و دوودڵی بۆ ئەهلی زانستی ئیمان و باوەڕ دروست بکات، هەرکاتێك ئەو دووژمنە نەفرەتیەی خودای گەورە ویستبێتی زۆرانبازیان لەگەڵدا بکات و بیاندات بەزەویدا، لەئەنجامدا ئەمان ئەویان بەزاندووە، ئەگەر بە وەسوەسەکانی گێرەشێوێنی بۆ ئیمان و باوەڕیان دروست کردبێت، یەکسەر بەو زانست و زانیاری و هیدایەتەی کە

هەیانە داویانەتەوە بەنێوچاوانی خۆیدا، چوونکە یەک زانای شارەزا لە ئایندا زۆر بەهێزترە لە هەزار خوداپەرستی نەخوێندەوار.

هەرکەسێک لەڕێگەی سیفەتەکانی و دروستکراوەکانیەوە خودای ناسی ئەوا بەڕاستی خودای خۆی بەگەورە دەزانێت، زۆر تەقدیری هەیە بۆ ئە زاتە مەزنە، بەردەوام گومانی باشی بە خودای خۆی هەیە هەتاوەکو دەمرێت و دەچێتەوە بەر بارەگای ئەو زاتە.

٢- "چارەسەرییە" پاش ڕووداتی وەسوەسەکە: ئەوەش بە دوورخستنەوەی و چارەسەرکردن و بەتاڵ کردنەوەی بەم شتانەی لای خوارەوە:

یەکەم: وازهێنان لە ڕۆچوون بەناو وەسوەسەدا و کۆتایی پێ هێنانی، ئەوەش بە قرتاندنی هەروەک دەڵێن سەرەداوەکانی ئەو بەڵایە بە پەناگرتن بە خودای گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراوی نالەبار و ڕەجم کراو.

ئەبوهورەیرە دەڵێت: پێغەمبەر(ص) فەرمووی: {يأتي الشيطان أحدم فيقول: من خلق كذا وكذا حتى يقول له: من خلق ربك؟ فأذا بلغ ذالك فليستعذ بالله ولنيه}[١١]. واتە: شەیتان دێت بۆلای یەکێک لە ئێوە و دەڵێت: کێ ئەوە و ئەوەی دروستکردووە؟ هەتاوەکو پێیان دەڵێت: کێ خودای تۆی دروست کردووە؟ ئەگەر کار گەیشتە ئەوە دەبێت پەنا بگرێت بە خودا لە شەیتان و نیەت و خەیاڵاتی خراپ.

ئەگەر کەسێک ئەم پرسیارەی بۆ دروست بوو با پەنا بگرێت بەخودا لە دوورخستنەوەی خراپەکەیدا، دەبێت لەمەدا نەچێت بەناو بیرو خەیاڵی

---

[١١] رواه مسلم فى صحيحه.

قولّدا، دەبێت ئەوەش بزانێت کە ئەم بیرکردنەوەیە لە وەسوەسەی شەیتانەوەیە، کە هەوڵی تێکدان و لەخشتەبردنی خەڵکی دەدات، دەبێت خۆی بەدووربگرێت لە گوێگرتن و بەگوێ کردنی وەسوەسەکەی و هەرچی زووە خۆی سەرقاڵ بکات و لە بیرو مێشکی خۆی بیکاتە دەرەوە.

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت: ﴿وإما ينزغنك من الشيطان نزغٌ فاستعذ بالله إنه سميعٌ عليم* إن الذين اتقوا إذا مسهم طائف من الشيطان تذكروا فأذا هُم مُبصرون﴾ س الأعراف آ ٢٠٠– ٢٠١. واتە: کاتێك خەیاڵێکی خراپ لەلایەن شەیتانەوە دێت بەبیرو زەینتدا پەنا بگرە بەخودا لە شەیتانی نەفرەت لێکراو، ئەوانەی کە لەخودا دەترسن ئەگەر وەسوەسە و خەیاڵێکی شەیتانی بێت بە بیرو مێشکیاندا یەکسەر دەزانن لە شەیتانەوەیە و بەرچاویان ڕوونە و پەنا دەگرن بەخودا لەو نەفرەت لێکراوە.

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {قال رسول الله إن للشيطان لمةً بأبن آدم وللملك لمةً فأما لمة الشيطان فأيعاذ بالشر وتكذيب بالحق، وأما لمة الملك فأيعاذ بالخير وتصديقٌ بالحق، فمن وجد ذالك فليعلم أنه من الله فليحمد الله، ومن وجد الأُخرى فليتعوذ بالله من الشيطان الرجيم}[١٢] ثم قرأ قوله تعالى ﴿الشيطان يعدكم الفقر ويأمرُكم بالفحشاء والله يعدم مغفرة منه وفضلا والله واسعٌ عليم﴾ س البقرة آ ٢٦٨.

مانای حەدیسەکە: واتە شەیتان دڵەڕاوکێیەك بۆ مرۆڤ دروست دەکات و فریشتەش دڵەڕاوکێی بۆ دروست دەکات، ئەوە بزانن کە دڵەڕاوکێی شەیتان

---

[١٢] رواه الترمذى وقال حديث حسن.

ئاماژەیە بە خراپە و خراپەکاری و بەدرێخستنەوەی حەق و ڕاستی، بەڵام دڵەڕاوکێی فریشتە ئاماژەی خێر و چاکە و پشتیوانی کردنی حەق و ڕاستیە، هەرکەسێك ئاماژەی خێری بۆ کرا با سوپاسی خودای گەورە بکات لەسەری، هەرکەسێکی تریش خورپە و خەیاڵاتی شەیتانی هات بە دڵیدا با پەنا بگرێت بەخودای گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراو.

مانای ئایەتەکە: شەیتان هەمیشە وادەی هەژاری و نەداریتان پێ دەدات و فەرمانتان پێ دەکات بە خراپە و خراپەکاری، بەڵام خودای گەورە وادە و بەڵێنی لێخۆش بوون و فەزڵ و گەورەییتان پێ دەدات و خودای گەورە فراوانکار و زانایە.

دووەم: نابێت پرسیاری ڕاشکاو بکات سەبارەت بەو وەسوەسەیەی کە هاتووە بە بیرو میشکیدا، واتە هیچ شتێکی باس نەکات، چوونکە هەتاوەکو وەسوەسەکان لە دڵ و دروونیدا گەمارۆ درابن و بەسەرزاریدا نەیەن باشترە، ئەبو هورەیرە دەڵێت: پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: {إن الله تجاوز لأمتی عما وسوست – او حدثت– به أنفُسُها ما لم تعمل أو تتكلم}[١٣] واتە: خودای گەورە خۆش بووە لەوەی کە ئوممەتەکەی من وەسوەسە دێت بە دڵیاندا، هەتاوەکو ئەو کاتەی کە بەسەرزاریاندا نەیەت و باسی نەکەن.

لە گێڕانەوەی بوخاریدا هاتووە: کە دەفەرمێت: {الحمد لله الذی رد کیده إلی الوسوسة}[١٤] واتە: سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە فڕو فێڵ و تەڵەکەی شەیتانی گێڕایەوە بۆ وەسوەسە.

---

[١٣] رواه البخاری فی صحیحه.

[١٤] رواه أبو داود.

سێیەم: کاتێك وەسوەسەکەی بۆ دروست دەبێت پێویستە پڕ بەدڵ و بە قەناعەتەوە بڵێت (ئیمان و باوەڕم هێنا بەخودای گەورە) ئەمەش لەبەر ئەم فەرموودەی پێغەمبەر(ص) کە دەفەرمێت: {لایزال الناس یتساءلون حتی یُقال هذا خلق الله الخلق، فمن خلق الله؟ فمن وجد من ذالك شیئا فلیقل: آمنت بالله}[١٠] واتە: خەڵکی بەردەوام پرسیار دەکەن و کار دەگاتە ئەوەی کە بڵێن باشە ئەوە خودا دروستی کردووە، ئەی باشە خودا کێ دروستی کردووە؟ هەرکەسێك خەیاڵێکی لەو شێوەیە هات بە بیرو زەینیدا با بڵێت: ئیمانم هێنا بەخودای گەورە.

ڕوون و ئاشکرایە کە ئیمان و باوەڕ بەخودای گەورە پایە و کۆڵەکەی یەکەمی ئیمان و باوەڕە بە غەیب، هەر لەوەوە ئیمان و باوەڕ بە پایەکانیتر دەست پێدەکات، هەربۆیە جەختکردنەوە و دووبارە کردنەوەی بە زمان زیکر و یادی خودایە و دوورخستنەوەی شەیتانی نەفرەتیە.

چوارەم: ئیبن قەیم ڕەحمەتی خودای لێ بێت دەڵێت: پێغەمبەر(ص) ڕێنمایی کردوین سەبارەت بەوەی کە هەرکەسێك وەسوەسەیەکی بۆ دروست بوو ئەوە هات بە دڵ و دروونیدا کە باشە ئەمە خودایە و بوونەوەری دروست کردووە، ئەی باشە کێ خودای دروست کردووە؟ دەبێت یەکسەر ئەم ئایەتە بخوێنێت کە دەفەرمێت: ﴿هو الأول والآخر والظاهر والباطن وهو بکل شیئ علیم﴾ س الحدید آ ٣. واتە: هەر خودای گەورە سەرەتاو کۆتایی و دیار و پەنهانە و زانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

---

[١٠] رواه مسلم.

هەروەها ئیبن عەباس بە ئەبی زەمیل سەماکی کوڕی وەلیدی حەنەفی کاتێك پرسیاری لێ دەکات و دەڵێت: (باشە ئەو خەیاڵە چیە دێت بە بیرو مێشکمدا؟).

ئەویش گوتی: ئەوە چیە؟

دەڵێت: منیش گوتم نەخێر ناوێرم بیڵێم.

پێی گوتم: ئایا شك و گومان و دوودڵییە؟

گوتم: بەڵێ.

گوتی: دڵنیابە کەس لەو خەیاڵات و وەسوەسانە پزگاری نەبووە و نابێت هەتاوەکو ئەوکاتەی کە خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە کە دەفەرمێت: ﴿فأن كُنت فى شك مما أنزلنا إليك فاسئل الذين يقرؤن الكتاب من قبلك﴾ س یونس آ ٩٤. واتە: ئەگەر گومانت هەیە لەوەی کە ناردوومانە بۆت ئەوا پرسیار لەوانە بکە کە پێش تۆ کتێبی خوداییان خوێندووەتەوە. دەڵێت: ئیبن عەباس پێیگوتم: ئەگەر شتێك لەدڵتدا وەسوەسەی بۆ دروست کردیت ئەم ئایەتە بخوێنە کە دەفەرمێت: ﴿هو الأول والآخر والظاهر والباطن وهو بكل شيئ عليم﴾ س الحديد آ ٣. واتە: هەر خودای گەورە سەرەتاو کۆتایی و دیار و پەنهانە و زانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

بەم ئایەتە ڕێنمایی کردن بۆ بەتاڵ کردنەوەی وەسوەسە بۆ ئەوەی بە ژیرییەوە بیر بکەنەوە، کە زنجیرەی بوونەوەران لەسەرەتاوە بە یەکەمینێك کۆتای دێت کە پێش ئەو کەس نەبووە، هەروەك چۆن کۆتاییەکەشی بە کەسێکە لەپاش ئەو کەسیتر بوونی نییە، خودا ئەو کەسەیە کە پێش ئەو کەس نییە و ئەو ئاخیر کەسەیە کە پاش ئەو کەسیتر بوونی نییە، هەروەها

ئەو دیارو ئاشکرایە کە لەسەرو ئەوەوە هیچ شتێك نییە، ئەو شاراوە و پەنهانەیە کە لەخوار ئەوەوە شتێکیتر بوونی نییە.

پێنجەم: پەناگرتن بەخودای گەورە بە دووعاو پاڕانەوە و داواکردنی نەلەخشانی دڵ و

دەروون لەسەر ئیمان وباوەڕ. هەربۆیە پێغەمبەر (ص) ئەم دووعایەی زۆر دەکرد و دەیفەرموو: {یا مقلب القلوب ثبت قلوبنا علی دینك} واتە: ئەی کەسێك کە دڵەکان دەگۆڕیت دڵەکانی ئێمە لەسەر ئایینەکەت جێگیر بکە. یاخود دەیفەرموو: {إن الإیمان یبلی فی جوف أحدکم کما یبلی الثوب، فاسئلوا الله أن یُجد إیمانکم} واتە: ئیمان و باوەڕی ناو دڵی هەریەکە لەئێوە کۆن دەبێت هەروەك چۆن کراسێك لەبەرتاندایە و کۆن دەبێت، هەربۆیە لەخودا بپارێنەوە کە ئیمانەکەتان نوێ بکاتەوە.

شەشەم: ئەگەر وەسوەسەکان بەردەوامیان هەبوو، مرۆڤ هەر ئەوەی لەسەرە کە هەرچیەك دێت بەدڵ و دروونیدا پەتی بکاتەوە و باوەڕی بە خودای گەورە پاك و بێگەرد بکات و بگەڕێتەوە بۆلای ئەهلی زانست، لەبەر ئەم ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرمێت: ﴿فاسئلوا أهل الذکر إن کُنتم لا تعلمون﴾ س النحل آ ٤٣. واتە: ئەگەر شتێکتان نەزانی ئەوا بگەڕێنەوە بۆلای ئەهلی زانست و شارەزایان لەوبارەیەوە.

جۆری دووەم کە وەسوەسەی شەیتان بوو لە عیبادەت و پەرستشەکاندا، مەسەلەیەکە کە شەیتان هەندێك لە خەڵکی تووش دەکات و لە نوێژدا دێت بۆلایان، بۆ نمونە خەیاڵاتیان بۆ دروست دەکات کە لەوانەیە دەستنوێژیان شکا بێت، یاخود کەسێکیان سێ ڕکاتی لەبری چوار ڕکات کردووە، یاخود مرۆڤ کاتێك دەستنوێژ گرتن تەواو دەکات

وەسوەسەی بۆ دروست دەبێت لەوانەیە مەسحی سەری نەکردبێت، یاخود فلانە ئەندامی جەستەی بەپێی پێویست نەشۆردووە.

چارەسەری ئەمجۆرە لە بنەڕەتدا ئەوەیە کە پشتگوێی بخات بەتایبەت ئەگەر ئەو حاڵەتە بوو بە نەریتی کەسەکە. پێغەمبەری ئازیز(ص) چارەسەری بۆ ئەمەش داناوە و دەفەرمێت: {إن الشيطان يأتى أحدم وهو فى صلاته حتى يفتح مقعدته فيُخيل إليه أنه أحدث، ولم يُحدث، فأذا وجد أحدكم ذالك فلا ينصرف حتى يسمع صوته بأُذنه أو يجد ذالك ريحه بأنفه}[١٦] واتە: شەیتان لە نوێژدا دێت بۆلای یەکێك لە ئێوە و دەماری کۆمی شل دەکات و وەسوەسەی بۆ دروست دەکات کە لەوانەیە دەستنوێژی شکابێت، لەکاتێکدا ئەو شتە ڕووی نەداوە، هەربۆیە نوێژەکەتان مەبڕن هەتاوەکو دەنگی بایەکەی کە خەیاڵ دەکەن لێتان بەربووەتەوە بە گوێ نەبیستن یاخود بە لوت بۆنی نەکەن.

لەگەڵ بەردەوام بوون لە دووعاو زیکر و بێ هیوا نەبوون لە سۆز و ڕحمەتی خودای گەورە، ئەوکات خودای گەورە ئەم بەڵایە هەڵدەگرێت لەسەرمان کە لەم سەردەمەی ئێمەدا تووشی زۆرێك لە خەڵکی بووە و زۆربەی ئەو کەسانەش نازانن هۆکارەکەی ئەو شەیتان و قەرینەیە کە دانراوە بۆ هەموو مرۆڤێك، هەربۆیە باشترین دەرمان و چارەسەر بۆ ئەم حاڵەتە بریتیە لە خوێندنی سورەتی الناس (قل أعوذ برب الناس) بە خشوع و ملکەچیەوە، ئەمەش باشترین دەرمانە و پاڕانەوە و داوای یارمەتی کردنە لەخودای گەورە و کەلامی ئەو زاتە گەورەیە، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە

---

[١٦] رواه الهيثمى فى مجمع الزوائد وقال رجاله رجال الصحيح.

مرۆڤ شارەزاییەکی باش لە بابەت و مەسەلەکانی تایبەت بە عیبادەتەکان پەیدا بکات، چوونکە مرۆڤی شارەزا لە ئاین بەهێزترە لەبەرامبەر شەیتانەوە لە مرۆڤی ئیمانداری نەخوێندەوار کە شارەزایی نییە.

***

نەخۆشی وەسواسی قەهری[17]

لە ڕوانگەی زانستی پزیشکی و شێوازی چارەسەرە نوێکانی

پسپۆڕانی زانستی پزیشکی و زانایانی ئەو بوارە پێیانوایە ئەوانەی تووشی ئەم نەخۆشیە دەبن باوەڕیان وایە ئەم وەسوەسانە دەرئەنجامی لاوازییەکە لە کەسایەتیدا یاخود کاری شەیتان یان جنۆکەیە، یان بەهۆی حاڵەتێکی نەفسی و دەروونیەوەیە، بەڵام ڕاستیەکەی بەوجۆرە نییە، لەوانەیە ئەم بیروباوەڕە هێندەیتر نەخۆشیەکە زیاتر بکات، باشە چۆن دەکرێت کەسێك لە ئێوە ڕزگاری ببێت لە لاوازی کەسایەتی کە لەوانەیە بەدرێژایی ژیانی لەسەر ئەو حاڵەتە ڕاهاتبێت و گەورە بوبێت، یاخود چۆن لەشەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە ڕزگاری دەبێت لەکاتێکدا توانای ئەوەی نەبێت خۆی ڕزگار بکات لێیان، یاخود چۆن دەتوانێت خۆی لەو حاڵەتە دەروونییە ڕزگار بکات لەکاتێکدا لەوانەیە شەرم بکات لەلای پسپۆڕانی ئەو

---

[17] وەسواسی قەهری بریتیە لە شڵەژانێکی دەروونی کە کەسی تووش بوو هەست دەکات بیرۆکە و فیکرەیەکی دیاریکراو هەمیشە ڕاوەدوی دەنێت و بەشوێنیەوەیە، کە بەشێك لە هۆشیاری و هەستی ئەو کەسە داگیر دەکات، ئەوەش بە شێوەیەکی تۆپزی کە بەدەستی خۆی نیە، کەسەکە ناتوانێت خۆی لەم حاڵەتە دەرباز بکات، نمونەکەشی هەمیشە ئەم مرۆڤە بەشوێن شتەکاندا وێڵە، یاخود بەشێوەیەکی بەردەوام سەرقاڵی ئەنجامدانی کۆمەڵێت داب و نەریت و شیعارە، یان ئەوەیە کە فیکرەیەك زاڵبووە بەسەر بیرو مێشکیدا و لێ جیانابێتەوە.

بواره کێشەکەی باس بکات؟ هەموو ئەم شتانە دەبنە هۆی لەدەستدانی متمانە بە خۆ بوون و زیاتر بوونی نەخۆشییەکە.

باشە ئێستە با بزانین ئەو نەخۆشیە کامەیە؟ هۆکاری بەدیهاتنی چیە؟ چۆن دەکرێت بیرو فیکرەکانی مرۆڤ ئاوا ببنە شوێنکەوتەی ئەو؟ باشە ئەو هەستە بۆ دروست دەبێت کە مرۆڤ وادەزانێت ناچارە کە هەندێك داب و نەریتی نامۆ ئەنجام بدات؟ باشە ئەی بۆچی ئەم بیرو فیکران دووبارە دەبنەوە؟

ئەو فیکرانەی کە هەست بە مەترسی بۆ خاوەنەکەیان دروست دەکەن.

وەك ئەوەی کە دەڵێت: (ئەگەر دەست بدەم بە دەسکی دەرگاکەوە دەستەکانم پیس دەبن) یان (من دەزانم ئەگەر خۆم بەتەنیا بم کوپەکەم دەکوژم) یاخود ئەوەی کە لەپاش خوێندنی قورئان دەکەوێتە وەسوەسەوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: (دەبێت فلانە ئایەت دووبارە بکەمەوە لەوانەیە هەڵەم تێدا کردبێت).

هۆکاری ئەم بیرکردنەوانە کەموکوڕییەکی کیمیایی زیندەیی نییە لە مێشکدا.

هەندێك لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەوانەیە ئەم نەخۆشیە بۆماوەیی بێت، بەڵام دەرناکەوێت مەگەر ئەو کاتە نەبێت کە مرۆڤەکە بکەوێتە ژێر پەستان یاخود سەختیەکی دەروونیەوە، بۆ نمونە: توێژینەوەی زانستی دەڵێت هۆکاری نەخۆشی وەسوەسەی قەهری بریتیە لە کەموکوڕی و کێشە لە گواستنەوەی نامەکان لە بەشی پێشەوەی مێشکەوە بۆ ناو قولاییەکانی، گواستنەوەی نامەکانیش بەشێوەیەکی سروشتی مێشك مادەی سروتونین بەکار دەهێنێت بۆ گواستنەوەی نامەکان

لەنێوان پەیوەستە عەصەبیەکاندا، نەخۆشی وەسواسی قەهری پەیوەندی بە کەموکوڕی لە مادەی سروتونینەوە هەیە لە مێشکی مرۆڤدا.

هەربۆیە پزیشکە پسپۆڕەکان پاش ئەوەی نەخۆشی وەسواسی قەهریان دیاری کرد هەندێکجار کۆمەڵێك دەرمان دەدەن بە نەخۆشەکە بۆ ئەوەی ڕێژەی مادەی سروتونین زیاد بکات بۆ ئەوەی چارەسەری نەخۆشەکە ئاسانتر بێت و کاریگەری خێرا دەربکەوێت.

پزیشکان و کەسانی پسپۆڕ لە زانستی پزیشکی دەروونیدا باشبونەوە لە شڵەژانی نەخۆشی وەسواسی قەهریدا چەند هەفتەیەك پێش لە بەرکارهێنانی دەرمانی بەردەوام دەستپێناکات، ئەم چەند هەفتەیەش کەمتر نییە لە چوار هەفتە، هەندێکاتیش نەخۆشەکە پێویستی بەکاتی لەوە زیاتریش هەیە بۆ ئەوەی نیشانەکانی باشبونەوەی دەستپێبکەن. ئەوە ویستی خودا و توانای ئەو مرۆڤانەیە کە سەرقاڵن بە پزیشکی دەروونییەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ.

نیشانەکانی وەسواسی قەهری بریتین لە (کۆمەڵێك فیکری زاڵبوو کە مرۆڤە نەخۆشەکە ڕەتیان دەکاتەوە و ڕقی لێیانە و تەنانەت لێیان دەترسێت و قێزەونن بەلایەوە، زۆر هەوڵ دەدات ڕزگاری بێت لەدەستیان، بەڵام سەرکەوتوو نابێت لە هەوڵەکەیدا. بەڵکو بەپێچەوانەوە هەرچەندە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، ئەوا وەسوەسەکەی زیاتر پەرەدەسە نێت و زۆر تووندتر دەبێت).

نیشانەکان هەندێکجار لەوانەیە فیکری زاڵبووی ئاینی یان گوماناوی یان کۆمەڵێك کارو کرداری بەزۆر و تۆپزی بن، گرنگ ئەوەیە ئەم نیشانانە لەگەڵ بەکارهێنانی دەرمان و چارەسەردا ڕاستەوخۆ دەست ناکەن بەباش

بوونەوە، مەگەر لە ژمارەیەکی کەمی نەخۆشدا نەبێت، کە خاوەنی تواناو شیاوییەکی بالآن لە وەرگرتن و وەلآمدانەوەی کاریگەری دەرمان و چارەسەرەکان و وەرگرتنی ئیلهامن، واتە ئەوانەی کە بەخێراییەوە باوەڕ بە پزیشك و پاهێنەرە دەروونیەکان دەکەن و بەخێراییەوە لە کاریگەری ڕووداوەکان لەسەر خۆیان تێدەگەن، بەلآم باشبونەوە لەژوربەی حالّەتەکاندا دوا دەکەوێت.

شێوازی بەناوبانگ لەناو پزیشکە دەروونیەکاندا بریتی بێت لە باسکردنی نەخۆشیەکە بۆ کەسی نەخۆش، هەرچەندە هەندێکیان پێیان باشترە کە هیچ شتێك لەوبارەوەیەوە بەنەخۆشەکەیان نەلێن، (چوونکە هەندێك نەخۆش زۆر خێراتر لە چاوەڕوانی پزیشکەکان چاك دەبنەوە، هەربۆیە نایانەوێت ئەو هەلی وەلآمدانەوە پێشوەختە خێرایەی چارەسەرەکان لەدەست بدەن کە زیاتر پشتی بە ئیلهام و تەلّقین کردن بەستووە، کە شانس و پشکی هەندێك لە نەخۆشەکانە.

لە زانستی پزیشکی خۆراناواییدا چارەسەری ئەم نەخۆشیە بە گیای دەرمانی، زۆربەی کاتیش تەنها پشت بەو چارەسەر نابەستن، بەلّکو کار لەسەر ئەو هەنگاوە زانستیانە دەکەن کە لەسەر ئەزمونی زانستی دامەزراون لە بابەتی وەلآمدانەوەی شلّەژانی وەسواسی قەهریدا لەبەرامبەر دەرمانە دژەکانی وەسوەسەدا، یاخود سەرقالّکەرە گێڕەرەوەکانی سیروتونینی ئینتیقائی کە بە (ماسا) ناسراوە. بەپێی ناوە زانستیەکەی، بەمشێوەیەی لای خوارەوەیە:

١- نەخۆش ڕەچەتەی چارەسەری مەبدەئی دەخوات بۆ نمونە با بڵێین پەنجا میلی گرامی ڕۆژانە پاش نانی بەیانی لە (زۆربەی جۆرەکانی ماسادا)

یاخود پاش نانی شێوان (له هەندێك جۆری تردا) ئەمەش بۆ ماوەی ١٢ هەفته بەردەوامی دەبێت واتە سێ مانگی تەواو، ئەگەر وەلأمدانەوەی تەواو ڕوویدا ئەوکات هەمان ڕەچەتە و بڕی پێ دەدرێت و لەسەر ئەو کات و ساتە بەردەوام دەبێت، پزیشك بەردەوام دەبێت لە دووبارەکردنەوەی چارەسەرەکەدا و نەخۆشەکەش دەبێت بەردەوام بیخوات هەتاوەکو پزیشك و نەخۆشەکە لەسەر ماوەیەك ڕێك دەکەون کە بەپێ حاڵەتی نەخۆشیەکە دەگۆڕدرێت، واتە کەم دەبێت یاخود درێژتر دەبێتەوە، بەلأم لەزۆربەی کاتدا لە ساڵێك کەمتر نییە، زۆرجاریش لەوە درێژتر دەبێتەوە، ئەگەر نیشانەکانی باشبونەوە دەرنەکەوتن یاخود باشبونەوەیەکی لاوەکی ڕووی نەدا لە نیشانەکانی نەخۆشیەکەدا، ئەوکات پێویستە لەسەر پزیشك کە بڕوات بۆ هەنگاوی دووەم.

٢- بریتیە لە چەند هێندەکردنی ئەو بڕ و ڕەچەتەیەی کە نەخۆشە دەیخوات، ڕۆژانە و بەهەمانشێوە بەردەوام دەبێت لە خواردنی کە پەیڕەو دەکرێت لە هەنگاوی یەکەمدا، بۆ ماوەی ١٢ هەفتە واتە سێ مانگ، ئەگەر وەلأمێکی تەواوی دایەوە ئەوە زۆرباشە و ئاوا لەسەر ئەو ڕەچەتەیە بەردەوام دەبێت و پزیشکەکەش چارەسەر و دەرمانەکە دووبارە دەکاتەوە و نەخۆشەکەش بەردەوام دەبێت لە خواردنی، هەتاوەکو پزیشك و نەخۆشەکەی دەگەنە ئەنجامێك و لەسەری ڕێك دەکەون، لەسەر ماوەیەك کە لە هەنگاوی یەکەمدا باسم کرد، ئەمە ئەگەر باشبونەوەیەکی تەواو لە نیشانەکاندا ڕوویدا، خۆ ئەگەر ڕووی نەدا، یاخود باشبونەوەیەکی زۆر کەم و لاوەکی بوو، پێویستە لەسەر پزیشك و نەخۆشەکەیشی بچن بۆ قۆناغی سێیەم.

٣- ئێستە ئیتر بڕی ڕەچەتەی ئەو دەرمانەی کە نەخۆش دەیخوات دەبێت بە سێ هێندە، هەنگاوی پێشوو بۆ ماوەی ١٢ هەفتە واتە سێ مانگ دووبارە دەکرێتەوە، ئەگەر وەلأمدانەوەیەکی باشی هەبوو ئەوا بەوجۆرە بەردەوام دەبێت، خۆ ئەگەر باشبونەوەیەکی ئەوتۆ هەستی پێ نەکرا یان باشبونەوەکە شتێکی لاوەکی بوو، دەچین بەرەو هەنگاوی چوارەم.

٤- لەم هەنگاوەدا بڕو ڕەچەتەی (ماسا) دەبێت بە چوارهێندەی بڕ و ڕەچەتەی یەکەم، واتە هەر ژەمێك لە خواردنی دەرمان لەلایەن نەخۆشەوە دەبێت چوارهێندەی ژەم و بڕی هەنگاوی یەکەم بێت، هەندێکجاریش دابەش دەکرێت بە دوو ژەم پاش نانی بەیانی و دوای نانی ئێوارە، ئەگەر پاش سێ مانگەکە بەرەو باشی ڕۆیشت ئەوا دەبێت بچێتە ناو قۆناغی بەهێزکردنی خوارەوەدا.

٥- پزیشکی دەروونی هەلدەستێت بە هەلبژاردنی ئیختیارێك لەناو چەند ئیختیارێکدا، کە ئێستە ناکرێت باسی بکەین، کە تێیدا جۆرێکیتر لە دەرمان بۆ دەرمانە بەردەوامەکە(ماسا) زیاد دەکرێت، ڕێژەی باشبونەوەی تەواو لە حالەتەکانی وەسواسی قەهریدا دەگات بە زیاتر لە سەدا هەشتا لە حالەتەکان، ناچین بۆ پاش هەنگاوی دووەم مەگەر لە سەدا بیستی حالەتەکاندا نەبێت.

ڕێڕەوی نەخۆشی لە شلەژانی وەسواسی قەهریدا

دوو جۆری گەورە لە شلەژانی وەسواسی قەهریمان هەیە، جۆری یەکەم لە منداڵیەوە دەستپێدەکات، واتە پێش تەمەنی دە ساڵی مرۆڤ، کە تێیدا هۆکاری نەخۆشیە پێکهاتەییەکان لە تۆڕی دەماخی مرۆڤدا گەورەترن لە هاوشێوەکانیان لە جۆری دووەم. خودا باشتر دەزانێت.

جۆری دووەم: کە هێورترین ڕێڕەوە، کە بە کۆمەڵێك ماوەی کپ بوونەوە یاخود هێوربوونەوەی نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە جیا دەکرێتەوە.

پشکنینی دەرئەنجامی ئەم توێژینەوە زانستیەی ئێستە ئاماژە دەکات بە جیاوازی لە گەڕانەوە لە هەردوو جۆرە گەورەکەی شلەژانی وەسواسی قەهریدا، ئەوەش پاش دابەش کردنی لەسەر بنەمای تەمەنی سەرەتای نیشانەکان.

لەو حاڵەتانەی کە نیشانەکان تێیاندا دەردەکەون پێش یاخود لە تەمەنی دە ساڵیدا بەزۆری گەڕانەوەیان خراپترە بەتایبەت کە هاوڕێیە لەگەڵ نەخۆشیدا کە لەگەڵ زۆرێك لە شلەژانە دەروونیە تایبەتەکانی منداڵاندا ڕوو دەدات، یان چەند نەخۆشیەکی تری وەك شلەژانی تەشەنوجاتی بەدەر لە ویستی خۆ(اضطرابات العرات) یاخود شلەژانی عەصەبی بۆ ماوەیی کە هەر لەمنداڵییەوە دەردەکەوێت (اضطراب التوریت)، کە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە بچینە ناو وورەکاریەکانەوە. لەکاتێکدا پێشبینی گەڕانەوەیەکی نەخۆشی توندتر دەکرێت لەو حاڵەتانەی کە نیشانەکانیان تێدا دەردەکەون پاش تەمەنی حەڤدە ساڵی، مەسەلەکەش وادیارە پەیوەندی بە کۆمەڵێك گۆڕانکاری دیاریکراوەوە هەیە لە تۆڕ و پێکهاتەی عەصەبیدا، کە زۆر کاریگەرتر و کاراترە لە حاڵەتی سەرەتای نیشانەکانی تەمەنی منداڵیدا،

زۆربەی تۆژینەوەکان ئاماژەیان بەم بۆچوونە کردووە بەتایبەت کاتێك باسی ئەم خاڵە کراوە.

پزیشکە پسپۆڕەکان ئامۆژگاری کۆمەڵێك دانیشتن و جەلسەی هەڵسووکەوتی دەکەن لەگەڵ بەکارهێنانی گیای دەرمانیدا.

فەقیهە موسوڵمانەکان جیاوازیان هەیە لە تێڕوانیندا سەبارەت بە وەسواسی، جوینی لە کتێب (التبصرە فی الوسوسە) دا دەڵێت: وەسواسی بەهۆی کەموکوڕی لە غەریزەی ئەقڵ یان نەفامی سەبارەت بە ڕێڕەوەکانی شەریعەت ڕوو دەدات.

وادیارە کە مانای وەسواس لەلای زۆربەی زانایانی پێشوو، مانایەکی فراوانی هەیە و هەموو جۆرەکانی وەسواسی دەگرێتەوە کە پێشتر باسمان کردن، بەڵام هەموویان داویانەتە پاڵ شەیتان و کەسیان باوەڕیان بەوە نەبووە کە نەخۆشیەك هەیە بەناوی وەسوەسەوە، بێجگە لەوەی کە ئەبو فەرەجی کوڕی جەوزی باسی کردووە و لە ئەبو وەفای کوڕی عەقیلەوە دەیگێڕێتەوە کە (پیاوێك پێیگوتوە کە چەندجارێکی زۆر خۆی چەقاندووە بەناو ئاودا، بەڵام گومانم هەیە ئایا خۆشۆردن و غوسڵەکەم دروستە یان نا؟ تۆ لەمەدا چی دەڵێیت؟ شێخیش پێی گوت: برۆ و دڵنیابە کە نوێژت لەسەر نییە.....

ئەویش گوتی: باشە چۆن؟

ئەویش گوتی: پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: "نوسینی گوناح و تاوان لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە، شێت هەتاوەکو چاك دەبێتەوە، خەوتوو هەتاوەکو خەبەری دەبێتەوە، منداڵ هەتاوەکو باڵغ دەبێت" هەرکەسێکیش

چەندجارێك خۆی بچەقێنێت بەناو ئاوردا هێشتا گومانی هەبێت کە هەموو جەستەی تەڕ بووە دڵنیابە ئەوە کەسێکی شێتە.

ئەبو وەفای کوڕی عەقیل وویستی بەو وەڵامەی تەمبێی کەسەکە بکات بۆ ئەوەی ئیتر هێندە وەسواسی نەکات، ئەو پێیوایە ئەو کەسە نەخۆشە، بەڵام زۆربەی زانایان پێشتر وەك حاڵەتی نەخۆشی کە لەویست و ئیرادەی کەسەکە بەدەرە، مامەڵەیان لەگەڵ ئەو حاڵەتە تووندانەی وەسوەسەدا نەکردووە، بەڵکو وەك جۆرێك لە شێتی یاخود کوموکوڕی لە غەریزەی ئەقڵیان زانیوە، هەروەك پێشتر باسمان کرد. خودای گەورە باشتر دەزانێت.

پێشەوا ئەبو حامیدی غەزالی لە کتێبی احیاء علوم الدیندا باسی هەندێك لەو جیاوازییەی نێوان زانایانی کردووە سەبارەت بەوەسواسی لەکاتی قسە و گفتوگۆکانیاندا و دەڵێت: " بزانە کە زانایانی چاودێری دڵەکان تێڕوانین لە سیفەتەکانی و شتە سەرسوڕهێنەرەکانیدا دەکەن لەم بارەیەوە بوون بە پێنج گروپەوە:

گروپێك گوتویانە: وەسوەسە بە زیکر و یادی خودا نامێنێت چوونکە پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {کاتێك زیکری خودا بکات بێدەنگ دەبێت}.

گروپی دووەمیش دەڵێن: بە زیکری خودا وەسوەسەکە لەناو ناچێت بەڵکو لەدڵدا هەردەمێنێتەوە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی نییە، چوونکە کاتێك دڵی مرۆڤ زیکر و یادی خودای تێدا بوو ئەوا لەکاریگەری وەسوەسە پارێزراوە، وەك کەسێك کە سەرقاڵە بە خەم و خەفەتەکانی خۆیەوە، چوونکە ئەو کەسە نە قسەی لەگەڵدا دەکرێت و نە تێدەگات، هەرچەندە دەنگەکەش ببیستێت.

گروپی سێیەم دەڵێن: وەسوەسەکەش و کاریگەریەکەی لەناو ناچێت، بەڵام بە زیکر و یادی خودا هەرگیز زاڵ نابێت بەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤەکەدا، وەک ئەوە وایە کە لەدووڕەوە وەسوەسەی بۆ دروست بکات و بەوپەڕی لاوازییەوە.

گروپی چوارەمیش دەڵێن: لەکاتی زیکری خودا وەسوەسەکە بۆ ساتێك نامێت بەڵام لە چرکەساتێکی تردا دێتەوە بۆ ناو دڵی کەسەکە، واتە لە کۆمەڵێك کات و ساتی لەیەکتر نزیکەوە بەدوای یەکتریدا دێن (واتە زیکر و وەسوەسە) وەک ئەو تۆپە وایە کە خاڵی جیاوازی لەسەرە ئەگەر تۆ بە خێراییەوە بیسوڕێنیتەوە ئەوا هەرجارە و خاڵێك دەبینرێت بەڵام بەخێراییەوە، ئەمانە بەڵگەیان بەوە هێناوەتەوە و دەڵێن کە بێدەنگی ڕوویداوە و ئێمەش زیکر و یادی خودا دەکەین و تووشی وەسوەسەش دەبین، هەربۆیە بێجگە لەم ڕووە هیچیتری نییە.

گروپی پێنجەم و کۆتایی دەڵێن: وەسوەسە و زیکری خودا بەردەوام بەرەو دڵ و دەروونی مرۆڤ دەچن و پچڕانیان نییە، هەروەک چۆن مرۆڤ بەچاوەکانی دوو شت لە یەك حاڵەتدا دەبینێت، دڵیش بەهەمانشێوەیە دەبێتە ڕێڕەوی دوو شت، پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: " هەموو بەندەیەکی خودا چوار چاوی هەیە: دوو چاویان لەسەریدایە کە دوونیایان پێ دەبینێت، دوو چاویشی هەیە لەدڵیدا کە دین و ئاینەکەی پێیان دەبینێت" پێغەمبەر(ص) ڕاستی فەرمووە، هەربۆیە موحاسیبیش هەمان بۆچوونی هەیە.

بەڵام ئەوەی کە بەلای ئێمەوە ڕاست و دروستە ئەوەیە کە هەموو ئەم بیرو بۆچوونانە ڕاستن، بەڵام هەموویان کەموکوڕییان هەیە سەبارەت بە

بەشەکانی نەخۆشی وەسواسی، بەڵکو هەموویان سەیری یەک بەشی وەسوەسەیان کردووە و باسیان کردووە.

ئەوەی کە ڕاست و دروستە ئەوەیە کە پزیشکی موسوڵمانی ئەم سەردەمە باسی دەکات و دەڵێت ئەوەی کە بە پەناگرتن بەخودا لەشەیتان لانەچێت ئەوە لە شەیتانەوە نییە، ئەوەشی کە بە بەهێزکردنی پەیوەندی مرۆڤ بەخوداوە و عیبادەتی زۆر و زانیاری لەوبارەیەوە لا ناچێت ئەوە وەسوەسەی نەفس یاخود وەسوەسەی شەیتان نییە، بەڵکو ئەوە وەسواسی قەهریە کە بە دەرمانی هەستپێکراوی پزیشکی چارەسەر دەکرێت.

ئەوەی کە ئازار بە نەخۆشانی تووشبوو بە دەردی وەسواسی قەهری دەگەیەنێت (واتە جۆری سێیەم لە وەسوەسە) ئەوەیە کە لە کتێبی هەندێک لە زانایاندا دەیخوێنیەوە سەبارەت بە باسکردنی خراپەی وەسوەسە و کەسانی وەسواس، چوونکە ڕەحمەتی خودایان لێبێت ئەم وەسفە خراپەیان بۆ هەموو جۆرەکانی وەسوەسە کردووە بەبێ ئەوەی کە هیچ بەشێکی جیا بکەنەوە، ئەو وەسفەی ئەوان دەیکەن وەسفێکی گشتیە بەڵام لە جۆری سێیەمدا لەلای ئەوان جەختی لەسەر دەکرێتەوە، – بەپێی ڕیزبەندی ئێمە– چوونکە ئەو زانایانە باوەڕیان بەوە نەبووە کە نەخۆشیەک هەیە بەناوی نەخۆشی وەسوەسەوە، هەروەک پزیشکانی سەردەمی نوێ باسی دەکەن و نەخۆشخانە و دەرمانی بۆ دانراوە.

هەربۆیە نەخۆشی وەسواسی قەهری زۆر دڵی بریندار دەبێت کاتێک ئەم قسەیەی پێشەوا ئیبن قەیم دەخوێنێتەوە کە دەڵێت: " ئەگەر کەسی وەسواس گوتی ئەوە نەخۆشیەکە و تووشی من بووە، ئێمەش دەڵێین

بەڵێ، هۆکارەکەی ئەوەیە کە تۆ شەیتانت قبوڵ کردووە، خودای گەورەش بیانوی هیچ کەسێك لەمبارەیەوە قبوڵ ناکات، ئایا نابینیت کە ئادەم و حەوا کاتێك شەیتان وەسوەسەی بۆ دروستکردن و ئەوانیش لێیان وەرگرت لە بەهەشت دەرکران، ئەو شتەیان پێگوترا کە هەموتان بیستوتانە، هێشتا ئەوان دەکرا بیانویەکیان هەبێت چوونکە ئەوان پێشتر کەسێك نەبووە کە ئامۆژگارییان بکات، بەڵام تۆ خودای گەورە ئاگاداری کردویتەوە و دووژمنایەتی شەیتانی بۆ باسکردویت و ڕێگای ڕاستی بۆ ڕوون کردویتەوە، ئیتر چ بیانوو بەڵگەیەکت هەیە کە واز لە سوننەت بهێنیت و شەیتان قبوڵ بکەیت".

پێشەوا ئیبن قەیم لەم قسەیەیدا جۆری یەکەم کە بۆ باوکە ئادەم و دایکە حەوا ڕوویداوە لەگەڵ جۆری سێیەم کە حاڵی نەخۆشی وەسواسی قەهرییە کۆ دەکاتەوە، باسی هەردوو جۆرەکەی کردووە هەروەك بڵێی یەك شتن، ئەگەر لە سەرەتاوە ڕیزبەندییەك بکەین بۆ ئەو سێ جۆرە لە وەسوەسە.

ئەوەی کە زیاتر ئازاری کەسە تووش بووەکان بە نەخۆشی وەسوەسە دەدات بریتیە لە ئیجتیهادی هەندێك خوێندکارانی زانستە شەرعیەکان کە بەڵگە بەو حەدیسانە دەهێننەوە کە گوایە ئەو حاڵەتە(وەسەسە) لە زیادەڕەوی و قوڵبونەوەی زیاد لە پێویست لە ئاینەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەك ئەم حەدیسەی کە دەفەرمێت: {ئاگاداربن و بزانن ئەگەر مەسەلەکان لەسەر خۆتان قورس بکەن خودای گەورەش قورسیان دەکات لەسەرتان، گەلێك هەبوون زۆر توندیان دەکردەوە لەسەرخۆیان خودای گەورەش توندی کردەوە لەسەریان، ئەوەش پاشماوەکانیانە لە صەومەعە

و دێرەکاندا کە ڕوهبانیەتێکە خۆیان دایان هێناوە و ئێمە لەسەریان فەرزمان نەکردووە}. ئەگەر لەگەڵ یەک ووشە لە ووشەکانی ئەم فەرموودەیەدا بوەستێن کە (توندی مەکەنەوە) ئەوکات لەوانەیە جیاوازییەکی زۆر هەبێت لەنێوان توندکردنەوە و نەخۆشی وەسواسی قەهریدا.

توندکردنەوە بریتیە لە زیادەڕەوی و قوڵبونەوەی زیاد لە پێویست لە چەمکەکانی ئایندا، کە لە زاتی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت و بەوپەڕ ئیرادەوە دەیکات و ئەیەوێت بەوکارەی لەخودای گەورە نزیك ببێتەوە، بەڵکو غەیری خۆی بە کەموکورت دەزانێت لەبەر ئەوەی کە وەك ئەو ناکەن، هەروەك ئەو سێ کەسەی کە هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ص) و زیادەڕەویان لە ئایندا دەکرد و پێغەمبەریش(ص) ڕێگری لێ کردن لەوکارە و ئەوانیش وازیان لێ هێنا، بەڵام کەسی تووش بوو بە وەسوەسە زۆر جیاوازە، چوونکە ئەو کەسە سکاڵای وەسوەسەکەی لەلای هەموو کەسێك دەکات، ئازاری پێ دەگات، داوای فتوای زانایان دەکات لەبارەی حاڵی خۆیەوە، بەردەوام سەردانی پزیشکەکانیش دەکات، هەمیشە لە خودای گەورە دەپارێتەوە کە ڕزگاری بکات لەو نەخۆشییە، تەنانەت بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشیەکەیدا دەکات و ئەگەر زاڵ ببێت بەسەریدا زۆر دڵی خۆشە، خۆ ئەگەر نەخۆشیەکە زاڵ ببێت بەسەر ئەمدا زۆر بێزار و بێتاقەت دەبێت.

پزیشکانی دەروونی پێیانوایە هەموو ئەو بەڵگانەی کە باسمان کردن، پشتیوانی ئەوە دەکەن کە شەیتان پەیوەندی بە نەخۆشی وەسواسی قەهرییەوە نییە، بەڵام ئێمە بە ڕێژەی لەسەدا سەد وەك ئەوان نااێین — چوونکە ئێمە لەنا کۆمەڵێك مەسەلەی غەیبیدا دەگەڕێین کە باوەڕمان هەیە

کاریگەریان لە دروستبونی ئەو نەخۆشیەدا هەیە، بەڵام زاناکانمان خودای گەورە لێیان ڕازی بێت باسی سروشت و تایبەتمەندی ئەو کاریگەرییەیان بۆ نەکردوین. دڵی پزیشکی موسوڵمان زۆر ئازاری پێدەگات کاتێك خەڵکانێك لە مرۆڤەکان دەبینن بۆ چەند ساڵێك ململانێ لەگەڵ نەخۆشی وەسواسی قەهریدا دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە کە سەردانی پزیشکی دەروونی بکەن، ئەوەش یان لەبەر ئەوەیە کەسەکە باوەڕی بە کاریگەری چارەسەرەکان نییە بۆ نەخۆشیەکەی، یاخود لەبەر ئەو تێڕوانینە کۆمەلایەتیە نەرێنییەیە کە سەبارەت بە پزیشکی دەروونی لەناو خەڵکیدا هەیە.

وادەزانن کە حوکمی شەرعی بۆ نەخۆشی وەسواسی قەهری ئەمڕۆکە بە قیاس دەکرێت وەك قاعیدەیەکی فیقهی لەکاتێکدا پەنای بۆ دەبەین کە لەسەر نەخۆشەکە ئاستەنگیەك دروست ببێت، خودای گەورەش لەسەر ئەو کاروکردارانە لێرسینەوەمان لەگەڵدا دەکات کە بە ویست و ئیرادەی خۆمان ئەنجامیان دەدەین.

کتێبەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر(ص) و هاوەڵان شتێکی هاوشێوەی ئەوەیان بۆ باسکردوین کە بە بەڕێوەبردن و هەڵکردن لەگەڵ حاڵە نەرێنیەکاندا ناوزەد دەکرێت و پەیوەندی بە مەسەلە ئاینیەکانەوە هەیە، دەگێڕێنەوە کە یەکێك لە هاوەڵان بە پێغەمبەر(ص)ی گوتووە: " من لە دڵی خۆمدا خەیاڵاتێك دەکەم خەریکە زەوی بەهۆیەوە شەق ببات و شاخەکان هەڕەس بهێنن، پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: لەدڵتا ئەوە هەیە.... ئەوە ئیمانی ڕاشکاوە".

دواتر فەرمووی: "سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە فرت و فێڵی شەیتانی گێڕاوەتەوە بۆ وەسوەسە".

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: " شەیتان دێت بۆلای هەرکەسێکتان و دەڵێت: کێ خۆری دروست کردووە؟ دەڵێت: خودا، ئەی باشە کێ مانگی دروست کردووە؟ ئەی کێ خودای دروست کردووە؟ هەرکەسێك ئەوە هات بە دڵیدا با بڵێت: ئیمانم هێنا بە خودا پێغەمبەرەکەی(ص)".

ئەمە هەتاوەکو ئەو کاتەیە کە مرۆڤ ئەم وەسوەسانە ناهێڵێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ئەم فیکرانە جۆرێك لە وەسوەسە نەبن و شتێکی عاریزی و شوبهەیەکی بەهێز بن و پێویستیان بە وەلأم هەبێت، ئەوا دەبێت مرۆڤ شارەزای مەسەلە عەقیدەییەکان ببێت بۆ ئەوەی ئەم شوبهانە لەناو ببات، ئەوەش بە پەناگرتن بە خودای گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراو هەرکاتێك ئەمجۆرە بیرو فیکرانە هاتن بە دڵ و دەروونیدا، زۆرێك لەو کەسانەش سودێکی باش لەم حاڵەتە وەردەگرن و لەلایەن خودای گەورەوە پاداشتیان بۆ دەنوسرێت، لەگەڵ ئەو چارەسەرەی کە پزیشکی موسوڵمان بۆیان دەنوسێت.

لەگەڵ چارەسەرەکانی وەسواسیدا جۆرێك لە چارەسەری هەڵسووکەوتی هەیە پێی دەڵێن تووش کردن، واتە نەخۆشەکە تووشی ئەو شتانە دەکرێت کە لێیان دەترسێت و دەبنە هۆی زۆربوونی وەسوەسەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا چاوی لەسەر ڕوبەڕوبوونەوە و وەستانە لەبەرامبەر نەخۆشیەکەیدا، هەربۆیە پاش یەکەم سەردانی پزیشك کە مرۆڤەکە وەسوەسەیەکی تۆندی هەیە، هێدی هێدی وەسوەسەکان کپ دەبنەوە و هێور دەبنەوە و دواتر بە یارمەتی خودای گەورە کەسەکە لەبیری دەچنەوە.

لێرەدا هەندێك لە بۆچوونی پزیشكانی پسپۆڕ و ڕاهێنەرانی دەروونی بە كورتی باس دەكەین كە نەخۆشی وەسواسی قەهری و شڵەژانەكانی بە دەرمانی گیایی و هەڵسووكەوتی مەعریفی چارەسەر دەكرێن، ئەوەش بە پشت بەستن بەوەی كە ئەم نەخۆشیە هیچ پەیوەندییەكی بە شەیتانەوە نییە.

هەروەها كۆمەڵێكیتر لە پزیشك و ڕاهێنەرانی پسپۆڕی دەروونی پێیانوایە چارەسەركردن بە دەرمان لە حاڵەتەكانی نەخۆشی وەسواسی قەهریدا پێویستی بە چارەسەری خودایی و ئایینی هەیە بەتایبەت ئەگەر وەسوەسە قەهرییەكە پەیوەندی بە عیبادەت و عەقیدەكانەوە هەبێت.

ئەگەر نەخۆشی وەسواسی قەهری لە مەسەلەكانی پەرستشدا بێت وەك نوێژ و دەستنوێژ و شتەكانیتر، ئەوكات پێویستە نەخۆشەكە لەگەڵ چارەسەرە پزیشكییەكەدا لەناو مەسەلە ئایینیەكاندا فێری مەسەلە فیقهییەكانیش ببێت، چوونكە وەسوەسە هۆكارەكەی بریتیە لە قەرینی شەیتانی بۆ مرۆڤ، بەزۆری ئەوانە تووشی دەبن كە پابەندن بە ڕێنماییەكانی ئایین بەتایبەت لەسەرەتاكانی پابەندبونیانەوە.

چوونكە شێوازی چارەسەری و دەرمانی بۆ نەخۆشی وە سوەسەی قەهری كار لەسەر جێگیركردنی مادەی سیروتونین دەكات لە مێشكدا، ئەوكات نەخۆشەكە هەست بە ئیسراحەت و پشوو دەكات.

دكتۆر ستیفین فیلبسون پێناسەی ئەم نەخۆشیە دەكات و دەڵێت:

بریتیە لە شەپۆلی خراپ لەنێوان نەفس و دەروونی لۆژیكی و تواناو هێزی دەماغ بۆ بەرهەمهێنانی بیرو فیكری ئۆتۆماتیكی نا لۆژیكی، كە هاوكاتە لەگەڵ هەیەجانێكی كۆنترۆڵ نەكراو لە نەستەكاندا.

به بۆچوونی من شەیتان دەیکات بە وەسوەسە و لاوازی ئیرادەی نەخۆشەکە کە تەسلیمی وەسوەسەی شەیتانەکەی خۆی بووە و نەیکردووە بە دووژمنی خۆی، هەروەک خودای گەورە فەرمانی پێکردووە، هەربۆیە لەگەڵ چارەسەری دەرمانیدا پێویستی بە چارەسەری خوداییش هەیە یاخود چارەسەری تووشکردنی هەڵسووکەوتی هەروەک پزیشکەکان ناوزەدی دەکەن، پێغەمبەر(ص) بە پیاوێکی فەرموو کە تووشی وەسوەسەی شەیتان بوبو وای دەزانی شتێکی دەروونییە و بە پێغەمبەر(ص)ی گوت: "ئەی پێغەمبەری خودا من شتێك دێت بەدڵمدا ئەگەر لە ئاسمانەوە فڕێم بدەنە خوارەوە زۆرم پێخۆشترە هەتاوەکو ئەو شتە بەسەرزارمدا بهێنم" پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: الله اکبر الله اکبر سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە فڕو فێڵی شەیتانی گێڕایەوە بۆ وەسوەسە"[١٨].

لەم فەرموودەی پێغەمبەر(ص) دا ئیلهامێك هەیە کە پێغەمبەر(ص) ئەوەی بۆ ئەو پیاوە ڕوون کردووەتەوە کە ئەوەی تووشی بووە شتێکی دەروونی خراپەکار نییە، بەڵکو لەوەسوەسە و داوو تەڵەکەی شەیتانەوەیە و لاوازی ئەو نییە و هیچ و پوچ و بێمانایی تەڵەکەکانی شەیتانە و لاوازی ئەو نەفرەتیەیە، هەروەک خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿فقاتلوا أولياء الشيطان إن كيد الشيطان كان ضعيفا﴾ س النساء آ ٧٦. واتە: شەڕ لەگەڵ پشتیوانانی شەیتاندا بکەن دڵنیابن کە فێڵ و تەڵەکەی شەیتان زۆر لاوازە.

---

[١٨] رواه احمد وابو داوود والنسائی.

هەربۆیە پێویستە ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی وەسوەسەی قەهری دەبن ئەوە بزانن کە لە شەیتانی قەرینەوەیە، تەڵەکەی ئەو شەیتانەش زۆر لاوازە، نابێت مرۆڤ لێی بترسێت، لەبەرامبەردا پەنا ببات بەر خودای جیهانیان و هەموو هۆکارێکی چارەسەر بگرێتەبەر، چوونکە خودای گەورە هەر نەخۆشیەکی دروست کردبێت بەدڵنیاییەوە چارەسەرەکەیشی داناوە، فێڵ و تەڵەکەی شەیتانیش لاوازە، هەروەک خودای گەورە دەفەرمێت مرۆڤ لە تەڵەکەکانی شەیتان گەورەترە و خودای گەورە دەسەلاتی ئەو نەفرەتیەی نەسەپاندووە بەسەر ئادەمێزاددا.

ئەگەر هاتوو مرۆڤە نەخۆشەکە نەیتوانی بە پەناگرتن بە خودای گەورە و خوێندی قورئان ڕوبەڕووی نەخۆشی وەسواسی قەهری ببێتەوە، ئەوا هیچ کێشەیەکی تێدا نییە کە پەنا ببات بەر پزیشکەکان، ئەوەش وەک بەکارهێنانی هۆکارە ڕێگە پێدراوەکان و ئەو دەرمانانەی کە پسپۆڕانی ئەو بواره بۆی دیاری دەکەن، چوونکە خودای گەورە شیفادەری یەکەمین و کۆتاییە، هەربۆیە دەبێت کەسی نەخۆش هەوڵ بدات لایەنی ئیمان و باوەڕی خۆی بەهێز و پتەو بکات.

ئەوەی کە هەندێك بانگەشەی بۆ دەکەن کە نەخۆشی وەسواسی قەهری هیچ پەیوەندیەکی بە شەیتانەوە نییە و هۆکارەکەی کەم و کوڕییە لە کاردانەوەی پەیامەکان لە ئێشەوەی مێشکدا بەرەو قوڵاییەکانی بەهۆی کەم و زیادبونی مادەی سروتینەوەیە. ئەم قسەیەش هیچ شتێکی تێدا نییە، بەڵام بزانین کێ ئەم حاڵەتی دروست کردووە؟

واتە: کێ هۆکاری بەدیهاتنی ئەم کەم و کوڕیەیە؟

ئەوە شەیتانی قەرینە کە پەستان دەخاتە سەر نەخۆشەکە کە تووشی کۆمەڵێك پەستانی دەروونی دەبێتەوە لەگەڵ وەسوەسەکەدا، دواتر ئەمە سەر دەکێشێت بۆ وەسوەسەی قەهری و شڵەژانەکانی، خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزنەدا ئەمەی پوون کردووەتەوە و دەفەرمێت: ﴿یأیُها الناس کُلُوا مما فی الأرض حلالا طیبا ولا تتبعوا خطوات الشیطان إنه لکم عدوٌ مُبین* إنما یأمُرُکُم بالسوء والفحشاء وأن تقولوا علی الله ما لاتعلمون﴾ س البقرة آ ١٦٨– ١٦٩. واتە: ئەی خەڵکینە لە شتە پاك و حەلاڵەکانی سەرزەوی بخۆن و شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون چوونکە ئەو نەفرەت لێکراوە دووژمنێکی پوون و ئاشکرای ئێوەیە، ئەو فەرمانتان پێ دەکات بە خراپە و خراپەکاری و واتان لێ دەکات کە شتێك دەربارەی زاتی خودای گەورە بڵێن کە هیچ زانیاریەکتان لەبارەیەوە نییە.

خودای گەورە باسی وەسواسی خەناس دەکات کە فەرمان بە چ جۆرە کارانێکی خراپ دەکات و چ بیرو فیکر و وەسوەسەی ناڕەبار و کارو کردەوەی خراپ بۆ مرۆڤ دروست دەکات و بەبێ هیچ زانست و زانیارییەك شتانێك لەبارەی زاتی خوداوە دەڵێت.

هەردوو ئایەتەکەی پێشوو ئەوەیان پوون کردووەتەوە کە وەسوەسە لە شەیتانەوەیە و وەڵامدانەوەش لەلایەن مرۆڤەوەیە، خودای گەورە فەرمانی پێکردوین کە شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان نەکەوین، بۆ بەدیهێنانی ئەمەش پێویستە لەسەرمان خۆمان لە هەرچی حەرام هەیە بەتایبەت خواردن و خواردنەوە دوور بخەینەوە، کە هەموو خەمێکی مرۆڤە و زۆربەی کێشە و ململانێکان لەنێوان گەلان و دەوڵەتاندا لەسەر ئەو شتانەیە، هەربۆی دەبێت تەقوای خودامان هەبێت و لێی بترسین و پۆزی حەڵاڵ

بەدەست بهێنین، وەگەرنا دەکەوینە ناو حەرام و قەدەغەکراوەکانەوە، شەیتان بە وەسوەسەکانی و ئەو وەسوەسانەی کە بەهۆی لاوازی ئیمان و باوەڕەوە بۆمان دروست دەکات، زاڵ دەبێت بەسەرماندا.

لەو باسانەی کە ئاماژەیان پێکرا هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە وەسوەسە بە هەموو جۆرەکانیەوە لە شەیتانی نەفرەت لێکراوەوەیە، یان بەمانایەکی ڕاست و ڕوونتر لە قەرینی شەیتانی و قەرینەکانیتری شەیاتین و غەیری شەیاتینەوەیە.

ئەگەر نەخۆشی وەسوەسە چاوێك بە ژیان و هەڵسووکەوت و پەیوەندی خۆی لەگەڵ خوداکەیدا بخشێنێتەوە، ئەوکات کەموکوڕی هەڵسووکەوتی بیروباوەڕ ئەو هۆکارەیە کە وای لێ دەکات شوێنی شەیتان بکەوێت، ئەوەش پاش ئەوەی کە شوێنی هەنگاوەکانی کەوتووە، مرۆڤ کاتێك شوێنی شەیتان دەکەوێت وانازانێت کە خراپە ئەنجام دەدات، یاخود ڕێگەی هەڵەی گرتوتەبەر، بەڵکو وادەزانێت شوێنی هەواو ئارەزوو نەفسی فەرمانکەر بەخراپەی خۆی کەوتووە.

هەروەها نەخۆشی وەسوەسەی قەهری تووشی لاوازی ئیمان و باوەڕیش دەبێت، هەربۆیە کاتێك دەرمان و چارەسەری لە پزیشك وەگرت، پێویستە لەسەری پەیوەندی خۆی لەگەڵ خودای گەورەدا بەهێز بکات و شەیتان بە دووژمنی سەرسەختی خۆی بزانێت، هەروەك چۆن خوداکەی فەرمانی پێ کردووە، گوێ نەگرێت بۆ وەسوەسەکانی چوونکە بەوهۆیەوە دەکەوێتە ناو حەرامەوە، ئەگەر هۆکاری وەسوەسەکەی زانی، ئەوکات سەرسامی مرۆڤ بە گوناحەکان بەتاڵ دەبێتەوە، لە سەدا سەدی مەسەلەکە بەوجۆرە نییە کە پزیشکەکان دەڵێن گوایە چارەسەری هەمەلایەنە و یەکجاری ئەو نەخۆشییە

تەنها لەسەر ئەوە وەستاوە کە کۆمەڵێك هەپ بدرێت بە نەخۆشەکە و مادەی سروتونین زیاد دەکات کە کەمبونی مادەی ناوبراو دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ تووشی وەسوەسە ببێت، چوونکە چارەسەری هۆکاری نەخۆشی زۆر گرنگە، بۆ نمونە نەخۆشی شەکرە هۆکارەکەی کەموکوڕی یان نەڕژاندنی مادەی ئەنسۆلینە لە خوێندا، کە هەتاوەکو ئێستەش چارەسەرەکەی نەدۆزراوەتەوە، چوونکە هۆکاری غودەی پەنکریاس کە بەرهەمهێنەری ئەم هۆرمۆنەیە پزیشکەکان لە ڕێگەی دەرزی یاخود دەرمانی گیاییەوە دەیدەن بە نەخۆش کە هاندەرە بۆ پەنکریاس لە ڕژاندنی ئەنسۆلیندا.

نەخۆشی وەسواسی قەهریش بەمشێوەیە کە هۆکارەکەی مادەی سروتونینە و پزیشکەکان لەڕێگەی حەپەوە ئەم مادەیە دەدەن بە نەخۆشەکان، بەڵام چارەسەری یەکجارەکی نەخۆشیە ناکات و هۆکارەکەی بنەبڕ ناکات، هەربۆیە پزیشکەکان ئامۆژگاری ئەوە دەکەن کە نەخۆشەکە دەبێت چارەسەری هەڵسووکەوتی (العلاج السلوکی) لەگەڵ دەرمانەکاندا بکرێت، کە ئێمە پێمانوایە کە ئەوکارە بەڕاستی گێڕانەوەی نەخۆشە بۆسەر ڕێگەی ڕاست و دروستی ژیان کە خودای گەورە فەرمانی پێ کردووە.



{ووێنەیەکی ڕوونکەرەوەیە بۆ چالاکی زۆری مێشك لەلای نەخۆشی وەسواسی قەهری و کەسی ئاسایی. ئەو بەشەی مۆخ کەلەلای ڕاستەوەیە هی کەسێکە کە تووش بووە بە نەخۆشی وەسواسی قەهری و تێبینی زۆری چالاکی دەکەین لە بەشی سەرەوەی مۆخدا کە بەڕەنگی کراوەو ڕوون ئاماژە بەو حاڵەتە هەیەجانییە کراوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە ووێنەکەی تردا واتە ووێنەی لای چەپ مۆخی کەسێکی ئاساییە و ڕەنگی ڕوون و کراوەی زۆر کەمترە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە مرۆڤی ئاسایی چالاکی و هەیەجانی لە کەسە نەخۆشەکە زۆر کەمترە. }

سەرچاوە WWW GEOCITIES. COM

شێوازێکی نوێ بۆ چارەسەری وەسواسی قەهری

بەچوار قۆناغ " چارەسەری هەڵسووکەوتی زاتی"

(علاج السلوك الڕاتی)

دکتۆر جیفری سوارتز هەستا بە دانانی شێوازێکی هەڵسووکەوتی بۆ چارەسەری نەخۆشی وەسواسی قەهری کە وەك داهێنانێکە و لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا باسی دەکات کە لەوویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بلاو کراوەتەوە بەناوونیشانی " قوفڵی دەماخ یان دەماخی قوفڵکراو" (Brain LOCK).

لەم کتێبەدا جیدیەت و سەرکەوتنی چارەسەری هەڵسووکەوتی بۆ نەخۆشانی وەسواری قەهری سەلماندووە، بەبێ پەنابردنە بەر پزیشك و دەرمان.

ئەمەش جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئێمە باسمان کرد سەبارەت بە قەرینی شەیتانی کە گوتمان هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەم نەخۆشیە، وە چارەسەری سەرکەوتوو کاریگەر و کارا بریتیە لە کۆمەڵێك ڕێگەی نائاسایی یان دەرمانی بە گێڕانەوەی تەندروستی کەسەکە لەڕووی ڕۆحییەوە، ئەوکارەش لەلای ئێمەی موسوڵمان بریتیە لە گەڕانەوە بۆ سەر ڕێگەی

ڕاست و و بەردەوامبوون و خۆڕاگری لەسەر بەرنامەی خودا لە پابەندبوون بە حەلاڵ و دوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان.

ئەوەی کە خۆرئاواییەکان پێی دەڵێن چارەسەری هەڵسووکەوتی ئێمەی موسوڵمان پێی دەڵێن چارەسەری خودایی لەبەر ئەم ئایەتە پیرۆزەی کە دەفەرمێت: ﴿فاستقم كما أُمرت﴾ واتە: خۆڕاگر بە لەسەر ئەوەی کە فەرمانت پێکراوە.

با ئێستە باسی ئەوە بکەین کە دکتۆر شوارتز لە کێتبەکەیدا باسی کردووە و بزانین شێوازە چارەسەرییە هەڵسووکەوتیەکەی چۆنە کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بلاۆ کراوەتەوە[١٩].

ئەم شێوازەش باوترینی ئەو شێوازە نوێیانەیە لە ئێستادا بۆ چارەسەری نەخۆشی وەسواسی قەهری بەلای خۆرئاواییەکانەوە، کە لە چوار هەنگاو پێکهاتووە بۆ گۆڕینی پێکهاتەی کیمیایی مۆخی مرۆڤ کە دەبێتە هۆی ئەم نەخۆشییە، ئەوەش بە چارەسەری زاتی.

دکتۆر شوارتزز سەبارەت بەم شێوازە لە چارەسەر لە کتێبەکەیدا دەڵێت:

مۆڵەتم بدەن باسی ئەو چوار هەنگاوەتان بۆ بکەم کە دامهێناون بۆ گۆڕینی پێکهاتەی کیمیایی مۆخی مرۆڤ، سەرەتا دەست دەکەم بە پێشکەشکردنی کۆمەڵێك زانیاری تەواو بۆ ئەنجامدانی ئەم چوار هەنگاوە، ئەوەش لەڕێگەی خوێندنەوەی کتێبە کورتەکەمەوە بۆ چارەسەری زاتی.

---

[١٩] سەرچاوە WWW GEICITIES. COM

ئەگەر تۆ وەسوەسەت هەیە و زاڵبووە بەسەرتدا و کۆمەڵێك داب و نەریتی ناچاریت هەیە، دڵنیابە دڵخۆش دەبیت کاتێك زانیاری لەبارەی ئەم پێشکەوتنە سەرەکیانەوە پەیدا دەکەیت لە چارەسەری ئەم حاڵەتەدا، بەدرێژایی بیست ساڵی ڕابوردوو ئەوە سەلمێنراوە کە چارەسەری هەڵسووکەوتیی زۆر کاراو کاریگەرە لەچارەسەری نەخۆشیەکانی وەسوەسەی قەهریدا، کە بە ئۆ سی دی ناسراوە.

مانای چەمکی چارەسەری خودی– وەك بەشێك لە شێوازی چارەسەری هەڵسووکەوتی– بە پێشکەوتنێکی گەورە دادەنرێت، من فێرت دەکەم کە چۆن ببیتە چارەسەرکاری هەڵسووکەوتی شەخسی، بەجۆرێك کە توانات هەبێت بەسەر خۆتدا و پێداگر بیت لەسەر ئەنجامدانی داب و نەریتە قەهری و تۆپزیەکان، وە چۆن شارەزای کۆمەڵێك شێوازی نوێ دەبیت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وەسوەسە بێزارکەرەکاندا کە دڵ و دەروون و ژیانیان داگیر کردویت، ئەوەش لە ڕێگەی فێرکردنی تۆوە دەبێت بۆ کۆمەڵێك حەقیقەت و ڕاستی سەبارەت بە نەخۆشی وەسواسی قەهری و ناساندنی حەقیقەت و ڕاستی ئەو نەخۆشییە بەتۆ کە بریتیە لە حاڵەتێکی باش کە وەلامی چارەسەرە پزیشکیەکان دەداتەوە، ئێمە لە زانکۆی UCLA بەم حاڵەتە دەڵێین (چارەسەری زاتی هەڵسووکەوت زیندەیی مەعریفی).

ووشەی cognitive لە ووشەی مەعریفەی لاتینیەوە دروستکراوە، زانست ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لەم شێوازەدا بۆ فێرکاری شێوازە سەرەتاییەکانی چارەسەری هەڵسووکەوتی.

تۆێژینەوەی زانستی ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە شێوازی (تووش کردن و نەهێشتنی وەلامدانەوە) دوو شێوازی کاراو کاریگەرن لە چارەسەری

هەڵسووکەوتیدا بۆ نەخۆشی وەسواسی قەهری، لە شێوازە کۆنەکانی تووش کردن و وەلأمنەدانەوەدا کەسانی تووش بوو بە نەخۆشی وەسواسی قەهری –کە لەژێر چاودێری هەمیشەیی چارەسەرکارێکی دەروونی پسپۆڕدان– خۆیان تووش دەکەن بە کۆمەڵێك کاریگەرییەوە کە ئاستی توندی وەسوەسەکان و داب و نەریتە قەهرییەکانیان بەرز دەکاتەوە، دواتر فێری ئەوە دەبن کە چۆن ڕووبەڕووی وەلأمدانەوەی ئەم پێداگرییە دەبنەوە بە شێوازی قەهری کە لەسەری ڕاهاتوون، بۆ نمونە داوا لەو کەسانە دەکرێت کە وەسوەسەی ترسیان هەیە– بەشێوازێکی نا لۆژیکی– کە خۆیان تووشی پیس بوون بکەن(واتە خۆیان چڵکن بکەن) داوایان لێ دەکرێت شتێکی پیس و چڵکن بخەنە ناو دەستیانەوە، دواتر داوایان لێ دەکرێت کە بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی سێ سەعات دەستەکانیان نەشۆن.

ئێمە هەندێك چاکسازیمان لەم شێوازەدا کردووە بۆ ئەوەی ڕێگە بەتۆ بدرێت خۆت ئەنجامی بدەیت، ئەم شێوازەش پێیدەگوترێت شێوازی ڕێگری لە وەلأمدانەوە، چوونکە تۆ فێر دەکرێیت کە وەلأمی داب و نەریتە پێداگرییەکان نەدەیتەوە و بیانگۆڕیت بە کۆمەڵێك داب و نەریتی نوێی بنیاتنەر، ئێمەش ئەم شێوازە بە (هەڵسووکەوتی زیندەیی) ناوزەد دەکەین، چوونکە کۆمەڵێك زانستی نوێ بەکار دەهێنین کە پشت بە بنەمایەکی بایۆلۆجی دەبەستن بۆ نەخۆشی وەسواسی قەهری، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هاوکاریت دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو وەلأمدانەوانەی کە قەلەقی دروست دەکەن، هەروەها هێزیشت زیاد دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نیشانە بێزارکەرەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری.

شێوازەکەی ئێمە جیاوازە لەو شێوازە کۆنەی ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێگری لەوەلأمدانەوە، ئەوەش لەیەک شتی زۆر بنەڕەتیدا. ئێمە شێوازی چوارهەنگاومان داهێنا کە دەبێتە هاندەر و پشتیوانێکی بەهێز بۆ تۆ لەکاتی هەستانت بەچارەسەری خۆت لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێگری لە وەلأمدانەوە، بەبێ ئەوەی کە هیچ کەسێکی چارەسەرکارت لەگەڵدا بێت، بیرۆکە سەرەکییەکە پشت دەبەستێت بە ناسینی ڕاستەقینەی تۆ بۆ ئەم وەسوەسانە، لەڕێگەی ئەم ناسینەشەوە دەتوانیت ئەم ترسانە و ئەو حاڵەتە قەلەقیانە بەڕێوەببەیت کە نەخۆشی وەسواسی قەهری لەدڵ و دەروونی تۆدا دروستی دەکات، کۆنترۆڵکردنی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیانە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی کاردانەوەکانت بە شێوازێکی زۆر کاریگەر، ئەوکات زانستێکی بایلۆجی و هەست و ئیدراکێکی هۆشیارانە بەکاردێت بۆ یارمەتیدانی تۆ بۆ ئەنجامدانی ڕووبەڕووبوونەوە و وەلأم نەدانەوە لەلایەن خودی خۆتەوە.

ئەم شێوازەش لە چوار هەنگاوی بنەڕەتی پێك دێت کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- دووبارە ناوی لێ بنێرەوە.

٢- ڕێژەکەی دووبارە بکەرەوە.

٣- تەرکیز دووبارە بکەرەوە.

٤- هەڵسەنگاندن دووبارە بکەرەوە.

ئامانجیش لەمکارە بریتیە لە ئەنجامدانی ئەم هەنگاوانە بەشێوەیەکی ڕۆژانە، سێ هەنگاوی یەکەم زۆر گرنگن - بەتایبەت - لەسەرەتای چارەسەرەکەوە، چارەسەری زاتی بریتیە لە بەشێکی سەرەکی ئەم

شێوازە کە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی نەخۆشی وەسوای قەهریت فێر دەکات بە شێوەیەکی ڕۆژانە.

با ئێستە دەستبکەین بە فێربونی ئەم چوار هەنگاوە:

هەنگاوی یەکەم: ناونانەکە دووبارە بکەرەوە.

هەنگاوی یەکەم و ناڕەحەتترین هەنگاو بریتیە لەوەی کە فێری ئەوە ببیت وەسواسی تۆپزی پێداگرییە قەهری و خۆسەپێنەکان لەیەکتری جیابکەیتەوە، ئەم هەنگاوە نایەوێت بە شێوەیەکی ڕووکەش ئەم هەنگاوە ئەنجام بدەیت، بەڵکو دەبێت تێگەیشتنێکی وورد بەدەست بهێنیت کە هەستی زۆر بێزارکەر لەم ساتەدا بریتیە لەوەسواسی تۆپزی یان پێداگری قەهری، بۆ ئەوەی ئەمکارەش ئەنجام بدەیت، زۆر گرنگە کە هەست و ئیدراکی هۆشیاری خۆت بەرز بکەیتەوە و باوەڕ بەوە بکەیت کە ئەم بیرو فیکرانە نیشانەی شڵەژانێکی نەخۆشییە.

لەبەرامبەر ئەم هۆشیارییەشدا هۆشیاری ئاسایی ڕۆژانەی نیمچە ئۆتۆماتیکی کە زیاتر ڕووکەش دەبێت، بەڵام ئیدراکی هۆشیارانە زۆر لەمە قوڵتر و ووردترە، دەتوانین لەڕێگەی تەرکیزەوە بەدەستی بهێنین، ئەمەش پێویستە تۆ مەعریفەی یەقینی و تۆماری زەینیت هەبێت سەبارەت بە نیشانەکانی ئەم خەیاڵانە سەپێنراوو پێداگریانە.

پێویستە لەسەرت کۆمەڵێك تێبینی فیکری بنوسیت، بۆ نمونە ئەمە تۆمار بکەیت" ئەم فیکرەیە تەنها وەسوەسەیەکە و بەس" وە " ئەم پێداگرییە تەنها پێداگریی و ئیلحاحێکی قەهرییە" هەربۆیە زۆر پێویستە کە ئەم بیرو فیکر و ئیلحاح و پێداگرییە تۆندانەی کە لەڕوو بایۆلۆجیەوە

دەگوازرێنەوە و بە شێوەیەکی پێداگرانە دەچنە ناو ئەقڵەوە بەباشی بەڕێوەببەیت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەموو هەوڵ و کۆششی خۆت بخەیتەگەڕ بۆ مانەوەت لەسەر هۆشیاری خۆت کە ئێمە ناوی لێ دەنێین بە چاودێری بێلایەن.

ئەوەش بریتیە لە هێزێکی چاودێر لەناخی ئێمەدا کە شیاویی و توانا دەبەخشێت بە هەموو کەسێك بۆ ناسینی جیاوازی نێوان ئەوەی کە حەقیقی و ڕاستیە و ئەوەی کە داهاتە و عەرەزییە، هەروەها توانای ئەوەشمان پێدەبەخشێت کە خۆمان لە حەزی پێداگر و ئیلحاحی نەخۆشی بپارێزین بۆ ئەوەی هێدی هێدی دەست بکات بە توانەوە و لەناو بچێت.

ئامانج لە هەنگاوی یەکەم بریتیە لە فێرکاری دووبارە ناونانەوەی وەسواسی پێداگری و تۆپزی لەنا ئەقڵی تۆدا بەوەی کە ئەوانە بریتین لە کۆمەڵێك خەیاڵات و شڵەژان، بۆ ئەوەی ئەم ناونانەش بە شێوەیەکی بەهێز و یەکلاکەرەوە ئەنجام بدرێت، بەم ناونانە دەستپێ دەکەم و ئەم جۆرە ناوانە بەکار دەهێنم و بۆ نمونە ناوی لێ دەنێم: سەپاندن و زاڵبوون"استحواذ" یان ناچاری "اضطرار" بۆ نمونە خۆت ڕابهێنە لەسەر گوتنی ئەم قسەیە: " من باوەڕناکەم یاخود هەست ناکەم کە دەستەکانم پیس بن، بەڵکو من بەدەست وەسواسیەوە دەنالێنم کە دەستەکانم پیسن" یان " من هەست ناکەم پێویستم بە شۆردنی دەستەکانم هەبێت، بەڵکو من بەدەست پێداگری و ئیلحاحێکی قەهریی خۆسەپێنەوە دەنالێنم بۆ ئەوەی بەزۆر وەلامی پێداگری دەروونی شۆردنی دەستەکانی خۆم بدەمەوە"

دەکرێت ئەم شێوازە تەنانەت لە هەموو جۆرە پێداگری و شڵەژانەکانیتردا پەیڕەو بکرێت، لەوانەش پێداگری و ئیلحاح بۆ دڵنیابونەوە

لە دەرگاکان و ئامێرە کارەباییەکان و ئەو ژمارەنەوە دووبارەیەی کە پێویست ناکات، هەربۆیە پێویستە کە فیکر و پێداگریی و ئیلحاحەکان جیا بکەیتەوە و بزانیت کە ئەوانە نەخۆشی وەسواسی قەهرین، لەم هەنگاوی یەکەمەدا —واتە ناونانەوەی دووبارە– بیرۆکەی سەرەکی تێیدا بریتیە لەوەی کە وەسواسی پێداگر و پێداگری و ئیلحاحە قەهرییەکان بەناوی ڕاستەقیەی خۆیانەوە ناو بنێیت، هەربۆیە بەوپەڕی هێز و باوەڕبەخۆبونەوە دووبارە ناویان لێ بنێرەوە، بۆ ئەوەی دەسبکەیت بەوەی کە بزانیت ئەم هەستە بریتیە لە ئاگادارکردنەوەیەکی بێمانا کە هیچ پەیوەندییەکی بە واقیع و ژیانی ڕاستەقینەوە نییە.

بەهۆی دەرئەنجامی ئەو توێژینەوە فراوانە زانستیانەوە ئێمە لەئێستادا دەزانین کە ئەم پێداگری و ئیلحاحانە هۆکارەکەیان بریتیە لە کۆمەڵێك شڵەژانی زیندەیی لە مۆخدا، لەکاتی ناونانیاندا بەناوە ڕاستەقیەکەی خۆیان کە کۆمەڵێك پێداگری و ئیلحاح و شڵەژانن، ئەمەش بەزانینی ئەوە دەست پێدەکات ئەم فیکرانە مانای ئەوەیان نییە کە هەڵیان گرتووە، بەڵکو کۆمەڵێك ئاماژەی بێمانان کە لە مۆخەوە دێن، هەروەها ئەوەش گرنگە بزانین کە تەنها ناونانەوەی ئەم فیکر یاخود ئەم پێداگریانە وایان لێ ناکات لەناو بچن.

لەڕاستیدا خراپترین شت لەوانەیە پێی هەستیت ئەوەیە کە هەوڵبدەیت بیشاریتەوە، بەدڵنیاییەوە سەرکەوتوو نابیت، چونکە فیکر و پێداگرییەکان هۆکارەکەیان زیندەییە و لەدەرەوەی ئیرادە و ویستی تۆدایە، ئەوەی کە دەتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت و تەحەکومی پێوە بکەیت بریتیە لە هەڵسووکەوتت لە کاردانەوە بەرامبەر بەم پێداگری و ئیلحاحانەدا.

لەڕێگەی دووبارە ناونانەوە دەزانیت حەقیقەتی شعوری تۆ بەرامبەر بەو ئیلحاح و پێداگرییەکان چیە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت کە هەرچییەك ئەو فیکرانە دەیڵێن ڕاستەقینە نییە، بەڵکوئانچ ئەوەیە کە فێر ببیت چۆن ڕووبەڕویان ببیتەوە، تۆڕێنەوە زانستیە نوێکان سەبارەت بە نەخۆشی وەسوای قەهری ئەوەیان ڕوونکردووەتەوە کە لەڕێگەی فێرکردنی چۆنیەتی ڕوبەڕوبوونەوەی وەسواسی و پێداگری و ئیلحاحەکان لەڕێگەی چارەسەری هەڵسووکەوتی (السلوکی)یەوە لەڕاستیدا دەتوانیت کیمیای زیندەیی بگۆڕیت کە دەبێتە هۆی نیشانەکانی وەسواسی قەهری.

بەڵام ئەوەش بزانە کە پڕۆسەی گۆڕینی کێشە بایلۆجیە بنەڕەتیەکە و هەروەها گۆڕینی پیداگری و ئیلحاح چەند هەفتەیەك یاخود چەند مانگێك کاتی دەوێت، ئەم پڕۆسەیەش پێویستی بە سەبر و هەوڵ و تێکۆشانی زۆر هەیە، بەڵام هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئەم فیکر و بیێداگری و ئیلحاحانە لە ماوەی چەند چرکە یاخود چەند خولەکێکدا تەنها دەبێتە هۆی داڕووخان و هەرەسهێنانی ووزەی کەسەکە و دڵەڕاوکێ و قەلەقی زیاتر. لەڕاستیدا پێداگری و ئیلحاحەکان خراپتر دەکات، لەوانەیە گرنگترین شتێك کە بکرێت فێری ببیت لەم چارەسەرە هەڵسووکەوتیەدا، ئەوەیە کە کاردانەوەی تۆ لەبەرامبەر ئەم فیکر و ئیلحاحا و پێداگریانەدا ئەوەیە کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆتدا بن ئیتر هەرچەندە بەهێز و بێزارکەریش بن، ئامانج ئەوە نییە کە تۆ کۆنترۆڵی خودی ئیلحاح و پێداگری و فیکرەکان بکەیت.

هەردوو هەنگاوی دواتر بۆ ئەوە دانراون کە یارمەتیت بدەن لەسەر فێرکردنی کۆمەڵێك ڕێگەی نوێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەتکردنەوەی کرداری هەڵسووکەوتی تۆ لەبەرامبەر نیشانەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری.

هەنگاوی دووەم: ڕێژەکە دووبارە بەرەوە.

خاڵی سەرەکی لەچارەسەری هەڵسووکەوتی زاتی و خودیدا بۆ نەخۆشی وەسواسی قەهری دەکرێت کە لە یەك ووشەدا کورتی بکەینەوە کە بریتیە لە: " من هۆکار نیم، ئەوە نەخۆشی وەسواسی قەهریە" ئەوە بانگەشەی ئێمەیە لەم جەنگەدا، ئەمە یادخستنەوەیەکە بەوەی کە وەسوەسە و پیداگری و ئیلحاحەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری هیچ مانایەکیان نییە، بەڵکو بریتین لە کۆمەڵێك ئاماژەی بێ مانا لەناو مۆخدا، چارەسەری هەڵسووکەوتی زاتی تێگەیشتنێکی قوڵترت پێ دەبەخشێت سەبارەت بەم حەقیقەتە، تۆ کار لەسەر بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی قوڵ دەکەیت کە تەفسیرکاری هۆکاری ئەوەیە کە بۆچی دەروون و نەفست هێندە پێداگری دەکەن بۆ دڵنیابوونەوە لە داخرانی دەرگاکە یاخود هۆکار ئەوەی کە ئەم وەسوەسانەی بۆ نمونە " دەستەکانم چڵکنن" ئەوەندە بەهێزن و ئەوەندەش هەیمەنەت و دەسەڵاتیان هەیە بەسەرتدا و ناچارت دەکەن کە گوێڕایەڵیان بیت.

ئەگەر تۆ بزانیت کە فیکرەکە نا لۆژیکیە، ئەی باشە بۆچی بە گوێی دەکەیت؟!

بۆ ئەوەی تێبگەین کە بۆچی ئەم فیکرەیە بەهێزە، وە ئایا بۆچی ئەم فیکرەیە لە بیرو مێشکماندا لاناچێت، ئەوە کلیلی بەهێزکردنی ئیرادەی تۆیە لە زۆرانبازی لەگەڵ پێداگری دەروونت بۆ شۆردنی دووبارە و چەند بارەی دەستەکانت یاخود داخرانی دووبارە و چەند بارەی دەرگاکە، ئامانجەکە بریتیە لە گێڕانەوەی ڕێژەیەکی زۆر وەسواس و پێداگری بۆ

سەرچاوە ڕاستەقینەکەی، هەروەها زانینی ئەوەی کە هەست و بیرکاری هۆکارەکەی بریتیە لە شلەژانێکی کیمیایی زیندەییە لە مۆخدا، کە بریتیە لە نەخۆشی وەسواسی قەهری، کە حاڵەتێکی نەخۆشیە، تێگەیشتن لە حەقیقەتەکەی هەنگاوی سەرەتایە بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی قوڵتر بەوەی کە ئەم نیشانانە بەوشێوەیە نین کە دەردەکەون، هەروەها فێری ئەوەش دەبیت کە بە جیدیەتەوە وەریان نەگریت.

لەناو مێشك و دەماخی مرۆڤدا پێکهاتەیەك هەیە کە پێی دەگوترێت (کودیت نیکلیوس). زاناکات توێژینەوەیان لەبارەی ئەم پێکهاتەیەوە کردووە، باوەڕیان وایە کە (کودیت نیکلیوس) بە شێوەیەکی باش کار ناکات لەوکەسانەی کە تووشی نەخۆشی وەسواسی قەهری بوون، تۆ دەتوانیت خەیاڵی ئەوە بکەیت کە (کودیت نیکلیوس) کە ناوەندی پرۆسەکانە یاخود وێستگەی پاڵاوتنی نامە ئاڵۆزەکان و بەرهەمهێنەرەکانە لە بەشی پێشەوەی مێشکدا، لەوانەیە ئەم بەشە لە مێشك بەرپرسی بیرکردنەوە و پلاندانان و تێگەیشتن بێت.

ئەم بەشە لەگەڵ پێکهاتەی دەستەخوشکیدا کە (بیوتایمون)ە و لە تەنیشتیەوە دێت، وەك هەر کەرەستەیەکی ئۆتۆماتیکی ناو ئۆتۆمبیل کار دەکەن، ئەم دوو پێکهاتەیە پێکەوە، پێیان دەگوترێت (ستراتیوم) کە نامەکان لە بەشە ئاڵۆزەکانی مێشکەوە وەردەگرن- کە کۆنترۆڵی جووڵەکانی جەستەیان لە ئەستۆدایە وەك هەست و بیرکردنەوە و پلاندانان- ئەو پەیام و نامانە وەردەگرن کە ئەم جووڵە و هەستانەیان تێدایە، ئەم دوو پێکهاتەیە هەروەك پارچەیەکی ئۆتۆماتیکی ناو ئۆتۆمبیل

پێکەوە کار دەکەن و جەخت لەسەر بەدەستهێنانی گۆڕانێکی خێرا و ئاسان دەکەنەوە لە هەڵسووکەوتێکەوە بۆ هەڵسووکەوت و کردارێکی تر.

کاتێك کەسێك لە ئێمە بڕیار دەدات هەڵسووکەوتێك بکات کە هەستە نامۆ و جوولّە نەخوازراوەکان پاك بکاتەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، ئەوەش بۆ ئەوەیە جوولّە خوازراوەکان بەشێوەیەکی خێرا و کارا ئەنجام بدات، بەم حاڵەتەوە گواستنەوەیەکی خێرا و ڕەوان بۆ کەرەستەکان هەیە، ئێمە زۆرێك لەم گۆڕانکاریە هەڵسووکەوتیانە بەوپەڕی سانایی و ئاسانیەوە لە ڕۆژە ئاساییەکاندا ئەنجام دەدەین. ئەم هەڵسووکەوتانەش ئەنجام دەدات بەبێ ئەوەی هیچ پێویستیەکی بەوە هەبێت کە بیریان لێ بکاتەوە.

هۆکاری ئەم پڕۆسەیە هەردوو پێکهاتەی (کودیت نیکلیوس) و (بیوتایمون)ە، بەاڵم لەحاڵەتی نەخۆشی وەسواسی قەهریدا وادیارە هۆکاری کێشەکە ئەوەیە کە گۆڕانە خێراکان لە فیکر و هەڵسووکەوتەکاندا بەهۆی کەموکوڕییەوەیە لە (کودیت نیکلیوس)دایە، بەهۆی ئەم کەموکوڕییەوە بەشی پێشەوەی مۆخ زیاد لە پێویست چاالك دەبێت و بەشێوەیەکی زیادەڕەوانە ووزە سەرف دەکات، بۆ ئەم بارودۆخەش نمونە بەسەیارەیەك دەهێنینەوە کە کەوتوەتە ناو چاڵێکی خۆڵەوە، سەیارەکە تایەکانی بەخێراییەوە دەسوڕێنەوە بەاڵم ناتوانێت لەو چاڵە بێتە دەرەوە بەبێ ئەوەی ڕانەکێشرێت.

لە نەخۆشی وەسواسی قەهریدا زۆرێك لە ووزەکان لە بەشی پێشەوەی مۆخدا بەکاردێن، ئەو ناوچەیەی کە ناوی ئۆربیتال کورتیکس، کە بازنەیەکی ئاشکراکردنی هەڵەکانی هەیە، بەاڵم وادیارە توانای گۆڕینی کەرەستەی نییە.

وای دابنێ کەرەستەیەکی دەستیت پێیە لەبری ئۆتۆماتیکی، لەڕاستیدا کەسی تووش بوو بە نەخۆشی وەسواسی قەهری کەرەستەیەکی دەستی هەیە کە لە ئیش دەکەوێت، هەربۆیە پێویستە کەرەستە یەدەکەکە بگۆڕێت، ئەمەش هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆری دەوێت، چوونکە مێشك بەرەو ئەو لەکارکەوتنە دەچێت، بەڵام وەك کەرەستەی یەدەکی سەیارە نییە کە لە ئاسن دروست کراوە کە خۆی ناتوانێت چارەسەری خۆی بکات، تووشبوانی نەخۆشی وەسواسی قەهری دەتوانن خۆیان فێری ئەوە بکەن کە چۆن ئەو کەرەستە دەگۆڕن لەڕێگەی چارەسەری هەڵسووکەوتی زاتیەوە، لەڕێگەی ئەم پڕۆسەیەشەوە دەتوانن پڕۆسەی گواستنەوەی کەرەستە لەکارکەوتووەکە یان شکاوەکە چاك بکەنەوە، ئێمە ئێستە دەزانین کە تۆ دەتوانیت ئەو کەموکوڕییە کیمیاییە زیندەییە چاك بکەیتەوە کە لەناو دەماخ و مێشکدا هەیە.

خاڵی سەرەکی لە گێڕانەوەی ڕێڕەدا ئەوەیە کە شوێکەوتەیی و توندی کە دەبنە هۆی نەخۆشی وەسواسی قەهری هۆکارەکەیان حاڵەتێکی نەخۆشیە، کە بەهۆ کەموکوڕییە لە کیمیایی زیندەیی مۆخدا کە وا لەم فیکر و پێداگری و ئیلحاحانە دەکات کە توند ببنەوە و پێداگر بن و ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی لەناو نەچن، هەربۆیە تۆ دەتوانیت ئەو کەموکوڕییە لە کیمیایی زیندەیی مۆخدا نەهێڵیت ئەگەر بێت و ئەو چوار هەنگاوە بگریتەبەر.

ئەوەش پێویست دەکات کە کاری جیدی لەسەر بکرێت لەلایەن تۆوە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك یاخود چەند مانگێك، لە ئێستادا تێگەیشتن لەو ڕۆڵەی کە مۆخ لە نەخۆشی وەسواسی قەهریدا دەیگێڕێت لە دروستکردنی

وەسوەسە و پێداگری و ئیلحاحەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ دوورکەوتنەوە لە یەکێك لەو شتانەی کە زیانی هەیە و ڕووخێنەری ووردیە کە تووشبوان بەو نەخۆشیە ئەنجامی دەدەن، کە بریتیە لە هەوڵێکی نەزۆك و بێ ئەنجام بۆ ڕزگاربون لە فیکر و پێداگری و ئیلحاحەکان، کە ناکرێت بە شێوەیەکی خێرا ڕزگارت ببێت لێیان.

بەڵام ئەوە بزانە کە نابێت وەڵامی ئەم فیکرانە بدەیتەوە و تەسلیمیان ببیت و هەرچیەك دەڵێن گوێڕایەڵیان بکەیت، بە جیدیەتەوە وەریان مەگرە، گوێیان بۆ مەگرە، چوونکە تۆ دەزانیت ئەوان چین، کۆمەڵێك بیرو فیکری بێمانان لە میشکەوە کە هۆکارەکەیان حاڵەتێکی نەخۆشیە کە بە نەخۆشی وەسواسی قەهری ناوزەد دەکرێت، ئەم زانیاریيە بەکاربهێنە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی ئەوەی کە ئەو بیرو فیکرە سەپێنراوانە داوات لێ دەکەن.

کاراترینی شتەکان کە تۆ بە ئاسانی دەتوانیت ئەنجامی بدەیت و میشکت بەرەو باشتر دەگۆڕێت لە دوورمەودادا، بریتیە لە فێربونی چۆنیەتی وەلانانی ئەم بیرو فیکر و هەستانە و بەردەوامبونت لەسەر ڕێگاکەت بۆ هەڵسووکەوتێکی تر، ئەوەش ئەو حاڵەتەیە کە ئێمە بە گۆڕێنی کەرەستە ناوزەدی دەکەین، هەربۆیە هەڵسووکەوتێکیتر ئەنجام بدە.

هەوڵی تۆ بۆ ئەوەی کە دڵەڕاکێ پاش دڵەڕاوکێ لەسەرت نەمێنێ، چوونکە دڵەڕواکێ نەخۆشی وەسواسی قەهری زۆر خراپتر دەکات، پێویستە شێوازی دووبارەکردنەوەی ڕێڕە بەکار بهێنیت، لەبەر ئەوەی یارمەتیدەرت دەبێت لەوەی کە خۆت لە ئەنجامدانی ئەو داب و نەریتە

نەزۆکانە بەدوور بگریت کە گوایە هەستێکی ڕاست و دروست بەدەست دەهێنیت.

بۆ نمونە، هەست کردن بە دادپەروەری و کامڵ بوون، لەکاتێکدا مرۆڤەکە دەزانێت کە پێداگری لەسەر بەدەستهێنانی ئەو هەستە ڕاست و دروستە هۆکارەکەی بریتیە لە کەموکوڕییەکی کیمیایی زیندەیی لەناو مێشکی مرۆڤدا، دەتوانیت ئەو پێداگری و ئیلحاح و دووبارەکردنەوەیە پشتگوێ بخەیت، ئەوەت لەبیر بێت کە: " من هۆکار نیم، هۆکارەکەی نەخۆشی وەسواسی قەهریە" دەتوانیت دەماخی خۆت بگۆڕیت هەستت وا لێبکەیت کە ئاسانکار بێت، ئەگەر بێت و گوێ لەو فیکرانە نەگریت و جێبەجێیان نەکەیت. ئەگەر پشتیوانی پێداگرییەکان بکەیت و جێبەجێیان بکەیت، لەوانەیە ئیسراحەتێکی دەروونی زۆر کاتی هەست پێبکەیت، بەڵام لەکاتێکی زۆر نزیکدا ئەو پێداگریانە هێندەیتر توند و تیژ دەبن، ئەمە لەوانەیە گرنگترین وانە بێت کە پێویستە تووشبوانی نەخۆشی وەسواسی قەهری هەستی پێ بکەن.

ئەمەش یارمەتیدەرت دەبێت لەسەر ئەوەی کە بەباشی تێبگەیت کە تۆ ئەو کەسە خەڵەتاوەیت کە هەموو جارێك تامی تاڵی نەخۆشی وەسواسی قەهری دەچێژیت.

هەنگاوی دووبارە ناونانەوە و دووبارە کردنەوەی ڕێژە لەیەك کاتدا کاریان پێ دەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە تێگەیشتنێکی قوڵترمان هەبێت بۆ ئەوەی کە بەڕاستی ڕوو دەدات، بەتایبەت کاتێك نەخۆشی وەسواسی قەهری ئازارێکی زۆرت بۆ دروست دەکات.

هەربۆیە دووبارە ناوی لێ بنێرەوە، یاخود بە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی ناوزەدی بکە، کە پێداگری و زیانە و منیش بەوپەڕی هۆشیاری تەواوەوە دەرك بەمە دەکەم، هەربۆیە خۆم بەدوور دەگرم لە تێگەیشتنی ڕووکەش بۆ ئەم نەخۆشی وەسواسی قەهرییە و تێگەیشتنێکی قوڵتر بەدەست دەهێنم بەوەی کە ئەم وەسوەسە و پێداگری و ئیلحاحانە بێجگە لە کەوتنەناو حاڵەتێکی نەخۆشیەوە شتێکیتر نییە.

هەنگاوی سێیەم: تەرکیز دووبارە بکەرەوە.

هەنگاوی دووبارەکردنەوەی تەرگیز بریتیە لە هەنگاوی کرداریی ڕاستەقینە، لەسەرەتادا لەوانەیە بەوجۆرە بیری لێ بکەیتەوە کە بریتیە لە ماناو چەمکی: " هیچ شتێك بەبێ ئازار و ناڕەحەتی بەدەست نایەت" بەکارهێنانی ئەقڵ دەبێت وەرزشی جەستەیی لەگەڵدا بێت، لە پڕۆسەی دووبارەکردنەوەی تەرکیزدا تۆ کارێکت هەیە و دەبێت دەستی پێ بکەیت، هەربۆیە دەبێت کە خۆت کەرەستە یاخود پارچەکە بگۆڕیت، ئەوەش بە هەوڵ و تێکۆشان و دەرکێکی هۆشیارانە پڕۆسەی کودیت نیکلیوس ئەنجام بدەیت کە ئەو هۆشیارییەی تۆ بەشێوەیەکی ئاسایی و ئۆتۆماتیکی ئەنجامی دەدات.

ئەو کردارەش بریتیە لە فێربونی تۆ بۆ ئەوەی کە کەی دەگوازیتەوە بۆ سلوك و هەڵسووکەوتێکی تر، بیر لەو پزیشکە نەشتەرگەرە بکەرەوە کە پێش نەشتەرگەریەکەی دەستەکانی بەباشی دەشوات، ئەم پزیشکە پێویستی بە سەعاتێکی تەوقیت کراو نییە کە پێی بڵێت کەی واز لە

دەستشۆردنەکەی بهێنێت، چوونکە پاش کەمێک لەو پڕۆسەیە هەڵسووکەوتی پاش ئەو خۆی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دێت.

پاش کەمێک هەستێکی بۆ دورست دەبێت کە پێی دەڵێت پڕۆسەی دەستشۆردنەکەی بەپێی پێویست ئەنجامداوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی وەسواسی قەهری بوون ناتوانن ئەو هەستە بەدەست بهێنن کە بۆ نمونە پڕۆسەی دەستشۆردنەکە کۆتایی هاتووە، یاخود کەی کۆتایی دێت، چوونکە فڕۆکەوانە ئۆتۆماتیکیەکە کە ئامادە دەکات بۆ مۆخ بۆ ئەوەی لە پڕۆسەی دەستشۆردنەکەوە بگوازێتەوە بۆ پڕۆسەی پاش ئەو لەکار کەوتووە.

ئەوەی زۆر باشە ئەوەیە کە ئەو چوار هەنگاوە بەزۆری لەکارکەوتن چاك دەکەنەوە، بیرۆکەی شاراوە لە پڕۆسەی دووبارەکردنەوەی تەرکیزدا ئەوەیە کە کار لەدەروبەری ئەو وەسوەسە و ئیلحاح و پێداگریانەی نەخۆشی وەسواسی قەهریدا بکەیت، ئەوەش لەڕێگەی گۆڕینی ڕاکێشانی سەرنجی کەسی نەخۆش بۆ شتێکیتر، تەنانەت ئەگەر بۆ چەند خولەکێکیش بێت، لەسەرەتادا لەوانەیە هەڵسووکەوتێکی دیاریکراو هەڵبژێریت بۆ گۆڕینی شۆردنەکە یاخود دڵنیابونە قەهریەکە، دەکرێت بە هەرکارێکی بنیاتنەرانە و بەچێژ بیگۆڕیت، بەتایبەت ئەگەر کارەکە حەزو خولیای کەسەکە بێت، بۆ نمونە، لەوانەیە بڕیار بدەیت پیادەڕەوی یاخود ڕاهێنان یان خوێندنەوە یاخود یاری بکەیت بە کۆمپیوتەر یان خەیاتی یاخود یاری تۆپی سەبەتە بکەیت.

کاتێك وەسوەسەت بۆ دروست دەبێت یەکسەر دەستبکە بە دووبارە ناونانەوەی ئەو وەسوەسەیە بەوەی کە ئەوە وەسوەسەیەی سەپێنراو

یاخود هەزێکی زۆر پێداگری ئیلحاحکاری نالەبارە، دواتر ڕێژەکەی دووبارە بکەرەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە تۆ تووشی حاڵەتی نەخۆشی وەسواسی قەهری بوویت، لەپاشان تەرکیزی ئاگاداربون سەبرەت بە کارێکیتر دووبارە بکەرەوە کە خۆت هەڵت بژاردووە.

دەستبکە بە پرۆسەی دووبارەکردنەوەی تەرکیز لەڕێگەی باوەڕ نەکردن بە نیشانەکانی وەسواسی قەهری یاخود هەزە پێداگر و ئیلحاحکەرەکان، بە خۆت بڵێ: " من هەست دەکەم بە یەکێك لە نیشانەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری، هەربۆیە من پێویستم بەوە هەیە کارێکیتر ئەنجام بدەم".

پێویستە لەسەرت خۆت ڕابهێنیت لەسەر شێوازێکی نوێ بۆ وەڵامدانەوەی وەسوەسە و ئیلحاح پێداگرییە دەروونییەکان ئەوەش لەڕێگەی ڕاستەکردنی وورياييی و ئاگاداری خۆت بەرەو شتێك کە جیاوازە لە نیشانەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری، ئامانجیش لەو چارەسەرە بریتیە لەوەستان لە وەڵامدانەوە و ملکەچ بوون بۆ نیشانەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری، لەگەڵ دانپێدانان بەوەی کە ئەو هەستە بێزارکەرانە بۆ ماوەیەکی کورت تەنگەتاوت دەکەن.

دواتر دەست دەکەیت بە کارکردن لەچواردەوری ئەواندا، ئەوەش بە ئەنجامدانی هەڵسووکەوتێکی جیاواز، فێری ئەوەش دەبیت کە ئەگەر هەست بە نەخۆشی وەسواسی قەهری بکەیت ئەوە مانای ئەوە نییە کە کۆنترۆڵی بەسەر کاروکردارەکانی تۆدا هەیە، لەبری وەڵامدانەوەی بۆ وەسواس و پێداگری و ئیلحاحەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری هەروەك ئەوە وایە کە تۆ پیاوێکی پرۆگرام کراو بیت، لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی

تەرکیزەوە هێز و توانای بڕیاردانت بۆ دەگەڕێتەوە، ئەوکات ئیتر ئەم شڵەژانە کیمیایی زیندەییانە لە مۆخدا کۆنترۆڵی تۆ ناکەن.

ڕێسای پازدە(١٥) خولەکی

دووبارەکردنەوەی تەرکیز پڕۆسەیەکی ئاسان نییە، ئەوە ڕاست نییە کە بڵێین چاوپۆشی لە فیکر و پێداگریی و ئیلحاحەکان و چوون بەرەو هەڵسووکەوتێکیتر پێویستی بە هەوڵ و کۆششێکی گەورە و تاملکردنی هەندێك لە ئێش و ئازار نییە، بەڵام ناکرێت مێشك و مۆخ بگۆڕدرێت مەگەرپاش فیربونی چۆنیەتی ڕوبەڕوبوونەوەی نیشانەکانی نەخۆش وەسواسی قەهری نەبێت، بۆ ئەوەی پاش تێپەڕینی کات لەو ئازارە کەم بکرێتەوە.

هەستاین بە پێشخستنی ڕێسای پازدە خولەك بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت ئەم پڕۆسەیە بەڕێوەببەیت، بیرۆکەکەش ئەوەیە کە وەڵامدانەوەی خۆت بۆ وەسوەسەیەکی خۆسەپێن و حەزێکی پێداگریکار دوا بخەیت، بۆ ئەوەی داب و نەریتێکی ناچاری ئەنجام بدەیت بۆ هەرکاتێك، باشتر وایە مەودای کاتی لانیکەم ١٥ خولەك بێت، ئەوەش پێش ئەوەی بیر لە وەڵامدانەوەی وەسوەسەکە یاخود حەزە پێداگریکارەکە بکەیتەوە.

بەڵام لەسەرەتادا یاخود ئەوکاتە کە پێداگرییەکە لەوپەڕی تووندیدایە پێویستت بەوە هەیە کە ماوەی چاوەڕوانیەکە کورتتر بێت، بۆ نمونە: ٥ پێنج خولەك بێت، بەڵام ڕێساکە هەمیشە هەمان ڕێسایە: وەڵامی هیچ وەسوەسەیەکی پێداگریکار مەدەرەوە هەتاوەکو کەمێك دوای نەخەیت.

ئەوەت لەبیر بێت کە ماوەی ئەم چاوەڕوانییە ماوەی چەقبەستن نییە، بەڵکو ماوەی کارکردنە بەشێوەیەکی چالاکانە، ئەوەش لەڕێگەی دووبارە ناونانەوە و دووبارە کردنەوەی ڕێژە و دووبارەکردنەوەی تەرکیزەوە، هەربۆیە پێویستە لەسەرت کە بەوپەڕی هۆشیاریەوە دەرک بەوە بکەیت کە تۆ دەتەوێت دووبارە ناوی ئەم هەستانە بنێیتەوە کە ئەمانە نەخۆشی وەسواسی قەهرین و بیاندەیتەوە پاڵ کەموکوڕی کیمیایی زیندەیی لە مێشکی کەسە نەخۆشەکەدا.

نەخۆشی وەسواسی قەهری هۆکاری دروستبوونی ئەم هەستانەیە، نابێت باوەڕ بە ڕواڵەتەکەی بکەیت، بەڵکو بریتین لە کۆمەڵێك پەیامی بێمانا کە لە مێشکەوە دێن، دوای ئەوە هەڵسووکەوتێکیتر ئەنجام بدە، دەتوانیت هەموو هەڵسووکەوتێکی چێژبەخش و بنیاتنەر ئەنجامبدەیت، پاش کۆتاییهاتنی ماوەی چاوەڕوانیەکە دووبارە پێداگرییەکە هەڵبسەنگێنەرەوە و پرسیار لەخۆت بکە ئەگەر هەر گۆڕانێك لە توندبونەوەیدا هەبوو ئەو گۆڕانە لە بیرو زەینتدا تۆمار بکە، چوونکە هەر گۆڕانکارییەك ئازایەتی و بوێریت پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی زیاتر چاوەڕوانی بکەیت، هەروەها فێری ئەوەش دەبیت هەرکاتێك ماوەی چاوەڕوانیەکەت درێژتر بێت ئەوا پێداگری و ئیلحاحەکەش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەمیشە ئامانجەکە ١٥ پازدە خولەك یان زیاترە.

هەرچەندێك ڕاهێنان بکەیت تێبینی ئەوە دەکەیت کە هەمان ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە تۆ ئەنجامی دەدەیت بەشێوەیەکی گەورەتر توندیەکەی زیاتر دەکات، بەگشتی هەرکاتێك ئەزموونی ڕێسای ١٥ خولەك بکەیت

پرۆسەکە ئاسانتر دەبێت. پاش ماوەیکی کەم لەوانەیە ماوەکە بگۆڕێت بە بیست ٢٠ یان سیی ٣٠ خولەك یاخود لەوماوەیەش زیاتر.

کاریگەری لەوەوە دێت کە تۆ ئەنجامی دەدەیت، زۆر گرنگە کە وورياييی خۆت بگۆڕیت و دوور بکەویتەوە لە وەسوەسە و ئیلحاح و پێداگری و بچیت بەرەو چالاکیەکی مەعقول، چاوەڕێ مەکە هەتاوەکو وەسوەسە و شعور و هەستەکە کۆتایی دێت، هەرگیز چاوەڕێی ئەوە مەبە کە لە چرکەیەکدا ئەو بیرو فیکرانە بڕۆن، لەمەش گرنگتر ئەوەیە هەرچیەك نەخۆشی وەسواسی قەهری داوات لێ دەکات ئەنجامی نەدەیت، لەبری ئەمەدا دەست بکە بە هەرچالاکیەکی بنیاتنەر کە بۆ خۆت هەڵیدەبژێریت، ئەوکات تێبینی دەکەیت کە دانانی ماوەیەکی زەمەنی لەنێوان سەرەتای پێداگری و ئیلحاحەکە و لەنێوان تەنانەت بیرکردنەوە لە وەلأمدانەوەکەدا ئەو حەزە پێداگرە کەم دەکاتەوە و دەیگۆڕێت.

لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر پێداگری و ئیلحاحەکەش نەگۆڕدرێت ئەگەر بەشێوەیەکی ئاساییش نەبێت (هەروەك چۆن هەندێکات ڕووەدات) تۆ فێری ئەوە دەبیت کە هەندێك کۆنترۆڵ و زاڵبوونت هەیە لەبەرامبەر کاردانەوەکانتدا لەبەرامبەر ئەو نامە و پەیامە بێمانایانەی مێشکدا.

ئەنجامدانی ئەم کردارەی ئیدراکە هۆشیارە و چاودێرییە بێلایەنە هێز و توانایەکی باشت پێ دەبەخشێت، بەتایبەت پاش سالأنێك لە هەست کردن بەوەی کە تۆ لەژێر کۆنترۆڵی هێزێکی نامۆدایت کە ناکرێت تەفسیر بکرێت، ئامانجی دوورمەودا لە دووبارەکردنەوەی تەرکیزدا ئەوەیە کە وەلأمی حەز و فیکرە و پێداگریکارەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری نەدەیتەوە.

بەڵام ئامانجی یەکەم ئەوەیە کە ماوەیەکی کاتی دابنێیت پێش ئەوەی داب و نەرێتێکی خۆسەپێن و پێداگر ئەنجام بدەیت، هەروەها فێری ئەوە ببیت کە ڕێگە بە هەستەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری نەدەیت کە کارو کردارەکانت سنوردار بکەن.

ئەم ئیلحاح و پێداگریانە لە هەندێکاتدا زۆر بەهێزن، لەوانەیە تۆش وەڵامیان بدەیتەوە. ئەم وەڵامدانەوەیە بنگەواز نییە بۆ ئەوەی تۆ بڕوخێیت، من دەرك بەوە دەکەم کە تۆ هەرکاتێك هەرچوار هەنگاوەکە جێبەجێ بکەیت فیکری و هەست و شعورەکانت دەگۆڕدرێن.

ئەگەر تەسلیم ببیت و پاش ماوەیەکی کورت وەڵامی فیکرە پێداگر و ئیلحاح کارەکان بدەیتەوە و تۆش لە قۆناغی دووبارەکردنەوەی تەرکیزدا بیت، ئەوکات بە هەوڵ و کۆششێکی تایبەتەوە کار بکە لەسەر دووبارەکردنەوەی ناونانی هەڵسووکەوتەکە، ئەوەش بزانە کە ئەمجارە نەخۆشی وەسواسی قەهری دایپۆشیویت، بیری خۆتی بهێنەرەوە کە: " من دەستەکانم نەشۆردووە لەبەر ئەوەی کە چڵکن زۆ پیس بوون، بەڵکو ئەمجارە بەهۆی نەخۆشی وەسواسی قەهرییەوە شۆردومە، بەڵام بۆجاری داهاتوو چاوەڕێی ماوەیەکی درێژتر دەکەم". بەم شێوازە دەکرێت سود لە هەمان ئەو وەڵامدانەوەیە وەربگریت چوونکە چارەسەری هەڵسووکەوتی تێدایە.

زۆر گرنگە دەرك بەم حەقیقەت و ڕاستیە بکەین، دووبارە ناونانەوەی ئەم پێداگریانە بەوەی کە پێداگرییەکە و بەجۆرێك لە چارەسەری هەڵسووکەوتی دادەنرێت، کە زۆر باشترە لە وەڵامدانەوەی ئەو پێداگرییە بەبێ ئەوەی کە چیەتی فیکریەکی زەینی تۆمار بکەیت.

هەربۆیە ڕووداوەکەمە ئەو کەسانەی کە جەخت لەسەر نەریتی دڵنیابونەوە لە خاڵی یارمەتی دەکەنەوە، بۆ نمونە دڵنیابونەوە لە داخستنی قوفڵ یان فڕێ یاخود دەزگای تر، ئەگەر کێشەی تۆ ئەوەیە کە دەتەوێت دڵنیابیتەوە لە قوفڵکردنی دەرگاکە، ئەوکات دەرگاکە دابخە لەگەڵ دەرکێکی هۆشیار و گرنگیدانی توند لە تێبینی کردنی قوفڵکردنەکە لە جاری یەکەمدا، بەمشێوازە ووێنەیەکی زەینیت لەلا دەبێت وەک مەرجەع بەتایبەت ئەوکاتەی کە وەسوەسەکە ئەیەوێت خۆی ئاشکرا بکات، چوونکە تۆ وادەزانیت کە وەسوەسەکە لەتۆدا دەردەکەوێت، هەربۆیە بە شێوازێکی زۆر لەسەرخۆو دیراسەکراو دەرگاکە دابخە و پڕۆسەی ئەو قوفڵکردنە لە بیرو زەینتدا تۆمار بکە.

بۆ نمونە: بە خۆت بڵێ: " ئێستە دەرگاکە داخراوە" یاخود " من ئێستە بەباشی دەبینم کە دەرگاکە داخراوە". تۆ ووێنەیەکی زەینی ڕوونت دەوێت کە دەرگاکە داخراوە، تەنانەت ئەگەر وەسوەسەی دڵنیابونەوە لەدەرگاکەشت بۆ بێت ئەوا دەتوانیت ڕاستەوخۆ دووبار ناوی بنێیتەوە.

دواتر بەخۆت بڵێیت: " ئەوە تەنها وەسوەسەیەکە، ئەوە نەخۆشی وەسواسی قەهرییە" ئەوکات دووبارە ئەم توند و شوێنکەوتەیی و پێداگرییە ناودەنێیتەوە بۆ ئەوەی جارێکیتر دڵنیابیتەوە کە ئەوە نەخۆشی وەسواسی قەهرییە، هەربۆیە بیرت دەکەوێتەوە کە: " من هۆکار نیم، ئەوە نەخۆشی وەسواسی قەهرییە، ئەوە تەنها شتێکی مێشکە" ئەوکات تەرکیز دووبارە دەکەیتەوە و دەست دەکەیت بە ئاوڕدانەوە بۆ چواردەوری پێداگرییەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری ئەوەش بە ئەنجامدانی هەڵسووکەوتێکیتر لەلایەن تۆوە.

بە بەکارهێنانی ووێنەیەکی زەینی ئامادە لەلایەن تۆوە بۆ قوفڵکردنی دەرگاکە –لەبەر ئەوەی تۆ ئەوەت بەووریایی و گرنگیپێدانەوە کردووە– دەتوانیت ئەم زانستە بەکار بهێنیت بۆ ئەوەی یارمەتیدەرت بێت بۆ دووبارە ووریابونەوە و ئاگاداربونەوەت لەسەر هەڵسووکەوتێکیتر بە شێوەیەکی کرداری.

هەبوونی دەفتەرێکی ڕۆژانە

زۆر گرنگە کە دەفتەرێکی ڕۆژانە هەبێت و تایبەت بێت بەچارەسەری هەڵسووکەوتی، وەک تۆمارێك بۆ سەرکەوتنەکانی دووبارەکردنەوەی تەرکیز، پێویستە دەفتەرەکە ڕازێنراوە و زەخرەفەدار بێت، فیکرەکەش ئەوەیە کە تۆمارێکی نوسراوت هەبێت بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکانت وەبیر بهێنێتەوە لەبواری چارەسەری هەڵسووکەوتی زاتیدا، دەفتەرەکە زۆر گرنگە، چوونکە تۆ دەگەڕێیتەوە بۆلای بۆ ئەوەی بزانیت کامە داب و نەریت و عادەتت یارمەتیدەرت دەبێت بۆ دووبارەکردنەوە و گێڕانەوەی تەرکیزت بە شێوەیەکی گەورەتر.

بەڵام– ئەمەش هەمان پلەی گرنگی هەیە– دەفتەرەکە یارمەتیت دەدات بۆ دروستکردنی متمانە بەخۆونت کاتێك دەبینی ژمارەی دەستکەوتەکانت لە زیادبوندان.

ئاسان نییە کە مرۆڤ بتوانێت ئەو داب و نەریتانە وەبیری خۆی بهێنێتەوە کە پێویستیان بەوە هەیە تەرکیزیان لەسەر بکرێت ئەوەش هەروەک دەڵێن لەگەرمەی شەڕێکدا لەدژی داب و نەریت و خوویەکی پێداگری خۆسەپێن، هەبوونی دەفتەری ناوبراو یارمەتیدەرت دەبێت بۆ گۆڕینی پارچەکە

بەتایبەت کە پێداگری و ئیلحاحەکە زۆر توند بێت یاخود کاتێک وەسوەسە و پێداگری و ئیلحاحەکان گەرم دەبن، ئەقڵت ڕاهێنان لەسەر ئەوە دەکات کە بیری ئەو شتانەت بکەوێتەوە کە لەڕابوردوودا لەگەڵتدا سەرکەوتوو بوون.

هەرچەندێك لیستی سەرکەتنەکانت گەورەتر بن ئەوە پاڵنەرێکی ڕۆحیت پێ دەبەخشێت، تەنها سەرکەوتنەکانت تۆمار بکە، هیچ پێویست بە تۆمارکردنی شکستەکانت ناکات، پێویستە فێر ببیت کە چۆن هانی خۆت بدەیت، ئەم شتەش پێویستی بەوە هەیە تووشبوانی نەخۆشی وەسواسی قەهری بە شێوەیەکی زۆر گەورە و فراوان فێری بین و بەباشی بیزانن و ڕاهێنانی لەسەر بکەن و ئەنجامی بدەن.

دڵنیابەرەوە لەوەی کە هانی نەفس و دەروونی خۆت دەدەیت، ئەوەش لەڕێگەی ئیدراکی تۆ بەشێوەیەکی هۆشیارانە سەبارەت بە سەرکەوتنەکانت لە بەکارهێنانی کۆمەڵێك نەریتدا بۆ دووبارەکردنەوەی تەرکیز، کە کۆمەڵێك پڕۆسەن و بەشێوەیەکی زۆر باش و تەواو ئەنجام دراون، پشتیوانی ئەم سەرکەوتنە بکە بە تۆمارکردنی لە دەفتەری چارەسەری هەڵسووکەوتی ڕۆژانەدا، خەڵاتێك بدە بەخۆت، تەنانەت ئەگەر ئەو خەڵاتەش ئەم قسەی بێت کە بەخۆت بڵێیت تۆ چەندە باشیت لەکارەکانتدا بۆ یارمەتیدانی نەفس و دەروونی خۆت.

زۆرێك لە خەڵکی ئەوە ئاشکرا دەکەن کە تەنانەت ئاسانترینی مەسەلەکان —وەك تۆمارکردنی نەریتێك لە دووبارەکردنەوەی تەرکیز و ناونانی بە: " سەرکەوتنی ئەمڕۆ" — بە دڵنیاییەوە یارمەتیدەر دەبێت لە بەهێزکردنی متمانەبەخۆبونیاندا.

هەنگاوی چوارەم: دووبارەکردنەوەی هەڵسەنگاندن

ئامانج لە هەرسێ هەنگاوەکەی پێشوو بریتی بوو لە بەکارهێنانی زانستی تۆ سەبارەت بە نەخۆشی وەسواسی قەهری – وەک حاڵەتێکی نەخۆشی کە هۆکارەکەی کەموکوڕییەکی کیمیاییە لە مۆخدا– بۆ یارمەتیدانی تۆ لە ڕونکردنەوەی ئەوەی کەی ئەم هەست و شعورە بەوجۆرە نییە کە دەردەکەوێت، بۆ ئەوە ڕەت بکرێنەوە دەبێت وەسواس و پێداگری و فیکرە خۆسەپێنەکان بە جیدیەتەوە وەربگریت، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆت بەدوور بگریت لە ڕێوڕەسمە ناچارییەکان.

بەاڵم تەرکیز بخەرە سەر کۆمەڵێك داب و نەریتی بنیاتنەر. دەتوانیت لە هەردوو هەنگاوی دووبارەکردنەوەی ناونان و دووبارەکردنەوەی ڕێژە تێبگەیت کە هەوڵ و کۆششێکی بەکۆمەڵن و پێکەوە کاردەکەن لەگەڵ دووبارەکردنەوەی تەرکیزدا، کۆی هەوڵەکان لە هەرسێ هەنگاوەکەدا، زۆرترە لە لایەنی کرداری هەریەکەیان بەتەنیایی، هەردوو پڕۆسەی دووبارەکردنەوەی ڕێژە و دووبارەکردنەوەی ناونان ڕێژەی چڕی فێربونەکە زۆر دەکەن لەکاتی ئەو هەوڵەی کە لە پڕۆسەی تەرکیزدا دەخرێتەگەڕ.

دەرئەنجامی ئەمەش دەستدەکەیت بە نەریتی هەڵسەنگاندنی ئەم وەسوەسە و پێداگرییە خۆسەپێنانە کە – پێش چارەسەری هەڵسووکەوتی– بەبێ هیچ شك گومان دووڵییەك پاڵت پێوە دەنێت کە هەندێك داب و نەریتی قەهری و خۆسەپێن ئەنجام بدەیت، بەاڵم پاش ئەنجامدانی گونجاوی هەرسێ هەنگاوەکەی پێشوو، تۆ بە تێپەڕینی کات

دەتوانیت بەهایەکی کەم و بچووک بدەیت بە زۆرێك لە وەسوەسە و پێداگرییە خۆسەپێنەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری.

دەستەواژەی چاودێری بێلایەنمان بەکارهێنا، کە بیرۆکەکەی لەلایەن فەیلەسوفی سەدەی هەژدەیەم (ئادەم سمیث)وە داهێنراوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەوە تێبگەیت کە ئەنجامی دەدەیت، کاتێك هەرچوار هەنگاوەکە بەکرداری دەکەیت لە (چارەسەری هەڵسووکەوتی زیندەیی ئیدراکیدا) بەڕێز سمیس هەستاوە بە وەسفکردنی چاودێری بێلایەن کە کەسێکە لە ناخی ئێمەدا و لەهەموو کاتێکدا لەگەڵ خۆماندا بۆ هەموو جێگەیەکی دەبەین، ئەمەش کەسێکە کە شارەزایی هەیە لەبارەی هەموو هەست و حاڵەت و بارودۆخەکانمان.

هەرکاتێك هەستاین بە بەهێزکردنی تێڕوانینی چاودێری بێلایەن، ئەوکات دەتوانین لە هەرکاتێکدا کە بمانەوێت بانگی بکەین، بەمشێوەیە دەتوانین نەفسی خۆمان ببینین لەکاتی ئەنجامدانی هەر هەڵسووکەوتێکدا، واتە دەتوانین هەڵسووکەوت و هەست و مەشاعیری خۆمان ببینین و وەك ئەو کەسە وابین کە هیچ دەستێوەردانێکمان لەبابەتەکەدا نەبێت، وەك کەسێکی چاودێر کە گرنگ نییە بەلایەوە چی ڕوو دەدات، هەروەك بەڕێز سمیس باسی کردووە.

خۆمان وا دادەنێین کە چاودێری هەڵسووکەوتە شەخسیەکانی خۆمانین، سمیس بەباشی لەوە تێگەیشتووە کە هێشتنەوەی تێڕوانینی چاودێری بێلایەن لە ئەقڵدا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا –هەمان بیرۆکەی ئیدراکی هۆشیارانەیە– کە پێویستی بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر هەیە، بەتایبەتە لە

کۆمەڵێك بارودۆخی بە ئازاردا، هەروەك سمیس دەڵێت: " پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانێکی تاقەت پرۆکێنی گشتی هەیە".

ئەو هەوڵ و تێکۆشانە گەورەیەی کە دکتۆر سمیس لەبارەوە نوسیویەتی پەیوەندی بەو هەوڵ و کۆششە چڕوپڕەوە هەیە کە پێویستە لە هەرچوار هەنگاوەکەدا ئەنجامی بدەیت، دەبێت نەخۆشانی تووش بوو بە وەسواسی قەهری هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر بخەنەگەر بۆ ئەوەی بگەن بە هۆشیاری چاودێری بێلایەن، یاخود نەفسی چاودێری ناوەوە، کە ووزەیەکت پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی حەزە خۆسەپێن و پێداگرەکانی نەخۆشیەکە بەرەو لەناوچوون و ئاوابوون بڕۆن.

دەبێت زانستی خۆت بەکاربهێنیت لەوەدا کە نیشانەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری تەنها بریتین لە کۆمەڵێك ئاماژەی بێمانا کە کۆمەڵێك نامە و پەیامی بێمانان و لە مۆخەوە دەردەچن، لەگەڵتدا دەبن هەتاوەکو بتوانیت تەرکیز دووبارە بکەیتەوە و پێویستە کامە پارچە بگۆڕیت، دەبێت سەرچاوەکانی ئەقڵت کۆبکەیتەوە، لەگەڵ هیشتنەوەی بیرۆکەی " من هۆکاری ئەم نەخۆشیە نیم، ئەوە نەخۆشی وەسواسی قەهرییە، من هۆکار نیم بەڵکو نەخۆشیەکە لە دەماخی منداید". ئەوە ڕاستە کە تۆ ناتوانیت لەسەرەتادا هەست و مەشاعیرەکانی خۆت بگۆڕیت، بەڵام خۆ دەتوانیت هەر لەو سەرەتایەوە هەڵسووکەوتی خۆت بگۆڕیت، بە گۆڕینی هەڵسووکەوتیشت تێبینی ئەوە دەکەیت کە هەستەکانت لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا دەگۆڕین، هەموو جەنگەکە لەم بیرۆکەیەدا کورت دەکرێتەوە: " لێرەدا کێ فەرمانڕەوایی دەکات؟ تۆ یاخود نەخۆشی وەسواسی قەهری؟".

تەنانە ئەگەر ئەو فیکرانە دات بپژشن و تەسلیم ببیت و وەلامی پێداگرییە خۆسەپێنەکانیش بدەیتەوە، هەر دەبێت هەست و ئیدراکی ئەوەت هەبێت کە ئەمە تەنها نەخۆشیەکە بەناوی وەسواسی قەهری، هەربۆیە پەیمان بەخۆت بدە کە لە جاری داهاتوودا بەوپەڕی سەرسەختیەوە ڕووبەڕووی دەبیتەوە.

کارکردن بە ڕێسای پازدە ١٥ خولەك بە شێوەیەکی بەردەوام و دووبارەکردنەوەی تەرکیز لەسەر هەڵسووکەوتێکی تر هەنگاوی دووبارەکردنەوەی هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدەیت، ئەوەیش ئەوەیە کە تۆ هەست دەکەیت گرنگیدان بە وەسوەسە هیچ مانایەکی نییە و فیکرە پێداگر و خۆسەپێنەکان بە جیدیەتەوە وەرنەرگریت، ئەوەت لەبیرە کە هۆکارەکەی بریتیە لە وەسواسی قەهری و هۆکاری ئەویش حاڵەتێکی نەخۆشیە، دەرئەنجام ئەوەیە کە تۆ نەخۆشی وەسواسی قەهری بە نرخ و بەهایەکی زۆر کەم و بچووك هەڵدەسەنگێنیت یان وات لێ دێت هیچ کاتێکی خۆت لە هەستکردن بە نەخۆشی وەسواسی قەهریدا بە زایە نادەیت، سەبارەت بە وەسوەسەش دەبێت بە شێوەیەکی کاراو گاریگەر هەڵسەنگاندن دووبارە بکەیتەوە.

دوو خاڵی سەرەتا یارمەتیدەرت دەبن لە هەنگاوی دووەمدا، کە ئەویش بریتیە لە دووبارەکردنەوەی ڕێژە، کە بریتین لە "پێشبینی بکە" و "قبوڵی بکە"، کاتێك ئەم دوو خاڵە ئەنجام دەدەیت ئەوا هەستاویت بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەیەکی چالاك، پێشبینی کردن واتە ئامادە و ئەوە بزانە کە ئەو هەستەت بۆ دێت.

هەربۆیە خۆت ئامادە بکە بۆی، نەوەک وەسواسیەکە کتوپڕ بدات بەسەرتدا، هەروەها "قبوڵی بکە" واتە ووزەکانی خۆت سەرف مەکە لە هێرشکردن بۆسەر خۆت چوونکە بیر لەم جۆرە فیکرانە دەکەیتەوە، تۆ هۆکارەکەی دەزانیت، هەروەها ئەوەش دەزانیت کە پێویستە لەسەرت لەدەروبەریدا کار بکەیت، ناوەڕۆکی فیکرەکانت چی بن توند بن یاخود جنسی بن یاخود خۆیان بە دەیان ڕێگە و شێواز نیشان بدەن، تۆ دەزانیت کە لەوانەیە لەیەک ڕۆژدا بەسەدان جار ئەو بیرو فیکرانە هێرش بکەنە سەر دڵ و دەروونت.

پێویستە لەسەرت هەموو جارێک خۆت بەدوور بگریت لە هەڵچوون و کاردانەوە وەک ئەوەی کە فیکرەیەکی نوێ بێت یان شتێکی چاوەڕوانکراو نەبووە، ڕەتی بکەرەوە کە لەناخەوە تووشی شڵەژانت بکات، هەروەها ڕەتی بکەرەوە کە خۆت تەنگەتاو بکەیت، بەتواناییت بەسەر وەسوەسەکەتدا دەتوانیت بەباشی بیناسیت بەتایبەت هەر لەو چرکەساتەی کە هێرشت بۆ دەهێنێت، هەربۆیە دەتوانیت دووبارە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوی لێ بنێیتەوە، لە هەمان کاتیشدا — بە شێوەیەکی زۆر چالاکانە— دەستدەکەیت بە دووبارە هەڵسەنگاندەوەی وەسوەسەکە.

کاتێک ئەو وەسوەسەیەت بۆ دێت تۆ ئامادەباشیت هەیە، لەئەوپەڕی ئامادەباشیدایت، بەباشی پێی دەزانیت، بەخۆت دەڵێیت: " ئەوە تەنها وەسوەسەیەکی گەمژەیە و هیچ مانایەکی نییە و شتێکی ناو مێشکە، هیچ پێویست ناکات گرنگی پێ بدەیت" ئەوەش بزانە تۆ ناتوانیت کارێک بکەیت کە ئەو فیکرەیە بشاردرێتەوە و دیار نە مێنێت و نەیەت بە بیرو مێشکدا.

بەڵام پێویست ناکات گرنگی پێ بدەیت، دەتوانیت فێری ئەوە ببیت کە بەردەوام بیت لەسەر ڕێگاکەی خۆت و بچیت بەرەو هەڵسووکەوتێکی تر، پێویست بە ووردبینی ناکات لەم فیکرەیەدا، بەرەو پێشەوە بڕۆ، لێرەدایە کە خاڵی سێیەم دەستێوەردان دەکات، واتە –قبوڵی بکە– بیر لە جەرەسی ئاگادارکردنەوەی ناو سەیارە بکە کە دوات لێ دەکات بۆ نمونە پشتوێنی سەلامەتی ببەستیت، بەهۆیەوە هەڵمەچۆ.

هەرگیز مەڵێ: " ناتوانم هیچ کارێك بکەم، هەتاوەکو جەرەسەکە خۆی لەکار دەکەوێت" بەوپەڕی ساناییەوە دەنگەکەی پشتگوێ بخە و لە ڕۆیشتن بەردەوام بە، چوونکە لە هەنگاوی دووەمدا فێری ئەوە بویت کە وەسواسی بێزارکەر هۆکارەکەی نەخۆشی وەسواسی قەهرییە و پەیوەندی بە کەموکوڕییەکی کیمیاییەوە هەیە لەناو مێشك و مۆخی مرۆڤدا، لە خاڵی – قبوڵ بکە– دا – کە هاوتەریبە لەگەڵ دووبارەکردنەوەی ڕێژەد– دا دەستدەکەیت بە هەستکردن بەم ڕاستیە بە شێوەیەکی قوڵ، لەوانەیشە بە شێوەیەکی ڕۆحی دەستبکەیت بە تێبینی کردنی ئەم حەقیقەتە.

خۆت تەنگەتاو مەکە، چوونکە شتێکی لۆژیکی نییە کە ڕخنە لە پاڵنەرە ناخیەکان بگریت تەنها لەبەر هەبوونی کەموکوڕییەك لە مۆخدا، بە قبوڵ کرنی واقیع و وەسوەسە خۆسەپێن و پێداگرەکان کە بوونیان هەیە، هەرچەندە خۆت پێت ناخۆشە، بەهۆی تۆیشەوە نییە، ئەوکات دەتوانیت لەهاتنەژوورەوەی ڕێژەیەکی زۆری ئەو دڵەڕاوکێیە کەم بکەیتەوە کە هۆکارە بۆ دووبارەبوونەوەی ئەم وەسوەسانە، هەمیشە ئەوە لە مێشکدا بهێڵەرەوە کە: " من هۆکار نیم، ئەوە نەخۆشی وەسواسی قەهرییە، من هۆکار نیم و ئەوە تەنها شتێکی مێشکیە و بەس".

زۆرانبازی و ململانێ لەگەڵ خۆتدا مەکە بۆ ئەوە ئەو فیکرەیە بڕوات، چوونکە دڵنیابە لە ماوەیەکی کورتدا ئەو فیکرەیە ناڕوات، لەمەش گرنگتر بیر لە پاشهاتە خراپەکان مەکەرەوە کە لە کارکردن بە وەسوەسەیەکی خراپەوە دێن، تۆ ئەوکارە ئەنجام نادەیت چوونکە لەڕاستیدا تۆ ئەوەت ناوێت، واز لە پەخنەی نەرێنی و ڕووخێنەر بهێنە کە تێیدا خۆت لەگەڵ خەڵکیدا بەراورد دەکەیت کە بیر لەم جۆرە فیکر و بیرکردنەوە دەگمەنانە دەکەنەوە.

سەبارەت بە بیرکردنەوە شاز و دەگمەنەکان، دەکرێت ڕێسای ١٥ خوولەك بگۆڕێت بۆ ڕێسای یەك (١) خولەك، یاخود تەنانەت بگۆڕێت بە ڕێسای ١٥ چرکە، پێویست بەوە ناکات ووەردەکاری لە فیکرەکەدا بکەیت ئەگەر تەنانەت لە بیرو زەینتدا بمێنێتەوە، دەتوانیت لە ڕێگەکەت بەردەوام بیت، لەڕاستیدا دەتوانیت بگوازیتەوە بۆ ئەو فیکر و هەڵسووکەوتەی کە بەدوای ئەودا دێت، بەمشێوەیە هەنگاوی دووبارەکردنەوەی تەرکیز وەك ئەوە وایە کە هونەرێکی جەنگی ئەنجام بدەیت، وەسوەسە و پێداگری و ئیلحاح دوو شتی زۆر، بەهێزن بەڵام لەڕاستیدا زۆر گەمژەن، ئەگەر ڕوبەڕوویان ببیتەوە و بەریەك کەوتنت هەبێت لەگەڵ هەموو هێز و توانایاندا و هەوڵی ئەوە بدەیت کە لەدڵ و دەروونی خۆت بیانکەیتە دەرەوە، دڵنیابە هەموو جارێك زاڵ دەبن بەسەرتدا.

هەربۆیە پێویستە خۆت بخەیتە کەنارەوە و لەچواردەوریاندا ئیش بکەیت و دواتر بچیت بۆ هەڵسووکەوتی دووەم، تۆ باش دەزانیت چۆن زیرەکی خۆت نزیکی خۆت بخەیتەوە لەبەرامبەر دووژمنێکی بەهێزەوە، لێرەدا وانەکە لە زاڵبوون بەسەر نەخۆشی وەسواسی قەهریدا تێپەڕ دەبێت،

چوونکه به گرتنەدەستی جڵەوی مەسەلەکە لە هەڵسووکەتی خۆتدا ئەوکات جڵەوی ئەقڵی خۆت دەگریت و لەپاشان جڵەوی ژیانی خۆیشت دەگریت بەدەستی خۆتەوە.

لە کۆتاییدا ووشەی ئامانجەکان بۆ هەموو توشبوویەکی نەخۆشی وەسواسی قەهری ئەمەیە: " ئێمە توشبووی نەخۆشی وەسواسی قەهری پێویستە لەسەرمان فێر ببین کە چۆن ڕاهێنان بە ئەقڵمان بکەین بۆ ئەوەی بیرو فیکر و هەستە بێماناکان بە جیدیەتەوە وەرنەگرین، پێویستە فێری ئەوە ببین کە ئەم هەست و فیکرانە ئەمانخەڵەتێنن، هەربۆیە هەڵدەستین بە گۆڕینی وەڵامدانەوەی ئەمجۆرە هەستانە و بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ و ماناوەند ڕاستیان دەکەینەوە، بەمشێوەیە کۆمەڵێك تێڕوانینی نوێ لە ڕاستەقینە بەدەست دەهێنین، هەروەها فێری ئەوەش دەبین کە تەنانەت هەستە خۆسەپێن و پێداگرەکانیش شتانێکی گواستراوەن و بەردەوامیان نابێت، ئەگەر بێت و وەڵامیان نەدەینەوە ئەوا بەدڵنیاییەوە بەرەو تەسکبونەوە و کەمبونەوە دەچن.

ئێمە هەمیشە ئەوە وەبیری خۆمان دەهێنینەوە کە ئەم هەستانە توند دەبن و داگیرمان دەکەن ئەگەر بێت و خۆمانیان ڕادەست و تەسلیم بکەین، هەربۆیە پێویستە لەسەرمان لە حەقیقەت و ڕاستی وەسواسی تێبگەین و دواتر ڕووبەڕووی ببینەوە، لەم ڕێگەیەدا و لەکاتی ئەنجامدانی کارکردن لەسەر ئەم چوار هەنگاوە بۆ چارەسەری هەڵسووکەوتی زاتی ئێمە کۆمەڵێك ڕێسا دادەنێین بۆ سەپاندنی دەسەلآت بەسەر نەفس و دەروونی خۆماندا بە هەموو ماناکانییەوە.

ئەوەش لەکاتی ڕوبەڕووبوونەوەی بنیاتنەر بۆ نیشانەکانی وەسوەسە و پێداگری و ئیلحاحەکانی نەخۆشی وەسواسی قەهری، ئێمە متمانەبەخۆبونی خۆمان زیاد دەکەین، هەست بە تام و چێژی ئازادیش دەکەین، ئەوکات هێز و توانامان بەرەوباشتر دەچێت بۆ ئەو بڕیارانەی کە خۆمان هەڵمانبژاردوون. ئەوەش بە تێگەیشتنمان لەم شێوازەی کە تێیدا خۆمان بەهێز دەکەین بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی نەخۆشی وەسواسی قەهری و بەکاریان دەهێنین و قەدری ئەو زاڵبوونەش دەگرین کە لە ڕێگەی ڕاهێنانی ئەقڵەوە لەسەر زاڵبوون بەسەر پێداگری و ئیلحاح و وەلامدانەوە ئۆتۆماتیکیەکان بۆ فیکر و هەستە نامۆکان بەدەستی دەهێنین، ئێمە هەست و ئیدراکێکی قوڵ بەدەست دەهێنین لەو شێوازەی کە توانامان پێ دەبەخشێت ژیانمان دووبارە بکەینەوە"[٢٠١].

ئەم شێوازە نوێیەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چارەسەری وەسواسی قەهری هەروەک ئێمەش و خەڵکانی پسپۆڕیش ئاماژەمان پێکرد تەنها لەسەر چارەسەری دەرمانی ڕاناوەستێت بەڵکو پێویستە چارەسەرێکی هەڵسووکەوتی پەروەردەیی و ئیمانی بۆ دەروونی مرۆڤایەتی بکرێت.

---

[٢٠١] کتێبی " مێشکی قوفڵ کراو" د – جیفری شواتز.

— ٥ —

پەیوەندی قەرینی شەیتانی بە شەیتانی گەورەوە

- ئیبلیس بنەڕەتی قەرینەکانی جنۆکەیە و یەکەمینی قەرینە خراپەکانی ئەوانە.
- سروشت و سیفەتەکانی قەرینی شەیتانی.

ئیبلیس بنەڕەتی قەرینەکانی جنۆکەیە و یەکەمینی قەرینە خراپەکانی ئەوانە

ئیبلیس ئەو بوونەوەرە لە ئاگر دروستکراوەیە کە لەگەڵ فریشتەکانی خودای گەورەدا بووە لە ئاسمان کاتێك خودای گەورە ئادەمی دروست کرد و فەرمانی پێکردن بەوەی کە کڕنۆشی ڕێز ببەن بۆ ئادەم، بەڵام ئیبلیسی نەفرەتی سەرکەشی کرد، لەوکاتەدا لەگەڵ فریشتەکاندا پەرستشی دەکرد هەرچەندە لە ڕەگەزی ئەوانیش نەبوو، بەڵ بەو خۆبەگەورەزانینەی فەرمانی خودای جێبەجێ نەکرد و سوجدەی بۆ ئادمی دروستکراوی خودای گەورە نەبرد و فەرمانەکەی پەروەردگاری خۆی جێبەجێ نەکرد و کەوتە بەر نەفرەتی ئەو زاتەوە. ﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ﴾

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿واذ قلنا للملائكة اسجدوا لأدم فسجدوا إلا إبليس أبى واستكبر وكان من الكافرين﴾ س البقرة آ ٣٤.

واتە: کاتێك بە فریشتەکانمان گوت کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن، هەموویان کڕنۆشیان برد بێجگە لە ئیبلیس نەبێت کە لە فەرمانی خودا سەرکەشی کرد و خۆی بەگەورەتر زانی و بوویە یەکێك لە کافران و بێباوەڕان.

لەسورەی الکهفدا دەفەرمێت ك ﴿إلا إبليس كان من الجن ففسق عن أمر ربه﴾ س الكهف آ ٥٠ واتە: بێجگە لە ئیبلیس نەبێت کە ئیبای کرد و کڕنۆشی نەبرد و لە فەرمانی خودای خۆی سەرپێچی کرد.

ئیبلیس بانگەشەی ئەوەی کرد ئەو ئاگرەی کە ئەمی لێ دروستکراوە زۆر باشتر و بەنرختر لەو قوڕەی کە ئادەمی لێ دروستکراوە، هەربۆیە خودای گەورەش لە ڕەحمەتی خۆی دەری کرد و بێبەش(أبلس) بوو لە ڕەحمەتی ئیلاهی و لە ئاسمانەوە خرایە سەرزەوی بەوپەڕی بێ ڕێزی و ناڵەباریەوە.

ئیبلیس لە جنۆکەکان بوو کاتێك لە ڕەحم و بەزەیی خودای گەورە دەرکرا بوویە باوکی شەیتانەکان و داینەمۆو بزوێنەریان بۆ لەخشتەبردنی خەڵکی و هەڵخەڵەتاندنیان.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿قال رب بما أغويتني لأزينن لهم في الأرض ولأُغوينهم أجمعين* إلا عبادك منهم المخلصين* قال هذا صراط علي مستقيم* إن عبادي ليس لك عليهم سلطانٌ إلا من اتبعك من الغاوين﴾ س الحجر آ ٣٨٩– ٤٢.

واتە: شەیتان گوتی: پەروەردگارا سوێند بێت لەبەر ئەوەی کە منت سەر لێ شێواو کرد هەرچی خراپەی سەرزەوی هەیە بۆیان دەڕازێنمەوە و هەموویان لە خشتە دەبەم، بێجگە لە بەندە موخلیس و دڵسۆزەکانت نەبێت، خودای گەورەش فەرمووی ئەوە ڕێگەی ڕاستی منە و ڕوون ئاشکرایە، تۆ هیچ دەسەڵاتێکت بەسەر بەندە موخلیسەکانی منداا نیە، بێجگە لەوانە نەبێت کە ساویلکەن و سەرکەشی دەکەن. ئەمەش ڕاستیەکەیە کە بەڕاستی شەیتان دووژمنی مرۆڤە.

یەکەمین کاری ئیبلیس کاتێك لەبەهەشت دەرکرا ئەوەبوو کە وەسوەسەی بۆ ئادەم و حەوا دروست کرد بۆ ئەوەی لە بەهەشت بیانخاتە دەرەوە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿فوسوس لهما الشيطان ليُبدي لهما ما وُري عنهما من سوءاتهما وقال ما نهاكُما ربكما عن هذه الشجرة إلا أن تكونا ملكين أو تكونا من الخالدين﴾ س الأعراف آ ٢٠. واتە: شەیتان وەسوەسەی بۆ دروست کردن بۆ ئەوەی عەیبە و شەرمگەیان دەربکەوێت، پێیگوتن دەزانن بۆچی خوداکەتان ئەم درەختەی لێ قەدەغە کردوون، تەنها لەبەر ئەوەیە کە نەبنە فریشتە یاخود نەبنە کەسانێکی نەمر.

باسی ئیبلیس یازدە جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، کە نۆیان باس لە سوجدە نەبردنی بۆ ئادەم دەکات دوو ئایەتیش باسی سەرباز و شوێنکەوتووەکانی و مانەوەی هەتاهەتایی ئەو نەفرەتیە دەکات لەناو ئاگری دۆزەخدا. ئیبلیس یەکەمینی و قەرینەکان و بنەڕەتەکەیانە و ئادەم و حەوای تووشی وەسوەسە کرد، هەتاوەکو سەرکەوتو بوو لە دەرکردنیان لە بەهەشتی بەرین، ئەو نەفرەتیە یەکەمین ئیلهامبەخش و کۆتا ئیلهامبەخشی زۆرپەتەکانیەتی لەو قەرینانەی کە ئادەمیزادەکانیان لە خشتە بردووە.

لەبەر ئەوەی کە قەرینەکان لە جنۆکەن و ئیبلیسیش هەر لە جنۆکەکانە سیفەتی دروستکراوو هەڵسووکەوتیان هەر یەکێکە، هەروەك لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر(ص)دا هاتووە.

کاری شەیتان لەگەڵ ئادەمیزاددا لە کاتی لەدایکبونیەوە دەست پێدەکات هەتاوەکو کاتی مردن.

هەروەك پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ما من مولود يولد إلا مسه الشيطان حين يُولد فيستهل صارخا من مسه إياه إلا مريم و إبنها}[٢١]. واتە: هەر منداڵێك لەدایك دەبێت شەیتان دەستی لێ دەوەشێنێت و کاریگەری دەکاتە سەری و دەقیژێنێت و هاوار دەکات، بێجگە لە مەریەم و کوڕەکەی نەبێت.

دواتر ئەبو هورەیرە کە گێڕەرەوەی حەدیسەکەیە دەڵێت: ئەگەر ویستتان ئەم ئایەتە بخوێنن:

﴿وإنى أُعيذُها بك و ذُريتها من الشيطان الرجيم﴾ س آل عمران آ ٣٦. واتە: من خۆی و نەوەکانی دەخەمە پەنای تۆوە بۆ ئەوەی لە زیانی شەیتانەکان پارێزراو بن.

هەروەها پێغەمبەر(ص) لە فەرموودەیەکیتردا دەفەرمێت: {ما من مولود إلا وقد عصره الشيطان عُصرة أو عُصرتين إلا عيسى ابن مريم ومريم}[٢٢]. واتە: هەر منداڵێك لەدایك دەبێت شەیتان جارێك یاخود دووجار دەیگوشێت بێجگە لە عیسای کوڕی مەریەم و مەریەم خۆی نەبێت.

دواتر ئەم ئایەتەی خوێند: کە دەفەرمێت: ﴿وإنى أُعيذُها بك و ذُريتها من الشيطان الرجيم﴾ س آل عمران آ ٣٦. واتە: من خۆی و نەوەکانی دەخەمە پەنای تۆوە بۆ ئەوەی لە زیانی شەیتانەکان پارێزراو بن.

ئەم شەیتانەش تەنها ئەو قەرینە دانراوەیە بۆ هەموو مرۆڤێك، لەوانەیە لێرەدا مەبەست لە ووشەی (المس) بریتی بێت لە دەگەڵیدانی دەرەکی لەلایەن شەیتانی نەفرەتیەوە، لەوانەیشە بەمانای دەگە و زیانی ناوەکی

---

[٢١] متفقٌ عليه.
[٢٢] رواه مسلم فى صحيحه.

بێت واته لەناخی مرۆڤەوە، خودای گەورە باشتر دەزانێت، لەو حەدیسە صەحیحەدا هاتووە کە موسلیم گێڕاویەتیەوە و دەفەرمێت: {إن الشیطان یجری من بنی آدم مجری الدم} واتە: شەیتان وەک خوێن لەناو دەمارەکانی ئادەمیزاددا هاتووچۆ دەکات. دواتر بەیارمەتی خودای گەورە باسی شوێنی قەرین دەکەین لەناو مرۆڤدا.

ئەگەر سەیرێکی ئەو ئایەت و حەدیسانە بکەین کە سەبارەت بە شەیتان هاتوون، دیارە کە بوونەوەرێکی ئاقڵە و هەستی هەیە و دەجوڵێت، بەوجۆرە نییە کە هەندێك لە تەفسیرکارەکان دەیڵێن: " مەبەست لە شەیاتینەکان ئەو نەزعە خراپ و هێزە پیسانەن کە لەدڵی مرۆڤەکاندا بوونیان هەیە، هەروەها مەبەستیش لە فریشتە ئەو نەزعە خێرانەن کە لەدڵ و دەروونی مرۆڤەکاندا بوونیان هەیە".

بەوجۆرەش نییە کە گروپێکیتر پێیانوایە جنۆکە بریتین لە میکرۆب و ڤایرۆسەکان کە زانستی نوێ ئاشکرای کردوون، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی کردووە.

ئیبلیس و زۆرپەتەکانی لە شەیتانەکان وەسف دەکرێن بە کۆمەڵێك سیفەتی جەستەیی و هەڵسووکەوتی، سیفەتە جەستەیی و دروستکراوییەکان بریتین لە سیفەتەکانی جنۆکە، لەوانەش:

سیفەتە دروستکراوی (الخَلقیە)کان:

١- خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿قال ما منعك ألا تسجد إذ امرتك قال أنا خیرٌ منه خلقتنی من نار وخلقته من طین﴾ س الأعراف آ ١٢ واتە: خودای گەورە فەرمووی باشە چ شتێك بوویە رێگرت کە سوجدە بۆ ئادەم نەبەیت؟

ئیبلیسیش گوتی: لەبەر ئەوەی کە منت لەئاگر دروست کردووە و ئەوت لە قوڕ.

هەروەها دەفەرمێت: ﴿وخلق الجان من مارج من نارٍ﴾ س الرحمن آ ١٥. واتە: جنۆکەی لە تۆپەڵە ئاگر دروست کردووە.

٢- جنۆکە چەندین شکڵ و شێوەیان هەیە، هەیانە خۆی لەسەر شێوەی مرۆڤ دەنوێنێت وهەیانە خۆیان لەسەر شێوەی وولاخ و گیانەوەران و مارەکان نیشان دەدەن، هەروەک لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(ص) دا هاتووە ئەگەر خۆیان لەسەر شێوەیەک بنوێنن مرۆڤ دەتوانێت بیانبینێت، ئەبو هورەیرە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: پێغەمبەر(ص) فەرمووی: {دوێنی عیفریتێکی جنۆکە هات بۆلام، بۆ ئەوەی نوێژەکەم پێ ببڕێت، بەڵام خودای گەورە زاڵی کردم بەسەریدا و ویستم ببەستم بەیەکێک لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە، بۆ ئەوەی بەیانی هەموتان بیبینن، دواتر ئەم قسەیەی برام پێغەمبەر سولەیمانم بیرکەوتەوە کە دووعا دەکات و دەفەرمێت ﴿رب اغفر لی وهب لی مُلکا لاینبغی لأحد من بعدی﴾ س ص آ ٣٥. واتە: خودایەگیان لێم خۆش ببە و دەسەلاتێکم پێ ببەخشە کە پاش من کەس هێز و دەسەلاتی لەوجۆرەی نەبێت.

٣- ئەوانیش وەک مرۆڤ هاوسەرگیری دەکەن و منداڵیان دەبێت، خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿أفتتخذونه وذریته أولیاء من دونی وهم لکم عدٌ بئس للظالمین بدلا﴾ س الکهف آ ٥٠ واتە: ئایا شەیتان و زوڕیەتەکانی دەکەن بە پشت و پەنای خۆتان، کە دووژمنی ڕاستەقینە و سەرسەختی ئێوەن، بەڕاستی ستەمکاران لەبرێکی خراپیان داناوە بۆ خودا. خودای گەورە سەبارەت بە ژنانی بەهەشت دەفەرمێت: ﴿فیهن قاصرات الطرف لم یطمثهن

إنسٌ قبلهم ولا جان﴾ س الرحمن آ ٥٦. واتە: ژنانێك لە بەهەشتدا بوونیان هەیە کە تەنها بسەیری مێردەکانیان دەکەن و نە مرۆڤ ونە جنۆکە پێشتر سەرجێی لەگەڵدا نەکردوون.

٤- ئەوانیش دەخۆن و دەخۆنەوە، ئیبن عومەر ڕەزای خودای لێ بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: {ئەگەر کەسێك لەئێوە نانی خوارد با بە دەستی ڕاست بیخوات، ئەگەر ئاوی خواردەوە با بەدەستی ڕاست بیخواتەوە، چوونکە شەیتان بە دەستی چەپ نان دەخوات و بە دەستی چەپیش ئاو دەخواتەوە}.

ئیبن قەیمی جەوزی دەڵێت: پێغەمبەری خودا ئەگەر دەستی بە نانخواردن بکردایە دەیفەرموو: بسم الله، لەپاشان فەرمانی دەکرد کەهەمووان بسم الله بکەن و دەیفەرموو: {ئەگەر کەسێك لە ئێوە نانی خوارد با بسم الله بکات، ئەگەر بیری چوو لەسەرەتاوە بسم الله بکات کاتێك بیری کەوتەوە با بڵێت: بەناوی خودا لەسەرەتاو کۆتاییەوە (بسم الله أوله وآخره)...}.

ئەوەی ڕاست و دروستە ئەوەیە کە پێویستە لەسەرەتای نانخواردنەوە مرۆڤ بسم الله بکات، چوونکە ئەوەی نەیکات شەیتان بەشدارە لەگەڵیدا لە نانخواردن و ئاو خواردنەوەکەیدا، پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {شەیتان لەو نانە دەخوات کە ناوی خودای تێدا نەهێنرێت}.

سیفەتە هەڵسووکەوتیەکان (الخُلُقیه):

١- ڕەجیم بەمانای ڕەجمکراوو دەرکراو دێت واتە دەرکراو لە ڕەحمەتی خودای گەورە هەروەك دەفەرمێت: ﴿فأذا قرأت القرآن فاستعذ بالله من

الشيطان الرجيم﴾ س النحل آ ٩٨. واتە: ئەگەر دەستت کرد بە خوێندنی قورئان پەنا بگرە بە خودای گەورە واتە: (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) بکە. هۆکاری ناونانی شەیتان بە ڕەجیم ئەوەیە کە سەرکەشی لە فەرمانی خودای گەورە کرد و سوجدەی ڕێزی بۆ ئادەم نەبردوو خودای گەورەش لە ڕەحمەتی خۆی دەری کرد و بێبەشی کرد.

٢- هەڵگەڕاوە، (المارد) خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿وحفظا من كل شيطان مارد﴾ س الصافات آ ٧ واتە: بۆ پارێزگاری لە هەموو شەیتانێکی هەڵگەڕاوەو سەرکەش، ئەم وەسفەش بۆ ڕەگەزی شەیاتینەکان گوتراوە، لەبەر هەڵگەڕانەوەیان لە گوێڕایەڵی خودای گەورە و جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکانی.

٣- وەسواسی خەناس (واتە دروستکەری وەسوەسە و دوورخەرەوەی مرۆڤ لە خودای گەورە) هەروەک خودای گەورە لە سورەتی الناس دا دەفەرمێت: ﴿قل أعوذ برب الناس* ملك الناس* إله الناس* من شر الوسواس الخناس* الذى يوسوس فى صُدُور الناس* من الجنة والناس﴾ س الناس آ ١ - ٦. واتە: ئەی پێغەمبەر(ص) بڵێ پەنا دەگرم بە خودای خەڵکی، پاشای خەڵکی، پەرستراوو پشتیوانی خەڵکی، لە خراپەی وەسواسی خەناس، کە دڵەڕاوکێ و وەسوەسە دەخاتە دڵی خەڵکییەوە، لە جنۆکە لە مرۆڤەکان.

هۆکاری ناونانی شەیتان بەم ناوە ئەوەیە کە: وەسوەسەی خراپ بۆ مرۆڤ دروست دەکات و عەبدەکانی خودای گەورە لە زیکر و یادی خودا دوور دەخاتەوە.

ئیبن عەباس دەڵێت: (شەیتان لەسەر دڵی مرۆڤ ئامادەیە، کاتێك سەهوی کرد و بیرناگا بوو وەسوەسەی بۆ دروست دەکات، کاتێك زیکری خودای کرد دووری دەخاتەوە، هەندێکیش دەڵێن: فوودەکات بە ناو دڵی مرۆڤدا لەکاتی ناڕەحەتی و دڵتەنگی و لەکاتی دڵخۆشیدا، کاتێك زیکر و یادی خودای کرد هەوڵ دەدات مرۆڤەکە لە خودا دوور بخاتەوە.

ڕاستترین و دروستترینی قسەی زانایان ئەوەیە کە ئیبلیس لە جنۆکەیە و ئەوەش بە ڕاشکاوی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە هەروەك دەفەرمێت: ﴿إلا إبليس كان من الجن ففسق عن أمر ربه﴾ س الكهف آ ٥٠ واتە: بێجگە لە ئیبلیس نەبێت کە سوجدەی نەبرد و لە جنۆکە بوو لەفەرمانی خودای گەورە لایدا. لە فریشتەکانیش نییە، چوونکە فریشتەکان لەفەرمانی خودای گەورە دەرناچن بەڵام ئیبلیس سەرکەشی کرد و فەرمانی خودای جێبەجێ نەکرد، فریشتە لە ڕووناکی دروست کراون، بەڵام شەیتان لە ئاگر خولقاوە، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوەو دەفەرمێت: ﴿وخلق الجان من مارج من نار﴾ س الرحمن آ ١٥. واتە: خودای گەورە جنۆکەی لە تۆپەڵە ئاگر دروست کردووە.

هەندێك لە زانایانی پێشینان و پاشینان کێشەیان هەبووە لەسەر ئەم بابەتە و جیاوازی بۆچوونیان هەبووە.

گوتویانە: ئیبلیس لە فریشتەکان بووە، بەڵگەشیان بەم ئایتە هێناوەتەوە کە دەفەرمێت: ﴿وإذ قلنا للملائكة اسجدوا لآدم فسجدوا إلا إبليس كان من الجن ففسق عن أمر ربه أفتتخذونه وذريته أولياء من دوني وهم لكم عدوٌ بئس للظالمين بدلا﴾ س الكهف آ ٥٠.

واته: کاتێك به فریشتەکانمان گوت: کڕنۆشی ڕێز بۆ ئادەم ببەن، ئەوانیش کڕنۆشیان برد بێجگە لەشەیتان(ئیبلیس) نەبێت کە لە جنۆکە بوو لەفەرمانی خودا لایدا، خودای گەورەش دەفەرمێت: باشە ئەی ئادەمیزاد ئایا شەیتان و زوڕیەتەکانی دەکەن بە پشتیوانی خۆتان بێجگە لە خودای گەورە، کە ئەوانە دووژمنی ئێوەن، بەڕاستی ستەمکاران لەبرێکی خراپیان بۆ خودای گەورە داناوە.

نمونەی ئەم ئایەتانە خودای گەورە بەردەوام ئیبلیسی لە فریشتەکان ئاراوتە (استثناء) کردووە ئەوەشی کە ئاراوتە دەکرێت لە ڕەگەزی ئەوشتەیە کە ئاراوتەکەی لێ کراوە (والمُستثنی لایکون الا من جنس المُستثنی منه).

ئەوەی ئەوان بەڵگەیان پێ هێناوەتەوە کە خودای گەورە ئیبلیسی لە فریشتەکان ئاراوتە کردووە، بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە نییە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن ناوبراو لە فریشتەکانە، چوونکە لەوانەیە گریمانی ئەوە هەبێت کە ئاراوتە کردنەکە(منقطع)[٢٣] بێت، چوونکە دەقی ڕاشکاومان هەیە لەسەر ئەوەی کە لە جنۆکەکانە.

حەسەنی بەصری دەڵێت: "بۆ یەك چاوتروکانیش ئیبلیس لە فریشتەکان نەبووە، چوونکە بنەڕەتی جنۆکە بووە، هەروەك چۆن ئادەم بنەڕەتی مرۆڤە".

---

[٢٣] واتە ئاراوتە کراوەکە(المُستثنی) لە ڕەگەزی ئاراوتە لێکراوەکە(مُستثنی منه) نەبێت، هەروەك دەگوترێت خەڵکی هاتن بێجگە لە مریشکێك، لێرەدا مریشکەکە لە ڕەگەزی خەڵکەکە نییە، ئەوەش ئاراوتە و (إستثناء) ی (المُنقطع)ە.

ئەوەی کە ئیبن تەیمییە لێکۆڵینەوەی تێدا کردووە ئەوەیە کە: "
شەیتان لە فریشتەکان بووە، وەک شێوەی، نەوەک وەک ڕەگەزەکەی.

***

-٦-

حاڵەتەکانی شەیتانی قەرین لەگەڵ مرۆڤدا

- بەشداربیەکانی قەرینی شەیتانی لەگەڵ مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا.
- باسکردنی هەندێك لە ئەزیەت و نازارەکانی قەرینی شەیتان بۆ مرۆڤ.

بەشداربیەکانی قەرینی شەیتانی

لەگەڵ مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا

قەرینی شەیتانی هەمیشە و هەردەم لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، ئەرکی ئەم قەرینەش ئازاردانی مرۆڤ و دایگرکردنی دڵ و دەروونیەتی، مرۆڤیش ئەمەی لەبیر دەچێت و نایزانێت مەگەر کەسێك کە خودای گەورە ڕەحمی پێ بکات، سەرەڕای ئەوەی کە خودای گەورە فەرمانی کردووە کە ئێمە شەیتان بە دووژمنی بوون و ئاشکرای خۆمانی بزانین، هەروەك دەفەمرێت: ﴿إن الشيطان لكم عدوٌ فاتخذوه عدوا إنما يدعو حزبه ليكونوا من أصحاب السعير﴾ س فاطر آ ٦. واتە: شەیتان دووژمنی ئێوەیە و ئێوەش بە دووژمنی خۆتانی بزانن، ئەو نەفرەتیە شوێنکەوتوو تاقمەکەی خۆی هان دەدات و بانگیان دەکات بۆ ئەوەی لە ئەهلی دۆزەخ بن.

ئەم فەرمانە خوداییە فەرمان بە مرۆڤ دەکات کە شەیتان بە دووژمنی خۆی بزانێت، واتە دووژمنایەتی لەگەڵدا بکات و ڕوبەڕووی ببێتەوە، نەوەك تەنها لەبەرامبەریدا بەرگری بکات، چوونکە خۆپاراستن لەچارەسەر باشترە.

بەشداریەکانی شەیتان لەگەڵ مرۆڤدا لە ژیانی ڕۆژانەدا چەندین شێوە و شکڵی جیاوازی هەیە، کە هەموویان هەڵگری ماناو مەبەستی ئازاردان و داگیرکردن و سەرگەردان کردنە هەر لەکاتی لەدایکبونەوە هەتاوەکو مردن، لێرەدا چەند دانەیەک باس دەکەین لەوانەش:

بەشداری شەیتان لەگەڵ مرۆڤ لە مالّ و منداڵدا

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿واستفزز من استطعت منهم بصوتك و أجلب عليهم بخيلك ورجلك وشاركهم فى الأموال والأولاد وعدهم وما يعدوهم الشيطان إلا غرورا﴾ س الأسراء آ ٦٤ واتە: بڕۆ چیت لەدەست دێت دڕێغی مەکە، هەرکەسێک کە توانیت لەو بەدبەختانە بەبانگکردن و هاندانیان بۆ تاوانکاری دایانبڕە و بەهۆی لەشکری سوار و پیادەی خۆتەوە هێرشیان بۆ بەرەو هاوبەشیان بکە لەمالّ و منداڵ و نەوەیاندا (واتە بە سامانی حەرام و منداڵی زۆڵ) ئەوەندەش بەڵێن و ئومێدیان پێ بدە سەریان لێ بشێوێنە، هەرچەندە بەڵێن و هاندانی شەیتان جگە لە فریودان و فێڵکردن و ساختەکاری شتێکی تر نییە.

هەروەها خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿إن عبادى ليس لك عليهم سلطانٌ وكفى بربك وكيلا﴾ س الأسراء آ ٦٥. واتە: تۆ هیچ دەسەلاتێکت بەسەر بەندەکانی مندا نییە، خودای تۆیان بەسە کە وەکیلیان بێت.

ئەمەش سەیر نییە، چوونکە هەروەک لەجەدیسەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد و پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: شەیتان وەک خوێن لەناو دەمارەکانی مرۆڤدایە.

ئامادەباشی شەیتان لە هەموو کاروبارەکانی مرۆڤ وەک خانوو خواردن و خواردنەوە

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {إن الشيطان يحضر أحدكم عند كل شيئ حتى يحضره عند طعامه، فأذا سقطت من أحدكم اللقمة، فليمُط ماكان بها من أذا ثم ليأكلها ولا يدعها للشيطان، فأذا فرغ فليلعق أصابعه فأنه لايدرى فى أي طعامه تكون البركة}[٢٤] واتە: شەیتان لە هەموو شتێکدا لەگەڵ ئێوە ئامادەیە، تەنانەت لەکاتی نانخواردنی مرۆڤیشدا ئامادە دەبێت، ئەگەر هاتوو پارویەک لەدەستی کەسێکتان کەوتە خوارەوە، با پیسیەکەی پاک بکاتەوە و دواتر بیخوات و بەجێی نەهێڵێت بۆ شەیتان، کاتێک نانخواردنەکەیشی تەواو بوو با بەجوانی پەنجەکانی بلێسێتەوە چوونکە نازانێت کام خواردنی بەرەکەتی تێدایە.

هەروەها لە حەدیسێکی تردا دەفەرمێت: {إذا دخل الرجل بيته فذكر الله عند دخوله وعند طعامه، قال الشيطان: لا مبيت لكم ولا عشاء، وإذا دخل فلم يذكر الله عند دخوله قال الشيطان: أدركتم المبيت وإذا لم يذكر الله عند طعامه قال: أدركتم المبيت والعشاء}[٢٥] واتە: ئەگەر مرۆڤ چوویە ماڵی خۆی و زیکری خودای کرد لەکاتی چوونە ژوورەوەکەی و لەکاتی نانخواردنیدا شەیتان دەڵێت: شەوتان باش نەبێت و نانەکەتان بە عافیەت نەبێت، بەڵام ئەگەر کەسەکە چوویە ژوورەوە و لەکاتی چوونە ژوورەوەیدا ناوی خودای نەهێنا، شەیتان دەڵێت شەوتان باش بێت، وە ئەگەر لەکاتی نانخواردنیدا

---

[٢٤] رواه مسلم فى صحيحه.
[٢٥] متفقٌ عليه.

ناوی خودای نەهێنا، شەیتان دەڵێت شەوتان باش و نانەکەشتان عافیەت بێت.

حوزەیفە دەڵێت: ئەگەر لەگەڵ پێغەمبەر(ص) لە نانخواردنێکدا ئامادەبوینایە پێش پێغەمبەر(ص) دەستمان نەدەبرد بۆ خواردنەکە هەتاوەکو پێغەمبەر(ص) دەستی بۆ دەبرد، جارێکیان لەنانخواردنێکدا لەگەڵی بووین، کەنیزەکێك هات و هەردەتگوت پاڵ پێوە دەنێن، ڕۆیشت بۆ ئەوەی دەستبکات بە نانخواردن، پێغەمبەر(ص) دەستی گرت، لەپاشان پیاوێکی دەشتەکیش هات و هەردەتگوت ئەویش پاڵی پێوە دەنێن، دەستی ئەویشی گرت و نەیهێشت یەکسەر دەست ببات بۆ خواردنەکە.

دواتر پێغەمبەر(ص) فەرمووی: {شەیتان لەخواردنێك دەخوات کە ناوی خودای تێدا نەهێنرێت، ئەو شەیتانە نەفرەتیە ئەو کەنیزەکەی هێنا بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵیدا بەشدار بێت، وە ئەو پیاوە دەشتەکیەشی هێناو وویستی لەگەڵ ئەویشدا نان بخوات، سوێند بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە دەستی شەیتان لەگەڵ دەستی ئەواندا بوو لەناو دەستی منداً} موسلیم گێڕاویەتیەوە.

هەروەها سەروەرمان دەفەرمێت: {کاتێك سەرەتای شەوداهات مەهێڵن منداڵەکانتان بچنە دەرەوە، چوونکە لەوکاتەدا شەیاتینەکان بلاّو دەبنەوە، کاتێك سەعاتێك لە عیشا تێپەڕی وازیان لێ بهێنن با بچنە دەرەوە، دەرگاکەت دابخە و ناوی خودا بهێنە و چراکانت بکوژێنەرەوە و بسم الله بکە، سەری دەفری ئاوەکەت داپۆشە و ناوی خودا بهێنە، قاپ و دەفرەکانیشت بەجوانی داپۆشە و ناوی خودا بهێنە هەرچەندە شتێکیشی لەسەرەوە بێت} متفق علیه.

بەشداری لە سەرجێی مرۆڤدا ئەگەر بسم اللّه نەکات

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ئەگەر کەسێك لە ئێوە وویستی بچێتە لای خێزانی و بڵێت: بسم الله خودایەگیان شەیتانمان لێ دوورببەرەوە و شەیتانیش لەو منداڵە دوور بخەرەوە کە دەیبەخشیت بە ئێمە، منداڵێکیان دەبێت کە شەیتان ناتوانێت زیانی پێ بگەیەنێت} متفقٌ علیه.

ئامادەبوون لە دەمەقاڵێکان و بەشداری کردنی تێیاندا

دوو پیاو لەلای پێغەمبەر(ص) دەستیان کرد بە دەمەقاڵێ یەکێکیان زۆر تورە بوو هەتاوەکو دەموچاوی ئاوساو پنگی پومەتی گۆڕدرا، پێغەمبەر(ص) فەرمووی: من ووشەیەك دەزانم ئەگەر ئەو کەسە بیڵێت ئەو حاڵە تورەییەی نامێنێت، ئەگەر بڵێت: (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم).

پیاوەکەش چوو بۆ لای کابرای تورە و قسەکەی پێغەمبەر(ص)ی بۆ گێڕایەوە و گوتی ئایا پەنا دەگریت بە خوداتی گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراو.

ئەویش گوتی: بۆ من چیم لێهاتووە؟ بۆ من شێتم! بڕۆ لاچۆ لەبەردەمم[٢٦].

هەوڵی دڵتەنگکردنی مرۆڤ لە خەوو بێداریدا

خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿إنما النجوى من الشيطان ليحزُن الذين آمنوا وليس بضارهم شيئا إلا بأذن الله وعلى الله فليتوكل المؤمنون﴾ س المجادلة

---

[٢٦] روا البخاری ومسلم.

آ ١٠. واتە: چپە چپ لە شەیتانەوەیە تەنها بۆ ئەوەیە کە ئیمانداران دڵتەنگ بکات، بەدڵنیاییەوە ئەو نەفرەتیە ناتوانێت هیچ زیانێکیان پێ بگەیەنێت، مەگەر خودا ویستی لەسەر بێت، ئیمانداران پشت بەخودای گەورە دەبەستن.

پیاوێکی دەشتەکی هات بۆلای پێغەمبەر (ص) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا لەخەومدا بینیم لە گەردنم دراو خڵۆربویەوە و منیش زۆر ناڕەحەت بووم، پێغەمبەریش(ص) بە کابرای دەشتەکی فەرموو: باسی ئەم خەوەت مەکە بۆ خەڵکی کە شەیتان لە خەونتدا یاری پێ کردویت.

جابیر دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر(ص) بووە پاش ئەوە ووتاری داوە و فەرموویەتی: کەستان باسی ئەوە مەکەن کە شەیتان لە خەودا یاری پێکردووە[٢٧].

هەوڵی تێکدانی عیبادەتی ئیمانداران دەدات

پێغەمبەر(ص) نوێژی کرد و دواتر فەرمووی: شەیتان خۆی نیشاندام و هێندە زۆری بۆ هێنام بۆ ئەوەی نوێژەکەم ببڕم، بەڵام خودای گەورە پشتیوانی کردم و زاڵبون بەسەریدا و دەرم کرد، ویستم ببەستم بە کۆڵەکەکەی مزگەوتەوە بۆ ئەوەی بەیانی بێن و هەمووتان ببینن، بیری قسەکەی سولەیمان پێغەمبەری برام کەوتەوە کە فەرمووی: ﴿رب اغفر لی وهب لی مُلکا لاینبغی لأحد من بعدی﴾ س ص آ ٣٥. واتە: خودایەگیان لێم خۆش ببە و دەسەڵاتێکم پێ ببەخشە کە پاش من کەس هێز و دەسەڵاتی

---

[٢٧] رواه مسلم فی صحیحه.

لەوجۆرەی نەبێت. خودای گەورەش بە سەرشۆڕی شەیتانەکەی گێڕایەوە دواوە و نەیتوانی نوێژەکەم تێك بدات[٢٨].

عوسمانی کوڕی ئەبی عاص سکالای ئەوەی هەبوو کە لە نوێژدا وەسوەسەی بۆ دروست دەبێت و بابەتەکەی لەلای پێغەمبەر(ص) باسکرد، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا شەیتان دەکەوێتە نێوان من و نوێژەکەم قورئان خوێندنەکەمەوە و لێم تێك دەدات، پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: ئەوە شەیتانێکە ناوی (خنزبە) ئەگەر هەستت پێکرد ئەوا پەنا بگرە بە خودای گەورە لەو نەفرەتیە و سێ جار تف بکە لەلای چەپی خۆت، عوسمان دەڵێت: بەوجۆرەم کرد، خودای گەورە ڕزگاری کردم لەو وەسوەسەیە[٢٩].

هەروەها پێغەمبەر(ص) فەرمووی: شەیتان دێت بۆلای کەسێکتان لە نوێژدا مویەك لە کۆمی دەبات و سەیری دەکات و دەزانێت ئەم کەسە دەستنوێژی شکاوە، نوێژەکەتان مەبڕن هەتاوەکو دەنگی بایەکە یاخود بۆنەکەی نەبیستن[٣٠].

ئیبن عەباس دەڵێت: شەیتان بەدەوری عەبدی ئیماندارا دێت بۆ ئەوەی نوێژەکەی بەتاڵ بکاتەوە، کاتێك هات فویەك دەکات لە کۆمی، ئەگەر ئەو حاڵەتەتان بۆ دروست بوو نوێژەکەتان مەبڕن هەتاوەکو دەنگی بایەکە یاخود بۆنی نەبیستن، دواتر دێت بۆلای و زەکەری دەگوشێت دەبینێت شتێکی لێ هاتە دەرەوە، با نوێژەکەی نەبڕێت هەتاوەکو دڵنیا نەبێتەوە.

---

[٢٨] متفقٌ علیه.
[٢٩] رواه مسلم ف صحیحه.
[٣٠] رواه أحمد.

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {کاتێك بانگی نوێژ دەدرێت شەیتان پشت هەڵدەکات و بایەکی لێ بەردەبێتەوە بۆ ئەوەی بانگەکە نەبیسترێت، کاتێك بانگیش تەواو بوو دیسان دێتەوە، کاتێك نوێژەکەش تەواو بوو دەڕوات، کاتێك دەستدەکرێت بە ویرد و زیکرەکانی پاشی نوێژ دووبارە دێتەوە بۆ ئەوەی وەسوەسە بۆ نوێژ خوێنەکان دروست بکات و دەڵێت ئەوە بڵێ و ئەوە بڵێ.... ئەوەندە ئەو شتانەی بۆ دووبارە دەکاتەوە کەسەکە لەبیری دەچێت چەند ڕکات نوێژی کردووە}[٣١].

پرسیار لە پێغەمبەر(ص) کرا سەبارەت بە ئاوڕدانەوەی مرۆڤ لە نوێژدا، ئەویش فەرمووی: {[٣٢]ئەوە دزی کردنێکە کە شەیتان لە نوێژی هەریەکە لە ئێوەدا ئەنجامی دەدات}.

حیمنەی کچی جەحش گوتی: من سوڕی مانگانەم زۆر زۆر بوو، چووم بۆلای پێغەمبەری خودا و باسەکەم بۆ گێڕایەوە و داوای فتوایەکم لێکرد، دەبینم لەمالّی زەینەبی کچی جەحشی خوشکمدایە، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا من ژنێکم سوڕی مانگانەم زۆر زۆرە تۆ چ ئامۆژگاریەکم دەکەیت، چوونکە بەڕاستی ناتوانم نوێژ و ڕۆژوو بەتەواوەتی ئەنجام بدەم؟

پێغەمبەر(ص) فەرمووی: لۆکە بەکار بهێنە خوێنەکەت ناهێڵێت.

ئەویش گوتی: زۆر لەوە زیاترە کە بە پەموو لۆکە بوەستێتەوە.

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: دەی کراسێك هەڵبگرە.

حیمنەش دەڵێت منیش گوتم: قوربان لەوەش زیاترە و بێزاری کردووەم و گیرم خواردووە بەدەستیەوە.

---

[٣١] متفقٌ علیه.

[٣٢] رواه البخاری.

پێغەمبەریش فەرمووی: دەی ئەوە یەکێك لە دەگە و نالەبارییەکانی شەیتانە.....هتد حەدیسەکە}[٣٣].

هەبوونی شەیتان لە توالیت و شوێنە پیسەکاندا

پێغەمبەری خودا کاتێك دەچوویە سەرئاوەدەست دەیفەرموو: {خودایە گیان من پەنات پێ دەگرم لە پیسی و پیساییەکان}[٣٤].

هەروەها دەفەرمێت: {ئەم چوونە سەرئاوە هەمیشە ئامادەیە بۆ مرۆڤ، هەرکاتێك کەسێکتان چوویە سەرئاو با بڵێت: {پەنادەگرم بەخودا لە پیسی و پیساییەکان}[٣٥].

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {پەردەی نێوان جنۆکە و شەرمگەکانی ئادەمیزاد کاتێك دەچێتە سەرئاو ئەوەیە کە بڵێت: بسم الله}[٣٦].

لە فەرموودەیەکی تریشدا دەفەرمێت: {پەردەی نێوان چاوی جنۆکەکان و شەرمگەی ئادەمیزاد کاتێك دەچێتە توالیت ئەوەیە کە بڵێت: بسم الله}[٣٧].

بەمشێوەیە دەبینین کە قەرینی مرۆڤ لە هەموو چرکەساتێکی ژیانی مرۆڤدا بەشداری دەکات و هەوڵی ئەوە دەدا ئازاری پێ بگەیەنێت بە هەموو شێوازەکان لە هەموو کارووبارەکانی ژیانی رۆژانەیدا، کە بەیارمەتی خودای گەورە دواتر باسیان دەکەین.

---

[٣٣] رواه احمد وابوداود والترمذی واالنسائی.
[٣٤] متفقٌ علیه.
[٣٥] رواه احمد والنسائی.
[٣٦] رواه ابن ماجة.
[٣٧] رواه الترمذی وصححه الألبانی فی الصحیح.

باسکردنی هەندێك لە ئازارەکانی قەرینی شەیتانی بۆ مرۆڤ

ئەزیەت و ئازارەکانی شەیتان بۆ مرۆڤ زۆر و هەمەجۆرن و بەپێی هەموو سەردەمەکان دەگۆڕدرێن، بەڵام گرنگترینیان بریتیە لە هەوڵی شەیتان بۆ ئەوەی مرۆڤ بخاتە ناو بازنەی کوفرەوە بە خودای گەورە و شەریك دانان بۆ ئەو زاتە کە ئەوەش ئامانجە گەورەکەیەتی، چوونکە ئەو کوفرە مرۆڤەکە بە هەتاهەتای لەئاگری دۆزەخدا دەهێڵێتەوە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿كمثل الشيطان إذ قال للأنسان اكفر فلما كفر قال إنى بريئٌ منك إنى أخاف الله رب العالمين* فكان عاقبتهما أنهما فى النار خالدين فيها﴾ س الحشر آ ١٥– ١٦. واتە: وەك شەیتان کاتێك بە مرۆڤ دەڵێت کافر ببە، کاتێك کەسەکەش کافر دەبێت یەکسەر شەیتانی نەفرەتی دەڵێت من لە تۆ بێ بەریم و من لەخودای گەورەی جیهانیان دەترسم، پاشەڕۆژی هەردووکیان ئەوەیە کە بە هەمیشەیی لەناو ئاگری سوتێنەری دۆزەخدا دەمێننەوە.

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {خوداکەم فەرمانی پێکردووم هەرچیەك ئێوە نایزانن فێرتانی بکەم، ئەوەی کە ئەمڕۆ فێری کردووم ئەوەیە کە دەفەرمێت: هەموو مالّ و سامانێك کە من بەخشیومە بە عەبدەکانم پاك و حەلاڵە، من بەندەکانی خۆم بە پاك و بێگەردی دروست کردووە، بەڵام شەیاتینەکان هاتن و لەئاینەکەیان دوورپان خستونەتەوە، هەربۆیە

هەرچیەك كە من بۆم حەلاڵ كردبوون لێیان حەرام كردوون، هەروەها فەرمانیان پێكردوون كە شەریك بۆ من بڕیاربدەن بەبێ هیچ بەڵگە و بیانویەك}[٣٨].

مرۆڤ لەسەر فیترەتی پاك لەدایك دەبێت، واتە لەسەر فیترەتی پاكی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، كە پاك و بێگەردی و لێبوردەیە، ئەوە دایك و باوكی مرۆڤەكانن كە ئاینی منداڵەكانیان دەگۆڕن، هەروەك لە حەدیسی صەحیحدا هاتووە، هەروەها شەیتان گومڕای دەكات و وای لێ دەكات كە شەریك بۆ خودا بڕیار بدات بەبێ هیچ بەڵگە و بیانویەك.

یەكێك لە ئازاردانەكانی قەرینی شەیتانی مرۆڤ بریتیە لە حەسودی و ئیرەیی، لەو نازو نیعمەتە زۆرانەی كە خودای گەورە پێی بەخشیوە، ئەگەر بێت و خۆی بە ئایەت و زیكر و دووعای تایبەتی بەو بواڕە بەهێز و تەیار نەكات تووشی ئەو كرداڕە ناپەسەندە دەبێت و ئیرەیی بە خەڵكی دەوروبەری خۆی دەبات.

پێغەمبەر(ص) لەماڵ دایكی ئیمانداران ئوم سەلەمەی خێزانیدا كەنیزەكێكی منداڵی بینی، كە نیشانەی لێدان و شەقازلە بەڕوومەتیەوە بوو، پێغەمبەر(ص) فەرمووی: دووعاو ڕوقیەی تایبەتی بۆ بخوێنن چوونكە جنۆكەكان سەیریان كردووە}[٣٩]. ئەوانیش ئەوكارەیان بۆ ئەنجامدا و دووعاو ڕوقیەی شەرعیان لە ئایەتە پیرۆزەكان بۆ خوێند بۆ ئەوەی ئەو تێڕوانین و چاوەی جنۆكەی لەسەر نەمێنێت.

---

[٣٨] رواه مسلم فی صحیحه.
[٣٩] رواه البخاری فی صحیحه.

عەینی لە کتێبی (عمدە القارئ) دا دەڵێت: " ئەوەی کە پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت (استرقوا لها) واتە کەسێك بهێنن کە ڕوقیەی شەرعی بۆ بخوێنێت، هەروەها ئەوەی کە دەفەرمێت (فأن بها النظرة) واتە جنۆکەکان سەیریان کردووە، واتە بووە بەچاوی پیسەوە".

ئیبن قەرقول دەڵێت: (النظرة) بە فەتحەی نونەکە و سکون ظائەکە واتە: چاوێك لە نەزەر و سەیرکردنی جنۆکە.

ئەبو عوبەید دەڵێت: واتە شەیتان دەگەی لێداوە.

خیتابی دەڵێت: چاوی جنۆکە لە تیغی نوك باریك تیژترە.

بە شێوەیەکی گشتی شەیاتینەکان دووژمنی شاراوە و سەرسەختی مرۆڤن کە لەدەستیان دەرناچێت.

هەوڵی دروستکردنی دووژمنایەتی و ڕق و کینە دەدەن لەنێوان خەڵکیدا بە چەندین شێوە و شێوازی جیاواز و شەیتانی گەورە یارمەتیدەری شەیاتینەکانی تر بۆ دروستکردنی ئەو ڕق و کینە و دووژمنکارییە لەناو خەڵکی و لەنێوان مرۆڤ و هاوسەرەکەیدا و لەنێوان منداڵ و باوکدا، هەروەك لەو حەدیسەدا هاتووە کە موسولیم لە صەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿یأیُها الذین آمنوا إنما الخمر والمیسر والأنصاب ولأزلام رجسٌ من عمل الشیطان فاجتنبوه لعلکم تُفلحون* إنما یُریدُ الشیطان أن یُوقع بینکم العداوة والبغضاء فی الخمر والمیسر ویصدکم عن سبیل الله وعن الصلاة فهل أنتم مُنتهُون﴾ س المائدة آ ٩٠ — ٩١. واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە دڵنیابن کە ئارەق و قومار و گۆشتی مالآتی سەربڕاو بۆ غەیری خودا و لەو شوێنانەی کە خەڵك بە پیرۆزی داناوە نەوەك ئیسلام، بورج و گوایە زانینی حەلاڵ و حەرام بەهۆی هەڵدانی زارەوە

ئەمانە هەمووی پیسن و لەکاروکردەوەی شەیتانن کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ بەدووربگرن و بۆ ئەوەی سەرفرازی و بەختەوەری لە هەردوو دوونیادا بەدەست بهێنن.

وەهەروەها بەربەست دروستکردن لەبەرەدەم زیکر و یادی خودا هەروەک لە ئایەتی ٦٨ ی سورەتی ئەنعامدا خودای گەورە باسی دەکات و دەفەرمێت: ﴿ویصدکم عن ذکر الله وعن الصلاه﴾ واتە: بەربەستتان بۆ دروست دەکەن و ناهێڵن زیکر و یادی خودا ئەنجام بدەن و نوێژەکانتان بەجێ بهێنن. ئەمەش لەگەورەترینی ئامانج و مەبەستەکنی شەیتانە کە دڵی بەندەکانی خودای گەورە بێئاگا بکات هەتاوەکو بە ئاسانی بتوانێت زاڵ ببێت بەسەریدا، ئەوەش بزانن کە زیکر و یادی خودا گەورەترین دوورخەرەوە و لەناوبەری وەسوەسەکانی شەیتانە.

خودای گەورە شەیاتینەکانی بە دوو سیفەتی بەرابەر وەسفکردووە کە بریتین لە (وەسواسی خەناس) وەسواس لە وەسوەسەوە هاتووە کە بریتیە لە قسەی دڵ و دەروونی مرۆڤ کە ئیبلیس دەیخاتە ناو دڵی ئادەمیزادەوە، خەناسیش واتە زۆر شاراوە، ئەوەش واتە کاتێک بەندەیەکی خودا زیکر و یادی خودای گەورە دەکات شەیتان خۆی دەشارێتەوە و ڕادەکات.

موجاهید دەڵێت: کاتێک زیکری خودا دەکرێت خۆی دەشارێتەوە و تەنگەتاو دەبێت، بەڵام ئەگەر زیکر و یادی خودا نەکرێت باڵدەکێشێت بەسەر دڵی مرۆڤدا.

هەروەها لە خشتە بردن و گومڕاکردنی زانایان: ئەمەش گەورەترینی ئەو شتانەیە کە شەیتان زۆر پێداگری لەسەر دەکات، چوونکە گومڕاکردنی زانایەک واتە گومڕاکردنی هەموو شوێنکەوتووەکانی، خودای گەورە باسی

زانایەکمان بۆ دەکات کە هەواو ئارەزوی خۆی فەزڵداوە بەسەر پەرستشی خودای گەورەدا و شەیتانیش توانیویەتی زاڵ ببێت بەسەریدا وبیکاتە یەکێك لەسەربازە گومڕاکانی خۆی، کە بووەتە سەرچاوەی گومڕاکردن و لەخشتەبردنی عەبدەکانی خودا، هەرچەندە پێشتر سەرچاوەی هیدایەت و ڕێنمونیان بووە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿واتل علیهم نبأ الذي آتیناه آیاتنا فانسلخ منها فأتبعه الشیطان فکان من الغاوین﴾ س اعراف آ ۱۷۵. واتە: باس و بەسەرهاتی ئەو زانایەیان بۆ بگێڕەرەوە کە ئایەتەکانی ئێمەی بۆ هات بەڵام خۆی دوورخستەوە لەبەرنامە و ئایەتەکانی ئێمە، دواتر شەیتان شوێنی کەوت و هەڵیخەڵەتاند و بوویە یەکێك لە گومڕایان و سەرکەشان. هەربۆیە پێویستە زانای موسوڵمان زۆر ووریا ببێت و ئاگاداری فڕو فێڵ و تەڵەکەکانی ئیبلیس بێت، دەبێت ئەوەش بزانێت کە زانستەکەی ناپارێزێت لە فێڵ و تەڵەکەکانی ئیبلیسی نەفرەتی و داوەکانی، خودای گەورەش بەهێز و توانای خۆی پارێزگاری لە بەندە پاك و بێگەردەکانی خۆی دەکات.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿وإما ینزغنك من الشیطان نزغٌ فاستعذ بالله إنه سمیعٌ علیم﴾ س اعراف آ ۲۰۰. واتە: کاتێك دڵەڕاوکێ یاخود دڵەخورپەیەکی شەیتانت بۆ دورست دەبێت پەنا بگریت بەخودای گەورە لەو نەفرەت لێکراوە.

خودای گەورە ڕوودانی وەسوەسەی شەیتانی لەدڵ و دەروونی مرۆڤدا چواندووە بە نووکە دەرزییەوە چوونکە زۆر بچووکە و شاراوەیە، ئەمەش چواندنێکی زۆر بەهێز و پڕمانایە، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ هەست بە

وەسوەسەی ئیبلیس ناکات، لەوانەیە لە شوێنێکدا بێت کە بەهیچ شێوەیەک هەست بەو وەسوەسەیە نەکات کە ئەو شەیتانە بۆی دروست دەکات و دەیخاتە ناو دڵییەوە.

خودای گەورە بەندەکانی خۆی ئاگادار کردووەتەوە بۆ ئەوەی وەسوەسەی ئیبلیس و کاریگەریەکەی لەخۆیان دوور بخەنەوە: ئەوەش بەپەنا بردن بۆ ئەو زاتە گەورەیە بۆ ئەوەی پارێزراو بن لە شەیتان و فێڵ و تەڵەکەکانی، چوونکە خودای گەورە بەتوانایە لە نەهێشتنی ئەو وەسوەسەیە و سڕینەوەی کاریگەریی و زەرەر و زیانەکانی لەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤی ئیماندار.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿إن الذين اتقوا إذا مسهم طائفٌ من الشيطان تذكروا فأذا هم مُبْصرون﴾ س اعراف آ ٢٠١. واتە: ئەوانەی کە تەقوایان هەیە و لەخودای گەورە دەترسن ئەگەر بێت و وەسوەسەیەکی شەیتانیان بۆ دروست ببێت یەکسەر زیکر و یادی خودای گەورە دەکەن، بەوجۆرە بەرچاویان ڕۆشن و ڕووناک دەبێتەوە و چاک و خراپ لەیەکتری جیا دەکەنەوە.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا ووێناکردنێکی زۆر ڕەوانبێژانە کراوە بۆ هەوڵەکانی ئیبلیس بۆ لەخشتەبردنی ئادەمیزاد، ئەو نەفرەتیە وەک خاوەن ماڵێکە کە بەدەوری میوانێکی خۆشەویستدا دێت، بەدەوری ئیماندارانداا دەسوڕێتەوە، کاتێک توانی وەسوەسە و خەیاڵاتی پڕوپوچیان بۆ دروست بکات و بێئاگایان بکات لە زیکر و یادی خودای گەورە و دەگەی خراپی خۆیان لێ بدات ئەوکات دڵەڕاوکێ و خەیاڵاتی ئەنجامدانی تاوان و گوناح دەخاتە دڵیانەوە.

بەڵام مرۆڤی ئیماندار زیرەکە و شارەزای فڕو فێڵ و تەڵەکانیەتی و بە زیکر و یادی خودای گەورە لەخۆی دووری دەخاتەوە، پێش ئەوەی خەیاڵاتە شەیتانیەکان زەفەری پێ ببەن ئەم فریای خۆی دەکەوێت و لەناویان دەبات، چوونکە ئەگەر بێت و ئەو خەیاڵاتانە پشتگوێ بخرێن هێندە نابات کە دەبنە بڕیار و لەپاشان کردار لەلای خاوەنەکەیان، دواتر زۆر بەئاستەم کەسەکە دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات لێیان.

یەکێکیتر لە چەک و کەرەستەکانی ئیبلیس بۆ هەڵخەڵەتاندن لەخشتەبردنی مرۆڤەکان بریتیە لە وادە و بەڵێنەکانی کە پەیمان بە خەڵکی دەدات و هیواداریان دەکات ئەگەر بێت و گوێڕایەڵی بکەن ئەوە و ئەوەیان بۆ ئەنجام دەدات، هەربەم چەکە کوشندەیە بوو کە توانی ئادەم وحەوا لە بەهەشتی بەرینی ئیلاهی دەربکات کاتێک پێی گوتن: ﴿مانهاكم ربكما عن هذه الشجرة إلا أن تكونا ملكين أو تكونا من الخالدين﴾ س اعراف آ ٢٠ واتە: باشە ئێوە دەزانن بۆچی خوداکەتان ڕێگریتان لێ دەکات کە لەبەری ئەو درەختە نەخۆن!! تەنها لەبەر ئەوەیە کە نەبنە فریشتە و نەبنە کەسانێکی نەمر.

ڕوون و ئاشکرایە کە وادە و بەڵێنەکانی شەیتان بێجگە لە درۆو قسەی بێمانا هیچی تر نەبوو.

***

وەسوەسەی قەرین لەڕووی زانستیەوە

- ئەو شێوازەی کە قەرینی شەیتانی بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی وەسوەسە بۆ مرۆڤ دروست بکات.
- فوکردنی شەیتانی قەرین بەگرێی عەصەبی دەزگای عەصەبی مرۆڤدا.
- وادە و بەڵێنەکانی شەیتانی قەرین کە چۆن بۆ مرۆڤ ڕوودەدەن و هەست بە هەبوونیان ناکات لەدەوروبەریدا.

ئەو شێوازەی کە قەرینی شەیتانی بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی وەسوەسە بۆ مرۆڤ دروست بکات.

لەباس و بابەتەکانی پێشوودا وەسوەسەمان ناسی و چۆنیەتی دروستبونی وەسوەسەی شەیتان بۆ مرۆڤمان لەڕووی تیۆری و زمانەوانی و شەرعیەوە زانی، هەربۆیە ئێستە هەوڵ دەدەین باسی چۆنیەتی وەسوەسە بکەین کە لەلایەن قەرینەوە بۆ مرۆڤ دروست دەبێت، ئەوەش لەلایەنە زانستی و پزیشکی و تۆێکاریەکەیەوە لە تۆێژینەوەیەکدا کە بەڕێز دکتۆر (زەید قاسم محمد عەزاوی) ئەنجامی داوە و لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بلاوبووەتەوە، کە بەڕاستی بابەت و تۆێژینەوەیەکی بێوێنەیە و شیاوی خوێندنەوە و تێفکران و تۆێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە[٤٠].

قەرینی شەیتانی کات و سامان و هێزو تواناکان و هەموو نیعمەتەکانی مرۆڤ بە فیڕۆ دەدات کە خودای گەورە پێی بەخشیوە، بەتایبەت لە کۆمەڵێك شتدا کە هیچ نرخ و بەهایەکیان نییە، تەنانەت بەجۆرێکە کە مرۆڤ هەست دەکات نرخ و بەهای خۆی لەدەستدا و لە نیعمەتەکانی ژیانی دوونیاش بێبەش بووە.

---

٤٠ www. Muhandes. Net
www. Quran – miracle. com

بەلآم ڕەحمەت و بەزەیی خودای گەورە بەرامبەر بەندەکانی ئەوەیە کە لەم دوونیایەدا حەق و ڕاستی بۆ ڕوون کردوونەتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆسەر ڕێگە ڕاستەکەی و هۆکارەکانی گومڕابونیان بۆ ڕوون بکاتەوە لەم دوونیایەدا، گەورەی ئەم هۆکارانەش بریتیە لە شەیتان، هەروەک خودای گەورە لە سورەتی یاسین ئایەتی ٦٢ دا دەفەرمێت: ﴿ولقد أضل منكم جبلا كثيرا أفلم تكونوا تعقلون﴾ واتە: چەندین نەوەی ئێوەی گومڕا کردووە، ئایا هێشتا بە ژیرانە بیر ناکەنەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە شەیتان ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکانی گومڕا کردووە، ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شەیتان لە گرنگترین و سەرەکیترینی هۆکارەکانی گومڕابوونی مرۆڤ و بەزایەدانی ژیانی دوونیایەتی، بەلآم خودای گەورە و میهرەبان ئەو نیعمەتەی پێ بەخشیوین و لە کتێبە پیرۆزەکەیدا کە قورئانە بەوردی بۆمان باس دەکات کە چۆن شەیتان دەبێتە هۆی گومڕابوونی مرۆڤ و چۆنیەتی ڕزگاربوون لەو گومڕاییە و هەموو ئەمانەش بەمجۆرەی لای خوارەوە ڕوون دەکرێتەوە:

چۆن شەیتان ژیانت بەفیڕۆ دەدات

لێرەدا پرسیار سەبارەت بەو چۆنیەتی و ڕێکارەیە کە شەیتان بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی ژیانی مرۆڤ بە فیڕۆ بدات، وەلآمی ئەم پرسیارەش لە ئایەتی ٣٩ ی سورەتی النوردا دەخوێنینەوە کە دەفەرمێت: ﴿والذين كفروا أعمالهم كسراب بقيعة يحسبه الظمآن ماء حتى إذا جاءه لم يجده شيئا ووجد الله عنده فوفاه حيابه والله سريع الحساب﴾ واتە: ئەوانەی کە ڕێبازی کوفریان گرتووتەبەر کردەوەکانیان وەک تراویلکە و سەرابێک وایە کە

لەبیابانێکدا بریسکە دەداتەوە کەسێکی تینوو وابزانێت ئاوە و بەوپەڕی حەزو ئارەزوو تالوکەوە بڕوا بەرەو ڕووی، کاتێك دەگاتە لای دەبینێت هیچ نییە ئەوسا بەخۆی دەزانێت کە ژیانی کۆتاییە و قیامەت بەڕپا بووە، خودایش ئامادەیە لەلایدا و بەگوێرەی کردەوەی موحاسەبەی دەکات و لێی دەپرسێتەوە، خودای گەورە زۆر بەخێرایی لێپرسینەوە ئەنجام دەدات.

ئەگەر بیر لەم ئایەتانە بکەینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت خودای گەورە ئەوەی بۆ ڕوون کردوینەتەوە کە کارو کردەوەکانی شەیتان هیچ نرخ و بەهایەکیان نییە.

ئێستە ئەوە ڕوون دەبێتەوە ئەو شێواز و ڕێگایەی کە شەیتان بۆ گومڕاکردنی مرۆڤەکان بەکاری دەهێنێت ئەوەیە کە مرۆڤەکە دەخاتە ناو وەهم و خەیالاتەوە و جیهانێکی خەیاڵی بۆ فەراهەم دەکات، ئەمەش بەم ئایەتە پیرۆزە دا پشتڕاست دەبێتەوە کە دەفەرمێت: ﴿ولأضلنهم ولأمنينهم ولآمرنهم فليُبتكُن آذان الأنعام ولآمرنهم فليُغيرُن خلق الله ومن يتخذ الشيطان وليا من دون الله فقد خسر خسرانا مُبينا﴾ س النساء آ ١١٩. واتە: شەیتان دەڵێت گومڕایان دەکەم و هیواو ئاواتی پوچیان پێ دەدەم و فەرمانیان بەسەردا دەکەم و ئەوانیش گوێی وولاخەکانیان دەبڕن وەك گوایە نیشانەکردن بۆ ناسینەوەیان و فەرمانیان بەسەردا دەکەم بۆ ئەوەی دروستکراوەکانی خودا بگۆڕن (وەك ئەوەی کە ئێستە دەکرێت لە گۆڕینی ناڕەوای جیناتی مرۆڤ و گیانەوەران)، هەرکەسێك شەیتان بکاتە پشت و پەناو پشتیوانی خۆی بێجگە لە خودای گەورە، ئەوە خەسارۆمەندێکی ڕوون و ئاشکرایە. لێرەدا خودای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە کە شەیتان

هیواو ئاوات بۆ مرۆڤ دادەنێت، واتە وای لێ دەکات لە جیهانێکی خەیاڵیدا بژی و دوور بێت لە واقیع و ژیانی ڕاستەقینە.

لە گرنگترینی ئەو تایبەتمەندیانەی کە ئەو جیهانەی پێ دەناسرێتەوە کە شەیتان کاری تێدا دەکات و بۆسەی تێدا داناوە بۆ مرۆڤ، ئەوەیە کە یاساو ڕێساکانی ئەو جیهانەی ئەو زۆر جیاواز و دژبەرن لەگەڵ یاساو ڕێساکانی پەروەردگار کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون، بۆ نمونە لەو جیهانە خەیاڵییەی کە شەیتان کاری تێدا دەکات بۆ مرۆڤ زینا شتێکی سروشتیە و نەبوونی پەیوەندی سێکسی پێش هاوسەرگیری شتێکی شاز و دەگمەن و بێمانایە و نیشانەی دوواکەوتنە. (وەك ئەوەی کە ئێستە لەزۆربەی وولاتانی جیهاندا باوی هەیە و کوڕان و کچان و تەنانەت ژنان و پیاوانیش پێش هاوسەرگیری پەیوەندی سێکسی دەبەستن و داوێنپیسی دەکەن بەناوی یەکترناسین و ڕۆشنبیرییەوە).

دەتوانین ئەو شێواز و ڕێگا سەرەکییەی شەیتان بناسین کە مرۆڤ دەخاتە ناو جیهانی خەون و خەیالاتەوە، ئەگەر بەجوانی وورد ببینەوە لەم ئایەتە کە دەفەرمێت: ﴿یعدُهُم ویُمنیهم وما یعدهم الشیطان إلا غُرُورا﴾ س النساء آ ١٢٠ واتە: وادە و بەڵێن و پەیمانیان پێ دەدات، بەڵام ئەوە بزانن کە وادە و بەڵێنی شەیتان تەنها لە خۆباییبون زیاتر هیچی تر نییە. لێرەدا خودای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە کە شەیتان وادە و بەڵێن بە مرۆڤ دەدات و بەڵێن دەدات کە وادە و بەڵێنەکانی بەدی دەهێنێت و دەبنە هۆی بەختەوەری دوونیا و قیامەت بۆ مرۆڤەکە.

چۆن شەیتان وادە و بەڵێنەکانی دەگەیەنێت بەتۆ و چۆن قەناعەتت پێدەکات؟

پێش باسکردنی جۆری وادە و بەڵێنەکانی شەیتان و چۆن وات لێ دەکات کە هەمیشە لە درۆ و وەهم و خەیاڵدا بژیت، پێویستە پێشتر ئەوە بزانین کە چۆن شەیتان وادە و بەڵێنەکانی دەگەیەنێت بەتۆ و چۆنیش قەناعەت و باوەڕت پێ دەهێنێت، دەتوانین وەڵامی تەواوی ئەمە لە تێفکران و تەفسیری ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانی پیرۆزدا بەدەست بهێنین:

١- بیرکردنەوە و تێفکران لەسورەتی (الناس) کە دەفەرمێت: ﴿قل أعوذ برب الناس* ملك الناس* إله الناس* من شر الوسواس الخناس* الذی یوسوس فی صُدُور الناس* من الجنة والناس﴾ س الناس آ ١ - ٦. واتە: ئەی پێغەمبەر(ص) بڵێ پەنا دەگرم بە خودای خەڵکی، پاشای خەڵکی، پەرستراوو پشتیوانی خەڵکی، لە خراپەی وەسواسی خەناس، کە دڵەڕاوکێ و وەسوەسە دەخاتە دڵی خەڵکییەوە، لە جنۆکە لە مرۆڤەکان.

لێرەدا خودای گەورە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئازار و خراپە لە وەسوەسەی شەیتاندا هەیە بۆ مرۆڤەکان، هەروەها ئەوە فێر دەبین کە شێواز و ڕێگەی کاریگەری شەیتان لەسەر مرۆڤ بریتیە لە وەسوەسە، واتە شەیتان قسە لەگەڵ مرۆڤدا دەکات هەروەک ئەوەی کە قسە لەگەڵ هەرکەسێکی تردا بکات، خودای گەورەش باسی ئەوە دەکات کە شەیتان لەهەمانکاتدا خەناس و شاراوەیە و دیار نییە، واتە شەیتان خۆی لەمرۆڤ دەشارێتەوە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد هەست نەکات نزیکە لێیەوە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە شەیتان چۆن دەتوانێت قسە لەگەڵ مرۆڤدا بکات و لە هەمانکاتیشدا مرۆڤەکە هەست بە هەبوونی ئەو نەفرەتیە ناکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە تێفکران لەم ئایەت و باسەی خوارەوەدایە:

خودای گەورە لە سورەتی ق ئایەتی ١٦ دا دەفەرمێت: ﴿ولقد خلقنا الأنسان ونعلم ما توسوس به نفسه ونحن أقرب إليه من حبل الوريد﴾ واتە: ئێمە مرۆڤمان دروستکردووە و دەزانین چ وەسوەسەیەک دێت بە دڵ و دەروونیدا، ئێمە لە شادەماری ملی مرۆڤ نزیکترین لە ئادەمیزادەوە. لەم ئایەتەوە ئەوە فێر دەبین کە هەموو مرۆڤێک دەنگی نەفسی خۆی هەیە، واتە دەنگێک هەیە کە قسەی لەگەڵ دەکات و وەسوەسەکانی بۆدروست دەکات، ئەوەش دەنگێکە کە مرۆڤ لەناو ئەقڵیدا قسەی لەگەڵدا دەکات، بەتایبەت کاتێک مرۆڤ بەوپەڕ هێمنی و ئارامیەوە بیر دەکاتەوە، واتە بەبێ ئەوەی کە قسە بکات و بەزاری ئاخاوتن ئەنجام بدات.

خودای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە کە شەیتان قسەمان لەگەڵدا دەکات و لەهەمان کاتیشدا ئێمە هەست بە هەبوونی ناکەین، تاکە رێگەش بۆ بەدیهاتنی ئەوە بریتیە لەوەی کاتێک شەیتان دەستی کرد بە بەرابەرکردنی دەنگی خۆی لەڕووی درێژی شەپۆلی و زەبزەبەوە بۆ دەنگی نەفسی مرۆڤ کە ئادەمیزاد لەناو ئەقڵیدا دەیبیستێت بەتایبەت کاتێک بەوپەڕی هێمنیەوە لەگەڵ دەروونی خۆیدا بیر دەکاتەوە، هەروەها مرۆڤ باوەڕی وایە کە گوێی لەدەنگێک دەبێت لەیەک سەرچاوەوە لەناو ئەقڵیدا(لەناو نەفسیدا)، بەڵام لەڕاستیدا ئەو مرۆڤە دوو دەنگ دەبیستێت و لەدوو سەرچاوەی جیاوازەوەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە قەرینی مرۆڤ(واتە شەیتانەکەی) دەنگی خۆی وەک دەنگی نەفسی مرۆڤ لێ دەکات و بەرابەری دەکات لەگەڵ

ئەودا، هەربۆیە مرۆڤ باوەڕی وایە و وادەزانێت هەموو ئەو فیکر و بیرکردنەوانەی کە لەناو ئەقڵیدا گوێی لێیە لە دڵ و دەروون و نەفسی خۆیەوە سەرچاوە دەگرن، ئەمەش زۆر گونجاوە لەگەڵ ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە دەفەرمێت: ﴿الوسواس الخناس﴾ واتە شەیتان دروستکەری وەسوەسەیە و نادیاریشە.

٢- تێفکران و بیرکردنەوە لە ئایەتی ٤ ی سورەتی الفلق کە دەفەرمێت: ﴿ومن شرِ النفاثات فی العُقد﴾ واتە: بڵێ پەنا دەگرم بەخودا لە خراپەی ئەوشەیاتینانەی کە فوو دەکەن بە گرێکاندا.

لێرەدا خودای گەورە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە خراپە و ئەزیەتێك لە (النفاثات) واتە لە فووکەرەکاندا هەیە واتە فووی شەیتان بە گرێکاندا، لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا چیەتی و ماهیەتی ئەو گرێیانە چۆنە؟ وەلأمی ئەمەش لە ئایەتی ٢١ ی سورەتی الذاریاتدا بوونی هەیە کە خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿وفی أنفسكُم أفلا تُبصرُون﴾ واتە: سەیری نەفس و دەروونی خۆتان بکەن ئایا بەڵگە و نیشانەی دەسەلأت و گەورەیی ئێمە نابینن.

خودای گەورە ئامۆژگاریمان دەکات بە بیرکردنەوە لە دروستکردنی جەستەکانمان، ئەگەر ئەوکارەمان کرد تێدەگەین کە ئەم گرێیانە بریتین لەو گرێ عەصەبیانەی ناو مێشك و مۆخی مرۆڤ هەروەك لەم وێنەی (١)دا ڕوون کراوەتەوە:



مێشکی مرۆڤ

ووێنەی (١): گرێ عەصەبیەکانی ناو دەماخ و مێشکی مرۆڤ

ئەمەش بەجۆرێکە کە هەموو گرێیەکی عەصەبی لە مێشکدا بەرپرسە لەئەرکێکی دیاری کراو لە جەستەی مرۆڤدا، کۆمەڵێك گرێی عەصەبی هەیە لە دەماخی مرۆڤدا ئەرکیان هاندانی ماسولکەکانە لە جەستەدا، ئەم هاندانەش لەڕێگەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك لەرینەوەوە دەبێت لەم گرێیانەدا و دواتر شالاوێکی عەصەبی بۆ ماسولکەکە دەگوازرێتەوە کە ڕادەکێشرێن و دێنەوە یەك، هەروەك لە ووێنەی(٢) ئاماژەی بۆ کراوە:



وێنەی (٢): گواستنەوەی شالاوی عەصەبیە بۆ هاندان و ڕاکێشرانی ماسولکەکان بەهۆی کاریگەری هاندانی گرێ عەصەبیەکانی ناو دەماخی مرۆڤەوە.

لێرەدا پرسیار ئەمەیە کە ئایا شەیتان چ پەیوەندییەکی بەم مەسەلەیەوە هەیە؟

دەکرێت وەلأمەکەی لە ئایەتی ٢٠ سورەتی سبأ بەدەست بهێنین کە دەفەرمێت: ﴿ولقد صدق عليهم إبليس ظنه فاتبعوه إلا فريقا من المؤمنين﴾ واتە: شەیتان گومانەکەی خۆی بەسەردا پشتڕاست کردنەوە و ئەوانیش شوێنی کەوتن، بێجگە لە کۆمەلێك ئیمانداران نەبێت. لەم ئایەتە پیرۆزەوە ئەوە فێر دەبین کە ئیبلیس هەوڵ دەدات درۆو گومانەکانی خۆی بە ڕاست بداتە قەڵەم بۆ مرۆڤەکان لەم ڕێگایانەوە، ئەویش ئەوەیە کە قەرینی مرۆڤ

(شەیتانەکەی) هەستێکی بەرابەر بۆ ئەو فیکرەیە بەرهەم دەهێنێت کە بەهۆیەوە وەسوەسەی بۆ مرۆڤ دروستکردووە، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەمەش ئەم نمونەی خوارەوە دەهێنینەوە:

قەرینی مرۆڤ واتە شەیتانەکەی وەسوەسەی بۆ دروست دەکات بە بیرۆکەیەک لەڕێگەی دەنگێکەوە کە وەک دەنگی نەفسی خۆیی وایە، مرۆڤیش لە ئەقڵیدا دەیبیستێت، کە پێی دەڵێت بۆ نمونە تۆ هێشتا پاک نەبوبیتەوە و پێویستە دیسانەوە خۆت بشۆیتەوە یان دەستنوێژەکەت دووبارە یاخود چەندبارە بکەیتەوە، شەیتانیش بۆ ئەوەی ئەم درۆیە لەلای مرۆڤ بەڕاست نیشان بدات دەنگی خۆی کە وەسوەسەی پێ دروست دەکات (کە بریتیە لە لەریەنەوەکان) ئاراستەی گرێ عەصەبیەکانی دەماخیان دەکات کە هانی ماسولکەکان دەدەن و ڕایان دەکێشن لە دڵی مرۆڤدا، هەروەک تەنگەنەفەسی و ئازارێك لەدڵیدا دروست دەکات و وا لە مرۆڤەکە دەکات کە هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ بکات، ئەمەش پاڵ بە مرۆڤەکەوە دەنێت کە ئەم درۆیە زۆر بەڕاست بزانێت، لەئەنجامدا دەبێتە هۆی دروستبونی عوقدە و گرێ کوێرەی پیسی لەناو دڵ و دەروونی مرۆڤەکەدا.

وادە و بەڵێنەکانی شەیتان بۆ مرۆڤ کامانەن؟

پاش زانینی ئەو شێوازەی کە شەیتان کاریگەری دەکاتە سەر مرۆڤ پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ماهیەت و چیەتی ئەو شتە چیە کە شەیتان وادە و بەڵێنی ئەنجامدانی بە مرۆڤ دەدات، لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارەشمان لەم ئایەتە پیرۆزەوە وەردەگرین کە بریتیە لە ئایەتی ٢٦٨

سورەتی البقرە و دەفەرمێت: ﴿﴿الشيطان يعدكم الفقر ويأمركم بالفحشاء والله يعدكم مغفرة منه وفضلا والله واسعٌ عليم﴾ واتە: شەیتان وادەی هەژاریتان پێ دەدات و فەرمانیشتان پێ دەکات بە خراپە، بەڵام خودای گەورە وادەی لێخۆش بوون و فەزڵ و گەورەیی و بەخششی خۆیتان پێ دەدات و خودای گەورە فراوانکار و زانایە. لێرەدا دەبینین خودای گەورە فێرمان دەکات کە شەیتان وادەی هەژاری بە مرۆڤ دەدات، واتە شەیتان وەسوەسە بۆ مرۆڤ دروست دەکات بە دەنگێکی هاوشێوەی دەنگی نەفسی خۆی و لە ئەقڵیدا پێی دەڵێت کە هەژار دەکەوێت و بەو هۆیەوە بەڵاو موسیبەتەکان تووشی دەبن و لەم کاتەشدا ئەو نەفرەتیە فوو دەکات بە ناو گریٚ عەصەبیەکانی دەماخی مرۆڤدا بۆ ئەوەی هەستکردن بە ترس بەرهەم بهێنێت لە دڵیدا و دواتر شەیتان دەست دەکات بە دروستکردنی وەسوەسە بۆ مرۆڤ و ئەوە دەخاتە دڵییەوە کە تاکە چارەسەری ئەم ترس و دڵەڕاوێکێیە ئەوەیە کە بچێت دزی بکات و سوو بخوات و بەرتیل وەربگرێت و....هتد واتە ئەو کارانەی کە خودای گەورە قەدەغەی کردوون مرۆڤی باوەڕدار ئەنجامیان بدات.

هەروەها مرۆڤ لە حاڵەتێکی لەخۆباییبوندا دەژی، ئەمەش مانای ئەوەیە کە مرۆڤ باوەڕی وایە لەسەر حەق و ڕاستیە و کارێکی بەنرخ ئەنجام دەدات، بەڵام ڕاستیەکەی بە پێچەوانەوەیە، لەم خشتانەی خوارەوەدا کۆمەڵێك نمونەی تر سەبارەت بە وادە و بەڵێنەکانی شەیتانی نەفرت لێکراو باسکراون بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

چەند نمونەیەک لە وادە و بەڵێنەکانی شەیتان بۆ مرۆڤ

نمونەی (١) وادە و بەڵێنی شەیتان شێوازی باوەڕپێکردن و قەناعەت پێکردنی	تەرکیزکردنی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئۆتۆمبیلە گرانبەهاکان شەیتان دەنگێکی هاوشێوەی دەنگی نەفسی خۆی دەدات بە گوێی مرۆڤدا وەک ئەو فیکرانەی کە پێی دەڵێت: (مرۆڤ هەردەڵێی لەگەڵ خۆیدا بیر دەکاتەوە) ئەگەر بێت و ئەم سەیارە گرانبەهایەت هەبێت ئەوا خەڵکی رێزێکی زۆرت لێ دەگرن و هەمیشە بەگرنگ باست دەکەن.
شێوازی باوەڕپێکردن بە فوو (النفث)	قەرینی مرۆڤ (واتە شەیتانەکەی) کۆمەڵێک هەست لە دڵی مرۆڤدا دروست دەکات کە نەشەبوونیان تێدایە کاتێک شەیتان ئەو فیکرانە دەدات بە گوێی مرۆڤدا سەبارەت بە گرنگی سەیارە گرانبەهاکان لە ئەقڵیدا ئەم هەستەش قەناعەتی مرۆڤ بەو فیکرە و بیرۆکەیە زیاتر دەکات.

ئەو چارەسەرەی کە شەیتان فەرمانت پێدەکات

قەرینە شەیتانیەکەت پێت دەڵێت: چارەسەری بە ڕاستەقینەکردنی ئەم بیرۆکە و هەستانە ئەوەیە کە ژیانی خۆت لە هەوڵ و کۆشش بۆ بەدەستهێنانی ئەم سەیارە گرانبەهایانەدا سەرف بکەیت و هەموو کاتێك بکەیت بۆ بەدەستهێنانیان، هەروەها فەوتانی مرۆڤ لەم لەخۆبایبونەدا واتە لە شتێکدا کە باوەڕی وایە کە زۆر بەنرخە، بەڵام لەڕاستیدا هیچ نرخ و بەهایەکی نییە بەبەراورد بە ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ.

نمونەی (٢): وادە و بەڵێنی شەیتان

تەرکیزکردنی ژیانی مرۆڤ لەسەر سێکس و پەیوەندییە سێکسیەکانی دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری.

شێوازی باوەڕپێکردن بە وەسوەسە

قەرینی مرۆڤ (شەیتانەکەی) لە ڕێگەی ئەو دەنگەی کە وەك ئەو دەنگەیە کە مرۆڤ بەهۆیەوە لەگەڵ خۆیدا بیر دەکاتەوە، کۆمەڵێك بیرو فیکر دەخاتە ئەقڵی مرۆڤەوە

و کۆمەڵێك مەسەلەی سێکسی قێزەونی پێ دەڵێت، هەروەها ئەوەشی پێ دەڵێت کە تۆ دەبێت چێژ لەژیانت وەربگریت و تۆ گەنجیت و دەبێت لەگەڵ کچاندا بچیتە دەرەوە و کاری سێکسی بکەیت چوونکە بەوەڕیەوە مورتاح و بەختەوەریش دەبیت.

شێوازی باوەڕپێکردن بە فوو

شەیتان هەست بە نەشەبوون و چێژ بۆ مرۆڤ دروست دەکات کاتێك بیرو فیکرە سێکسیەکان دەبیستێت.

ئەو چارەسەرەی کە شەیتان فەرمانت پێ دەکات.

شەیتان بە دەنگێکی وەك دەنگی نەفسی خۆت پێت دەڵێت کە باشە بۆچی لەگەڵ کچاندا ناچیتە دەرەوە و بەشوێن پەیوەندی سێکسیدا بگەڕێیت و چێژ لە ژیانی خۆت وەربگریت، خۆ هیچ کێشەیەکت بۆ دروست نابێت، دەرئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە ژیانی مرۆڤ تەرگیز دەخاتە سەر سێکس و لە خەیاڵ و هیواو ئاواتی

ئەوبوارەدا دەژی.

نمونەی (٣) وادە و بەڵێنی شەیتان

پێغەمبەر عیسا سەلامی خودای لەسەر بێت.

شێوازی باوەڕپێکردن بە وەسوەسە

مرۆڤ کۆمەڵێك بیرو فیکر دەبیستێت لە ئەقڵی خۆیدا کە پێی دەڵێن ئەگەر بێت وئیمان و باوەڕ بە حەزەرەتی عیسا بهێنیت کە خودایە و کوڕی خودایە، ئەوا خودای گەورە لە هەموو گوناحەکانت خۆش دەبێت و دەتوانیت هەرچۆنێکت دەوێت بژیت و بەهەشتیش گرنتی کراوە بۆت و هیچ لێپرسینەوەیەك بوونی نییە لەو دوونیادا.

شێوازی باوەڕپێکردن بە فوو

شەیتان هەستکردن بە ئیسراحەت و نەشەبوون لە دڵی مرۆڤدا دروست دەکات، بەتایبەت کاتێك ئەم فیکرانە دەبیستێت، شەیتانیش لە فیکرەیەکی ناو ئەقڵیدا ئەوە دەدات بە گوێیدا کە چۆن دەکرێت ئەم شتانە خراپ و ناباش بن لەکاتێدا تۆ بەهۆیانەوە

ئەو هەموو چێژ و خۆشیە وەردەگریت؟!!

ئەو چارەسەرەی کە شەیتان فەرمانی پێ دەکات کە ئەنجامی بدەیت نمونەی (٤) وادە و بەڵێنی شەیتان

شەیتان فەرمان بە مرۆڤ دەکات کە ببێت بە گاور بۆ ئەوەی بەبێ هیچ ماندوبوونێك لێخۆشبوونی خودایی بیگرێتەوە و بەبێ حیساب و کیتاب بچێتە ناو بەهەشتەوە.

تەرکیزکردنی ژیانی مرۆڤ لەسەر کارەکەی (ئەندازیار، پزیشك، بازرگان و....هتد) باوەڕبوونی بەوەی کە ئەمانە تاکە ئامانجی ئەم ژیانەن.

شێوازی باوەڕپێکردن بەم وەسوەسەیە

ئەوە دەدات بە گوێی مرۆڤدا کە پێی دەڵێت کارو پیشەکەت هەموو شتێکی تۆیە و سەرکەوتنت لەکارەکەتدا ئامانجی گەورە و گرنگی تۆیە لە ژیانەدا.

ئەو چارەسەرەی کە شەیتان فەرمات پێ دەکات

بەردەوامبە لەسەر ئەو حاڵەتەی خۆت لە ئیش و کارەکەتدا، دڵنیابە خودا لێت ڕازییە، هەروەها مرۆڤ ئەوەی لەبیر دەچێتەوە کە یەکەمین فەرزێك کە خودا واجیبی

کردووه لەسەری بریتیە لە بانگەوازکردن بۆ ڕێگاکەی ئەوو هەوڵ و کۆشش کردن بۆ ئەوەی بانگەوازی خودایی هەمیشە بەرز و بالآ بێت.

شەیتان وادە و بەڵێنی لەخۆباییبون دەدات

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز و لەسورەتی ئیسراء ئایەتی ٦٤ دا دەفەرمێت: ﴿واستفزز من استطعت منهم بصوتك واجلب عليهم بخيلك ورجلك وشاركهم فى الأموال والأ ولاد وعدهم وما يعدهم الشيطان إلا غرورا﴾ واتە: هەتاوەکو دەتوانیت بە دەنگی خۆت بێزاریان بکە و بە سەربازی سوار و پیادەتەوە هێرشیان بۆ بهێنە و بەشداربە لەگەڵیاندا لە مالٌ و منداڵ و سامان و دارایياندا و وادە و بەڵێنیان پێ بدە، دڵنیابن کە شەیتان وادە و بەڵێنی لەخۆباییانەتان پێ دەدات. هەموو ئەو وادە و بەڵێنانەی کە شەیتان بە مرۆڤیان دەدات بریتیە لە لەخۆباییبونێکی زۆون و ئاشکرا، چوونکە باوەڕت پێ دەکات کە فلانە شت زۆر بەنرخە بەڵام لە ڕاستیدا هیچ نرخ و بەهایەکی نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەموو وادە و بەڵێنەکانی شەیتان بریتیە لە وەهم دروستکردن بۆ مرۆڤ کە کارێکی بەنرخ ئەنجام دەدات بەڵام لەڕاستیدا بێجگە لە وەهم و خەیاڵ هیچیتر نییە و زۆر بێ نرخە.

کاتێك مرۆڤ دڵنیا دەبێتەوە ئەوکات فرۆفێڵ و خەڵەتاندنەکانی قەرینە شەیتانیەکەی خۆی دەبینێت کە ئەمی هەڵخەڵەتاندووە و سەرشۆڕی کردووە، هەروەك لەسورەتی الفرقان ئایەتی ٢٩ دا هاتووە و دەفەرمێت:

﴿ولقد أضلنى عن الذكر بعد إذ جاءنى وكان الشيطان للأنسان خذولا﴾ واتە: لە قیامەتدا مرۆڤەکان دەڵێن ئەو شەیتانە ئێمەی هەڵخەڵەتاند و لە ئاینی خودا دوور کەوتینەوە پاش ئەوەی کە بەرنامەی پاك و بێگەردی خوداییمان بۆ هاتبوو. بەڕاستی شەیتان دەبێتە هۆی سەرشۆڕی بۆ مرۆڤ.

هەروەها خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمێت کە باسی قسەکانی شەیتان دەکات بۆ شوێنکەوتوانی خۆی پاش ئەوەی چوونەتە ناو ئاگری دۆزەوە و ئەویشیان لەگەڵدایە: ﴿وقال الشيطان لما قُضى الأمر إن الله وعدكم وعد الحق ووعتكم فأخلفتكم وما كان لى عليكم من سلطان إلا أن دعوتكم فاستجبتم لى فلا تلومونى ولوموا أنفسكم ما أنا بمصرخكم وما انتم بمصرخي إنى كفرتُ بما أشركتمونى من قبل إن للظالمين لهم عذاب اليم﴾ س إبراهيم آ ٢٢.

واتە: کاتێك هەموو شتێك تەواو دەبێت و ئەهلی بەهەشت و دۆزەخ دەچنە جێگەی حەقی خۆیان، شەیتان بەفەرمانی خودای گەورە دێتە قسە و ڕوو دەکاتە شوێنکەوتوانی خۆی و دەڵێت: بەڕاستی خودای گەورە بەڵێنی ڕاست و دروستی پێ ڕاگەیاندبون، منیش بەڵێنی درۆو نادروستم پێدان و توانیم گومڕاتان بکەم و لەڕێبازی ڕاست دوورتان بخەمەوە، من هیچ دەسەلآتێکم بەسەر ئێوەدا نەبووە، تەنها بە وەسوەسە و خەیالآت بانگم کردن بۆ خودانەناسی و تاوان، ئێوەش بەدەممەوە هاتن و بەقسەتان کردم، ئیتر سەرزەنشت و لۆمەی من مەکەن بەڵکو سەرزەنشت و لۆمەی خۆتان بکەن کە ئاوا بە ساویلکانە و بەبێ بیرکردنەوە بە قسەتان کردم، من ناتوانم بە هاناو هاواری ئێوەوە بێم و ئێوەش ناتوانن بێن بەهانای منەوە، بێگومان من باوەڕم بەوە نەبوو کە کاتی خۆی منتان کردبوو بە شەریك و

هاوبەش لە پێشدا، بەڕاستی ئەمڕۆ ستەمکاران سزای زۆر بە ئیش و ئازار دەدرێن.

چۆنیەتی هاندانی شەیتانی قەرین بۆ گرێ عەصەبیەکان لەناو دەماخ و مێشکی مرۆڤدا لە ڕێگەی دەنگیەوە.

پێغەمبەر(ص) پەنای گرتووە لەشەیتانی نەفرەت لێکراوو فەرموویەتی:

{أعوذ بالله السميع العليم من الشيطان الرجيم من همزه ونفخه ونفثه}

واتە پەنا دەگرم بەخودای گەورە لەشەیتانی نەفرەت لێکراو لە وەهم و خەیالآت و فووەکانی.

فوو (النفث) بریتیە لە دەرچوونی هەوایەکی بێ لیك لە دەمەوە، هەربۆیە دەتوانین ئەوە لە فەرموودەکەی پێغەمبەر(ص)وە فێر ببین کە شەیتان فوو دەکات واتە فوویەکی بێ لیك دەردەکات بۆ مرۆڤ، بەڵآم پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی شەیتان ئەوکارە دەکات؟

وەڵآمەکەی لەم ئایەتە پیرۆزەی سورەتی الفلق دایە کە دەفەرمێت: ﴿ومن شر النفاثات فی العُقد﴾ واتە: پەنادەگرم بەخودا لەخراپەی ئەوانەی کە فوو دەکەن بە گرێ عەصەبیەکان و گرێکانی تردا.

فووکەرەکان (النفاثات) بریتیە لە دەستەواژەیەی زیادەڕەوانە (صیغه المُبالغه) جەخت لەسەر زۆری و توندی ئەو فووە دەکاتەوە و هیچ پەیوەندیەکی نییە بە دیاری کردنی ڕەگەزەکەوە وەك ووشەی (علاّمه) واتە زۆر زانا.

کەوابوو خراپە و ئازارێك هەیە لەزۆری و توندی فووی شەیتانەکانەوە لە گرێ عەصەبیەکان، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا چیەتی و ماهیەتی ئەو گرێیانە چۆنە.

وەلامی ئەم پرسیارەش لەم ئایەتە پیرۆزەدایە کە دەفەرمێت ﴿وفی أنفُسكم أفلا تُبصرون﴾ س الذاريات آ ٢١. واتە: ئایا بۆچی تێڕوانین لە نەفس و دەروونی خۆتان ناکەن بۆ ئەوەی دەسەلاتی خودای گەورەتان بۆ دەربکەوێت.

لێرەدا خودای گەورە هانمان دەدات بۆ تێڕوانین و بیرکردنەوە لە دروستبونماندا، ئەگەر بێت و توێژینەوە لەسەر جەستەی مرۆڤ بکەین و بەتایبەت مێشکی مرۆڤ دەبینین کە لە چەندین گرێی عەصەبی پێکهاتووە و هەموو گرێیەکیش لە دەماخدا بەرپرسە لە ئەرکێکی دیاری کراو.

بۆ نمونە کۆمەڵێك گرێ هەن کە بەرپرسن لە بیستن و بینین و گرێ هەیە بەرپرسە لە هەست کردن بە خۆشی و ناخۆشی و دڵتەنگی و سۆز و عاتیفەکان بەگشتی.

ئەم گرێیانە هەستکردن بە خۆشی بەرهەم دەهێنن ئەوەش لەڕێگەی ڕژاندنی کۆمەڵێك مادەی کیمیاییەوە لەکاتی هاندانیاندا، ئەم مادە کیمیاییانەش کار لەسەر خاوکردنەوەی ماسولکەکان دەکەن، بەمجۆرەش مرۆڤ هەست بە ئیسراحەت دەکات.

بۆ نمونە چەند گرێیەکی عەصەبیمان هەیە لەکاتی هاندانیاندا کۆمەڵێك مادەی کیمیایی دەڕژێنن کە کار لەسەر هاتنەوەیەکی ماسولکەکان و دڵتەنگی و هەستکردن بەدڵتەنگی دەکەن.

شایەنی باسە ئەم گرێیانە دەکرێت لەڕێگەی شەپۆلە دەنگیەکانەوە (واتە فووەکان) کە لەرزینی میکانیکی بەرهەم دەهێنن لەناو گرێ عەصەبیەکاندا فوویان پێدا بکرێت کە دەبنە هۆی هاندانیان.

کەوابوو گرێ باسکراوەکانی سورەتی الفلق بریتی نین لە گرێی ئەو پەتانەی کە سیحریان پێ دەکرێت لەلایەن ژنان و پیاوانی سیحرباز و جادووگەرەوە، بەڵکو بریتین لە کۆمەڵێك گرێی عەصەبی لەناو مێشکدا، تێبینی دەکەین کە وەسفکردنیان بە گرێ باشترین وەسفێکە کە بۆ ئەم بەش و پارچە عەصەبیانەی ناو دەماخ و مێشکی مرۆڤ کراوە[٤١].

هەروەها قەرینی مرۆڤ (شەیتان) فوو دەکات بەم گرێیانەدا بۆ ئەوەی هەستێکی هاوشێوە و بەرابەر بەوە بەرهەم بهێنێت کە پێویستە مرۆڤ هەستی پێبکات کاتێك فیکرەیکی وەسواسی شەیتانی بۆ دێت. بۆ نمونە ئەگەر وەسوەسەکە فیکرەیەکی تێدا بێت کە خراپە و خراپەکاری بێت ئەوا شەیتان فوو دەکات بەو گرێی عەصەبیانەی کە کە بەرهەمهێنەری خاوکردنەوەی ماسولکەکانن و هەستکردنن بە دڵخۆشی بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤە وابزانێت ئەو فیکرە و بیکردنەوەیە ڕاستە و پێویستە لەسەر ئەم جێبەجێی بکات چوونك ئیسراحەت و بەختەوەری تێدایە بۆی(بەپێی گومانی ئەو).

ئەگەر شەیتان وەسوەسەی بۆ مرۆڤ دروست کرد بە فیکرەیەك کە دڵەڕاوکێ و ماندوبوونی تێدا بوو ئەوا فوو دەکات بەو گرێ عەصەبیانەی کە هەستکردن بە دڵتەنگی و هاتنەوەیەکی سنگ بەرهەم دەهێنن، مرۆڤەکەش

---

[٤١] ئەم تەفسیرە نوێیە هەتاوەکو ئێستەش تەنها دکتۆر زەید قاسم عەزاوی کردوویەتی. لەڕاستیدا ئێمەش پێمان وایە هەروەك چۆن ئەهلی زانست و تەفسیر باسیان کردووە کە فووکەرەکان بە گرێکاندا (النفاثات فی العُقد) بریتین لەو ژن و پیاوە ساحیرانەی کە کار لەسەر فووکردن بە گرێکاندا دەکەن واتە کۆمەڵێك شتی سیحری بەو پەتانەدا دەخوێنن کە خۆیان گرێیان لێ دەدەن و دواتر فوویەکی تایبەتیان پێدا دەکەن بۆ مەرامە گلاوەکانیان. (خودا باشتر دەزانیت).

وادەزانێت ئەو فیکر و خەیاڵەی کە بۆی هاتووە شتێکی ڕاستەقینەیە و لەداهاتوودا ڕوودەدات و مرۆڤ دەبات بەرەو بێزاری جەستەیی و ئازاری دەروونی.

ئامانج لە فووی شەیتان بە گرێ عەصەبیەکانی ناو مێشکی مرۆڤدا، بریتیە لە هەوڵی باوەڕپێکردنی مرۆڤ بە ڕاستزانینی درۆکانی کە لەناو وەسوەسەکانیدا بوونیان هەیە (واتە لەناو ئەو دەنگەی کە وەک دەنگی نەفسی مرۆڤ وایە) ئەوەش لەڕێگەی بەخشینی هەستێکی جەستەیی بە مرۆڤ کەوەک ئەوە وایە کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات لەو بیرۆکەیەی کە وەسوەسەکانی ئەو نەفرەتیەی تێدایە.

ئەم نمونانەی خوارەوەش ڕوونکەرەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی شەیتانی نەفرەت لێکراوە بۆ فوو کردن بەو گرێ عەصەبیانەدا:

هاندانی مرۆڤ لەسەر داوێنپیسی: قەرینی مرۆڤ (شەیتانەکەی) کۆمەڵێك بیرو فیکر دەخاتە خەیاڵی مرۆڤەوە، کەسەکەش وادەزانێت ئەوە خەیاڵێتی خۆیەتی، کە پێی دەڵێن دەبێت چێژ لە ژیان وەربگریت و و زینا و داوێنپیسی هەڵسووکەوتێکی مرۆڤایەتی سروشتیە و زۆربەی خەڵکی ئەنجامی دەدەن، لەم کاتەدا قەرینەکە فوو دەکات بە گرێ عەصەبیەکانی مێشك و دەماری مرۆڤدا بۆ بەرهەمهێنانی هەست و شعوری نەشەبوون و بەختەوەری لەناو دڵ و دەروونی مرۆڤەکەدا.

شەیتان بە مرۆڤ دەڵێت: (مادەم تۆ بە ئەنجامدانی ئەمکارە هێندە هەست بەم هەموو خۆشی و بەختەوەرییە دەکەیت، دەی کەوابوو ئەوکارە ڕاست و دروستە).

دوورخستنەوەی خەڵکی لە ئیسلام: کاتێك مرۆڤ بیر لە ئاینی ئیسلام قورئانی پیرۆز دەکاتەوە، قەرینی شەیتانی و خراپی مرۆڤ هەڵدەستێت بە دانانی کۆمەڵێك بیرو فیکر لە ئەقڵیدا و بۆ نمونە وەسوەسەی بۆ دروست دەکات و دەڵێت:

سەیری دڵڕەقی موسوڵمانان بکە و چۆن ئاوا و ئاوا دەکەن، ئیسلام ڕێگە بە پیاو دەدات کە چوار ژن بهێنێت و....هتد لەمجۆرە وەسوەسە و دڵڕاوکێیانەی کە خۆرهەڵاتناسانی دووژمنی ئیسلام وموسوڵمانان دووبارەیان دەکەنەوە بۆ دوورخستنەوەی خەڵکی لەئاینی پیرۆزی ئیسلام[٤٢].

---

[٤٢] سەرچاوەی پێشوو د. زەید قاسم عەزاوی، توێژینەوە و بیرو بۆچونی ناوبراومان خستەڕوو هەروەك چۆن لەو بابەتەی خۆیدا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هاتوە بەبێ هیچ زیادکردنێك، توێژینەوەیەکی زۆر بەنرخ و جوانە، هەرچەندە ئێمە ڕەخنەمان لەو قسەیەی هەیە کە دەڵێت فووکەرەکان بە گرێکاندا تەنها بریتیە لە فووکردنی شەیتان بە گرێ عەصەبیەکانی مێشکی مرۆڤدا لەلایەن قەرینی شەیتانیەوە. هەروەك ئێمەش لە پەراوێزی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد کە ئەو ئایەتە مانای ساحیر و جادووگەرەکانیش دەگەیەنێت و هەردوو تەفسیرەکە دەگرێتەوە. (خودای گەورە زانا تر‌ە).

شوێنەکانی هەبوونی قەرین و جنۆکە لەگەڵ مرۆڤدا

- بنەڕەتی دروستبونی قەرین و جنۆکە و کاریگەری لە چالاکی ئەو لەم دوونیایەدا.
- شوێنەکانی هەبوونی جنۆکە بە گشتی و شەیاتینەکان بەتایبەتی لە ژیانی دوونیای ئێمەدا لەگەڵ دەسەڵات و تواناکانیان.
- قەرینی شەیتانی لەناو جەستەدایە یاخود لەدەرەوە، بەڵگەکان لەسەر نەمە لە قورئانی پیرۆز و حەدیسەکانی پێغەمبەر(ص)دا.

بنەڕەتی دروستبوونی قەرین و جنۆکە و کاریگەری چالاکی ئەو لە ژیانی دوونیادا

پێش ئەوەی بچمە ناو باسی ئەو شوێنانەی کە قەرینی شەیتانی لەگەڵ مرۆڤدا بوونی هەیە وویستم باسی هەبوونی جنۆکە و شەیاتینەکان بکەم بەشێوەیەکی گشتی لە ژیانی مرۆڤدا لەسەر زەوی، پێش ئەوەش باسی بنەڕەتی دروستبوون (الخلقە) بکەین.

قەرینی جنۆکە یەکێکە لە دروستکراوەکانی خودای گەورە و ئەرك و کاری خۆی هەیە و لە نەوە و زۆرپەت و سەربازەکانی ئیبلیسە و ئامانجەکەشی بریتیە لە گومڕاکردن و ئەزەیتدانی ئادەمیزادەکان وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

کاتێك بنەڕەتی دروستبونی قەرینی جنۆکە و شوێنەکەیانمان زانی لەم ژیانەی دوونیاماندا ئەوکات زۆر ئاسانە کە بە شێوەیەکی گشتی بتوانین شوێنی هەبوونی قەرینەکان بزانین. قەرینی شەیتانی لە جنۆکەی بنەڕەتی و نابنەڕەتی پێکهاتووە، هەروەها قەرینی فریشتەمان هەیە.

جنۆکە بوونەوەرێکی لەئاگر دروستکراوە، یەکەمین مرۆڤیش کە ئادەمی باوکی مرۆڤایەتیە لە قوڕ دروستکراوە، زۆرەیت و نەوەکانیشی لە ئاوێکی

قێزەون ئافرێنراون، هەروەك لەو حەدیسەی پێغەمبەر(ص)دا هاتووە، فریشتەکانیش لە نوور و ڕووناکی دروستکراون.

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {فریشتە لە نوور و ڕووناکی دروستکراون، جنۆکەش لە تۆپەڵەیەك ئاگر دروست بوون، ئادەمیش لەوە دروستکراوە کە بۆتان باس کراوە}[٤٣].

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿والجان خلقناه من نار السموم﴾ س الحجر آ ٢٧. واتە: جنۆکەمان لە ئاگرێکی سوتێنەر دروست کردووە.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرمێت: ﴿وخلق الجان من مارج من نار﴾ س الرحمن آ ١٥. واتە: جنۆکەی لە ئاگرێکی کڵپەدار دروست کردووە.

هەروەها لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرمێت: ﴿ولقد خلقنا الأنسان من صلصال من حمأ مسنون* والجان خلقناه من قبل من نار السموم* وإذ قال ربك للملائكة إنى خالق بشرا من صلصال من حمأ مسنون* فأذا سويته ونفخت فيه فقعوا له ساجدين* فسجد الملائكة كلهم أجمعون* إلا إبليس أبى أن يكون مع الساجدين* قال يا إبليس ما لك الا تكون مع الساجدين* قال لم اكن لأسجُد لبشر خلقته من صلصال من حمأ مسنون* قال فاخرج منها فأنك رجيم* وإن عليك اللعنة إلى يوم الدين* قال ربى فانظرنى إلى يوم يُبعثون* قال فأنك من المُنظرين* إلى يوم الوقت المعلوم* قال ربى بما أغويتنى لأزينن لهم فى الأرض ولأُغوينهم أجمعين* إلا عبادك منهم المخلصين* قال هذا صراط على مستقيم* إن عبادى ليس لك عليهم سلطان إلا من اتبعك من الغاوين﴾ س الحجر آ ٢٦– ٤٢.

---

[٤٣] رواه احمد فى المسند ومسلم عن عائشة رضى الله عنها.

واته: سوێند بەخودا ئێمە سەرەتا مرۆڤمان لە قوڕێکی ووشک دروست کرد، کە پێشتر قوڕێکی ڕەشاباوی ترشاو بوو. جنۆکەکانیشمان پێشتر لە ئاگرێکی بەتین دروست کرد، کە بە کونە ووردیلەکاندا تێدەپەڕێت. یادی ئەوە بکەرەوە کاتێک پەروەردگارت بە فریشتەکانی گوت: بەڕاستی من دروستکاری بەشەرێکم لە قوڕێکی ووشک کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباوو ترشاو بوو. کاتێک ڕێک و پێک و تەواوم کرد لەو ڕۆحە تایبەتەی کە من بەدیهێنەری ئەوم، کردم بەبەریدا، هەموویتان کڕنۆشی بۆ بەرن، (واتە کڕنۆشی ڕێزگرتن و بەفەرمانی خودا). ئینجا فریشتەکان فەرمانی خودایان بەجێهێناو هەموویان بە گشتی کڕنۆشی ڕێزیان برد بۆ ئادەم. جگە لە ئیبلیس (شەیتانی گەورە) نەبێت کە سەرپێچی کرد و نەیویست لەگەڵ کڕنۆش بەراندا بێت. خودای گەورە فەرمووی ئەی ئیبلیس باشە بۆچی لەگەڵ کڕۆنۆش بەراندا نیت؟!. شەیتان لەوەڵامدا گوتی: من ئەوەندە نزم و بچووک نەبووم کڕنۆش بەرم بۆ بەشەرێک کە تۆ لە قوڕێکی ووشک دروستت کردووە کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباوو ترشاو بووە!. خودای گەورەش فەرمووی: لەبەر ئەوەی کە سەرپێچیت لەفەرمانی من کرد دەبێ لەم شوێنە نەمێنیت، کە بەهەشتە یان ئاسمان، کەوابوو لێرە دەرچۆ چوونکە تۆ نەفرەت لێکراویت. بەڕاستی نەفرەتی خودای گەورەت لەسەرە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت. شەیتانیش گوتی: پەروەردگارا مۆڵەتم بدە بڕیم هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی هەمووان زیندوو دەکرێنەوە. هەتاوەکو ڕۆژی کاتە دیاریکراوو زانراوەکە(لەلای خودا). ئیبلیس بە بوغز و کینەو حەسادەتەوە گوتی: پەروەردگارم مادەم بەهۆی ئەم مرۆڤەوە منت سەر لێشێواو کرد، پەیمان بێ لەسەر زەویدا هەموو گوناح و تاوان و لادانێکیان لەلا شیرین بکەم و

هەرهەموویان سەرلێشێواوو سەرگەردان بکەم. بێجگە لە بەندە پوختەو دڵسۆزەکانی خۆت نەبێت (چوونکە دڵیان بەباوەڕ بەتۆ و یادی تۆ ئاوەدانە و هەوڵ و کۆششی من بۆ گومڕاکردنیان ناکامە). خوای گەورەش فەرمووی ئەوە ڕێگە و ڕێبازێکی ڕاست و دروستە و هەربۆلای من دێت و هەر منیش چاودێری دەکەم. بەڕاستی بەندە چاك و پاکەکانی من بەتۆ فریو نادرێن و تۆ هیچ دەسەلاتێکت نیە بەسەریاندا، جگە لەوانە نەبێت کە شوێنت کەوتوون لەسەرکەش و یاخی و سەرگەردانەکان.

خودای گەورە لە هەردوو ئایەتی ١٢ و ١٣ ی سورەتی المؤمنون دا دەفەرمێت: ﴿ولقد خلقنا الأنسان من سلالة من طين* ثم جعلناه نطفة فى قرار مكين* ثم خلقنا النطفة علقة فخلقنا العلقة مُضغة فخلقنا المُضغة عظاما فكسونا العظام لحما ثم أنشأناه خلقا آخر فتبارك الله أحسنُ الخالقين﴾ واتە: مرۆڤمان لە پێکهاتەیەکی قوڕ دروست کردووە، دواتر کرووماتە بە نوتفەیەك و جێگیرمان کردووە، لەپاشان نوتفەکەمان کردووەتە شێوە زالویەك و دواتر ئەو زالوەمان کردووە بە پارچە گۆشتێك و لەپاشان ئێسکمان بۆ ئەو پارچە گۆشتە دروست کردووە و دواتر گۆشتمان کردووە بەبەری ئەو ئێسکانەدا و دواتر دروستکردنێکی ترمان پێ بەخشیوە، پاکوبێگەردی بۆ خودا کە جوانترین ئافەرێنەرەکانە.

یەکەمی مرۆڤ ئادەم بووە، بەوجۆرەی کە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە لە قوڕ ئافرێنراوە و زوڕیەت و نەوەکانیشی لە نوتفەیەك دروستکراون کە خودای گەورە جێگیری کردووە.

سەرەتا دروستکردنی مرۆڤ لە خاك بووە دواتر خاکەکە تێکەڵ بە ئاو کراوە و بووەتە قوڕێکی لینج لەپاشان خودای گەورە لەو قوڕە

جەستەیەکی مرۆیی پێك هێناوە لە قورپێکی ووشکی پەشباو دوای ئەم پرۆسەیەش خودای گەورە لەڕۆحی خۆی کردووە بەبەری ئەو پەیکەرە مرۆییەدا و بووە بە دروستکراوێکیتر کە ئادەمی باوکی مرۆڤایەتیە.

خودای گەورە دەفەمرێت لەپاشان (کردمانە نوتفە) واتە زوپیەت و نەوەکانی کە لەپاش ئەوەوە دێن وەك دەزانین لە ئاوێکی قێزەون دروست دەبن، واتە ئاوی پیاوو ئاوی ژن، جێگریکردنەکەشی لەناو پەحم و سکی ئافرەتدایە و دواتر نوتفەکە گەشە دەکات و وەك زالویەکی لێ دێت و لەپاشان ئەو زالووە دەبێتە پارچەگۆشت و دواتر خودای گەورە ئێسکی بۆ دروست کرد و لەپاشان گۆشتی کرد بەبەری ئەو ئێسکانەدا و دواتر ئافراندنێکی تری پێ دەبەخشێت و ڕۆح دەکات بەبەری ئەو پێکهاتەیەدا و دەبێتە مرۆڤێکی تەواو، پاکوبێگەردی بۆ خودایەك کە کارزان و کارجوانی هەموو ئافەرێنەرەکانە.

ئەمەش کورتەیەك بوو سەبارەت بە دروستکردنی مرۆڤ هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت، ئافەرێنەر خودای گەورەیە لە هەموو قۆناغەکاندا چوونکە ئەو ئافەرێنەر و بەخشەری ژیان و پێکهێنەری شێوە و شێوازی مرۆڤە.

بنەڕەتی مرۆڤ لە خاکە و بنەڕەتی جنۆکەش لە ئاگری کڵپەدار یان ئاگری سوتێنەرە، هەروەك ئیبن عەباسی تەفسیرکاری قورئان دەفەرمێت: مانای (من مارج من نار) واتە: لە کڵپە ئاگرێکی بێگەرد کە هیچ دووکەڵێکی تێدا نەبێت.

موجاهیج دەڵێت: لە پەراوێزی ئاگر و کڵپەکەی دروستی کردووە واتە ئەو هەوا گەرمەی کە لەسەرەوەی ئاگردا بوونی هەیە.

واتە بنەڕەتی جنۆکە لەم ئاگرە کلّپەدارەیە کە مرۆڤ تاملّی گەرماکەی دەکات واتە ئەوگەرمایە کاتێك مرۆڤ دەستی بخاتە بەر گەرمای مۆمێك یاخود ئاگرێك و لە دوورەوە ڕایبگرێت، ئەوە هەوایەکی گەرمی پاك و بێگەردی ئەو ئاگرەیە، جنۆکە لەو گەرمایە دروست کراوە.

ئەم پێشەکیە سادە و ساکارە سەبارەت بە بنەڕەتی مرۆڤ و جنۆکە بۆ وەلاّمدانەوەی ئەوانەیە کە ئینکاری ئەوە دەکەن جنۆکە دەچێتە ناو جەستەی مرۆڤەوە، چوونکە مرۆڤ لە قوڕ دروستکراوە و جنۆکەش لە ئاگر و ئاگریش قوڕ دەسوتێنێت، ئەمەش قسەیەکە ئەوانە بەبێ هیچ زانست و زانیارییەك دووبارەی دەکەنەوە، چوونکە هەوای گەرم زیان بەجەستەی مرۆڤ ناگەیەنێت کە لە بنەڕەتدا لە قوڕ دروستکراوە، دواتر گەشەی کردووە و بووە بە مادە هەروەك خودای گەورە لە ئایەتی پێشووی سورەتی المؤمنون و چەندین ئایەتی تردا ئاماژەی پێکردووە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئاگری ئاسایی خۆی لەخۆیدا قوڕ ناسوتێنێت بەڵکو بەهێز و پتەوی دەکات، هەروەك وەستایان و شارەزایانی سوالّەت و ئەو شتانەی کە لە قوڕ دروست دەکرێن دەزانن، کاتێك ئەم کەرەستە لە قوڕ دروستکراوانە دەخەنە ناو کورەوە بۆ ئەوەیە کە تووندوتۆڵ بەهێز ببێت و ببێتە سوالّەت و نرخەکەی بەرز ببێتەوە.

هەربۆیە مرۆڤ و جنۆکە خودای گەورە دروستی کردوون بۆ ئەوەی بەندایەتی و عیبادەتی ئەو زاتە بکەن، هەیانە ئیماندارە و هەشیانە کافر و سەرکەشە، هەروەك لەسورەتی الجن و سورەتەکانیتری قورئانی پیرۆزدا بە گشتی هاتووە، هەربۆیە لەڕۆژی قیامەتدا خودای گەورە لێپرسینەوەیان

لەگەڵدا دەکات و ئیماندارانیان دەخاتە بەهەشتەوە و کافرەکانیشیان دەخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ولقد ذرأنا لجهنم كثيرا من الجن والأنس لهم قلوب لايفقهون بها ولهم أعينٌ لا يُبصرون بها لهم آذان لايسمعون بها أولئك كالأنعام بل هم أضل سبيلا﴾ س اعراف آ ١٧٩.

واتە: زۆرێك لە جنۆكە و مرۆڤەكانمان ئامادە كردووە بۆ دۆزەخ، چوونكە دڵانێكیان هەیە بەهۆیانەوە هیچ تێناگەن و چاویان هەیە پێی نابینن و گوێیان هەیە حەق و ڕاستی پێ نابیستن و ئەوانە وەك ووڵاخەكانن بەڵكو لەوانیش سەرگەردانتر و بێئاگاترن.

ئادەمیزادیش زۆرەیەت و نەوەی ئادەم و حەوان سەلامی خودایان لەسەر بێت، جنۆكەش منداڵی ئەو جنۆكە یەكەمینانەن كە خودای گەورە لە ئاگری دڵپەدار دروستی كردن و یەكێك لەوانەش ئیبلیسە.

ئیبن عەباس دەڵێت: "جنۆكە دانیشتوانی زەوی بوون و فریشتەكانیش دانشتوی ئاسمان بوون، جنۆكە لەزەویدا خراپەیان كردووە، خودای گەورەش كۆمەڵێك لە فریشتەكانی ناردووە بۆلایان و دەریان كردوون بۆ ناو دوورگەی ناو دەریاكان و لوتكەی شاخەكان و خۆیان لە شوەێنیاندا نیشتەجێ بوون".

جن ناوی ڕەگەزە بۆ جیهانی جنۆكە كە شەیاتینەكانیش لەوانن، كە جنۆكە كافرەكانن.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿وأنا منا الصالحون ومنا دون ذالك كُنا طرائق قددا* وأنا ظننا أن لن نُعجز الله ولن نُعجزه هربا* وأنا لما سمعنا

الهدا آمنا به فمن يُمن بربه فلا يخاف بخسا ولا رهقا* وأنا منا المسلمون ومنا القاسطون فمن أسلم فأُلئك تحروا رشدا﴾ س الجن آ ١١– ١٤.

واتە: هەمانە پیاوچاك و سالّحن و هەشمانە لەوە کەمترە، ئێمە لەسەر چەندین ڕێگەی جیاواز بوین، ئێمە دلّنیابوین کە هەرگیز لە ژێر دەسەلاّتی خودا دەرناچین لەزەویدا، هەروەها بەهەلاّتن و خۆدزینەوەش ناتوانین لەژێر دەسەلاّتی ئەو هەلّبێین. ئێمە کاتێك گوێمان لە بانگەوازی خودایی بوو یەکسەر باوەڕمان هێنا، هەرکەسێك ئیمان و باوەڕ بهێنێت بە پەروەردگاری خۆی ئیتر ترسی ئەوەی نییە کە کردەوە باشەکانی بەبێ نرخ تەماشا بکرێن و لە گوناهەکانیشی چاوپۆش نەکرێت. لەناو ئێمەدا کەسانی موسولّمان و خوداناس هەیە و کەسانی بێ باوەڕ و خراپیش هەیە، ئەوەی کە موسولّمان ببێت دیارە کە ڕێبازی سەرفرازی دۆزیوەتەوە.

ئیبلیس بە شەیتانی گەورە ناوزەد دەکرێت لە جنۆکەکان کە سەرکەشی لە فەرمانی خودا کرد و سوجدەی نەبرد بۆ ئادەمی باوکی مرۆڤایەتی، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا باسی کراوە، مانای ووشەی ئیبلیس واتە کەسێك کە لە ڕەحمەتی خودای گەورە مەئیوس بووە و لە بەزەیی زاتی پەروەردێن بێبەش بووە.

شەیتانیش ووشەیەکە مەبەست پێی هەموو سەرکەشێکی هەلّگەڕاوەیە لە جنۆکە و مرۆڤ و گیانەوەران، بنەڕەتی ووشەکە (شطن)یە واتە دوورکەوتەوە، هەرکەسێك پشت لە بەرنامەی خودای گەورە بکات و کافر ببێت پێی ئیتر مرۆڤ بێت یاخود جنۆکە، پێی دەگوترێت شەیتان، هەروەها گیانەوەرانی سەرکەشیش دەگرێتەوە کە زیان دەگەیەنن بە گیانەوەرانیتر و مرۆڤەکان، هەربۆیە لە حەدیسی پێغەمبەر(ص) دا هاتووە کە فەرمان

دەکات بەهاوەڵانی کە پەنا بگرن بەخودای گەورە لە شەیتانی نەفرت لێکراو. ﴿وكذالك جعلنا لكل نبى عوا شياطين الأنس والجن يُوحى بعضهم إلى بعض زُخرُف القول غُرُورا﴾ س الأنعام آ ١١٢. واتە: بۆ هەموو پێغەمبەرێك دووژمنێك لە شەیاتینی مرۆڤ و جنۆکەمان داناوە کە بەردەوام قسەی زل و ڕازاوە دەدەن بە گوێی یەکدا و خۆیان و خەڵکی پێ سەرگەردان و گومڕا دەکەن، خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە نەیاندەتوانی شتی لەوجۆرە ئەنجام بدەن، دە وازیان لێ بێنە با لەگەڵ ئەو درۆو بوختانەی کە دەیکەن تووشی سزای خودایی ببن چوونکە قوتاربونیان مەحاڵە.

هەروەك چۆن خراپە لە جیهانی مرۆڤەکاندا چەند پلە و قۆناغێکە، هەروەها لەجیهانی جنۆکە و شەیاتینەکانیشدا چەند پلەیەکی هەیە، شەیتان بەرزترین پلەی خراپە و کوفرە لە جیهانی جنۆکە و مرۆڤەکاندا.

دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو باسەی کە دەستمان پێکرد سەبارەت بە شوێنی هەبوونی جنۆکەکان لەوانەش شەیاتینەکان.

هەروەك ئیبن عەباس و ئەوانیتر دەڵێن پێش دروستبوونی مرۆڤ جنۆکە لەسەر زەویدا بوون، بەڵام کاتێك خودای گەورە ئادەمی لە ئاسماندا لە خاك دروست کرد ئیبلیس لەگەڵ فریشتەکاندا لەوێ بوو، لەوانیش نەبوو، بەڵام جنۆکەیەکی خودا پەرست بوو، بەڵام لەبەر ڕق و قین و ئیرەیی بردن بە ئادەم کاتێك پلەو پایەی ئەوی بینی لەلای خودای گەورە کە چەندە ڕێزی لێ دەگرێت و ڕێزێکی زۆریش لە زوڕیەتەکانی دەگرێت کە لەو دەبن و دواتر لەسەر زەویدا نیشتەجێیان دەکات کە پێشتر شوێنی نیشتەجێبونی خۆی و شەیاتینەکانیتر بووە، ئیبلیس لە فەرمانی خودا دەردەچێت و سەرکەشی دەکات و سوجدەی ڕێز نابات بۆ ئادەم. خودای گەورە لەم بارەیەوە

دەفەرمێت: ﴿ولقد خلقنا الأنسان من صلصال من حمأ مسنون* والجان خلقناه من قبل من نار السموم* وإذ قال ربك للملائكة إنى خالق بشرا من صلصال من حمأ مسنون* فأذا سويته ونفخت فيه فقعوا له ساجدين* فسجد الملائكة كلهم أجمعون* إلا إبليس أبى أن يكون مع الساجدين* قال يا إبليس ما لك الا تكون مع الساجدين* قال لم اكن لأسجُد لبشر خلقته من صلصال من حمأ مسنون* قال فاخرج منها فأنك رجيم* وإن عليك اللعنة إلى يوم الدين* قال ربى فانظرنى إلى يوم يُبعثون* قال فأنك من المُنظرين* إلى يوم الوقت المعلوم* قال ربى بما أغويتنى لأزينن لهم فى الأرض ولأُغوينهم أجمعين* إلا عبادك منهم المخلصين* قال هذا صراط على مستقيم* إن عبادى ليس لك عليهم سلطان إلا من اتبعك من الغاوين﴾ س الحجر آ ٢٦–٤٢.

واتە: سوێند بەخودا ئێمە سەرەتا مرۆڤمان لە قوڕێکی ووشک دروست کرد، کە پێشتر قوڕێکی ڕەشاباوی ترشاو بوو. جنۆکەکانیشمان پێشتر لە ئاگرێکی بەتین دروست کرد، کە بە کونە ووردیلەکاندا تێدەپەڕێت. یادی ئەوە بکەرەوە کاتێك پەروەردگارت بە فریشتەکانی گوت: بەڕاستی من دروستکاری بەشەرێکم لە قوڕێکی ووشک کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباوو ترشاو بوو. کاتێك ڕێك و پێك و تەواوم کرد لەو ڕۆحە تایبەتەی کە من بەدیهێنەری ئەوم، کردم بەبەریدا، هەمووتان کڕنۆشی بۆ بەرن، (واتە کڕنۆشی ڕێزگرتن و بەفەرمانی خودا). ئینجا فریشتەکان فەرمانی خودایان بەجێهێناو هەموویان بە گشتی کڕنۆشی ڕێزیان برد بۆ ئادەم. جگە لە ئیبلیس (شەیتانی گەورە) نەبێت کە سەرپێچی کرد و نەیویست لەگەڵ کڕنۆش بەراندا بێت. خودای گەورە فەرمووی ئەی ئیبلیس باشە بۆچی لەگەڵ

کڕۆنۆش بەراندا نیت؟!. شەیتان لەوەڵامدا گوتی: من ئەوەندە نزم و بچووک نەبووم کڕنۆش بەرم بۆ بەشەرێک کە تۆ لە قوڕێکی ووشک دروستت کردووە کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباوو ترشاو بووە!. خودای گەورەش فەرمووی: لەبەر ئەوەی کە سەرپێچیت لەفەرمانی من کرد دەبێ لەم شوێنە نەمێنیت، کە بەهەشتە یان ئاسمان، کەوابوو لێرە دەرچۆ چوونکە تۆ نەفرەت لێکراویت. بەڕاستی نەفرەتی خودای گەورەت لەسەرە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت. شەیتانیش گوتی: پەروەردگارا مۆڵەتم بدە بڕیم هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی هەمووان زیندوو دەکرێنەوە. هەتاوەکو ڕۆژی کاتە دیاریکراوو زانراوەکە(لەلای خودا). ئیبلیس بە بوغز و کینەو حەسادەتەوە گوتی: پەروەردگارم مادەم بەهۆی ئەم مرۆڤەوە منت سەر لێشێواو کرد، پەیمان بێ لەسەر زەویدا هەموو گوناح و تاوان و لادانێکیان لەلا شیرین بکەم و هەرهەموویان سەرلێشێواوو سەرگەردان بکەم. بێجگە لە بەندە پوختەو دڵسۆزەکانی خۆت نەبێت (چوونکە دڵیان بەباوەڕ بەتۆ و یادی تۆ ئاوەدانە و هەوڵ و کۆششی من بۆ گومڕاکردنیان ناکامە). خوای گەورەش فەرمووی ئەوە ڕێگە و ڕێبازێکی ڕاست و دروستە و هەربۆلای من دێت و هەر منیش چاودێری دەکەم. بەڕاستی بەندە چاک و پاکەکانی من بەتۆ فریو نادرێن و تۆ هیچ دەسەلاتێکت نیە بەسەریاندا، جگە لەوانە نەبێت کە شوێنت کەوتوون لەسەرکەش و یاخی و سەرگەردانەکان.

ئیبلیس قەرینی شەیتانی مرۆڤە کە ڕۆڵی سەرەکی و ڕوون و ئاشکرای هەیە لە ژیانی مرۆڤدا کە وەسوەسەیە و ئامانج لێی دەرکردن و بێبەشکردنی مرۆڤە لە ڕەحمەتی خودا لە دوونیا و قیامەتدا، هەروەک لە ئایەتی ١٢٠ی سورەتی طه دا دەفەرمێت: ﴿فوسوس إليه الشيطان قال ياآم هل

أدلك على شجرة الخُلد ومُلك لايبلى﴾ واتە: شەیتان وەسوەسەی بۆ دروست کرد و پێی گوت: ئەی ئادەم ئایا درەختێکت نیشان بدەم کە ئەگەر لەبەرەکەی بخۆن هەرگیز نامرن و لەناو ناچن.

جنۆکەی کافر و سەرکەش کۆمەڵێك شوێنیان هەیە کە لەوێدا بوونیان هەیە، کە بەزۆری نزیکن لە شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤەکانەوە کە بە هەموو شێوەیەك ئازاری مرۆڤەکان دەدەن لە سیحر و حەسودی و...هتد.

هەربۆیە پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ئەم شوێنە بۆشاییانە جنۆکەیان تێدایە، ئەگەر کەسێك لە ئێوە ویستی بچێتە سەرئاو با بڵێت: خودایە من پەنات پێ دەگرم لە پیسی و پیساییەکان}[٤٤].

پیسیەکان (الخُبث) واتە نێرینەی شەیاتینەکان و پیساییەکانیش(الخبائث) مێینەی شەیاتینەکانن، کە لەناو ئاودەستەکاندا بوونیان هەیە کە خەڵکی دەچن بۆ ئەوەی تارەتیان تێدا بگرن، ئەگەر بێت و پیس و پۆخڵ بن وەك ئاودەستە کۆنە خۆمالێیەکانی پێشوو ئەوە شەیاتینەکان زیاتر تێیاندا دەژین، خۆ ئەگەر پاکوخاوێن بن ئەوا بەدڵنیاییەوە هەبوونی شەیاتینەکان تێیاندا سنوردار دەبێت یاخود هەر بوونیان نییە لەو جێگایانەدا. شەیاتینەکان لە مەجلیسی خواردن و خواردنەوەکانی مرۆڤدا ئامادە دەبن، لەگەڵیاندا دەخۆن و دەخۆنەوە، ئەگەر بێت و ناوی خودای گەورە نەهێنرێت و بسم الله نەکرێت لە کاتی نانخواردن و ئاوخواردن و جێگەی خەوتندا، کاتێکیش پیاو سەرجێی لەگەڵ ژنەکەیدا دەکات و کاتی دەستنوێژگرتنیش بەهەمان شێوەیە، هەموو

---

[٤٤] رواه الترمذى وابن ماجة وابن حبان.

ئەمانە لە حەدیسەکانی پێغەمبەر(ص) دا هاتووە و موسوڵمانانی هانداوە لەسەر زیکر و یادی خودای گەورە و بسم الله کردن لەو شوێنانەدا، لێرەدا چەند نمونەیەك لەو فەرموودە و حەدیسانە باس دەکەین:

پێغەمبەری خودا (ص) کاتێك دەچوویە ئاودەست دەیفەرموو: {خودایە من پەنات پێ دەگرم لە پیسی و پیساییەکان}[٤٥].

ئوبەی کوڕ کەعب لە پێغەمبەرەوە(ص) دەگێڕێتەوە کە سەروەر فەرموویەتی: {دەستنوێژ شەیتانێکی هەیە پێی دەگوترێت (وەلهان) زۆر ئاگاداری بن و خۆتانی لێ بپارێزن}.

کەسانێکی تریش لە ئەبوداوودەوە گێڕاویانەتەوە کە فەرموویەتی: {خۆتان لە وەلهان بپارێزن و ووریای وەسوەسەی زۆر بەکارهێنانی ئاو بن}[٤٦].

عوسانی کوڕ ئەبی عاص دەڵێت هاتم بۆلای پێغەمبەر(ص) و پێمگوت: {ئەی پێغەمبەری خودا شەیتان لە نوێژ و قورئان خوێندنەکەمدا دێتە بن کەڵێشەمەوە و لێم تێك دەدات، پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: {ئەوە شەیتانێکە پێی دەگوترێت (خنزب) ئەگەر هەستت پێکرد پەنا بگرە بە خودای گەورە لەو نەفرەتیە و سێ جار تف بکە لەلای چەپی خۆت} ئەویش دەڵێت: ئەوکارەم ئەنجامدا و خودای گەورە لە وەسوەسەکەی رزگاری کردم[٤٧].

---

[٤٥] متفقٌ علیه. له الجامع الصغیردا هاتووه که پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {پەردەی نێوان چاوی جنۆکە و شەرمگەکانی ئادەمیزاد ئەوەیە کاتێك کەسێکیان چوویە ئاودەست بڵێت: " بسم الله".

[٤٦] رواه الترمذی ف سُننه والحاکم والبیهقی وأحمد.

[٤٧] رواه مسلم وأحمد والحاکم وابن أبی شیبه.

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {خەونی باش لەخودای گەورەوەیە، خەونی خراپیش لە شەیتانەوەیە، ئەگەر کەسێك لە ئێوە خەونێکی بینی و لێی ترسا با تف بکات لەلای چەپی خۆی و پەنا بگرێت بەخودا لەخراپەی ئەو خەونە چوونکە ئەگەر ئەوکارە بکات زیانی پێ ناگەیەنێت}[٤٨].

هەروەها دەفەرمێت: {ئەگەر کەسێك لە ئێوە وویستی سەرجێی لەگەڵ خێزانەکەیدا بکات و بڵێت: بسم الله خودایا شەیتانمان لێ دووربخەرەوە، هەروەها لەو منداڵەشی دوور بخەرەوە کە پێمانی دەبەخشیت، بەدڵنیاییەوە ئەو ژن و پیاوە منداڵێکیان دەبێت شەیتان ناتوانێت زیانی پێ بگەیەنێت}[٤٩].

جنۆکەکان دەبن بە سێ بەشەوە هەروەك پێغەمبەر(ص) دابەشی کردووە بۆمان و دەفەرمێت:{جنۆکە سێ بەشن، بەشێکیان لە هەوادا دەفڕن، بەشێکیان مار و سەگەکانن، بەشێکیتریان وولاخەکانن کە سواریان دەبن و بەکاریان دەهێنن}[٥٠].

هێز و دەسەلاتی جنۆکەکانیش ئەوەیە کە خۆیان دەخەنە سەر چەندین شێوە و شێواز لەوانەش:

خۆیان وەك مرۆڤ لێ دەکەن، هەروەك پێشتر باسمان کرد.

کتێبەکانی تەفسیر باسی ئەوەیان کردووە کە شەیتان لە ڕۆژی جەنگی بەدردا لەسەر شێوەی سوراقەی کوڕ مالیك هات بۆلای موسوڵمانەکان و پەیمانی سەرکەوتنی پێدان، هەر لەمبارەیەوە بوو کە ئەم ئایەتە دابەزی و

---

[٤٨] رواه البخاری فی صحیحه.
[٤٩] متفقٌ علیه.
[٥٠] رواه الطبرانی والبیهقی والحاکم باسناد صحیح.

فەرمووی:﴿وإذ زين لهم الشيطان أعمالهم وقال لا غالب لكم اليوم من الناس وإني جارٌ لكم فلما تراءت الفئتان نكص على عقبيه وقال إني بريئ منكم إني أرى مالا ترون إني أخاف الله والله شديد العقاب﴾ س انفال آ ٤٨.

واتە: کاتێك شەیتان کاروکردەوەکانی بۆ جوان کردن و پێی گوتن کەس ناتوانێت سەربکەوێت بەسەرتاندا من لەتەنیشت ئێوەدام و دراوسێتانم، بەڵام کاتێك هەردوو تاقمەکەی بینی هەڵگەڕایەوە و پاشەکشەی کرد و گوتی: من بێ بەریم لە ئێوە، من شتێك دەبینم کە ئێوە نایبینن من لەخودای گەورە دەترسم خودای گەورە سزاو تۆڵەی زۆر توند و بە زەبرە.

بەغەوی و هەندێکیتر لە تەفسیرەکەیاندا دەڵێن ئیبلیس لەگەڵ سەربازەکانیدا هاتووە و خۆی وەك سوراقەی کوڕی مالیکی جەشعەم نیشانی موسوڵمانەکان داوە.

هەروەها ئەو چیرۆکەی ئەبوهورەیرە لەگەڵ شەیتاندا کە خۆی خستووەتە سەر شێوەی پیاوێك و لە خواردنی خێرەکەی خواردووە و....هتد و حەدیسەکەش لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە.

جنۆکە دەتوانن خۆیان لەسەر شێوەی گیانەوەران نیشان بدەن، هەروەك ئیبن تەیمیە ڕەحمەتی خودای لێبێت دەڵێت: سەگی ڕەش شەیتانی سەگەکانە و جنۆکە زیاتر لەسەر شێوەی سەگ خۆیان دەنوێنن، هەروەها لەسەر شێوەی پشیلەی ڕەش، چوونکە ڕەشی کۆکەرەوەی هێزە شەیتانیەکانە و هێزو ووزەی گەرمایشی تێدایە.

قورتوبی دەڵێت: لە گەورەییەکانی عومەری کوڕی عبدالعزیزمان پێ گەیشتووە کە ئەبوبەکری کوڕی تاهیری ئیشبیلی گێڕاویەتیەوە کە عومەری کوڕ عبدالعزیز لەزەوییەکی چۆڵەوانیدا پیاسەی کردووە مارێکی مردارەو بوو

دەبینێت، بەشێك لە عاباکەی خۆی دەدڕێنێت و کفنی دەکات و لەپاشان بەخاکی دەسپێرێت، دەنگێك هاتووە و گوتویەتی: ئەی سەرەق شاهێدی بدە، لە پێغەمبەری خوداوە بیسوومە کە فەرموویەتی تۆ لە بیابانێکی چۆڵەوانیدا دەمریت پیاوچاکێك کفن و دفنت دەکات، عومەریش دەڵێت تۆ کێیت ڕەحمەتی خودات لێ بێت؟ من لەوانەم کە گوێمان لە قورئانی پێغەمبەری خودا گرتووە و تەنها من و سەریق مابوین، ئەوە سەریقیش مرد.

هەروەها قورتوبی دەڵێت: عائیشە لەژوورەکەی خۆیدا مارێکی کوشت کاتێك دایکی ئیمانداران قورئانی دەخوێند و ئەویش گوێی دەگرت، شەو هاتە خەوی و پێیان گوت: تۆ پیاوێکی ئیمانداری جنۆکەت کوشتووە کە هاتوون بۆلای پێغەمبەری خودا (ص) عائیشەش دەڵێت: ئەگەر ئیماندار بوایە نەدەهاتە ناو حەرەمی پێغەمبەری خوداوە، پێیان گوتووە تۆ حەقت بەسەر ئەوەوە چییە خۆ تۆ داپۆشراو بویت و ئەویش تەنها بۆ گوێگرتن لە قورئان هاتبوو.

عائیشەش زۆر بێتاقەت دەبێت و ترسێکی زۆر دایدەگرێت، هەربۆیە عەبدێکی کڕی و ئازادی کرد[٥١].

هەروەها خۆیان دەخەنە سەر شێوەی باڵندەکان هەروەك شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە ئاماژەی بۆ کردووە و وەك گێڕانەوەش لەنێو خەڵکی خاس و عامدا ئەمە سەلمێنراوە.

---

[٥١] تەفسیری قورتوبی.

هەروەها دەکرێت خۆیان وەک شێوەی وەحش و شکڵ و شێوە وەهمیەکان لێ بکەن کە پێی دەگوترێت عیفریت، کە پاش کوژرانی کەسێک لە ڕووداوێکدا دەردەکەوێت بۆ ترساندنی خەڵکی، ئەگەر ئەوە ڕووبدات ئەوە قەرینی کوژراوەکەیە و بەهۆی کوژرانی خاوەنەکەیەوە ترساوە هەربۆیە خەڵکی پێی دەڵێن عیفریتی مردووەکە.

بەڵام کاتێک جنۆکە خۆی دەخاتە سەر شێوەی کەسێک یاخود شتێک، ئەوە حوکمی ئەوە وەردەگرێت کە خۆی لەسەر شێوەی نواندووە، ئەگەر خۆی وەک مرۆڤ نیشاندا ئەوا حوکمی مرۆڤ وەردەگرێت، هەروەها ئەگەر لەسەر شێوەی گیانەوەر خۆی نواند بەهەمانشێوەیە، بەوجۆرە تایبەتمەندی شاراوەیی لەدەست دەدات کە خودای گەورە لەسەری دروستی کردووە، ئەوکات دەکرێت بکوژرێت و ئازار بدرێت و هەڵسووکەوت و جوواڵەی سنوردار بکرێت.

هەربۆیە جنۆکە شەیاتینەکان دەترسن لەوەی کە خۆیان لەسەر هەر شکڵ و شێوەیەکی دیارو بەرچاو نیشان بدەن، ئەوەش لەبەر ئەوەی نەوەک بیانگرن یاخود ئازار بدرێن، سەرەڕای ئەمەش ئەو شێوە گۆڕینە کارێکی زۆر ئاسانیش نییە و تەنها سیحربازەکانی جنۆکە و شەیاتین دەتوانن ئەوکارە ئەنجام بدەن.

***

بینینی جنۆکه و قەرین لەسەر شێوەی ڕاستەقینەیان

شتێکی مەحاله

خودای گەوره دەفەرمێت: ﴿یابنی آدم قد أنزلنا علیکم لباسا یُواری سوءاتك وریشا ولباس التقوی ذالك خیرٌ ذالك من آیات الله لعلهم یذّکرون* یا بنی آدم لایفتننکم الشیطان کما أخرج أبویکم من الجنة ینزع عنهما لباسهما لیُریهُما سوءاتهما إنه یراکم هو وقبیله من حیث لاترونهم إنا جعلنا الشیطان أولیاء للذین لایؤمنون﴾ س اعراف آ ٢٦– ٢٧.

واته: ئەی ئادەمیزاد ئێمه جل و بەرگێکمان بۆ نازڵ کردوون بۆ ئەوەی شەرمگه و عەیب و عارتان داپۆشن، جلوبەرگی تەقواو لەخودا ترسان له هەمووی باشترە، ئەوە یەکێك له ئایەت و نیشانەکانی گەورەیی خودایه ئەگەر بیر بکەنەوە، ئەی ئادەمیزاد ووریابن شەیتان هەڵتان نەخەڵەتێنێت هەروەك چۆن دایك و باوکتانی له خشتەبرد و بوویه هۆکاری دەرکرانیان له بەهەشتی خودایی و جلوبەرگیان لەبەردا داکەنرا و شەرمگه و عەیب و عاریان دەرکەوت ئەو شەیتانه و داروودەستەکەی ئێوه دەبینن بەڵام ئێوه ناتوانن ئەوان ببینن، ئێمه شەیاتینەکانمان کردووه به پشتیوانی ئەو کەسانی ئیمان و باوەڕیان به خودای گەوره و به ئاینەکەی نییه.

ئیبن حەزمی زاهیری دەڵێت: کەوابوو خودای گەورە پێمان دەفەرمێت ئێمە جنۆکە نابینین، هەربۆیە هەرکەسێك بانگەشەی ئەوە بکات کە دەیانبینێت بەدڵنیاییەوە درۆ دەکات، مەگەر یەکێك لە پێغەمبەران ئەوە بڵێت ڕاست دەکات چوونکە ئەوە موعجیزەیە بۆ ئەوان، هەروەك پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی شەیتان هاتووە بۆلای و ووێستویەتی نوێژەکەی لێ تێك بدات ئەمیش گرتویەتی و دووعاکەی سولەیمان پێغەمبەری برای بیرکەوتووەتەوە و بە هاوەلانی فەرموو و ووێستویەتی بیبەستێتەوە بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە بۆ ئەوەی بەیانیەکەی هەموو موسوڵمانان ببینن. هەروەها لە ڕیوایەتی ئەبوهورەیرەشدا هاتووە کە پێغەمبەر(ص) بینیویەتی و موعجیزەی پێغەمبەری خودا بووە، هەربۆیە هیچ گێڕانەوەیەکی ڕاست و دروست و باوەڕپێکراو نییە کە پشتڕاستی بکاتە پاش پێغەمبەر(ص) جنۆکە بینرابێت، هەرچیەکیش لەوبارەیەوە گوتراوە شتانێکی دواپڕاون و هیچ خێرێکیان تێدا نییە[٥٢].

قورتوبی دەڵێت: خودای گەورە کە دەفەرمێت: ﴿إنه يراكم هو وقبيله من حيث لاترونهم﴾ واتە: ئەوو داروودەستەکەی ئێوە دەبینن بەڵام ئێوە ئەوان نابینن. مەبەست لە داروودەستەکەی سەربازەکانیەتی، موجاهید دەڵێت: واتە جنۆکە و شەیاتینەکان، ئیبن یەزید دەڵێت: مەبەست لە ووشەی (قبیلە) واتە نەوە و وەچەکانی، هەندێکیش دەڵێن جیل و نەوەکانی، وە هەروەها ﴿من حيث لاترونهم﴾ واتە: بەجۆرێك کە ئێوە ئەوان نابینن، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جنۆکە تەنها لەسەردەمی پێغەمبەر(ص)دا

---

[٥٢] کتێبی الملل والأهواء – ئیبن حەزمی زاهیری.

بینراون ئەوەش بۆ ئەوەی وەک بەڵگەیە بێت لەسەر پێغەمبەرایەتیەکەی، چوونکە خودای گەورە بەجۆرێك دروستی کردوون کە نابینرێن، بەڵکو خۆیان دەخەنە سەر شێوە و شێوازی ترەوە، ئەوەش لە موعجیزانەیە کە تەنها لەسەردەمی پێغەمبەراندا ڕوو دەدات، قوشەیری دەڵێت: خودای گەورە نەریتی وایە کە ئادەمیزادەکان شەیاتینەکان نابینن، لە حەدیسدا هاتووە کە " شەیتان وەک خوێن بەناو دەمارەکانی مرۆڤدا هاتووچۆ دەکات"[٥٣].

شەوکانی ڕەحمەتی خودای لێبێت دەڵێت: کۆمەڵێك لە ئەهلی زانست بەڵگەیان بەم ئایەتە هێناوەتەوە کە بینینی شەیاتینەکان کارێکی نەگونجاوە، لە ئایەتەکەشدا شتێك نییە کە بەڵگە بێت لەسەر ئەمە، ئەوپەڕی مانای ئایەتەکە ئەوەیە کە ئەوان ئێمە دەبینن بەڵ ئێمە ئەوان نابینین، ئەمە مانای ئەوەی تێدا نییە کە بە هەمیشەیی نایانبینین، ئەو قەدەغەی بینینە مانای ئەوە نییە کە بەهەمیشەیی لێمان قەدەغە کراوە.

تەبەری لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: جەعفەر گوتویەتی: پاك و بێگەردی بۆ خودای گەورە مانای ئایەتەکە ئەوەیە کە: شەیتان ئێوە دەبینێت، واتە ڕەگەز و هاوشێوەکانیشی ئێوە دەبینن، کە بریتین لە جنۆکەکان، هەروەك دەڵێت قاسم لە حوسەین و ئەویش لە حەجاج و ئەویش لە ئیبن جەریرەوە و ئەویش لە موجاهیدەوە بۆی گێڕاوینەتەوە و گوتویەتی کە: ﴿إنه يراكم هو وقبيله من حيث لاترونهم﴾ واتە: ئەوو دارودەستەکەی ئێوەدەبینن بەڵام

---

[٥٣] متفقٌ عليه.

ئێوە ئەوان نابینن. مەبەست لە ووشەی (قبیلە) واتە وەچە و ڕگەزەکانی ئێوە ئەوان نابینن بەڵام ئەوان توانای بینینی ئێوەیان هەیە.

حافیزی کوڕی حیجر لە کتێبی الفتح دا دەڵێت: "ئیبن بەتاڵ و غەیری ئەویش دەڵێن کاتێك جنۆکەکە خۆی نیشانی پێغەمبەر(ص) داوە لەسەر شێوەی خۆی بووە و خۆی نەکردووە بە شتێکیتر، هەربۆیە گوتویانە بینینی شەیتان لەسەر ئەو شێوەیەی کە پێی دروستکراوە تایبەتە بە پێغەمبەرەوە(ص) بەڵام خەڵکی ناتوانن لەسەر شێوەی ڕاستەقینەیان جنۆکە و شەیاتین ببینن لەبەر ئەم ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرمێت: ﴿إنه يراكم هو وقبيله﴾ واتە: ئەوو دارودەستەکەی ئێوەدەبینن.

هەروەها دەڵێت: " بەیهەقی لە (مناقب الشافعی)دا ڕیوایەتی کردووە بە سەنەدی خۆیەوە لە ڕەبیعەوە گوتویەتی گوێم لە شافیعی بووە کە دەیگوت: هەرکەسێك بڵێت من جنۆکەم بینیوە شاهێدی بەتاڵ دەکەینەوە، مەگەر پێغەمبەر بێت".

مەبەست لەمەش ئەو کەسانەیە کە بانگەشەی بینینی جنۆکە دەکەن لەسەر شێوەی خۆیان، بەڵام ئەوکەسانەی کە دەڵێن گوایە لەسەر شێوەی جۆراوجۆری گیانەوەران بینیویانە ئەوە هیچ کێشەیەکی تێدا نییە و دەگە لە کەسایەتیان نادرێت و شاهێدیان وەردەگیرێت، ڕێوایەتەکانیش زۆرن سەبارەت بە خۆنیشاندانی جنۆکە لەسەر هەموو جۆرە شێوەیەکی بێجگە لەشکڵ و شێوەی خۆیان، سەخاویش لە ئیقازدا هەمان ئەم قسەیەی حافیزی کردووە.

قسەکەی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە کە دەڵێت: " زۆرێك لە خەڵکی جنۆکە دەبینن" و هەروەها ئەو قسەیەشی کە دەڵێت: " پێشینانی

ئوممەت و هەموو زانایان و خەڵکی خوێندەواریان بە گشتی لەسەر ئەو باوەڕەن کە جنۆکە دەبینرێت". لێردا ئیبن تەیمیە مەبەستی ئەوەیە کاتێك جنۆکە و شەیاتینەکان خۆیان لەسەر شێوەی تری وەك مرۆڤ و گیانەوەر و باڵندە و....هتد نیشان بدەن دەکرێت مرۆڤ بیانبینێت، بەڵگەی دەماو دەمی ڕاست و دروست لەسەر ئەمە هەیە، گێڕانەوەی موتەواتیریش لەسەر ئەمە بوونی هەیە، کۆی زانایانی سەلەف و پێشەوایانی ئوممەت کۆکن لەسەر ئەم بۆچوونە.

سەبارەت بەم ئایەتە پرسیار لە ئیبن تەیمیە کرا ﴿إنه یراکم هو وقبیله من حیث لاترونهم﴾ واتە: ئەوو داروودەستەکەی ئێوەدەبینن بەڵام ئێوە ئەوان نابینن. ئایا ئەمە گشتییە و کەس نایانبینێت یاخود هەندێك لە خەڵکی دەتوانن بیانبینن؟ وە ئایا جنۆکە و شەیاتین یەك ڕەگەزن و نەوەی ئیبلیسن، یاخود دوو ڕگەزی جیاوازن؟

ئەویش لە وەڵامدا گوتویەتی: "سوپاس بۆ خودای گەورە، ئەوەی لە قورئاندا هەیە ئەوەیە کە ئەوان مرۆڤ دەبینن لەکاتێکدا کە ئادەمیزاد ئەوان نابینێت، ئەمەش ڕاستیەکە کە ئەوان مرۆڤ لە حاڵێکدا دەبینن کە ئەو ناتوانێت ئەوان ببینێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە بەهیچ شێوەیەك مرۆڤ ناتوانێت ئەوان ببینێت، بەڵکو هەندێکجار پیاوچاکان و غەیری پیاوچاکانیش ئەوان دەبینن، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا نایان بینن، شەیاتینیش لەنێوان مرۆڤ و جنۆکەدا دێن و دەچن، هەموو جنۆکەکانیش منداڵی ئیبلیسن، خودا باشتر دەزانێت"[٥١].

---

[٥١] سەیری (مجموع الفتاوی ئیبن تەیمیە) بکە.

محمد ڕەشید ڕەزا دەڵێت: "ئەگەر فریشتە یاخود جنۆکە لەسەر وێنەیەکی چڕ خۆیان نواند وەک ووێنەی مرۆڤ یان شتیتر، ئەوکات ئادەمیزاد دەتوانێت ببینێت، بەڵام لەسەر شێوە و شێوازی بنەڕەتی خۆیان نایان بینن، ئەوەش نەریت و سوننەتی خودایە لە دروستکردنی جیهانی مرۆڤ و جیهانی جنۆکە و شەیاتینەکاندا"[٥٥].

پرسیار لە شێخ عبداللەی کوڕی عبدالرەحمانی جبرین کرا لەبارەی بینینی جنۆکە لەسەر ئەو شێوازەی کە دروست کراون؟

ئەویش لەوەڵامدا گوتی" جنۆکە بنەڕەتیان ڕۆحی بێ جەستەن وەک فریشتە و شەیاتینەکان، منیش گوتم: مەسەلە ئەوەی کە جنۆکە وەک ڕۆحی بێ جەستە درستکراون وەک شەیاتین و فریشتەکان، تێڕوانینێکی تێدایە، چوونکە کێ ئەهلی زانست ئەوەیان گێڕاوەتەوە کە جنۆکە و شەیاتینەکان و فریشتەکانیش کۆمەڵێك دروستکراون کە جەستەیان هەیە، بێجگە لە خودا هیچ کەسێك نازانێت چۆنیەتی و ناوەڕۆکیان چۆنە. پێشتریش من ڕەخنەم لەم مەسەلەیە گرت و گوتم ناکرێت مرۆڤ لەسەر شێوەی ڕاستەقینەیان بیانبینێت لەبەر ئەم ئایەتە پیرۆزەی کە دەفەرمێت: ﴿إنه يراكم هو وقبيله من حيث لاترونهم﴾ واتە: ئەوو دارودەستەکەی ئێوەدەبینن، بەڵام ئێوە ئەوان نابینن. چوونکە بە یارمەتی خودا ئەوان دەتوانن شێوەی خۆیان بگۆڕن و لەسەر چەندین شێوە و شکڵی جیاواز و جۆراوجۆر دەربکەون، جارێك لەسەر شێوەی شێخێکی گەورە و جارێکیش لەسەر شێوەی گەنجێکی کاملّ و جاری واش هەیە لەسەر شێوەی وولاخ

---

[٥٥] تفسير المنار محمد رشيد رضا.

یاخود باڵندە یاخود مێرووییەك، لەم شێوە و شکلاڵنەدا دەبنە خاوەنی جەستەی هەستپێکراو.

هەندێکجار خودای گەورە کەسانێکی تایبەت ئاگادار دەکاتەوە و دەیانبینن، هەروەك ئەوەی کە بۆ پێغەمبەر(ص) ڕوویدا و جوبرەئیل خۆی نیشانداو پێغەمبەر(ص) ناوبراوی بینی، بەاڵم خاتوو عائیشە جوبرەئیلی نەبینی، بەجۆرێك کە دایکی ئیمانداران هەندێك لە جەستەی دیار بوو خۆی دانەپۆشیبوو، دروستکردنی جنۆکەش هەر بەوجۆرەیە، هەندێکجار هەیە خەڵکانێکی تایبەت خزمەتیان دەکەن و لێیان نزیك دەبنەوە وەك ساحیر و کاهینەکان دەیانبینن و خەڵکی ئاسایی ناتوانن بیانبینن، هەندێکجاریش خۆیان بۆ کۆمەڵێك لە پیاوچاکان دەردەخەن و ئەوانیش دەیانبینن".

هەروەها پرسیار لە شەیخ کراوە سەبارەت بەوەی کە هەندێ کەس ووێنە جنۆکەی گرتووە و دواتر کەسەکە مردووە، ئایا دەکرێت ووێنەی ڕاستەقینەی جنۆکە بگیرێت کە خودای گەورە دروستی کردوون؟

ئەویش لەوەاڵمدا دەڵێت: " لەپاشان... ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە جنۆکە بریتین لە ڕۆحی بێ جەستە و مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆیان بیانبینێت، هەروەها ناتوانین شەیاتینەکانیش ببینین هەرچەندە زۆر نزیکن لێمانەوە، جنۆکەکانیش بەهەمان شێوە، لەبەر ئەوەش ناونراون جنۆکە چوونکە لەبەرچاوان شاراوەن و وەك ئەوە وایە لە تاریکیدا بن، تاریکیشی پێی دەڵێن(جنە) خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز و لە چیرۆکی حەزەرەتی ئیبراهیم پێغەمبەردا دەفەرمێت: ﴿فلما جن علیه اللیل﴾ واتە: کاتێك شەوی بەسەردا هات و دوونیا تاریك بوو، بە دارستانی

چرو پرپش دەگوترێت (جنە) چوونکە بەهۆی چرو پڕی دارودرەختەکانیەوە هەرکەس و هەرشتێك بچێتە ناوییەوە دیار نییە و نابینرێت.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿إنه يراكم هو وقبيله من حيث لاترونهم﴾ واتە: ئەوو دارودەستەکەی ئێوە دەبینن بەلآم ئێوە ئەوان نابینن. مەبەست لە ووشەی (قبیلە) واتەی ئەوەی کە لەسەر شکلّ و شێوەی ئەوە وەك جنۆکەکان، هەروەك چۆن ڕۆحی مرۆڤ لەکاتی دەرچوونیدا لە جەستەی ئادەمیزاد ئامادەبوان ئاگاداری دەرچوونەکەی دەبنەوە، بەلآم شکلّ و شێوەکەی نابینن، هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿يسألونك عن الروح قل الروح من أمر ربي وما أوتيتم من العلم إلا قليلا﴾ واتە: لەبارەی ڕۆحەوە پرسیارت لێ دەکەن ئەی پێغەمبەر(ص) تۆش بڵێ ئەوە مەسەلەیەکە تەنها خودای گەورە خۆی دەزانێت چۆنە، من هیچ زانیاریەکم لەبارەی چۆنیەتی و چەندیەتیەکەیەوە نییە.

هەربۆیە دەڵێین ئەم ووێنانە خەیاڵین و لەسەر خەیاڵ نەخشێنراون، یاخود ووێنەی کەسێکن لەحاڵەتێکی ناشیریندا و ناتوانێت شانازی پێوە بکات، هەرکەسێك بیانبینێت یەکسەر هەوڵ دەدات ووێنەکان بسڕێتەوە". خودای گەورە زاناترە.

کورتەی قسەکە و ئەوەی کە ئەهلی زانست و پسپۆڕان باسیان کردووە لە کۆن و نوێدا و لەوانەش ئیمامی شافیعی ئەوەیە کە مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت جنۆکە و شەیتانەکان ببینێت مەگەر پێغەمبەران درودی خودایان لەسەر بێت، تەنها پێغەمبەران خودای گەورە تایبەتی کردوون بەو بینینەوە و دەتوانن فریشتە و جنۆکە و شەیاتینەکان بەچاوی سەر و لەسەر شێوەی بنەڕەتیان ببینن.

دەبێت ئەو قسەیەی ئیمامی شافیعیمان لەبیر نەچێت کە دەڵێت: " ئەوەی کە بانگەشەی بینینی جنۆکەی کرد لەسەر شکڵ و شێوەی بنەڕەتیان، بەدڵنیاییەوە درۆ دەکات مەگەر ئەوەی کە پێغەمبەر بێت".

قەرین دەچێتە ناو ئەم هەموو باس و خواستانەوە، چوونکە ئەویش لە جیهانی شاراوەی جنۆکەیە کە پێغەمبەران سەلامی خودایان لەسەر بێت دەتوانن بەچاوی سەر و لەسەر شکڵ و شێوازی ڕاستەقینە و بنەڕەتیان بیانبینن. خودای گەورە زاناترە.

***

شوێن و جێگاکانی هەبوونی جنۆکە لە ژیانی مرۆڤدا

یەکێك لەو شوێن و جێگایانەی کە جنۆکەیان تێدایە بریتیە لە ڕووبار و دەریا و زەریا گەورەکان، هەروەك خودای گەورە لە بارەی پێغەمبەر سولەیمانەوە سەلامی خودای لەسەر بێت دەیگێڕێتەوە و دەفەرمێت: ﴿ومن الشياطين من يعمل بين يغوصون له ويعملون عملا دون ذالك وكُنا لهم حافظين﴾ س انبياء آ ٨٢. واتە: لە شەیاتینەکان هەبوو کە دەچوون بەناو قوڵایی دەریاکاندا بەفەرمانی سولەیمان و لەوەش کەمتریان بۆ دەکرد وئێمەش پارێزگاریمان لە خۆی و شوێنکەوتوانی ئەو پێغەمبەرە دەکرد.

لێرەدا شەیاتینەکان کاریان بۆ سولەیمان کردووە بەناچاری و وەك موسەخەربونێك بووە بۆ ئەو پێغەمبەرە لەلایەن خودای گەورەوە، چوونکە دەفەرمێت ئێمە خۆی و شوێنکەوتووەکانی دەپارێزین ﴿وكُنا لهم حافظين﴾ هەروەها ئەو ئایەتە پیرۆزانەی سورەتی ص کە دەفەرمێت ﴿فسخرنا له الريح تجرى بأمره رُخاءا حيث أصاب* والشياطين كل بناء وغواص* وآخرين مقرنين فى الأصفاد﴾ س ص آ ٣٦ – ٣٨. واتە: پەشەبامان بۆ موسەخەر کردبوو بە فەرمانی ئەو دەجوولایەوە لەهەرکوێ بکەوتایە خۆشگوزەرانی دەهێنا، شەیاتینەکانیش لەبەردەستی ئەودابوون هەموو

وەستایەك و ئەوانەی كە دەچوون بەناو قولاّی دەریاكاندا، كۆمەڵێكی تریش كە لەتەنیشت یەكەوە ڕیزیان بەستبوو بەسترابوون بەیەكەوە.

موسەخەربونی ڕەشەباو شەیاتینەكان بۆ پێغەمبەر سولەیمان سەلامی خودای لەسەر بێت لەلایەن خودای گەورەوە وەك موعجیزەیەك بووە بۆ ئەو پێغەمبەرە و پشتیوانی هێز و دەسەلاّتی بووە كە پاش ئەو بە هیچ كەسێكیتر نەدراوە، هەربۆیە خودای گەورە پاش باسكردنی ئەم نیعمەتانە دەفەرمێت: ﴿هذا عطاؤنا فامنن أو أمسك بغير حيساب* إن له عندنا لزلفى وحُسن مآب﴾ س ص آ ٣٩– ٤٠. واتە: ئەوە بەخششی ئێمەیە دەی تۆیش منەتبار بە یاخود بە بێ حیساب دەست بەو نیعمەتەوە بگرە، نزیكی لە ئێمە و باشترین شوێن بۆ ئەو پێغەمبەرە لەلای ئێمە هەیە لە قیامەتدا.

هەندێكجار كاری شەیاتین لە ڕۆچوونە لەناو ئاودا وەك ئەوەی كە مرۆڤ ئەنجامی دەدات لە چوونە ناو ئاو، بەلاّم بۆ كاتێكی درێژ تێیدا نامێنێتەوە، لەوانەیە مرۆڤ لەناو ژێردەریاییەكانا بۆ چەند ڕۆژ یاخود چەند مانگێك بژی، بەلاّم ئەوە بە ژیان هەژمار ناكرێت، بەڵكو ئەوە كۆمەڵێك هێز و دەسەلاّتە كە خودای گەورە بە مرۆڤ و جنۆكەی بەخشیوە.

یەكێكیتر لە هێز و تواناكانی شەیاتین و جنۆكەكان بریتیە لە بەرزبوونەوە بەرەو ئاسمان و فڕین بەناو هەواو خێرایی هاتووچۆیان وەك ڕەشەبا، مرۆڤیش توانیویەتی ئەمكارە ئەنجام بدات، بەلاّم لەڕێگەی زانست و ئەو داهێنانەی كە كردوویەتی ئەوەش بە هێز و دەسەلاّت و پشتیوانی خودایی.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿يا معشر الجن والأنس غن استطعتم ان تنفذوا من أقطار السماوات والأرض فانفذوا لا تنفذون إلا بسلطان﴾ س

الرحمن آ ٢٣. واتە: ئەی کۆمەڵی جنۆکە و مرۆڤ ئەگەر دەتوانن بچن بەناو هەموو بەشەکانی ئاسمانەکان و زەویدا بڕۆن، بەڵام دڵنیابن بەبێ یارمەتی خودایی ئەوکارەتان پێ ناکرێت.

هەروەها خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمێت: ﴿ولقد زينا السماء الدنيا بمصابيح وجعلناها رُجُوما للشياطين وأعتدنا لهم عذاب السعير﴾ س الملك آ ٥. واتە: ئاسمانمان بە ئەستێرە ڕازاندووەتەوە و هەندێکمان کردووە بە نەیزەک و شەیتانەکانی پێ ڕاودەنێین، لە قیامەتدا سزای سوتێنەرمان بۆ داناون.

هەموو ئەمانە لە هێز و دەسەلاتەکانی جنۆکەن و نەبوون بە شوێنی نیشتەجێبونی سەرەکیان.

یەکێکیتر لە هێزو تواناکانی شەیاتینەکان بریتیە لە چوونە ناو جەستەی مرۆڤەوە و جێگیربون تێیدا وەک لوتی مرۆڤ، هەروەک لە حەدیسی پێغەمبەردا(ص) هاتووە:

{ئەگەر کەسێک لە ئێوە لە خەو هەستا و دەستنوێژی گرت، با سێجار ئاو ڕابدات لە لوتی چوونکە شەیتان لەناو بڕناخەکانیدا شەو ماوەتەوە}[٥٦].

هەروەها لە حەدیسێکیتردا دەفەرمێت: {ئەگەر کەسێک لە ئێوە لە خەو هەستا با سێ جار ئاو بدات لە لوتی چوونکە شەیتان لەسەر بڕناخەکانی شەو ماوەتەوە}[٥٧].

هەروەها شەیاتینەکان دەچنە ناو دەمی ئەو کەسەوە کە باوێشک دەدات، ئەگەر بێت و لەکاتی باوێشکدانەکەدا دەست نەگرێت بە دەمیەوە

---

[٥٦] فتح الباری لشرح صحیح البخاری.
[٥٧] رواه مسلم.

هەروەك پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ئەگەر کەسێك لە ئێوە باوێشکی دا با دەست بگرێت بە دەمییەوە، چوونکە ئەگەر وا نەکات شەیتان دەچێتە ژوورەوە}.

لە ڕیوایەتێکیتردا هاتووە: {ئەگەر کەسێك لە ئێوە باوێشکی بۆ هات با هەوڵبدات بیخواتەوە چوونکە شەیتان دێتە ژوورەوە}.

لە ڕیوایەتێکیتردا هاتووە: {چوونکە شەیتان لەناو جەستەیدا پێدەکەنێت}.

ئەم حاڵەتانەش بە حاڵەتی دەگەی شەیتانی نادرێنە قەڵەم، بەڵکو کۆمەڵێك حاڵەتی کاتین و ئەگەریش ڕوو بدەن لەپاش ڕوودانیان خێرا کۆتاییان دێت.

هەربۆیە زیکری خودا و پەناگرتن بەو زاتە گەورەیە لە شەیتانی ڕەجیم لەکاتی باوێشك داندا شتێکە پێغەمبەر(ص) موسوڵمانانی هانداوە لەسەری کە دەست بگرن بەدەمیانەوە.

هەروەها ئاو ڕادان لە لوت و دەرکردنەوەی بە تووندی، چوونکە لەو حاڵەتەدا شەیتانیش دەکرێتە دەرەوە، ئاو ئاگری شەیتان دەکوژێنێتەوە، هەروەها لە حاڵەتی تورەبیشدا هەر وایە، هەربۆیە پێغەمبەر(ص) ئامۆژگاری کردووین کاتێك تورە دەبین بچین دەستنوێژ بگرین چوونکە تورەیی لەشەیتانەوەیە و ئاویش تورەیی کپ دەکاتەوە.

بەگشتی ئەگەر بێت و مرۆڤ لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیدا زیکر و یادی خودا نەکرێت ئەوا شەیاتینەکان لەوێدا جێگیر دەبن و دەژین، بەتایبەت ئەگەر بێت و دانیشتوانی ئەو شوێنانە سەرقاڵ بن بە گوێگرتن لە ئاواز و گۆرانی ناشەرعی، قورئانی پیرۆز و خوێندنەوەکەی فریشتەکان

پەلکێشی ئەو شوێنانە دەکات و ئاواز و مۆسیقای خراپیش شەیاتینەکان دەهێنێت بۆ ئەو جێگایانە.

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ئەگەر کەسێك چووبە ماڵەکەی خۆیەوە لەوکاتەدا زیکر و یادی خودای کرد و لەکاتی نانخواردنیشدا ناوی خودای هێنا شەیتان زۆری پێناخۆشە و دەڵێت: شەوتان باش نەبێت و عافیەتتان نەبێت، بەڵام ئەگەر چووبە ژوورەوە و زیکری خودای نەکرد و لەکاتی نانخواردنیشدا بسم اللەی نەکرد شەیتان دەڵێت شەوتان باش بێت و نانەکەشتان بە عافیەت بێت}[٥٨].

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمێت: {شەیتان لەهەموو شتێکدا لەگەڵ ئێوەدا ئامادەیە، ئەگەر هاتوو پارویەك لەدەستی کەسێکتان کەوتە خوارەوە با هەڵیبگرێتەوە و پاکی بکاتەوە و پاشان بیخوات و بەجێی نەهێڵێت بۆ شەیتان، ئەگەر نانەکەیشی تەواو کرد با پەنجەکانی خۆی بلێسێتەوە چوونکە ئەو نازانێت کامە خواردنی بەرەکەتی تێدایە}[٥٩].

چوونە ژوورەوەی جنۆکە و شەیتان بۆ ناو جەستەی مرۆڤ یان ئازاردانێکی کاتیە، یاخود بەردەوامە، کە پێی دەگوترێت فێی شەیتانی، یان ئەوەیە ئازاردانێکی بە مەبەستە و شەیتان یاخود جنۆکەکە لە ڕێگەی سیحرەوە هاتووە، پێشتر ئەو بابەتەمان باسکردووە و بە جوانی ڕوونمان کردووەتەوە.

---

[٥٨] رواه مسلم فی صحیحه.

[٥٩] رواه مسلم فی صحیحه.

بەڵگەش لەسەر چوونی جنۆکە و شەیتان بۆ ناو جەستەی مرۆڤ ئەم چەند ئایەتە پیرۆزەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون کە بە مانای دەگە لێدانی دەرەکی و چوونەژوورەوەش هاتوون.

خودای گەورە باسی مەریەمی کچی عیمرانمان بۆ دەکات کاتێك جوبرەئیل موژدەی پێدا کە عیسای مەسیحی دەبێت، ئەویش سەری لەمە سوڕمابوو چوونکە ئەو هێشتا کچ بوو هاوسەرگیری نەکردبوو تێکەڵی هیچ پیاوێکی نەکردبوو، هەربۆیە لەوەڵامی جوبرەئیلدا گوتی: ﴿أنى يكون لى غلامٌ ولم يمسسنى بشرٌ﴾ س مريم آ ٢٠. واتە: من چۆن منداڵم دەبێت لەکاتێکدا هیچ مرۆڤێك تێکەڵی منی نەکردووە.

واتە هاوسەرگیری نەکردووە کە دەبێتە هۆی منداڵبوون کە دەبێت ژن و مێرد تێکەڵی یەکتری بکەن و پڕۆسەکەش لەلای هەموان ئاشکرایە کە چۆنە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿يأيها الذين آمنوا إذا قمتم إلى الصلاة فاغسلوا وجوهكم وأيديكم إلى المرافق وامسحوا برؤسكم وأرجلكم إلى الكعبين وإن كنتم جُنُبا فاطهروا وإن كنتم مرضى أو على سفر أو جاء احدم منكم من الغائط أو لامستم النساء فلم تجدوا ماء فتيمموا صعيدا طيبافامسحوا بوجوهكم وأيديكم منه مايريد الله ليجعل عليكم من حرج ولكن يريد ليُطهركم وليُتم نعمته عليكم ولعلكم تشكرون﴾ س مائدة آ ٦. واتە: ئەی ئەوکەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هەیە ئەگەر هەستان بۆ نوێژکردن دەست و دەموچاوتان هەتاوەکو ئانیشکەکانتان بشۆن، مەسحی سەرتان بکەن و قاچتان بشۆن هەتاوەکو قولەپێکان، ئەگەر لەشگرانیتان هەبوو خۆتان بشۆن، ئەگەریش نەخۆش بوون یاخود لەسەفەردا بوون یان لە ئاودەست

هاتنه دەرەوە یاخود تێکەڵی ژنانتان کرد و ئاوتان دەست نەکەوت، تەیەموم بە خۆڵێکی پاك بکەن بە دەموچاوو دەستتا، خودای گەورە نایەوێت تووشی ناڕەحەتیتان بکات بەڵکو ئەیەوێت بەوهۆیەوە پاکتان بکاتەوە و نیعمەتی خۆیتان لەسەر تەواو بکات بۆ ئەوەی ئێوەش سوپاسگوزاری بکەن.

مەبەست لە ووشەی (لامستم النساء) واتە: سەرجێیان لەگەڵدا بکەن، ئەمەش مانای چوونەناوەوە دەگەیەنێت.

هەروەها لە چەند ئایەتێکی تردا خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿لاجناح علیکم إن طلقتم النساء ما لم تمسوهن أو تفرضوا لهن فریضة ومتعوهن علی الموسع قدره وعلی المقتر قدره متاعا بالمعروف حقا علی المحسنین* وإن طلقتموهم من قبل أن تمسوهن وقد فرضتم لهن فریضة فنصف مافرضتم إلا أن یعفون أو یعفو الذی بیده عُقدة النکاح وأن تعفوا أقرب للتقوی ولاتنسوا الفضل بینکم إن الله بما تعملون بصیر﴾ س البقرة آ ٢٣٦– ٢٣٧. واتە: هیچ گوناحێکتان لەسەر نییە ئەگەر ژنانێك تەلاق بدەن کە هێشتا نەچوبنە لایان، یاخود مارەییتان بۆ دیاری نەکردبن، پێویستە لەسەرتان هەندێك سامانیان پێ بدەن، جا ئەوەی دەومەندە و زۆری هەیە ئەوەشی کە هەژار و کەم دەستە بەپێی توانای خۆی ئەم دیاری و یارمەتیانە بەشێوەیەك بێت کە باوو پەسەندی شەرع بێت و ئەمەش ئەرکێکی پێویستە لەسەر چاکەکاران.

لە ئایەتێکیتردا دەفەرمێت: ﴿قالت ربی أنی یکون لی ولد ولم یمسسنی بشرٌ قال کذالك الله یخلق مایشاء إذا قضی أمرا فأنما یقول له کن فیکون﴾ س آل عمران آ ٤٧. واتە: مەریەمی پاکیزە گوتی: من چۆن منداڵم دەبێت

لەکاتێکدا کە هیچ مرۆڤێك دەستی لێ نەداوم، نێدراوەکەی خودای گەورەش گوتی: ئەوە فەرمانی خودایە و هەرچیەك بیەوێت دەیئافرێنێت، ئەگەر کارێك بکات دەفەرمێت ببە ئەویش دەبێت.

هەموو ئەم ئایەتانە بەڵگەن لەسەر ئەوی کە ووشەی (المس) ماناکەی چوونەناوەوەیە(الولوج).

هەروەها لە چەند ئایەتێکی تردا دەفەرمێت: ﴿الذين يأكلون الربا لايقومون إلا كما يقوم الذى يتخبطه الشيطان من المس ذالك بأنهم قالوا إنما البيع مثل الربا وأحل الله البيع وحرم الربا فمن جاءه موعظةٌ من ربه فانتهى فله ما سلف وأمره إلى الله ومن عاد فأولئك أصحاب النار هم فيها خالدون﴾ س البقرة آ ٢٧٥. واتە: ئەوانەی سوو دەخۆن هەڵسووکەوت ناکەن و ڕاست نابنەوە لە ناو گۆڕدا، مەگەر وەك ئەو کەسەی کە شەیتان دەستی لێ وەشاندبێت چوونکە ئەوانە دەڵێن کڕین و فرۆشتن وەك سوو وایە لەحاڵێکدا خودا کڕین و فرۆشتنی حەلاڵ کردووە و سووی حەرام کردووە، ئەوەی لە ئامۆژگاری پەروەردگاری تێگەیشت و وازی هێنا ئەوەی دەستی کەوتووە بۆ خۆی و کاری لێپرسینەوەش دەکەوێتە لای خودای گەورە، بەڵام ئەوەی دەست بکاتەوە بە سووخۆری ئەوانە جێنشینی ناو ئاگری دۆزەخن و بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە.

قورتوبی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: لەم ئایەتەدا بەڵگە هەیە لەسەر بەتاڵبوونەوەی ئەوانەی کە ئینکاری قژ دەکەن لەلایەن جنۆکەکانەوە و پێیانوایە ئەوە لە کرداری تەبع و سروشتی مرۆڤە و شەیتان ناچێتە ناو مرۆڤەوە و دەگەی لێ نادات.

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {شەیتان لە ناو دەمارەکانی مرۆڤدا وەک خوێن هاتووچۆ دەکات، ئێوەش ئەو دەمارانە لەو نەفرەتیە تەسک بکەنەوە بە پۆژووگرتنی زۆر}.

قازی عبدالجبار دەڵێت: ئەگەر ئەوە بسەلمێنرێت کە جەستەیان نەرم و نۆڵە و کێشیان وەک هەوایە ئەوا هیچ رێگریيەک نییە کە بچنە ناو جەستەکانمانەوە هەروەک هەواو نەفسی هاتوچۆکار کە پێکەوە لەناو جەستەماندا دێن و دەچن و هیچ کەلێن و کەموکوڕییەکیش دروست ناکەن و ئەمەش نابێتە ئازارگەیاندن بەهۆی کۆبوونەوەی جەوهەرەکان لەیەک کاتدا.

عبدالله ی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی خاوەن مەزهەب دەڵێت: کۆمەڵێک لە خەڵکی هەن کە ئینکاری چوونەناوەی جنۆکە دەکەن بۆ ناو جەستەی مرۆڤ.

دەڵێت: بەباوکم گوت: کۆمەڵێک خەڵکی ئینکاری ئەوە دەکەن کە جنۆکە بچێتە ناو جەستەی مرۆڤەوە.

ئەویش لەوەڵامدا گوتویەتی: ئەوانە درۆ دەکەن، ئەو جنۆکەیە کاتێک چوویە ناو جەستەی کەسێکەوە بە زمانی ئەو قسە دەکات.

بەمشێوەیە ئیمام ئەحمەد ئاماژەی کردووە بەوەی کە شەیتانەکانن ڕەواج بەم جۆرە فیکرانە دەدەن و ئینکاری ئەوە دەکەن کە جنۆکە ناچێتە ناو جەستەی مرۆڤەوە، ئەوەش مەسەلەیەکە ئەقڵ ئینکاری ناکات.

ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیمی جەوزی قوتابی ئەوو چەندانیتر باوەڕیان پێی هەبووە، تەنانەت ئیبن قەیمی جەوزی لە (الطب النبوی)دا دەڵێت: ئەگەر پەردە لابرێت دەبینم زۆربەی نەفسە بەشەریەکان سەرخۆشن بەهۆی ئەم ڕۆحە پیسانەوە کە دیلیان کردوون و توند گرتونیان و بەرەو هەرجێگەیەک

که بیانەوێت ڕاپێچیان دەکەن و لەبەرامبەریاندا هیچیان پێ ناکرێت و ناتوانن دژایەتیان بکەن، فێی گەورەش هەیە کە تووشی هەرکەسێك ببێت کەسەکە نایەتەوە هۆش مەگەر ئەوکاتە نەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو حاڵەتەکەی لەگەڵدایە و دواتر بە ئیرادە و وویستی خودا ڕزگاری ببێت.

شوێنەکانی هەبوونی شەیتانی قەرین

سەبارەت بەو مرۆڤەی کە لکاوە پێیەوە

ئەوەمان باس کرد کە جیاوازی هەیە لەسەر چوونەناوەوەی جنۆکە بۆ ناو جەستەی مرۆڤ بەگشتی و بەڵگەی هەردوولامان باسکرد، هەروەها باسی ئەوەشمان کرد کە چوونی جنۆکە بۆ ناو جەستەی مرۆڤ شتێکی مەحاڵ نییە لەڕووی ئەقڵ و شەرعەوە، هەرچەندە قەرینی شەیتانی لە جیهانی جنۆکە و شەیتانەکانە، هەبوونی ئەویش لەگەڵ مرۆڤدا لەڕووی شەرع و ئەقڵەوە شتێکی گونجاوە و مەحاڵ نییە.

بەڵام هەندێك ئینکاری ئەوەیان کردووە کە قەرین لەناو جەستەی مرۆڤدا هەبێت و دەڵێن قەرین لەدەرەوەی جەستەی ئادەمیزادەوەیە، جیاوازی بۆچوون هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، چوونکە هەریەکە و بەڵگەی خۆیان هەیە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(ص)، خراپیەکە لەوەدایە کە جیاوازییەکە بگاتە ئاستێك کە هەندێك بەرامبەرەکانیان بە کەم ئەقڵ و نەفام تۆمەتبار بکەن لەم مەسەلەیەدا، کە کۆمەڵێك مەسەلەی ناسەرەکی و لاوەکین و کار بگاتە ئەوەی کە دژبەرەکانت کافر بکەیت، ئەمەش داب و نەریتی تەکفیریەکانە لە خەواریج کە لە کۆن و نوێدا بوبون بە کێشە و فیتنە بۆ ئیسلام و موسوڵمانان.

خودای گەورە فێری کردوین کە ڕێز لە بۆچوونی دژبەرمان بگرین تەنانەت لە ئایینیشدا و سوکایەتی بە خوداکانیان نەکەین و ئەوانیش بەبێ هیچ زانست و زانیارییە سوکایەتی بە خودا و ئایینەکە ئێمە بکەن، بێگومان هەموومان ئەم ئایەتە پیرۆزەی سورەتی الکافرون مان لەبەرە کە دەفەرمێت: ﴿لکم دینکم ولی دین﴾ واتە: ئەی پێغەمبەر(ص) پێیان بڵێ دینی خۆتان بۆ خۆتان و ئایینی خۆم بۆ خۆم.

لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە بۆچوونی هەردوولا بخەینە ڕوو:

یەکەم: دان بەوەدا دەنێت کە جنۆکە دەچێتە ناو جەستەی مرۆڤەوە، بەڵام ئینکاری ئەوە دەکات کە قەرین بەگشتی لە جەستەی مرۆڤدا هەبێت، بەڵگەشیان لەسەر ئەمە:

ئەو ئایەتانەی کە باسی قەرینی شەیتانی دەکەن و ئێمەش پێشتر باسمان کردن وەک ئەم ئایەتەی خودای گەورە کە دەفەرمێت:: ﴿ومن یعش عن ذکر الرحمن نقیض له شیطانا فهو له قرین* وإنهم لیصدونهم عن السبیل ویحسبون أنهم مهتدون* حتی إذا جاءنا قال یالیت بینی وبینك بُعد المشرقین فبئس القرین﴾ س الزخرف ا ٣٦– ٣٨.

واتە: کەسێك کە خۆی کوێر بکات لە ئاستی قورئان و یادی خودای میهرەبان ئەوە ئێمە شەیتانێك دەکەینە ملۆزمی و هەمیشە دەبێتە یار و یاوەری و لەگەڵیدا دەبێت، بێگومان ئەو شەیتانانە ڕێگەی ڕاستیان لێ دەگرن و وایان لێ دەکەن کە وابزانن بەدڵنیاییەوە لەسەر ڕێبازێکی پاك و چاکن، هەتاوەکو ئەو کاتەی کە خۆی و شەیتانەکەی لە قیامەتدا دێنەوە لامان، بە شەیتانەکەی دەڵێت خۆزگە نێوانی من و تۆ هێندەی دووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوایە، ئای کە هاوڕێیەکی ناڕەبار و خراپ بویت.

هەروەها دەفەرمێت: ﴿وقضينا لهم قُرناء فزينوا لهم مابين ايديهم وما خلفهم وحق عليهم القول فى امم قد خلت من قبلهم من الجن والإنس إنهم كانوا خاسرين﴾ س فصلت ا ٢٥.

واتە: ئێمە کۆمەڵێك قەرینمان بۆ داناون هەموو کار و کردەوەکانی ڕابوردوو داهاتوویان بۆ ڕازاندونەتەوە تاوەکو سەرئەنجام بڕیاری تۆڵەی خوداییان بەسەردا جێبەجێ کراو لەو ئومەمەت و نەتەوانە کە پێشتر لە جنۆکە و لە مرۆڤەکان هەبوون، بەدڵنیاییەوە ئەوانە خەسارۆمەندن.

دەڵێن ناوە مەرجیەکە نیهادە و ڕستەی (فهو له قرين) گوزارەیە، کە عەتف کراوەتەوە سەر ڕستەی (نُقيض) کە پەیوەندی بە قەرینەوە هەیە، پەیوەندی (اقتران)یش وەك جووتی وایە (ازدواج) واتە کۆبونەوەی دووان پێکەوە.

هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ونادى فرعون فى قومه قال ياقوم أليس لى ملك مصر وهذه الأنهار تجرى من تحتى أفلا تبصرون* أم أنا خير من هذا الذى هو مهين ولا يكاد يُبين*فلولا أُلقى عليه أسورةٌ من ذهب أو جاء معه الملائكة مقترنين*فاستخف قومه فأطاعوه إنهم كانوا قوما فاسقين﴾ س الصافات ا ٥١ – ٦١.

واتە: فیرعەون هاواری کرد بەناو هۆز و داروودەستەکەیدا و گوتی: ئەی خەڵکینە ئایا هەموو سەروەت و سامانی میسر مولکی من نیە و ئەو ڕووبارانەی کە بەژێرمدا دەڕۆن، ئایا ئەمانە نابینن، یاخود ئایا من باشترم یان ئەو مرۆڤە پەستە کە هیچ نازانێت(واتە پێغەمبەر موسا) باشە ئەگەر ڕاست دەکات کە پێغەمبەرە بۆچی بازنی ئاڵتوونی بۆ نازڵ ناکرێت یاخود

فریشتەکان لەگەڵیدا نایەنە خوارەوە، هۆز و داروودەستەکەی سەرشۆڕ کردبوو ئەوانیش گوێڕایەڵیان کرد، بەڕاستی ئەوانە هۆزێکی گوناحبارن.

هەروەک باسمان کرد ئەم ئایەتانە کە ئەهلی تەفسیر ڕاڤەیان کردوون ئاماژە دەکەن بە هەبوونی قەرینێک زیاتر لەگەڵ مرۆڤدا، کە هەمیشە هاوڕێیەتی و لەگەڵیدایە بەپێی کار و کردەوە و خودا پەرستیەکەی بۆ خودای گەورە، ئەمە سەرەڕای ئەو قەرینە بنەڕەتیەی کە لە کاتی لەدایکبوونەوە لەگەڵیدایە، ئەم ئایەتانەش بۆ ئەوە نابن کە بکرێنە بەڵگە لەسەر هەبوونی قەریی شەیتانی بنەڕەتی لەدەرەوەی جەستەدا.

بەڵگەی ئەوانەش کە دەڵێن ئەو قەرینە بنەڕەتیەی کە هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدایە واتە لە کاتی لەدایکبونەوە هەروەک لە حەدیسدا هاتووە و پێشتر باسمان کرد[٦٠]، کە وەک خوێن لەناو دەمارەکانی مرۆڤدایە و لەناخیدایە، بەڵگەشیان بە سورەتی الناس هێناوەوەتەوە کە دەفەرمێت: ﴿قل أعوذ برب الناس* ملك الناس* إله الناس* من شر الوسواس الخناس* الذى يوسوس فى صُدُور الناس* من الجنة والناس﴾ س الناس آ ١ — ٦. واتە: ئەی پێغەمبەر(ص) بڵێ پەنا دەگرم بە خودای خەڵکی، پاشای خەڵکی، پەرستراوو پشتیوانی خەڵکی، لە خراپەی وەسواسی خەناس، کە دڵەڕاوکێ و وەسوەسە دەخاتە دڵی خەڵکییەوە، لە جنۆکە لە مرۆڤەکان.

---

[٦٠] حەدیسەکە متفق علیە دەقەکەی ئەمەیە کە پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {هەر منداڵێ لەدایک دەبێت لەوکاتەدا شەیتان دەگەی خۆی لێ دەدات، هەربۆیە بەهۆیەوە پڕ بەدەمی هاوار دەکات، بێجگە لە مەریەم و کوڕەکەی نەبێت. دواتر ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوێند کە دەفەرمێت: ﴿وإنى أعيذها بك وذريتها من الشيطان الرجيم﴾ واتە: خودایە من ئەم کچە دەخەمە پەناو پارێزگاری تۆوە و خۆی و زۆرپەتەکانی بەتۆ لە شەیتانی نەفرەت لێکراو دەپارێزم.

هەروەها ئەو حەدیسەی پێغەمبەر(ص) کە متفق علیە و دەفەرمێت: {شەیتان وەک خوێن بەناو دەمارەکانی مرۆڤدا هاتووچۆ دەکات}.

ئەگەر سەیری مانای ئەم فەرموودەی پێغەمبەر(ص) بکەین کە دەفەرمێت: {شەیتان لە ناو دەمارەکانی مرۆڤدا وەک خوێن هاتووچۆ دەکات، ئێوەش ئەو دەمارانە ئەو نەفرەتیە تەسک بکەنەوە بە ڕۆژووگرتنی زۆر}. لە ڕواڵەتەکەیدا بەڵگەیە لەسەر هەبوونی شەیتان لە خوێندا و ئەمەش شتێکی سەیر نییە، چوونکە قەرین لە جنۆکەکانە و ئەوەش شتێکی ئاساییە و جائیزە و هەروەک پێشتر باسمان کرد، بەڵام هەندێک حەدیسەکەیان بەوە تەفسیر کردووە کە مانای ئەوە ناگەیەنێت قەرین بەڕاستەقینەیی لەناو خوێندا بوونی هەبێت و ئەوە تەنها لەڕووی ماناوەیە و ڕاستەقینەکەی بەوجۆرە نییە.

لەو حەدیسە متفق علیەدا هاتووە کە دەفەرمێت: {شەیتان وەک خوێن بەناو دەمارەکانی مرۆڤدا هاتووچۆ دەکات، ئێوەش بە ڕۆژووگرتنی زۆر ئەو دەمارانەی لێ تەسک بکەنەوە}.

پێغەمبەر(ص) ئامۆژگاریمان دەکات بە شەڕکردن لەگەڵ شەیتان و دژایەتی کردنی بە ڕۆژووگرتن و دەفەرمێت: (ڕێڕەوەکانی شەیتان بە ڕۆژووگرتن تەسک بکەنەوە) مەبەست لە ڕێڕەوەکانیش واتە هەبوونی کۆمەڵێک ڕێچکەیە لەناو جەستەدا،حەدیسەکەش مانا ڕواڵەتیەکەی وەردەگیرێت، هەربۆیە پێویست ناکات ماناکەی بەو جۆرە تەفسیر بکرێت وەک هەندێک کردوویانە.

هەروەها رۆژوو لە کۆنگترین و سەرکەوتووترینی ئەو کەرەستانەیە بۆ چارەسەرکردنی چالاکی زیادەی قەرینی شەیتانی کە وەسوەسەی قەهری و چەندین نەخۆشی تری دەروونی تووشی مرۆڤەکان دەکات.

ئیبن قەیمی جەوزی پشتیوانی ئەم بۆچوونە دەکات لە کتێبی (بدائع الفوائد) دا و دەڵێت: " ئەوەی کە وەسوەسە لە دڵی خەڵکیدا دروست دەکات ﴿الذی یوسوس فی صُدُور الناس﴾ سیفەتی شەیتانە و سەرەتا باسی وەسوەسەکەی کردووە و دواتر باسی جێگەکەی کردووە کە ناو دڵی خەڵکییە، خودای گەورە چوونەناوەوەی بۆ شەیتان داناوە کە بچێتە ناو جەستەی خەڵکی و بەتایبەت ناو دڵییەوە، هەربۆیە وەک خوێن بەناو دەمارەکاندا دەڕوات، ئەم قەرینە لکاوە بە مرۆڤەوە و هەتاوەکو مردن لێی جیا نابێتەوە[٦١].

---

[٦١] لە کتێبی الروحدا دەڵێت: فریشتەی قەرین قەرینی (النفس المگمئنه) یە شەیتانیش قەرینی نەفی ئەمارەیە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: " شەیتان بەرکەوتنی لەگەڵ ئادەمیزاددا هەیە وفریشتەیش بەرکەوتنی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، شەیتانەکە ئامازە کردنە بەخراپە و بەدرۆخستنەوەی حەق و ڕاستیە، بەڵام بەریەککەوتنی فریشتە ئامازەیە بە خێر و بە پشتیوانی کردنی حەق و ڕاستیە، هەرکەسێک بەوجۆرە بوو ئەوە با بزانێت لەلایە خوداوەیە و با سوپاسی ئەو زاتە بکات، هەرکەسێکیش بە جۆرەکەی تریان بوو با پەنا بگرێت بە خودای گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراو، دواتر ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوێندەوە کە دەفەرمێت: ﴿الشیطان یعدکم الفقر ویأمُرُکم بالفحشاء والله یعدُکُم مغفرة منه وفضلا والله واسعٌ علیم﴾ س البقرة آ ٢٦٨. واتە: کاتێک مالّ و دارایی خۆتان دەبەخشن شەیتان وەسوەسەتان بۆ دروست دەکات و بەڵێنی هەژاری و نەداریتان پێ دەدات و دەتانترسێنێت بە نەداری و نەبوونی، فەرمانتان پێ دەکات بە گوناح و تاوان و خراپە و نەبەخشین، خودای گەورەش بەڵێنی لێخۆش بوونێکی تایبەتی خۆیتان پێ دەدات لەگەڵ زۆری پڕۆی و بەهرەی فراواندا و خودا فراوانگیر و زانایە.

عومەر لە عەتائی کوڕ سائیلەوە گێڕاویتیەوە و عومەر ئەمەی بۆ زیاد کردووە کە پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: {ئەگەر کەسێک لە ئێوە هەستی بە بەریەککەوتنی فریشتە کرد با سوپاسی خودای

لەوانەیە مانای ڕاست و ڕەوان لەو فەرموودەیەی پێشوودا قسەی یەکلاکەرەوە بکات لەنێوان هەردوو گروپەکەدا هەورەك پێشتر باسمان کرد.

بەڵام ئەوەی کە هاتووە و دەگوترێت قەرین بە مانای هاوەڵێکی لێك جیانەبوەوەیە لەدەرەوە، ڕەت دەکرێتەوە بەوەی کە ووشەی اقتران هەموو ئەم مانایانە و بگرە زیاتر هەڵدەگرێت.

سەرەڕای ئەمەش قەرینەکان زیاترن لە یەك قەرینی شەیاتینەکان بەپێی کارو کردەوەی عەبد و پەرستشەکانی بۆ خودای گەورە، هەروەك لەو ئایەتانەدا هاتووە کە لە باسی قەریندا ئاماژەیان پێکرا وەك ئەم ئایەتەی پیرۆزەی کە دەفەرمێت: ﴿والذين يُنفقون اموالهم رئاء الناس ولا يُؤمنون بالله ولا باليوم الأخر ومن يكن الشيطان له قرينا فساء قرينا﴾ س النساء آ ٣٨. واتە: ئەوانەی مالّ و سامانیان لەبەر ڕیابازی و بۆ ئافەرینی خەڵکی دەبەخشن و ئیمان و باوەڕیان بە خودا و بەڕۆژی دوایی نییە، هەرکەسێك شەیتان ببێتە قەرین و هاوەڵی ئەوە خراپترین قەرین و هاوەڵی بۆ خۆی بڕیاردراوە.

گەورە بکات و داوای فەزڵی لێ بکات، ئەگەر هەستیشی بە بەریەککەوتنی شەیتان کرد با پەنابگرێت بە خودا لە شەیتانی نەفرەت لێکراو.

نەفسی ئەمارە شەیتان کراوەتە قەرین و هاوەڵی، هەربۆی پێغەمبەر(ص) فەرمانمان پێ دەکات کە پەنا بگرین بە خودای گەورە لە شەیتانی نەفرت لێکراو لە هاوەڵەکەی چوونکە ئەو دووانە بنەڕەتی هەموو خراپەیەکن و ڕێساکەیانن کە پێکەوە یەکگرتوون و نڕایەتی مرۆڤەکە دەکەن هەربۆیە خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿فإذا قرأت القرءين فاستعذ بالله من الشيطان الرجيم﴾ س النحل ئایەتی ٩٨. واتە: کاتێك قورئانت خوێند پەنا بگرە بە خودای گەورە لە شەیتانی نەفرت لێکراو.

هەروەها خودای گەورە لە ئایەتێی تردا دەفەرمێت: ﴿وقضينا لهم قُرناء فزينوا لهم مابين ايديهم وما خلفهم وحق عليهم القول فى امم قد خلت من قبلهم من الجن والإنس إنهم كانوا خاسرين﴾ س فصلت آ ٢٥.

واتە: ئێمە کۆمەڵێك قەرینمان بۆ داناون هەموو کار و کردەوەکانی ڕابوردوو داهاتوویان بۆ ڕازاندونەتەوە تاوەکو سەرئەنجام بڕیاری تۆڵەی خوداییان بەسەردا جێبەجێ کراو لەو ئوممەت و نەتەوانە کە پێشتر لە جنۆکە و لە مرۆڤەکان هەبوون، بەدڵنیاییەوە ئەوانە خەسارۆمەندن.

خودای گەورە هەڕەشەی لەو کافرو تاوانبارانە کردووە کە قەرینی شەیاتینیان بۆ دادەنێت بۆ ئەوەی هێندەیتر گومڕا بن، ئەوەش بە جوانکردنی کاروکردەوە ناشیرین و ناپەسەندەکانیان.

هەروەك دەفەرمێت:

﴿ومن يعش عن ذكر الرحمن نقيض له شيطانا فهو له قرين* وإنهم ليصدونهم عن السبيل ويحسبون أنهم مهتدون* حتى إذا جاءنا قال ياليت بينى وبينك بُعد المشرقين فبئس القرين﴾ س الزخرف ا ٣٦– ٣٨.

واتە: کەسێك کە خۆی کوێر بکات لە ئاستی قورئان و یادی خودای میهرەبان ئەوە ئێمە شەیتانێك دەکەینە ملۆزمی و هەمیشە دەبێتە یار و یاوەری و لەگەڵیدا دەبێت، بێگومان ئەو شەیتانانە ڕێگەی ڕاستیان لێ دەگرن و وایان لێ دەکەن کە وابزانن بەدڵنیاییەوە لەسەر ڕێبازێکی پاك و چاکن، هەتاوەکو ئەو کاتەی کە خۆی و شەیتانەکەی لە قیامەتدا دێنەوە لامان، بە شەیتانەکەی دەڵێت خۆزگە نێوانی من و تۆ هێندەی دووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوایە، ئای کە هاوڕێیەکی ناڕەبار و خراپ بویت.

ئەوانە کۆمەڵێك قەرینی زیادەن بەپێی کاروکردەوەکانی عەبدەکە لەوەی کە باسمان کرد کە جیاوازن لەو قەرینە بنەڕەتیانەی کە دانراوە بۆ هەموو بەندەیەك لە بەندەکانی خودای گەورە کە لە منداڵییەوە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت لەگەڵ مرۆڤەکەدایە، هەروەك لەسورەتی ق دا هاتووە، ئەم قەرینە وادەزانێت ئەم مەسەلەیە لێرەدا کۆتایی پێ دێت و لەگەڵ هاوەڵە مرۆڤەکەیدا سزا نادرێت، بەڵام کاتێك حوکمی خودای گەورە بەسەرخۆیاندا دەبینێت کەسزای بە ئازاری ناو ئاگری دۆزەخە پڕ بەدمی هاوار دەکات و خۆی بێ بەری دەکات لەو هەموو وەسوەسە و خراپەیەی کە بۆ مرۆڤەکەی دروست دەکرد و دەڵێت ئەوشتانە مرۆڤەکە خۆی ئەنجامی داون و هەر خۆی گومڕا بووە و ئەم تووشی سەرکەشی و تاوانی نەکردووە و ناچاری نەکردووە ئەو کارانە ئەنجام بدات، بەڵام فەرمانی خودایی بە چوونە ناو ئاگری دۆزەخ دەرچووە و کەسیش ناتوانێت فەرمانی خودای جیهانیان ڕابگرێت یاخود بیگۆڕێت هەروەك دەفەرمێت: ﴿وجاءت كل نفس معها سائق وشهيد* لقد كنت فى غفلة من هذا فكشفنا عنك غطاءك فبصرك اليوم حديد*وقال قرينه هذا ما لدى عتيد* ألقيا فى جهنم كل كفار عنيد* مناع للخير معتد مريب* الذى جعل مع الله إلها آخر فألقياه فى العذاب الشديد* قال قرينه ربنا ما أطغيته ولكن كان فى ظلال بعيد* قال لاتختصموا لدى وقد قدمت إليكم بالوعيد* ما يبدل القول لدى وما أنا بظلام للعبيد* يوم نقول لجهنم هل امتلأت وتقول هل من مزيد﴾ س ق ا ٢١– ٣٠.

واتە: ڕۆژی قیامەت دێت و هەموو کەسێك دوو کەسی لەگەڵدایە، یەکێکیان دەیگەیەنێت و ئەوی تریشیان شاهێدە بەسەرەیەوە، بە یەکە یەکەی بێ باوەڕان دەگوترێت: سوێند بەخودا بەڕاستی تۆ لەم بەسەرهاتانە

ناڕاگا بوێت و گوێی خۆتت لێ خەواندبوو، ئێستا ئێمە پەردەمان لەسەر چاوەکانت لاداوە و هەموو شتێك وەکو خۆی دەبینیت و ئەمڕۆ چاوەکانت تیژە، فریشتەی هاوەڵ و چاودێری ڕوو دەکاتە پەروەردگار و دەڵێت: هەرچی کارو کردەوەی ئەم ئادەمیزادە هەیە هەمووی لەلای من تۆمارە و بەجوانی و بەبێ کەموکوڕی یاداشتم کردووە، پاش لێپرسینەوە خودای گەورە فەرمان بە دوو فریشتەکە دەکات کە هەرچی کافر و بێباوەڕ و بوغزن و سەرکەش هەیە فرێی بدەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەوەی کە هەمیشە بەتوندی ڕووبەڕووی هەموو کارێکی چاك دەبوویەوە و مافی خەڵکی پێشێل دەکرد و خۆی بەگومان بوو خەڵکیشی تووشی گومان دوو دڵی دەکرد، هەر ئەوە بوو کە هاوەڵ و شەریکی بۆ خودای گەورە بەڕەوا دەزانی، کەوابوو ئێوە هەردوکتان ئەو مرۆڤە فرێ بدەنە ناو ئاگری سەخت و سوتێنەری دۆزەخەوە، هاوەڵە شەیتانیەکەشی پاکانە بۆ خۆی دەکات و دەڵێت: خودایە گیان خۆ من لە خشتەم نەبردووە، من سەرکەشم نەکردووە، ئەو خۆی تاوانبارە، بەڵام خۆی لەناو سەرلێ شێواوی و گومڕاییەکی دوور و درێژدا نقوم بوو بوو، ئەوکاتە شەیتان و ئادەمیزاد لەبەردەم بارەگای خودای گەورە دەبێتە کێشەیان و خودای گەورەش بێدەنگیان دەکات و دەفەرمێت: لەلای مندا دەمەقاڵێ مەکەن، چوونکە بەڕاستی من پێشتر هەڕەشەی هاتنی ئەم ڕۆژەم خستبویە بەرچاوی ئێوە و ئاگادارم کردبونەوە، دڵنیابن قسە و بریار و فەرمانی من ناگۆڕێت و هەرگیز ستەم لە بەندەکانی خۆم ناکەم، ڕۆژێك دێت کە بەدۆزەخ دەڵێین: ئایا پڕ

بویت؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: ئەگەر خەڵکی تاوانباری زیاتر هەیە بیهێنن[٦٢].

پێشتر خودای گەورە هەڕەشەی خۆی کردبوو پێغەمبەرانی ناردبوو درودو سەلامی خودایان لەسەر بێت بۆ مرۆڤایەتی و پێغەمبەر(ص) یشی ناردووە بۆ مرۆڤ و جنۆکە بەگشتی، هەربۆیە لە ڕۆژی قیامەتدا بوار و کاتی ئەم چەلەحانێیە نییە لەنێوان قەرینی گومڕاکەر و هاوەڵە مرۆڤەکەیدا.

باسی ئەوەشمان کرد کە قەرینی شەیاتینمان هەیە لە مرۆڤەکان، ئەوانیش خەڵکی لەڕێگەی ڕاست گومڕا دەکەن، کە ئەمڕۆکە زۆرن و لە ڕۆژنامە و کتێب و گۆڤارەکان و شاشەکانی تیڤیدا دەیانبینین بە شەوو ڕۆژ، تەنانەت یەکێك لەو شەیاتینانە لەسەر شاشەی یەکێك لە کەناڵە ئاسمانیەکاندا سەبارەت بە قسەی پێغەمبەر(ص) ئەو ژنەی کە عەتر لە خۆی دەدات و دەدات بەلای خەڵکانێکدا و ئەوانیش بۆنی دەبیستن.... ئەوەش مانای حەدیسی پێغەمبەرە(ص) کە دەڵێت ئەوە تاوانە!! منیش ڕەخنەم لە هەڵواسینی ئەو حەدیسە گرتووە لە شوێنە گشتیەکاندا!!

ئەوانە شەیتانی مرۆڤن هەروەك حەسەنی بەصری دەڵێت زۆر مەترسیدارترن لە شەیتانی جنۆکە.

ئەوەی کە خاوەنانی ئەم بۆچوونە بەڵگەیان پێ هێناوەتەوە ئەوەیە کە قەرین لەناو جەستەدایە و لە دڵ و سنگی مرۆڤەکەدا جێگیر بووە و وەسوەسەی بۆ دروست دەکات، هەروەك چۆن لەسورەتی الناس دا هاتووە

---

[٦٢] دەگونجێت قەرینی یەکەم لەم ئایەتەدا کە دەفەرمێت (وقال قرینه) مەبەست لێی قەرینی فریشتەیە کە بۆ مرۆڤ دانراوە، بەڵام دەستەواژەی قەرینی دووەم (قال قرینه) مەبەست ئەو قەرینە شەیتانیەیە کە خۆ لە مرۆڤەکە بێ بەری دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا.

و سورەتێکی تەواوە و باسی یەک بابەت دەکات کە بریتیە لە پەناگرتن و یارمەتی وەرگرتن لە خودای گەورە لەدژی خراپەی شەیتانی مرۆڤ و جنۆکە کە بریتین لەو قەرینانەی کە هەمیشە وەسوەسە بۆ مرۆڤ دروست دەکەن و دڵ و دەروونیان خەمبار دەکەن.

هەروەک خودای گەورە لە سورەتی الناس دا دەفەرمێت: ﴿قل أعوذ برب الناس* ملك الناس* إله الناس* من شر الوسواس الخناس* الذى يوسوس فى صُدُور الناس* من الجنة والناس﴾ س الناس آ ١ – ٦. واتە: ئەی پێغەمبەر(ص) بڵێ پەنا دەگرم بە خودای خەڵکی، پاشای خەڵکی، پەرستراوو پشتیوانی خەڵکی، لە خراپەی وەسواسی خەناس، کە دڵەڕاوکێ و وەسوەسە دەخاتە دڵی خەڵکییەوە، لە جنۆکە لە مرۆڤەکان.

خودای گەورە قەرینی بە وەسواسی خەناس وەسفکردووە و ئاماژەی کردووە بە قەرینی وەسواسی خەناس و ئاماژەشی کردووە بە شوێنی وەسوسەکە کە دڵ و دەروونی مرۆڤە و ئەندامی کاریگەرە لە بیکردنەوەی ئادەمیزادە کاندا.

باسی ئەوەمان کرد لە توێژنەوەی زانستیدا هاتووە کە قەرین لەڕێگەی خانە عەصەبیەکانی مۆخەوە وەسوەسە بۆ مرۆڤ دروست دەکات، ئەوەش بە قسەی نەفس مرۆڤ هەستی پێناکات، ئەمەش ڕووندادات مەگەر لە قەرینی ناوخۆییەوە نەبێت کە بەناو دەمارەکانی مرۆڤدا دەڕوات و پێغەمبەر(ص) فەرمانی پێ کردوین بە دژایەتی کردنی ئەو قەرینە بە ڕۆژووگرتنی زۆر.

بەڵام قەرینەکانی تر هەر بەوەی کەسەکە پەرستش یاخود عیبادەتێک ئەنجام بدات ڕادەکەن ئیتر نوێژ بێت یان ڕۆژوو یاخود زیکری هەمیشە و بەردەوام بێت لە هەموو حاڵەتەکانی موسوڵمان لە شەوو ڕۆژدا، واتە هەر

لەوکاتەی کە لەخەو هەڵدەستێت هەتاوەکو جارێکیتر دەچێتەوە بۆ سەر جێگەی خەوەکەی، ئیمانداری هەمیشە دەم بە زیکر و یادی خودا لە شەیتانەکەی ناترسێت، بەڵکو تەنها لەبەر خودای گەورە دەترسێت کە خودای مرۆڤ و شەیاتینەکانە و پەروەردێنی هەرگیز بەندەکانی خۆی گومڕا ناکات.

ئەگەر دڵ و دەروونی بەندەی خودای گەورە باش بوو ئەوا هەموو کاروکردەوەکانیشی باش دەبن، هەروەک پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: مرۆڤ لە گرەوی هەردوو شتە بچووکەکەی خۆیدایە، واتە دڵ و زوبانی.

***

قەرینی شەیتانی و خەون و کابوسەکان

- گەمەکردنی قەرینی شەیتانی بە مرۆڤ لە خەودا و دەرکەوتنی لەسەر کۆمەڵێك شێوە و شکڵی ترسناك و تۆقێنەر (کابوسەکان).
- خەون لە شەیتانی قەرین و شەیاتینەکانی تەرەوەیە.
- خۆپاراستن بە زیکر و یادی خودا و خوێندنی زیکرەکانی تایبەت بە پێش خەوتن (التحصنات) نەزیەت و نازاری قەرین و شەیاتینەکان لەناو خەون و کابوسەکان لادەبات .

خەون لە شەیتانی قەرینەوەیە

خەون بریتیە لەوەی کە مرۆڤ لە خەویدا دەیبینێت بەبێ وویست و ئیرادەی خۆی و دەیترسێنێت و بە خەم و پەژارەوە هەڵدەستێتەوە و بەدرێژایی ئەو ڕۆژە بێزار و بێتاقەتە، جاری وا هەیە ئەو خەم و ناڕەحەتیە بۆ چەند ڕۆژێك یان چەند ساڵێك یاخود بەدرێژایی ژیانی مرۆڤەکە بەردەوام دەبێت.

پێغەمبەری خودا(ص) فەرموویەتی خەون لە شەیتانەوەیە و ئامۆژگاری کردوین ئەگەر کەسێکمان خەونی بینی نەترسێت و کاتێك خەبەری بوویەوە سێ جار تف بکات بەلای چەپی خۆیدا و پەنا بگرێت بەخودا لە شەیتانی نەفرەت لێکراو، خودای گەورە فێڵی شەیتانی لێ دوور دەخاتەوە، بەڵام باسی خەوەکەی بۆ کەس نەکات.

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {خەوو لە خوداوەیە، خەونیش لە شەیتانەوەیە، هەرکەسێك خەونێکی بینی و پێی ناخۆش بوو با سێ جار تف بکات لەلای چەپی خۆی و پەنا بگرێت بەخودا لە شەیتانی نەفرەت لێکراو (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) ئەوکات هیچ زیانێکی پێناگات}[٦٣].

لە ڕیوایەتێکیتردا هاتووە کە پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ئەگەر کەسێك لە ئێوە خەونێکی بینی بەلایەوە خۆش بوو ئەوە لە خودای گەورەوەیە و با

---

[٦٣] متفق عليه.

سوپاسی پەروەردگاری بکات- لە ڕیوایەتێکدا هاتووە با تەنها بۆ ئەو کەسانەی بگێڕێتەوە کە خۆشی دەوێن- ئەگەر خەونێکیشی بینی بەلایەوە ناخۆش بوو ئەوە لە شەیتانەوەیە و با پەنا بگرێت بە خودای گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراو لە خراپەکانی و باسی خەوەکەی بۆ هیچ کەسێك نەکات چوونکە زیانی پێناگەیەنێت}[٦٤].

هەروەها لە حەدیسێکیتردا دەفەرمێت: {ئەگەر کەسێك لەئێوە خەونێکی بینی و پێی ناخۆش بوو با سێجار تف بکات لەلای چەپی خۆی و دواتر بڵێت: " خودایە گیان پەنات پێ دەگرم لە کاری شەیتان و خراپەی خەونەکان، ئەوە ئیتر هیچ شتێکی خراپ ڕوونادات}[٦٥].

ئیمامی تەبەری دەڵێت: ئەگەر خەونێکی بینی پێیناخۆش بوو با پەنابگرێت بەخودا لە شەیتان و لە خراپەی شەیتان وسێجار تف بکات لەلای چەپی خۆی، تایبەتمەندی لای چەپ لەوانەیە ڕێگەی شەیتان بێت بۆ زیانگەیاندن بە مرۆڤ لەبەر ئەوەی ئەو نەفرەتیە پێیناخۆش بووە ئەو کەسەی دووعای کردووە لەدژی ئەو".

تیرموزی دەڵێت: چوونکە تف کردن یەکسەر دەدات لەنێوچاوانی شەیتان و دەبێتە پەڵە بەدەموچاویەوە، هەروەها شەیتان ڕەجم کردن لە حەجدا ڕەجمی سەری شەیتان و نێوچاوانی دەکرێت، چوونکە خۆی بۆ ئادەم و ئیبراهیمی خەلیل نیشانداوە و ئەو ڕەجمەش وەك نەریت و سوننەتێك ماوەتەوە.

---

[٦٤] رواه البخاری فی صحیحه. عن أبی سعید الخدری.
[٦٥] رواه الطبری.

بەڵام خەونی باش بریتیە لە موژدە لەلایەن خوداوە، هەربۆیە پێغەمبەر(ص) فەرمانی کردووە هەرکەسێك خەونێکی خۆش ببینێت با سوپاسی خودای گەورە بکات.

کابوس لەشەیتانەوەیە و زۆربەی کات مرۆڤ وادەزانێت بەخەبەرە و ڕاستیەکان دەبینێت بەڵام لە خەودایە و لەنێوان خەوو بێداریدا، هەربۆیە پێویستە لەسەر موسوڵمان کە زیکری خودای گەورە بکات پێش ئەوەی بخەوێت واتە لەسەر جێگەکەی کە بە زیکرەکانی پێش خەوتن ناسراون لەوانەش خوێندنی (آیة الکرسی).

لێرەدا مەبەست لە شەیتان قەرینی شەیتانیە کە هاوەڵی مرۆڤە، هەروەها شەیتانەکانیتر لەوانەیە یارمەتی بدەن لە ئەزیەتدانی مرۆڤ بەمجۆرە خەوو کابوسانە.

شەیتان بەگشتی هەوڵ دەدات ئادەمیزاد بخەڵەتێنێت لە بێداری و خەودا، هەربۆیە لەسەر شێوەی ترسناك و ناشیرین و شێوە سێکسیەکان دێتە خەوی کە هەموو شێوازەکان دڵتەنگی دەکەن و تووشی قەلەقی و دڵەڕاوکێی دەکەن.

هەروەها شەیتان ئەیەوێت مرۆڤ بخەڵەتێنێت و گومڕای بکات لە خەونەکانیدا، بۆ ئەوەی وابزانێت خەوی باش و ڕاستەقینەن، هەربۆیە لەسەر شێوەی شێخێك یان پیاوچاکێك دێتەخەوی و وادەزانێت لەسەر حەقە و ئاینەکەی لێ دەشێوێنێت و لەمەسەلە عەقیدەییەکاندا تووشی گومان و دوودڵی دەکات و بەرەو کوفر و هاوبەشدانان بۆ خودای گەورەی دەبات.

ئامانجی شەیتان لەمکارەش گەمڕاکردنی ئەو مرۆڤەیە کە ئەم قەرینیەتی بۆ ئەوەی لەڕێگەی ڕاست لای بدات، ئەوەش لە گرنگترینی ئامانجەکانیەتی.

خودای گەورە لەسەر زاری شەیتانەوە دەفەرمیت: ﴿قال ربی أنظرنی إلی یوم یُبعثون* قال أنك من المُنظرین* قال فبما أغویتنی لأقعدن لهم صراطك المستقیم* ثم لآتینهم من بین أیدیهم ومن خلفهم وعن أیمانهم وعن شمائلهم ولا تجد أكثرهم شاكرین س الأعراف آ ١٤– ١٧.

واتە: شەیتان گوتی: خودایە هەتاوەکورۆژی قیامەت بمهێڵەرەوە، خودای گەورەش فەرمووی باشە ئەوە بڕیارمدا هەتاوەکو قیامەت بمێنیتەوە، شەیتانیش لەوەڵامدا گوتی: پەروەردگارا مادەم تۆ منت سەرلێ شێوار و کرد و نەفرەتت لێ کردم، سوێند بێت لەسەر ڕێگە ڕاستەکەی تۆدا بۆسە بۆ بەندەکانت دادەنێم، دواتر لەپێش و پاش و لای ڕاست و لای چەپیانەوە دەچمە بنکەڵێشەیان وایان لێ دەکەم کە زۆربەیان سوپاسگوزاری نیعمەتەکانی تۆ نەبن.

چوونی شەیتانی قەرین و شەیاتینەکان بەگشتی بۆناو خەونی مرۆڤەکان لەڕێگەی ئەقڵی ناوەکیەوە دەبێت کە شەیتان لەکاتی خەودا کۆنترۆڵی دەکات و ئیرادەی مرۆڤەکە زەوت دەکات، هەربۆیە پێغەمبەر(ص) ئامۆژگاری مرۆڤی موسوڵمانی ئیماندار دەکات کە پێش خەوتن زیکر و یادی خودای گەورە بکات بۆ ئەوەی دوور بێت لە داوو تەڵەکەکانی شەیتان و لێی دوور بکەوێتەوە لە خەوو بێداریدا و فریشتەیەکی بۆ دابنرێت لەلایەن خودای گەورەوە کە لەسەر سەریەوە دەوەستێت و لەکاتی خەوتنیشدا پارێزگاری لێ دەکات.

هەربۆیە پێغەمبەر(ص) فەرمانی کردووە هەرکەسێك خەونێکی ناخۆش و شەیتانی بینی با بۆ کەسی نەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی شەیتان دڵخۆش نەبێت.

جابیر ڕەزای خودای لێبێت دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ص) بە پیاوێکی دەشتەکی فەرمووە کاتێك هاتووە بۆ لای سەروەر و گوتویەتی" من لەخەونمدا سەرم بڕدرابوو منیش شوێنی کەوتبوم": {باسی ئەو شتانە مەکە بۆ خەڵکی کە شەیتان لە خەودا پێی کردویت و یاریچەی دەستی ئەو نەفرەتیە بویت}[٦٦].

هەروەها حەزرەتی یەعقوب پێغەمبەر(ص) بە یوسفی کوڕی گوت کاتێك خەونە باشەکەی بۆ گێڕایەوە کە نەکەیت ئەم خەونە لەلای براکانت بگێڕیتەوە بۆ ئەوەی ئیرەیی و حەسودیت پێ نەبەن.

خودای گەورە باس و بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەفەرمێت: ﴿یابني لاتقصص رؤیاك علی إخوتك فیکیدوا لك کیدا إن الشیطان للأنسن عدو مبین﴾ س یوسف آ ٥. واتە: کوڕی خۆم نەکەیت ئەو خەونەت لەلای براکانت بگێڕیتەوە ئەوانیش حەسودی و ئیرەییت پێ ببەن، چوونکە شەیتان دووژمنێکی ڕوون و ئاشکرای مرۆڤە.

پێغەمبەر(ص) لەو حەدیسەی پێشوودا فەرمانی کردووە کە نابێت هیچ کەسێك خەونی باشیش بگێڕێتەوە مەگەر بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە خۆشی دەوێن یان لێکدەرەوەی خەونن.

هەربۆیە پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە خەونی خراپ دەبینن ئەوە بزانن کە لە قەرینی شەیتانی و هاوشێوەی ئەوە لە شەیاتینەکان، نابێت

---

[٦٦] رواه مسلم فی صحیحه.

دڵتەنگ ببێت و سێجار تف بکات لەلای چەپی خۆی و بڵێت پەنا دەگرم بە خودای گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراو.

ئەگەر وویستی بخەوێتەوە با بکەوێت بەسەر ئەولاکەی تریدا ئەوەش ڕێنمایی پێغەمبەرە(ص) بۆ دوورخستنەوەی فێڵ و تەڵەکەی شەیتان و خراپە و خراپەکارییەکانی لەخەوو خەونەکاندا.

ئەوەش بزانە هەرچیەک لە خەوە ناخۆشەکان و کابوسەکان کە مرۆڤ دەیانبینێت هۆکاری سەرەکی نەخوێندنی زیکرەکانی پێش خەوتنە.

یاخود لەبەر ئەوەیە کە زیکر و وویردەکانی پێش خەوتنت خوێندووە، بەڵام لەبەر هەر هۆکارێك هەبووە خەبەرت بووە و پاشان خەوت لێ کەوتووەتەوە و دووبارە زیکرەکانت نەخوێندووە، یاخود زیکر و وویردەکانت خوێندووە پێش خەوتن، بەڵام کاتێك هەڵدەستیت بۆ نوێژی بەیانی دووبارە و پاش نوێژکەت دەخەوێتەوە و لەبیرت دەچێت زیکرەکان بخوێنیت، هەربۆیە خەونی ناخۆش و شەیتانی دەبینیت.

کاتێك مرۆڤ دەچێتە سەر جێگە بۆ ئەوەی بخەوێت شەیتانێك و فریشتەیەك دێن بۆلای، ئەگەر بێت و بە زیکر و وویردەکانی پێش خەوتن خۆت بەهێز و پارێزراو بکەیت شەیتانەکە دەڕوات و تەنها فریشتەکە دەمێنێتەوە و بەفەرمانی خودای گەورە بە درێژایی شەوەکە پاسەوانیت دەکات، بەڵام ئەگەر زیکر و وویردەکان نەخوێنیت و خۆت بەهێز و پارێزراو نەکەیت بەو زیکرانە، فریشتە دەڕوات و شەیتانەکە دەمێنێتەوە دەتکاتە یاریچەی دەستی خۆی و خەونی ناخۆش و کابوس دەبینیت.

***

-١٠-

ڕۆح و قەرین

- ڕۆح لە قۆناغی پیرۆز و زانستی نوێ و ئاینەکانیتری بێجگە لە ئیسلام و لای فەیلەسوفەکان.
- ئامادەکردنی ڕۆحەکان فێڵێکی کۆنە لە خۆرئاواوە هاتووە و قەرینی شەیتانی ئامادەیان دەکەن.

ڕۆح له قورئانی پیرۆز و زانستی نوێ و ئاینەکانی تری بێجگه له ئیسلام و لای فەیلەسوفەکان.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿یسألونك عن الروح قل الروح من أمر ربی وما أُتیتُم من العلم إلا قلیلا﴾ س اسراء آ ٨٥. واتە: ئەی پێغەمبەر(ص) پرسیارت لێ دەکەن لەبارەی ڕۆحەوە، تۆش بڵێ ئەوە شتێکە تەنها خودای گەورە دەیزانێت و ئیشی ئەوە، ئێوە زانستێکی زۆر زۆر کەمتان پێدراوە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە مانا و چەمکی ڕۆحی دیاری کردووە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا کە مەسەلەیەکە قورس و ئاستەمە بۆ مرۆڤ کە بتوانێت لێی تێبگات، چوونکە لە دەرکی ئەوان گەورەترە و لە ئەقڵە کورتبینەکانی ئەوانیش گەورەتر و فراوانترە، هەرچەندێك مرۆڤ زانست و زانیاری هەبێت.

تەفسیرکارەکانی لە تەفسیرو ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا لەسەر دوو بۆچوونی جیاوازن، یەکێکیان دەڵێت خودای گەورە قەدەغەی کردووە کە موسوڵمانان لەوبارەیەوە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بکەن، گروپی دووەمیش دەڵێن: ئایەتەکە بە ڕوون و ڕاشکاوی دەڵێت کە ڕۆح مەسەلەیەکە ئیشی خودای گەورەیە(من أمر بی) نەوەك تەنها لە زانستی خودای گەورەدا بێت (من علم ربی) جیاوازییەکەی نێوانیشیان زۆرە، هەربۆیە هیچ شتێکیان لەلا نییە کە ڕێسایەکی شەرعی بێت و تایبەت بێت بە توێژینەوە لەسەر ڕۆح.

ئەوەی لە هۆکارەکانی دابەزینی ئەم ئایەتە باسکراوە کە ئیمامی ئەحمەد لەمەسنەد لە ئیبن مەسعودەوە گێڕاویەتیەوە کە لەگەڵ پێغەمبەردا(ص) بووە لە دەروبەری شاری مەدینە و پاڵیداوە بە کۆتەرەدارێکی خورماوە، جوولەکەکان داویانە بەلایدا و بەیەکتریان گوتووە لەبارەی ڕۆحەوە پرسیاری لێ بکەن، بەڵام هەندێکیتریان گوتویانە پرسیاری لێ مەکەن.

ئیبن مەسعود دەڵێت: لەبارەی ڕۆحەوە پرسیاریان لە پێغەمبەر(ص) کرد و گوتیان ڕۆح چیە؟

هێشتا پێغەمبەر(ص) پاڵیدابوو بە کۆتەرە دارەکەوە.

دەڵێن هەستم دەکرد خەریکە وەحی بۆ دێت، هەربۆیە پاش کەمێك ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوێندەوە کە دەفەرمێت: ﴿یسألونك عن الروح قل الروح من أمر ربی وما أُتیتُم من العلم إلا قلیلا﴾ س اسراء آ ٨٥. واتە: ئەی پێغەمبەر(ص) پرسیارت لێ دەکەن لەبارەی ڕۆحەوە، تۆش بڵێ ئەوە شتێکە تەنها خودای گەورە دەیزانێت و ئیشی ئەوە، ئێوە زانستێکی زۆر زۆر کەمتان پێدراوە.

دواتر هەندێك لە جوولەکەکانی بەوانیتریان گوت: ئێمە گوتمان پرسیاری لێ مەکەن[٦٧].

موفەسیرەکان دەڵێن ئایەتەکە لە شاری مەککەدا دابەزیوە(مکیە) واتە پێش کۆچکردنی پێغەمبەر(ص) لەشاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە دابەزیوە، ئیبن کەسیر دەڵێت:

---

[٦٧] رواه البخاری ومسلم.

وەلامی ئەم بۆچوونە بەوە دەدرێتەوە کە لەوانەیە جارێکیتر لەشاری مەدینەدا دابەزیبێتەوە بۆ سەر پێغەمبەر(ص) یاخود لەوانەیە بەتایبەت سەبارەت بەو پرسیارە دووبارە لە شاری مەدینەدا خودای گەورە وەحی بۆ کردبێت و بیری خستبێتەوە و ئایەتەکەی بۆ ناردبێتەوە هەربۆیە دەفەرمێت (ویسألونك عن الروح).

زانایانی سیرە و حەدیس دەڵێن ئایەتەکە مەکییە و لەشاری مەککەدا دابەزیوە، ئیبن عەباس دەڵێت: قورەیشیەکان بە جوولەکەکانیان گوت: شتێکمان پێ بڵێن بۆ ئەوەی لەم پیاوە(پێغەمبەر)ی بپرسین.

جوولەکەکانیش گوتیان: لەبارەی ڕۆحەوە پرسیاری لێ بکەن.

ئەوانیش پرسیاریان لێ کرد، دواتر ئەم ئایەتە دابەزی ﴿یسألونك عن الروح﴾.

جوولەکەکان گوتیان: تەوراتمان بۆ هاتووە، هەرکەسێکیش تەوراتی بۆ بێت ئەوە خێرو بێرێکی زۆری بۆ هاتووە. ئیبن عەباس دەڵێت: خودای گەورەش ئەم ئایەتی نارد خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر(ص) کە دەفەرمێت: ﴿قل لو کان البحر مدادا لکلمات ربی لنفد البحر﴾ س کهف آ ١٠٩. واتە: پێیان بڵێ ئەگەر دەریا ببێتە مرەکەب بۆ نوسینی ووشەکانی خودای گەورە، بەدڵنیاییەوە دەریاکە تەواو دەبێت لەکاتێکدا هێشتا ووشە و فەرموودەکانی خودای گەورە کۆتاییان نەهاتووە.

هەندێك لەو شتانەی کە قورئانی پیرۆز لەبارەی ڕۆحەوە باسیان دەکات بریتین لە: ئێمە ڕۆحەکان نابینین و دەنگیان نابیستین، ئەوەش لەبەر ئەوە نییە کە بوونیان نییە، بەڵکو لەبەر کەموکوڕییە لە چاوی مرۆڤ و گوێی ئادەمیزاددا بۆ دەرك کردنی ئەو دەنگ و ڕەنگە.

قورئانی پیرۆز جەخت لەسەر ئەم ڕاستیە دەکاتەوە کە شتانێکی زۆر هەیە لەچواردەورماندا و ئێمە بەچاوەکانمان نایان بینین، خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿فلا أقسم بما تُبصرون* وما لاتُبصرون﴾ واتە: سوێند دەخۆم بەوشتانەی کە ئێوە دەیان بینن و سوێندیش دەخۆم بەو شتانەی کە ئێوە نایانبینن.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام تەنها لەئاستی ئەم دیاردەیەدا ناوەستێت کە زانستی نوێ بێ توانایە لە تەفسیر و ڕاڤە کردنیدا، پێغەمبەر(ص) لەبارەی ڕۆحەوە دەفەرمێت: {هەموو شتێك دەنگی ڕۆح دەبیستێت بێجگە لە مرۆڤ نەبێت، ئەگەر ئادەمیزاد ئەو دەنگەی ببیستایە لە ترساندا گیانی دەردەچوو}[٦٨].

خودای گەورە چاوو گوێی مرۆڤایەتی دروست کردووە بەجۆرێك کە ڕەنگ و دەنگی ڕۆحەکان نابیستن، بۆ ئەوەی مرۆڤ تووشی شلەژان و ترس نەبێت کاتێك گوێی لەو دەنگە دەبێت، ئەمەش شتێکی ئاسایی و بەڵگەنەویستە و ڕەحم و میهرەبانیەکی خودای گەورەیە بەرامبەر بە مرۆڤەکان.

هەتاوەکو پەیوەندی مادی لەنێوان مرۆڤەکان و ڕۆحەکاندا بوونی نەبێت، ناکرێت دەستیان لێ بدرێت یاخود قسەیان لەگەڵدا بکرێت لەبارودۆخە ئاساییەکاندا، بێگومان ئەگەر بێت و بیانبینین یاخود گوێمان لە دەنگ و سەدایان بێت و نەتوانین دەستیان لێ بدەین تووشی ترس و تۆقین دەبین.

قورئانی پیرۆز جەخت لەسەر ئەم ڕاستیە دەکاتەوە تەنانەت لەگەڵ پێغەمبەراندا درود و سەلامی خودایان لەسەر بێت، پێغەمبەر ئیبراهیم

---

[٦٨] رواه البخاری فی صحیحه.

کاتێك فریشتەکە سەردانی کرد تووشی ترس بوو، خواردنی پێشکەش کردن بەلاّم دەبینێت جەستەیان نییە کە دەستی لێ بدرێت هەربۆیە زۆر ترسا، خودای گەورەش لەمبارەیەوە دەفەرمێت: ﴿فلما رأى أيديهم لاتصل إلية نكرهم فأوجس منهم خيفة﴾س هود آ ٧٠. واتە: کاتێك دەستەکانیانی بینی و زانی جەستەیان نییە، تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بوو. تەفسیری ئەمەش ئەوەیە کە فریشتەکان جەستەیان نییە کە بکرێت مرۆڤ دەستی لێ بدات. هەمان شت بۆ پێغەمبەر لوتیش پوویدا سەلامی خودای لەسەر بێت کاتێك فریشتەکان سەردانیان کرد لە ماڵەکەی خۆیدا، خودای گەورە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمێت:﴿ولما جاءت رُسُلُنا لوطا سيئ بهم وضاق بهم ذرعا﴾ س هود آ ٧٧. واتە: کاتێك فریشتە نێردراوەکانی ئێمە هاتن بۆلای لوت پێغەمبەر زۆر ترسا و خەریکبوو بتۆقێت.

یەکێك لە ئیعجازە زانستیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەوەیە کە یەکەمین ئاینێکە ئاماژەی بەوە کردووە کە گیانەوەرانی وەك وولاّخ و سەگەکان دەتوانن رۆحەکان ببینن و دەنگیان ببیستن، بەلاّم مرۆڤ ناتوانێت، پێغەمبەر (ص) دەفەرمێت:{ئەگەر حیلەی ئەسپ و بۆڕەی وولاّخ و لوڕە و وەڕینی سەگتان بیست بەتایبەت پاش نیوەی شەو پەنابگرن بە خودای گەورە لە شەیتانی نەفرەتلێکراو، چوونکە ئەوانە شتانێك دەبینن کە ئێوە نایانبینن}.

ئەم ڕاستیە زانستیەش لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا ئاشکراکرا ئەوەش پاش داهێنانی دەزگای ڕووناکی و بیستنی شەپۆلی بالاّ و پێشکەوتوو، (جەرەسی سەگەکان) داهێنرا کە دەنگی سەگەکان

دەبیستن، بەڵام مرۆڤ نابیستێت، ئەمەش بوویە یەکێک لە کەرەستەکانی ڕاهێنان و ئەزموونی زانستی مرۆڤ.

زانستی نوێ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕۆحەکان ناتوانن خۆیان دەربخەن یاخود کارانێکی هەست پێکراو ئەنجام بدەن لە دانیشتنی ڕۆحەکاندا مەگەر لە هەبوونی تاریکیەکی زۆر یان بەلایەنی زۆرەوە تیشکێکی سوری لاواز.

شیکاری ئەمەش: ئەوەیە کە ڕۆح بریتیە لە کۆمەڵێک شەپۆلی تیشکی و دەنگی کە لەکاتی هەبوونی تیشک یاخود دەنگی ئاساییدا تێک دەشکێت.

هەربۆیە دانیشتنەکانی ئامادەکردنی ڕۆحەکان تەنها بەشەواندا دەبەسترێت و ئەوەش لە شەوانی مانگەشەوی هێمندا کە هەورەبروسکەی تێدا نەبێت.

پێغەمبەر(ص) ئاماژەی بەم ڕاستیە کردووە، پێش ئەوەی زانست ئاشکرای بکات، دەفەرمێت: {لە شەوی بێدەنگدا مەچنە دەرەوە چوونکە خودای گەورە کۆمەڵێک گیانەوەری هەیە لەو کاتەدا بڵاویان دەکاتەوە} مانای بێدەنگی شەو بریتیە لە تاریکی و بێدەنگی کە ئیجازێکی ڕەوانبێژییە.

ڕۆحیش پاش ئەوەی کە جەستە بەجێ دەهێڵێت یەکسەر ناچێت بۆ بەهەشت یان دۆزەخ، بەڵکو دەچێت بۆ جیهانی بەرزەخ، ووشەی بەرزەخ لە بنەڕەتدا فارسییە و عەرەب بۆ بەناوەڕاست و نێوانی دوو شوێن یاخود دوو مەودا بەکاریان دەهێنا، قورئانی پیرۆزیش بۆ قۆناغێک لەنێوان دوو قۆناغ یاخود ژیانێک لەنێوان دوو ژیانی دوونیا و قیامەتدا بەکاری هێناوە.

خودای گەورە لەمبارەیەوە دەفەرمێت: ﴿ومن ورائهم برزخٌ إلى يوم يُبعثون﴾ س المؤمنون آ ١٠٠. واتە: لە پاش ئەم ژیانی دوونیایەی ئەوان ژیانێکی تر هەیە کە بەرزەخە هەتاوەکو رۆژ قیامەت. کەواتە بەرزەخ قۆناغێکە لەنێوان مردن و قیامەتدا. زانستی نوێ هاوڕایە لەگەڵ قورئانی پیرۆز کە بەرزەخ هەیە، بەڵام پێی دەڵێت: (العالم الأثيرى) کتێبەکانی زانست وەسفی ئەم جیهانە دەکەن بەوەی کە بریتیە لە بۆشاییەک لەنێوان زەوی هەموو ئاسمانەکان کە لەدەوری زەویدان، لەوانەش خۆر و ئەستێرەکان و هەسارەکان، پاش دۆزینەوە سەرسوهێنەرەکان لەبواری گەردیلەدا ئەو بۆشاییە زیاد کرا بۆ هەناو هەموو تەنە ڕەقەکان و تەنانەت ناو خودی گەردیلەش، واتە: لەنێوان پرۆتۆن و ئەلیکترۆندا، ڕۆحەکان بە ئازادی دەژین لەناو ئەم بۆشاییە زۆرانەدا و هیچ بەربەستێکی ئاسایی نایەتە بەردەمیان و دەتوانێت بەناو بۆشاییەکانی گەردیلەدا هاتووچۆ بکات ئەگەرچی بە تەنێکی ڕەق دەورەش درابێت.

ڕۆح لە جیهانی بەرزەخدا بە خێراییەوە دەگوازرێتەوە بە ڕێژەیەک کە یەکێک لە زانا موسوڵمانە هاوچەرخەکان بە پەنجا هێندەی خێرایی تیشک باسی کردووە.

دکتۆر منصور حسب النبی مامۆستای زانستی فیزیا لە زانکۆی عەین شەمس لە کتێبەکەیدا بەناوی (الأعجاز العلمى فى القرآن) گەیشتووە بە هاوکێشەیەکی بیرکاری لە دوو ئایەتی قورئانی پیرۆزدا:

– یەکەمیان لە سورەتی السجدە ئایەتی ٥ دایە خودای گەورە دەفەرمێت:

﴿يُدبرث الأمر من السماء إلى الأرض ثم يعرج إليه فى يوم كان مقداره خمسين الف سنة مما تعُدُّون﴾ س السجدة آ ٥. واته: خودای گەورە مەسەلەکە لە ئاسمانەوە بۆ زەوی رێك دەخات دواتر بەرزدەبێتەوە بۆی لە رۆژێکدا کە ئەندازەکەی پەنجا هەزار ساڵی ئێوەیە. مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە کە ئەو ماوەیەی کە (فەرمانی کەونی) لەکاتی رۆژێکی زەویدا دەیبڕێت و تەی دەکات، یەکسانە بە ئەندازە و ئاستی ئەو ماوەیەی کە مانگ دەیبڕێت لە خولگەکەیدا بەدەوری زەویدا لە کاتی هەزار ساڵی مانگیدا، ئەوەی کە دەفەرمێت (مما تعدون) واتە لەو کەونەی کە لەبەرچاوتانە و دەیبینن و لەو مەسەلانەی کە دەتوانن پێوانەیان بکەن. بە چارەسەری ئەم هاوکێشە یەکەمەی قورئانی پیرۆز بۆمان دەردەکەوێت کە خێرایی ٢٩٩٧٩٢,٥ کم/ث بەتەواوەتی یەکسانە بە خێرایی تیشك لە بۆشاییەکی ڕاگەیەنراوی نێودەوڵەتیدا کە گونجاوە لەگەڵ بنەماکەی ئەنیشتاینی زانای گەورەدا.

ئایەتی دووەم، باسی خێرایی ڕۆح و فریشتەکان دەکات لە جیهانی غەیبدا و دەیخەملێنێت بەوەی کە بەرابەرە بە پەنجاهێندەی خێرایی پێشوو، واتە پەنجاهێندەی خێرایی تیشك، خودای گەورە لەمبارەیەوە لە سورەتی المعارج ئایەتی ٤ دا دەفەرمێت:

– ﴿تعرج الملائكة والروح اليه فى يوم كان مقداره خمسين ألف سنة﴾ واتە: فریشتەکان و ڕۆح بەرزدەبنەوە بۆلای لە ڕۆژێکدا کە ئەندازەکەی پەنجا هەزار ساڵە، مانای ئەمەش ئەوەیە کە خێرایی ڕۆح یەکسانە بە ٢٩٩٧٩٢,٥ × ٥٠ کم/ ث، خودای گەورە زاناترە.

یەکێك لەوشتانەی کە قورئانی پیرۆز سەبارەت بەڕۆح ڕوونی کردووتەوە ئەوەیە کە دەفەرمێت سروشتی ڕۆح لە سروشتی خودای گەورەوەیە، لە چەندیەن ئایەتی کتێبە پیرۆزەکەیدا، خودای گەورە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕۆح فوویەکە لە ڕۆحی خودای گەورەوە، باسی فووکردنی ڕۆحی خۆی کردووە بە جەستەی ئادەمدا پاش ئەوەی ئافراندوویەتی و دەفەرمێت: ﴿فأذا سویته ونفخت فیه من روحی فقعوا له ساجدین﴾ س ص آ ٧٢. واتە: کاتێك دروستم کرد و لە ڕۆحی خۆم فووم کرد بە جەستەیدا ئێوەش کڕنۆشی ڕێزی بۆ ببەن.

خودای گەورە لەبارەی کۆرپەلەوە کاتێك ڕۆح دەکرێت بەبەریدا دەفەرمێت: ﴿ثم سواه ونفخ فیه من روحه وجعل لکم السمع والأبصار والأفئدة قلیلا ما تشکرون﴾ س السجدة آ ٩. واتە: لەپاشان دروستی کرد و لە ڕۆحی خۆی فووی کرد بە جەستەیدا و گوێ و چاوو دڵی بۆ ئێوەی مرۆڤ دانا، بەڵام کەمێك لە ئێوەی ئادەمیزاد سوپاسگوزاری ئەو پەروەردێنە دەکەن.

ڕۆحی مرۆڤ بریتیە لە فوویەك لە ڕۆحی خودای گەورە و سروشتەکەی لە سروشتی خودای گەورەوەیە.... هەربۆیە بە چاوی مرۆڤ نابینرێت.

خودای گەورە لەبارەی خۆیەوە دەفەرمێت: ﴿لاتدرکه الأبصار وهو یدرك الأبصار وهو اللطیف الخبیر﴾ س انعام آ ١٠٣. واتە: چاوەکان هەست بەو ناکەن و ناتوانن ببینن، بەڵام ئەو چاوەکان دەبینێت، ئەو نەرم و نیان و شارەزاو کارزانە. هەروەها دەفەرمێت: ﴿ولما جاء موسی لمیقاتنا وکلمه ربه قال ربی أرنی أنظر إلیك قال لن ترانی﴾ س اعراف آ ١٤٣. واتە: کاتێك موسا پێغەمبەر هات بۆ سەر وادە و چاوپێکەوتنی ئێمە، خودای گەورەش

قسەی لەگەڵدا کرد، موسا گوتی خودایە هەز دەکەم بتبینم، خودایش فەرمووی تۆ من نابینیت.

هەروەها ئەوەی قورئان باسیدەکات کە ڕۆح لەناو کۆرپەلەی سکی دایکیدا زیندووناکرێتەوە مەگەر پاش تەمەنی سێ مانگی نەبێت، کە فەقیهەکان بە ١٢٠ ڕۆژ خەملاندویانە، ئەوەش هەمان ئەو شتەیە کە زانستی نوێ پێیگەیشتووە.

کۆرپەلە پێش ئەوە گەشەی تەواو نییە یان نوتفە یاخود عەلەقە یان پارچە گۆشتە، هەموو ئەمانەش چەند قۆناغێکی بێ ڕۆحن کە لە زانستی پزیشکیدا پێی دەگوترێت ژیانی بایۆلۆجی، وەک ژیانی ڕووەک یاخود ژیانی سپێرم و هێلکۆکەکان وایە، خودای گەورە لەمبارەیەوە دەفەرمێت: ﴿ثم سواه ونفخ فيه من روحه﴾ س السجدة آ ٩. واتە: لەپاشان ڕێکسازی بۆ کرد و لە ڕۆحی فووی پێدا کرد. مانای ئەمەش واتە: ئافراندنی تەواو کرد، یانی فووی ڕۆح پاش کاملبوونی ئافراندن و گەشەکردن دەبێت لەناو ڕەحمدا، ئەمەش زانست پشتڕاستی کردووەتەوە، کۆرپەلە پاش مانگی سێیەم دەگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی زیندوو کە جوولەی هەیە و دەنگەکان دەبیستێت، بەڵکو هەندێك لە توێژینەوە زانستیەکان باس لەوە دەکەن کە گوێی لە مۆسیقا دەبێت و بە دەمەقاڵێی نێوان دایك و باوك بێزار دەبێت، ئەمەش ڕووندادات مەگەر پاش مانگی سێیەم نەبێت.

خودای گەورە کە ڕۆح لەناو جەستەدا دەپارێزێت و بە فەرمانی ئەوو لە ماوەی دیاریکراودا نەبێت لەو جەستەیە جیانابێتەوە، خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿إن كلُ نفس لما عليها حافظ﴾ س الطارق آ ٤. واتە: خودای گەورە فریشتەیەکی پارێزگاری کردنی بۆ هەموو نەفسێك داناوە. ووشەی

(الحافظ) چەندین مانای زۆر هەڵدەگرێت، لەوانەیە حافیز فریشتەیەکی ناو جەستە بێت یان لەدەرەوەدا بێت، کە لەگەڵ ڕۆحدایە و دەیپارێزێت، بۆ ئەوەی هیچ شتێکی خراپە بەرامبەر بەو ڕۆحە ئەنجام نەدرێت، بە سروشتی حاڵ ئێمە هەست بەو فریشتەیە ناکەین و نایبینین، زانستی نوێیش پشتیوانی ئەم تیۆرە دەکات، بەڵام بەجیاوازی ناوەکەی، لە دەستەواژەی زانستدا ئەو پارێزگارە بریتیە لە کۆمەڵێك مادەی کیمیایی کە پارێزگاری پەیوەندی نێوان جەستە و ڕۆح دەکەن.

ئەوەی کە دەفەرمێت: ﴿قل الروح من أمر ربی﴾ واتە شارەزایی لەبارەی ڕۆحەوە شتێکە تایبەتە بەخودای گەورەوە و تەنها ئەو زانست و زانیاری تەواوی لەوبارەیەوە هەیە، هیچ کەسێکیش ناتوانێت هەموو زانست و زانیاری خودای گەورە بزانێت و شارەزای ببێت.

ڕۆح لە زانستی نوێدا

مرۆڤ نەوەستاوە لە توێژینەوە لەبارەی ماهیەت و چیەتی ڕۆحەوە کە ئایا کێشانە دەکرێت یان دەبینرێت و چەندین شتی لەمجۆرە، لەگەڵ پێشکەوتنی زانست لەسەردەمی نوێدا مەسەلەکەش پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەت لەسەدەی بیستدا، کاتێك زاناکان دەزگا زانستیە وردە نوێکانیان بۆ ئەم بوارە بەکار هێنا.

لەسەردەمی زانستی سەدەی بیستدا زاناکان دەستیان کرد بە یارمەتی وەرگرتن لە دەزگاکان و بەکارهێنانیان، زۆرێك لە زانکۆ زانستیەکان دانیان بەم زانستەدا ناوە لە ئەورووپا و ئەمریکادا، کورسی تایبەتیان بۆ ئەو

خوێندنه و ئەو دیاردانەی که پشتەوەی سروشتین (ماوراء الطبیعة) تەرخان کردووە.

یەکەمینی ئەوانەش له زانکۆی کامبردج بوو لەساڵی ١٩٤٠ و پاش ئەویش زانکۆی ئۆکسفۆرد لەساڵی ١٩٤٣دا و پاش ئەوانیش یەك لەدوای یەك زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان دەستیان کرد بە توێژینەوە لەوبارەوە.

هەروەها رێکخراوو کۆمەڵەی ناوچەیی لەسەرتاسەری جیهاندا پێکهاتن لەوانەی که زۆر حەزیان له توێژینەوە و گۆڕینەوەی بیروبۆچوونەکان و ئەزمونە زانستیەکان بوو لەو بارەیەوە. کۆمەڵێك گۆڤاری خولیش لەوبارەوە دەرچوون وەك گۆڤاری ڕۆحی له ئەمریکا و ئینگلتەرادا.

له یەکەمینی ئەو ئەزموونانەش که ئەنجامیان دەدا، دانانی کەسێك بوو که له سەرەمەرگ و گیانەڵادا بوو لەسەر دەزگایەك که ئەندازەی کێشی ڕۆحی دەگرت پاش دەرچوونی له جەستەکە و دەزگایەکیان لەسەرسەری دادەنا بۆ پێوانەکردنی شەپۆلە کارەباییەکانی مێشك لەکاتی مردنیدا، هەروەها دەزگایەکیشیان لەسەر دڵی دادەنا بۆ کێشانی ووێنەی دڵ لەوکاتەدا واتە لەکاتی گیان دەرچووندا، کۆمەڵێك کامێرای تایبەتیان دانا که بەتیشکی ژێر سوور ئیشیان دەکرد بۆ ووێنەگرتنی ڕۆح لەوکاتەی که له جەستە دەردەچێت، چوونکە بۆیان دەرکەوت که بەتیشکی ئاسایی دەرناکەوێت.

زانستی ڕۆح تەنها له بوار و بازنەی چێژوەرگرتن و هیوایەت و دۆزینەوەی نادیارێکدا نەمایەوە.... بەڵکو چوویە بواری چارەسەری پزیشکیەوە بەتایبەت لەو نەخۆشیانەی که زانستی پزیشکی نوێ بێتوانا بوو له چارەسەر کردنیاندا وەك ڤ و شێنتی و شیزۆفینیا، چەندین کتێبی

زۆر لەمبارەیەوە دانران و چەندین گۆڤار دەرکران، هەندێکیان توانیان نەشتەرگەری بە ڕۆحەکان ئەنجام بدەن و بتوانن لووەکان لەناو جەستەی مرۆڤدا دەربهێنن، ئەوەش لە کۆنگرەیەکی گشتی و بە ئامادەبوونی پزیشکانی بلیمەت و پسپۆڕی ئەو بوارە ئەنجامدراوە.

ئێستە ڕۆح لە تێڕوانینی جیهاندا بریتیە لە کۆمەڵێك شەپۆل کە سیگنالّی زۆر بەرزیان هەیە و لەناو ئێمەدا و لە هەموو شوێنێك و لە جیهانی (أثیري)دا بوونیان هەیە.

بەڵام ئێمە نایان بینین و دەنگیشیان نابیستین، چاوی مرۆڤ و گوێی ئادەمیزاد بێتوانایە بۆ ئەو کارە.

لەڕووی زانستیەوە ئەوە سەلمێنراوە کە چاوی مرۆڤ تەنها لە سنورێکی دیاریکراودا دەبینێت کە ڕەنگی جوانن، تیشکی سوور کە بەچاو دەیبینین خاوەنی شەپۆلێکە (٤×١٠ ١٠) =٤٠٠ هەزار ملیۆن شەپۆل لە چرکەیەکدا.

بەڵام تیشکی ژێر سوور لەوەش کەمترە و چاو نایبینێت، تیشکی وەنەوشەیی خاوەنی شەپۆلی (٧×١٠ ١٠)= ٧٠٠ هەزار ملیۆن شەپۆل لە چرکەیەکدا ئەوەش زاتر دەبێت لە سەروو وەنەوشەییدا و نابینرێت: ڕۆحەکانیان ئەندازەگیری کردووە کە شەپۆلی بەرزترن لە سەروو وەنەوشەیی و کەمترن لە (xray).

سەبارەت بە گوێی مرۆڤیش بەهەمان شێوەیە کە لەچرکەیەکدا تەنها ٢٠ شەپۆل دەبیستێت، هەتاوەکو ٢٠٠٠٠٠شەپۆل بەڵام لەوە زیاتر بێت نایبیستێت، بە ئەزموون ئەوە سەلمێنراوە کە هەندێك لە گیانەوەرانی وەك سەگ و پشیلە و وواڵخ زۆر زیاتر لەوە دەبیستن کە مرۆڤ گوێی لێ دەبێت،

هەربۆیە دەبینین کتوپڕ دەحیلێنێت یاخود دەوەڕێت چوونکە شتانێك دەبیستن کە ئێمە نایانبیستین.

زانایانی بواری ڕۆح بەڵگەکان دەکەن بە دوو جۆرەوە: (زەینی) و (مادی) جۆری یەکەم کە زەینیەکەیە دیاردەی خەیاڵکردن و دیاردەی بینینە لەدوورەوە، لەگەڵ دیاردەی قسەلەگەڵ کردنی ڕاستەوخۆ کە ڕۆح قوڕگی نێوەندگیری تێدا بەکار دەهێنێت و بە زمانی بنەڕەتی خۆی قسە دەکات کە نێوەندگیرەکە نایناسێت.

بەڵگە مادیەکان لەوانەیە تیۆری بەرجەستەکردن و تیۆری بەرزرکردنەوەی شتەکان و تیۆری ووێنەگرتنی ڕۆحی بن کە زانستێکی نوێیە و لەم سالانەی دواییدا دەرکەوتووە، ئەوەش پاش داهێنانی فیلمی تایبەت، خودای گەورە زاناترە بە ڕاستەقینەی بارودۆخەکە.

کۆتا شت کە تۆێژینەوەکان پێی گەیشتووە لە مادەی دی ئێن ئەی دا کە زاناکان باوەڕیان وایە نهێنی ژیانی تێدایە و ڕۆحی ناو خانەی زیندوە و دۆزینەوەی پێکهاتە کیمیاییەکەیە کە ئەم دۆزینەوەیەك خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێناوە.

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا پزیشکی ئەمریکی دنکن ماکدوگل هەوڵیدا پێوانەی کێشی ڕۆح بکات بە پێوانەی کێشی کەسێك پێش ئەوەی بمرێت و پاش مردنیشی، لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت کە ڕۆحی مرۆڤ کێشی ٢١ گرام دەبێت بەڵام ئەم هەوڵانەی بێمانا دەرچوون و بە نازانستی ناسران.

لە سالانی پەنجاکاندا زانای فیزیایی (فرانسك کرد) (١٩١٦– ٢٠٠٤) کە ئەندامی ئەو تیمە زانستیە بوو کە ترشی ناوەکی ریبوزی بێ ئۆکسجینی

دۆزییەوە، ئەوەی نووسی کە توێژینەوە لەسەر مێشک گرنتی دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤ بەبوونی ڕۆح هەیەتی.

پاش ئەوەیش زانای مێرووناس و ژینگەناسی ئەمریکی ئیدوارد ولسن هات و گوتی: هەوڵ و کۆشش لە توێژینەوە لەسەر بۆماوەییەکان مرۆڤ وا لێ دەکات کە باوەڕی بە فکیرە و بیرۆکەی ڕۆح هەبێت.

کۆدەنگیەک هەیە کە ناوچەی تەنیشتی مێشک کە پێی دەگوترێت بەشی ڕووی چاو لە نێوان چاوو گوێیدا، گریمانی زۆر هەیە کە بەرپرس بێت لە ڕێکخستنی لایەنی ڕۆحی لە ژیانی مرۆڤدا، ئەم دەرئەنجامەش لەڕێگەی ئەو کەسانەوە ئاشکرا کراوە کە ڤ و سەرئێشەیان هەبووە لە ناوچەی مێشکی نێوان چاوو گوێدا کە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری نەزانراوەوە چالاکی کارەبایی ئەم ناوچەیە زۆر دەبێت و دابڕاوە لە بەشەکانیتری مێشک، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێک نیشانە، کە لە گرنگترینیان کۆمەڵێک فیکری ئاینی و ڕۆحی ئاڵۆز و فیکری میتافیزیکی و پابەندبوون بە فیکرەیەکی ئاینی دیاریکراوەوە هەتاوەکو ئاستی حەزو ئارەزوو.

ئەم تێبینیە سەرتاییەش وای لە زاناکان کرد کۆمەڵێک ئەزموون بکەن کە تەرکیز بخەنە سەر چالاکی ئەو بەشە لە مێشک لەکەسانی دینداردا کە تووشی ڤ نەبوون و لەگەڵ ئەوانەدا بەراوردیان بکەن کە بێباوەڕن و تووشی ڤ نەبوون، ئەوەش لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە شاری ساندیاگۆ لە وویلایەتی کالیفۆرنیا لەساڵی ١٩٩٧دا لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەو تێبینیەی کە چالاکی کارەبایی مێشک لە بەشی مێشک لەنێوان چاوو گوێدا لەکەسی دینداردا بەرزترە بەبەراوورد بەکەسی بێباوەڕ.

ڕۆح لەلای فەیلەسوفەکان

ئەفلاتون (٣٤٧- ٤٢٧- پێش زاین) ڕۆحی وەک بنەڕەتی پێکهاتەی مرۆڤ دایە قەڵەم و بە بزوێنەری بنەڕەتی مرۆڤی زانی و باوەڕی وابوو کە ڕۆح لەسێ بەشی هاوئاواز پێکدێت کە بریتین لە ئەقڵ و نەفس و حەز، ئەفلاتون مەبەستی لە نەفس ئەو داخوازییە سۆزداری و هەڵچوونیە جەستەییانەی مرۆڤ بوو، ئەفلاتۆن نمونەیەکی بۆ ئەم تێڕوانینەی خۆی هێناوەتەوە بە بەکارهێنانی گالیسکەیەک کە ئەسپێک ڕایدەکێشێت، بەلای ئەفلاتونەوە ئەسپەکە دوو هێزی بزوێنەری هەیە کە بریتین لە حەز و نەفس ئەقڵیش دێت و ئەم هاوسەنگیە دەپارێزێت.

پاش ئەفلاتونیش ئەرستۆ (٣٢٢- ٣٨٤ پێش زاین) هات و پێناسەی ڕۆحی کرد وەک میکحوەر و خولگەی سەرەکی بوون و ووجود، بەڵام ڕۆحی وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ لە جەستە یان بەشتێکی دەست لێ نەدراوی ناوزەد نەکرد کە لە جەستەدایە، هەربۆیە ئەرستۆ ڕۆحی وەک هاومانای هەبوون دانا، ڕۆحی وەک هەبوویەکی تایبەت نەدایە قەڵەم کە لەناو جەستەدا دەژی، ئەرستۆ چەقۆی بەکارهێنا بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکەی خۆی و گوتی: ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین کە چەقۆ ڕۆحی هەبێت ئەوا پڕۆسەی بڕینەکە خودی ڕۆحەکەیە، هەربۆیە بەپێی بۆچوونەکەی ئەرستۆ مەبەستی سەرەکی بوونەوەرەکە بریتیە لە ڕۆح، هەربۆیە دەتوانین ئەم دەرئەنجامە بەدەست بهێنین کە ئەرستۆ ڕۆحی بەشتێکی نەمر نەداوەتە قەڵەم چوونکە لەگەڵ کۆن بوون و شکانی چەقۆکەدا پڕۆسەی بڕینەکەش لەناو دەچێت و نامێنێت.

رینیه دیکارتیش (١٥٩٦– ١٦٥٠) له هەنگاوێکی گرنگدا هەوڵیدا ئەوە بسەلمێنێت کە ڕۆح و ڕێکخستنی باوەڕ بوون بەڕۆح دەکەوێتە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە لە مێشکدا.

بەلاّم ئیمانویل کانت (١٧٢٤– ١٨٠٤) لە هەنگاوێکی بوێرانەدا گوتی: سەرچاوەی هەڵچوونی مرۆڤ بۆ تێکەیشتن لە چیەتی ڕۆح لە بنەڕەتدا هەوڵێکە لەئەقڵەوە بۆ گەیشتن بە تێڕوانینێکی گشتگیر بۆ شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ، واتە ئەقڵ کە هەوڵی ئەوە دەدات ڕاڤە و تەفسیر هەموو شتێك بکات لەسەر بنەمایەکی کرداری لە داهاتوودا پێویستی بەوە دەبێت کە پرسیار لەبارەی شتە نەزانراوەکانەوە بکات کە بەرجەستە نین، بەمشێوەیە کانت دەرگای بەڕووی زانایانی دەروونناسیدا کردەوە بۆ ئەوەی تەفسیر و ڕاڤەی ڕۆح بکەن لەسەر بنەمایەکی دەروونی.

ڕۆح لەلای میسریە کۆنەکان

١– "رین" دەستەواژەیەکی کۆنە واتە ئەو ناوەی کە بە منداڵی تازە لەدایکبوو دەگوترێت.

٢– "سکم" واتە زیندوویەتی خۆر.

٣– "با" واتە هەموو شتێك کە مرۆڤ دەکاتە بێووێنە کە زیاتر لە مانا و چەمکی کەسایەتی مرۆڤ دەچێت.

٤– "کا" ئەو هێزە پاڵنەرەی ژیانی مرۆڤە، بەپێی بیروباوەڕی باو، مردن بەهۆی جیابوونەوەیە لە جەستە.

٥– "ئاخ" ئەمەش وەك خێوێکە کە بەهۆی یەککرتنی (کا) و (با) وە لەپاش مردن دروست دەبێت.

٦- "ئاب" بریتیە لە دڵۆپێك لە دڵی دایك.
٧- "سوت" یان "خیبیت" کە بریتیە لە سێبەری مرۆڤ.

ڕۆح لەلای بوزاییەکان

بە پشتبەستن بە عەقیدە و بیروباوەڕی بوزایی هەموو شتێك لە حاڵەتی جوواڵەیەکی بەردەوامدایە و بەشێوەیەکی بەردەوامیش دەگۆڕدرێت، باوەڕبوون بەوەی کە پێکهاتەیەکی نەگۆڕ یاخود نەمر لەسەر شێوەی ڕۆح بوونی هەبێت بریتیە لە وەهمێك کە مرۆڤ تووشی ململانێیەکی ناوەکی و سیاسی و کۆمەاڵیەتی دەکات.

بە پشتبەستن بە بیروباوەڕی بوازاییەکان بوونەوەران دابەش دەبن بەسەر پێنج چەمك و ماناداا: شێوازی جەستەیی، هەستەکان، ئیدراك، کارما (ئەو کردارانەی کە بوونەوەری زیندوو ئەنجامیان دەدات لەگەڵ پاشهاتە ئەخلاقیەکانی ئە کردارانە) لەگەڵ وویژدان، ئەم چوار بەشە دەکرێت بە هاومانای ڕۆحیان بزانین، هەربۆیە مرۆڤ دەبێتە یەککرتنێکی کاتی کتوپڕی ئەم ماناو چەمکانە، کە ڕووبەڕووی (بەردەوام نەبوون) و نەبوونی پەیوەندی دەبێتەوە، لەگەڵ هەموو چرکەساتێکی نوێدا مرۆڤ دەگۆڕدرێت، سەرەڕای ئەوەی باوەڕی وایە کە بەردەوام وەك خۆیەتی و نەگۆڕدراوە، هەربۆیە هەڵەیە کە تەسەوری ئەوە بکەین (منێکی خودی) بوونی هەیە و بیکەین بەبنەڕەتی هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە بوونەوەریان پێکهێناوە.

هەربۆیە بەپێی بیروباوەڕی بوزایی ئامانجی بەرز و باڵا بریتیە لە ئازادی تەواو لەڕێگەی شکاندنی خولی زیندووبونەوە و ڕزگاربوون لە ئازار و ناڕەحەتیەکان کە هەڵیگرتوون. هەرچەندە کارما بریتیە لە پاشهاتی

کاروکردارەکان کە مرۆڤەکان ئەنجامیان دەدەن، هەربۆیە ڕزگارمان نابێت لە بوونەوەرەکە مادەم کارما بوونی هەیە.

لەکاتی مردنی مرۆڤدا جەستە لە هەستەکان و ئیدراك و کارما و ووێژدان جیادەبێتەوە، ئەگەر پاشماوەی پاشهات و سیفەتی خراپ هەبێت لەم بەشە جیابوانەدا لەجەستە، ئەوا گەشتێك دەستپێدەکات بۆ گەڕان بەدوای جەستەدا بۆ ئەوەی بتوانێت بگات بە ئازادی تەواو، ئەوەش لەڕێگەی شکاندنی خولی ژیان و زیندووبونەوە و ئەو حاڵەتە بێداریيەی کە ئاگری ئەو هۆکارانە لەگەڵیدا کڵپە دەسەنێت کە دەبنە هۆی ئازارەکان (ئارەزوو، ڕق و کینە، نەزانی) بوزاییەکان بەم ئامانجە دەڵێن (نیرڤانا).

ڕۆح لەلای هیندۆسیەکان

دەکرێت (جیڤا) لە ئاینی هیندۆسیدا بە هاومانای ڕۆح بیدەینە قەڵەم، کە بەپێی بیروباوەڕی هیندۆسی بریتیە لەو پێکهاتە نەمرەی بوونەوەرە زیندووەکان، دەستەواژەیەکی تری هیندۆسی هەیە کە پێی دەگوترێت (مایا) دەکرێت وەك بەهایەکی جەستەیی و مەعنەوی کاتی پێناسە بکرێت نەوەك نەمر، کە پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا هەیە، وادیارە مایا وەك ماناو چەمکی نەفسە لە هەندێك ئاینی تردا بە پشت بەستن بەمە جیڤا پەیوەست نییە بە جەستە یاخود هەر بەهایەکی زەمینیەوە بەڵام لەهەمانکاتدا بنەڕەتی پێکهاتەکەیە.

جیڤا لە چەندین تەناسوخەوە سەرچاوە دەگرێت لە کانزاکانەوە بیگرە هەتاوەکو دەگاتە ڕووەکەکان و لەوێشەوە بۆمەملەکەتی گیانەوەران، کارما (ئەو کارانەی بوونەوەری زیندوو ئەنجامیان دەدات، لەگەڵ پاشهاتە

ئەخلاقیەکانیان) هۆکارێکی سەرەکیە لە دیاریکردنی بوونەوەری دواتر کە جیڤای بۆ دەگوازرێتەوە پاش لەناوچوونی بوونەوەرەکەی پێشوو، تاکە رێگەش لەوەدایە بۆ ڕزگاربوون لە خولی ئەم تەناسوخاتانە گەیشتنە بە قۆناغی موشکا کە بەجۆرێك لە جۆرەکان هاوشێوەی قۆناغی نیرڤانایە(زیندوبوونەوە و حاڵەتی بێداری کە لەگەڵیدا ئاگری کڵپەداری ئەو هۆکارانە دادەمرکێتەوە کە بوونەتە هۆی ئازارەکانی وەك ئارەزوو ڕق و قین و نەزانی).

دەستەواژەیەکی تر لە هیندۆسیدا هەیە کە نزیکە لە مانا و چەمکی ڕۆحەوە، کە ناوی (ئەتمان)ە، دەکرێت پێناسە بکرێت بەلایەنی شاراوە یان میتافیزیکی لە مرۆڤدا، هەندێك لە قوتابخانە فیکرییە هیندۆسیەکان بە بنەمای پێکهاتەی دەزانن، دەکرێت ئەتمان وەك بەشێك لە براهما(ئافەرێنەری گەورە)ی بزانین.

جیاوازی و موجادەلەیەکی توند هەیە لەنێوان خودی هیندۆسیەکاندا سەبارەت بەسەرچاوە و مەبەست و چارەنوسی ڕۆح، بۆ نمونە ئەو هیندۆسانەی کە باوەڕیان بە یەکبوون هەیە، (ئەدفایدا) دەڵێن ڕۆح لە کۆتاییدا لەگەڵ ئافەرێنەری گەورە (براهما)دا یەك دەگرێت.

بەڵام ئەوانەیان کە باوەڕیان بەیەکبوون نییە (دیفایتا) لە هیندۆسەکان، دەڵێن ڕۆح هیچ پەیوەندیەکی نییە بە ئافەرێنەری گەورەوە (براهما) و ئافەرێنەر ڕۆحی دروست نەکردووە بەڵام ئەوە ڕۆحە کە پشت بە هەبوونی ئەو ئافەرێنەرە دەبەستێت.

ڕۆح لەلای جوولەکەکان

لەتەوراتدا پێناسەیەکی وورد نییە بۆ ووشەی ڕۆح، سیفری تەکوین باسی ئەوە دەکات کە ئافەرێنەری گەورە مرۆڤی لە تەپوتۆزی زەوی دروست کردووە خوداش لە لوتی مرۆڤەوە فوی کردووە بە جەستەیدا بۆ ئەوەی ببێتە دروستکراوێکی زیندوو. بە پشت بەستن بە سەعیدی کوڕی یوسفی فیومی (٨٨٢– ٩٤٢) کە فەیلەسوفێکی جوولەکەیە و لە میسردا لەدایکبووە، دەڵێت: ڕۆح ئەو بەشە لە مرۆڤ پێك دەهێنێت کە بەرپرسە لە بیرکردنەوە و حەزوو ئارەزوو سۆز و عاتیفە، هەروەها بە پشت بەستن بە کتێبی (کبالاە) کە بە کتێبی ناوەندی دادەنرێت لە تەفسیری تەوراتدا ڕۆح دەبێت بە سێ بەشەوە:

*نفیش کە بریتیە لە چینی خوارەوەی ڕۆح کە پەیوەستە بە غەریزە جەستەییەکانی مرۆڤ کە لەساتی لەدایکبوونەوە بوونی هەیە.

*ڕۆح ئەمەش چینی ناوەڕاستی ڕۆحە و بەرپرسە لە جیاکردنەوەی نێوان خێر و شەڕ و ڕێکخستنی بنەما ئەخلاقیەکان.

*نیاشمە، بریتیە لە چینی سەرەوەی ڕۆح کە بەرپرسە لە جیاکردنەوەی مرۆڤ لە بوونەوەرانیتر.

لێکچوونێکی گەورە لەنێوان ئەم دابەشکردنە و دابەشکردنەکەی زیگموند فرۆیددا هەیە کە ڕۆحی دابەش کردووە بۆ (منی خوارەوە، من، منی سەرەوە).

ڕۆح لە مەسیحیەتدا

مەسیحیەت ڕۆح وەك پێکهاتەیەکی نەمری مرۆڤ دەبینێت، خودای گەورەش پاش مردنی مرۆڤ یان پاداشتی ڕۆح دەداتەوە یاخود سزای

دەدات، لە عەدی جەدیدی کتێبی پیرۆز و لەسەر زمانی حەزرەتی مەسیحەوە هاتووە کە باسی ڕۆحی کردووە و چواندوویەتی بە عابایەکی جوان کە زۆر جوانترە لەوەی کە سولەیمان پێغەمبەر خاوەنی بووە.

کۆدەنگیەک لە مەسیحیەتدا هەیە کە گەیشتن بە مەعریفەی ڕاستەقینە سەبارەت بە ماهیەت و چیەتی ڕۆح شتێکی مەحاڵە و بە پشت بەستن بە بیرمەندی مەسیحی ئورلیس ئوگوستینس (٣٥٤– ٤٣٠) ڕۆح بریتیە لە مادەیەکی تایبەت و بێوێنە کە ئامانجەکەی کۆنترۆڵکردنی جەستەیە.

لە ئاینی مەسیحیەتدا جەدەلێك هەیە سەبارەت بە سەرچاوەی ڕۆح، هەندێك باوەڕیان وایە کە پێش لەدایکبوونی مرۆڤ بوونی هەیە و لەکاتی لەدایکبووندا خودا ئەو ڕۆحە دەبەخشێت بە جەستە.

بەڵام هەندێکیتر باوەڕیان وایە کە ڕۆحی مرۆڤ وەك تێکەڵەیەك لە ڕۆحی دایك و باوکە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکەیان، ئادەم تاکە کەسە کە ڕۆحی لەلایەن خودای گەورەوە ئافرێنراوە.

هەندێك لە جوولەکەکان پێیانوایە ڕۆح بەرابەر بە ووشەی (نفیش) عیبری کە بەپێی تەسەوری ئەو کۆمەڵە لە هەناسەدان (التنفس) دروست کراوە، هەربۆیە فووکردنی ئافەرێنەر بە ڕۆح بۆناو جەستەی هەموو بوونەوەرێك ئەو بوونەوەرە دەکات بە دروستکراوێك کە هەناسە دەدات.

هەندێکیش باوەڕیان وایە کە ڕۆح دەچێتە حاڵەتێك لە متبونەوە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت.

***

دانیشتنەکانی ئامادەکردنی ڕۆحەکان

بریتیە لە ئامادەکردنی قەرینی شەیتانی بۆ مرۆڤ

تاریکی شوێنەکە دادەپۆشێت، دەنگی مۆسیقا یاخود نەغمەی ووشەکان هەڵدەقوڵێن، ئەمە کەسێک یاخود چەند کەسێک دەیڵێن، هەمووان سەرنجیان چووەتە سەر ئەوەی ناوەڕاست کە لەسەر کورسیەکە دانیشتووە و چاوەکانی نوقاندووە و بەئیسراحەت دانیشتووە، پاش چەند خولەکێک کابرای ناوەڕاستین بە دەنگ و ئاوازێکی جیاواز لەوەی کە هەیەتی قسە دەکات و دەڵێت من ڕۆحی فلانەکەسم و دواتر قسە لەگەڵ دانیشتواندا دەکات، ئەمەش ووێنەیەکی ئاسایی کراوەی ئامادەکردنی ڕۆحەکانە، کە لەڕێگەی ئامادەکردنی قەرینەوە دەبێت کە لەگەڵ مردووەکەدا دەژی کە ڕۆحەکەی ئامادە دەکرێت هەروەک ئەوان باوەڕیان پێیەتی، بەڵام شتێکی درۆیە.

ئەوانەی کە باوەڕیان بە پڕۆسەی ئامادەکردنی ڕۆحەکان هەیە باوەڕیان بەم قسەیە نییە و دەڵێن مرۆڤ پاش مردنی دەژی و لەناو نازونیعمەتدایە، جیاوازی نییە لەنێوان ئیماندار و کافردا، هەشیانە ئایەت و حەدیس دەهێنێتەوە بۆ ڕاستیەتی قسە و گوفتارەکانی.

هەموو ئەوەی کە لە چیرۆک و بەسەرهاتی بەرجەستەبوون باسکرا، تەنها کۆمەڵێک وەهمن لەناو ئەقڵی ئەوانەی گوایە ڕۆحەکان ئامادە دەکەن، چوونکە ئەوەی لەو دانیشتنانەدا ڕووەدات بریتیە لە بەرجەستەکردنی

قەرینەکانی جنۆکە کە هاوەڵەکانیان مردوون لە جنۆکە و مرۆڤی ئاسایی کە لە دانیشتنەکانی ئامادەکردنی ڕۆحەکاندا ئامادە دەبن، ئەم دوو جۆرە جنۆکەیەش ئامانجیان گومڕاکردنی خەڵکە و توش کردنیەتی بە هەندێك دیاردەی نائاسایی بۆ مرۆڤ، جنۆکە دەتوانێت خۆی بخاتە سەر شکڵ و شێوە جیاوازەکان لەوانەش خۆی وەك شێوەی مرۆڤی ئاسایی بنوێنێت، هەروەك پێشتر باسمان کرد، ئەمەش لەدانیشتنی ئامادەکردنی ڕۆحەکاندا لە دیاردەکانی بەرجەستە بوون، هەموو ئەوەی کە ڕووەدات بریتیە لە بەرجەستەبوونی جنۆکە نەوەك ڕۆح هەروەك ئامادەسازەکانی ڕۆحەکان بانگەشەی بۆ دەکەن.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ویسألونك عن الروح قل الروح من أمر ربی وما أُوتیتُم من العلم إلا قلیلا﴾ س اسراو ێ ۸۵. واتە: لەبارەی ڕۆحەوە پرسیارت لێ دەکەن، تۆش بڵێ ئەوە ئیشی خودای گەورەیە و ئێوە تەنها زانست و زانیارییەکی زۆر کەمتان پێدراوە.

کورتەی قسەکە ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت ڕۆح پاش ئەوەی چوویە جیهانی بەرزەخەوە بەرجەستە ببێت، هەروەها ناکرێت خۆی بۆ هیچ یەکێك لە مرۆڤەکان نیشان بدات یان قسە لەگەڵ کەسدا بکات وەیان نێوەندگیرێك لەئامادەکارەکانی ڕۆح ئامادەی بکات. ڕۆحیش پاش مردن دەچێتەوە بۆ بارەگای خودای گەورە، دچێت بۆ جیهانێکی تر کە جیهان و عالەمێکی هەمیشەیی و ئەبەدیە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هەمیشەیی بژی ئیتر لەناو نازونیعمەتدا بێت یان لەناو سزا و ئەشکەنجە و ئازاردا بێت.

ڕۆحەکان لە جیهانی بەرزەخدا یان بەختەوەرن یان ڕەنجەڕۆن، چوونکە لە ڕۆژی قیامەتدا ئاگادار دەکرێنەوە کە جێگەیان کوێیە، بەهەشتە یان

دۆزەخ، ئەوەش بەپێی کردەوەکانیان لەڕۆژی قیامەتدا، خودای گەورە وەسفی ژیانی ئیمانداران پیاوچاکەکان دەکات و دەفەرمێت: ﴿ویستبشرون بالذین لم یلحقوا بهم من خلفهم ألا خوفٌ علیهم ولا هم یحزنون﴾ س آ عمران آ ١٧٠. واتە: موژدە دەدەن بەوانەی کە پێیان نەگەیشتوون لە پاش خۆیان، کە مەترسن و دڵتەنگ مەبن.

بەڵام کافران و سەرکەشان چارەنوسی خۆیان باش دەزانن لەناو ئاگر و سزای خوداییدا، خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿وأما أن كان من المكذبين الضالين فنزلٌ من حميم وتصلية جحيم﴾ واتە: ئەوانەی کە لە درۆزنە گومڕاکان بوون، دەخرێنە ناو ئاگری سوتێنەر و گەرمەوە و دەخرێنە ناو دۆزەخی بەتینەوە. پێغەمبەریش(ص) ئەم ئایەتەی تەفسیر کردووە و لە حەدیسێکدا دەفەرمێت: {ڕۆحی ئیمانداری پاك و بێگەرد، بەیەکێك لە درەختەکانی بەهەشتەوە هەڵدەواسرێت، هەتاوەکو خودای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا کاتێك زیندوو دەکرێتەوە دەیگرێتەوە بۆ ناو جەستەکەی خۆی}[٦٩].

هەروەها لە حەدیسێکی تردا دەفەرمێت: {کاتێك کەسێك لەئێوە دەمرێت شوێنی لە بەهەشت یاخود لەئاگردا نیشانی دەدرێت لە نیوەڕۆ و ئێوارەدا}.

ڕۆحەکانیش بە ئازادی و سەربەستی دەژین لە جیهانی بەرزەخ لەنێوان ئاسمان و زەویدا و هیچ پەیوەندیەکیان نییە بە گۆڕ و جەستەوە.

---

[٦٩] متفقٌ علیه.

خەڵکی پێش هاتنی ئایینی ئیسلامی پیرۆز گۆڕستانەکانیان بەپیرۆز دەزانی و گۆڕەکانیان بە چەندین شتی گرانبەها و بەنرخ دەڕازاندەوە و خواردن و ڕووناکی و پاسەوانیان تێدا دادەنان بەو باوەڕەی کە ڕۆحی مردووەکە پەیوەستە بە گۆڕەکەوە و ئەم شتانە بەختەوەری دەکەن.

هەربۆیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی کرد کە دەبێت گۆڕ تەختی زەوی بێت و بۆ ماوەیەک پێغەمبەر(ص) ڕێگری کرد لە سەردانی گۆڕستان بۆ ئەوەی خەڵکی ئەم نەریتەی سەردەمی نەفامیەیان لەبیر بچێتەوە، کاتێک بیریان چوویەوە و ئیمان و باوەڕیان بەهێز بوو، فەرمووی:{من پێشتر ڕێگریم لێ کردن کە سەردانی گۆڕستان بکەن، ئێستە دەڵێم بچن و سەردانی گۆڕستانەکان بکەن چوونکە ئەوە مردنتان بیر دەخاتەوە}.

هەموو ئایینەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە مرۆڤ پێکهاتووە لە مادە و ڕۆح، خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ولقد خلقنا الأنسان من صلصال من حمأ مسنون* والجان خلقناه من قبل من نار السموم* وإذ قال ربك للملائكة إنى خالق بشرا من صلصال من حمأ مسنون* فأذا سويته ونفخت فيه فقعوا له ساجدين* فسجد الملائكة كلهم أجمعون* إلا إبليس أبى أن يكون مع الساجدين* قال يا إبليس ما لك الا تكون مع الساجدين* قال لم اكن لأسجُد لبشر خلقته من صلصال من حمأ مسنون* قال فاخرج منها فأنك رجيم* وإن عليك اللعنة إلى يوم الدين* قال ربى فانظرنى إلى يوم يُبعثون* قال فأنك من المُنظرين* إلى يوم الوقت المعلوم* قال ربى بما أغويتنى لأزينن لهم فى الأرض ولأُغوينهم أجمعين* إلا عبادك منهم المخلصين* قال هذا صراط على مستقيم* إن عبادى ليس لك عليهم سلطان إلا من اتبعك من الغاوين﴾ س الحجر آ ٢٦– ٤٢.

واته: سوێند بەخودا ئێمە سەرەتا مرۆڤمان لە قوڕێکی ووشک دروست کرد، کە پێشتر قوڕێکی ڕەشاباوی ترشاو بوو. جنۆکەکانیشمان پێشتر لە ئاگرێکی بەتین دروست کرد، کە بە کونە ووردیلەکاندا تێدەپەڕێت. یادی ئەوە بکەرەوە کاتێک پەروەردگارت بە فریشتەکانی گوت: بەڕاستی من دروستکاری بەشەرێکم لە قوڕێکی ووشک کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباوو ترشاو بوو. کاتێک ڕێک و پێک و تەواوم کرد لەو ڕۆحە تایبەتەی کە من بەدیهێنەری ئەوم، کردم بەبەریدا، هەمووتان کڕنۆشی بۆ بەرن، (واتە کڕنۆشی ڕێزگرتن و بەفەرمانی خودا). ئینجا فریشتەکان فەرمانی خودایان بەجێهێناو هەموویان بە گشتی کڕنۆشی ڕێزیان برد بۆ ئادەم. جگە لە ئیبلیس (شەیتانی گەورە) نەبێت کە سەرپێچی کرد و نەیویست لەگەڵ کڕنۆش بەراندا بێت. خودای گەورە فەرمووی ئەی ئیبلیس باشە بۆچی لەگەڵ کڕنۆش بەراندا نیت؟!. شەیتان لەوەڵامدا گوتی: من ئەوەندە نزم و بچووک نەبووم کڕنۆش بەرم بۆ بەشەرێک کە تۆ لە قوڕێکی ووشک دروستت کردووە کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباوو ترشاو بووە!. خودای گەورەش فەرمووی: لەبەر ئەوەی کە سەرپێچیت لەفەرمانی من کرد دەبێ لەم شوێنە نەمێنیت، کە بەهەشتە یان ئاسمان، کەوابوو لێرە دەرچۆ چوونکە تۆ نەفرەت لێکراویت. بەڕاستی نەفرەتی خودای گەورەت لەسەرە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت. شەیتانیش گوتی: پەروەردگارا مۆڵەتم بدە بڕیم هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی هەمووان زیندوو دەکرێنەوە. هەتاوەکو ڕۆژی کاتە دیاریکراوو زانراوەکە(لەلای خودا). ئیبلیس بە بوغز و کینەو حەسادەتەوە گوتی: پەروەردگارم مادەم بەهۆی ئەم مرۆڤەوە منت سەر لێشێواو کرد، پەیمان بێ لەسەر زەویدا هەموو گوناح و تاوان و لادانێکیان لەلا شیرین بکەم و

هەرهەموویان سەرلێشێواوو سەرگەردان بکەم. بێجگە لە بەندە پوختەو دڵسۆزەکانی خۆت نەبێت (چوونکە دڵیان بەباوەڕ بەتۆ و یادی تۆ ئاوەدانە و هەوڵ و کۆششی من بۆ گومڕاکردنیان ناکامە). خوای گەورەش فەرمووی ئەوە ڕێگە و ڕێبازێکی ڕاست و دروستە و هەربۆلای من دێت و هەر منیش چاودێری دەکەم. بەڕاستی بەندە چاك و پاکەکانی من بەتۆ فریو نادرێن و تۆ هیچ دەسەڵاتێکت نیە بەسەریاندا، جگە لەوانە نەبێت کە شوێنت کەوتوون لەسەرکەش و یاخی و سەرگەردانەکان.

ئەوەش یەکێك لەو سێ جیهانەیە کە خودای گەورە واجیبی کردووە لەسەریان کە بییەرستن، کە بریتین لە فریشتە و مرۆڤ و جنۆکەکان، هەموویان مادە و ڕۆحن و هەرچەندە مادەی فریشتەکان ڕووناکی و نوورە، مادەی مرۆڤیش قوڕە و مادەی جنۆکەش ئاگرە.

نهێنی ڕۆح زۆر سەرسوڕهێنەرە، مرۆڤ تەنها کەمێکی دەزانێت و دەرکی پێ دەکات سەرەڕای ئەوەی دەرك بە زۆرێك لە نهێنیەکانی مادە دەکات، خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ویسألونك عن الروح قل الروح من أمر ربی وما أُوتیتُم من العلم إلا قلیلا﴾ س اسراء آ ٨٥. واتە: لەبارەی ڕۆحەوە پرسیارت لێ دەکەن، تۆش بڵێ ئەوە ئیشی خودای گەورەیە و ئێوە تەنها زانست و زانیارییەکی زۆر کەمتان پێدراوە. هەربۆیە زانا موسوڵمانەکان گرنگیەکی زۆریان داوە بە توێژینەوە لەسەر ئەو بابەتە و باسی کاریگەریەکەیان کردووە لەژیان و لەسەر فیکر و هەڵسوکەوتی و چارەنوسی پاش دەرچوونی لە جەستە بە مردن، یەکێك لەو کتێبانەش کە لەوبارەیەوە دانراوە بریتیە لە کتێبەکەی ئیبن قەیم بەناوی (کتاب الارواح).

سەرەڕای ئاراستەی مادی جیهانی خۆرئاوا، لەم دواییانەدا تۆڕێنەوە ڕۆحیەکان پەرەیان سەند لە کۆمەڵێك کۆلێژ و پەیمانگای ئەو ناوچەیەدا، چەندین کۆمەڵە پێکهێنران کە چالاکی پەیوەندیدار بە ڕۆحیان ئەنجام دەدات، وەك هەندێك لەو چالاکیانەی کە موسوڵمانان و غەیری ئەوانیش بەناوی سیحر و ئامادەکردنی ڕۆحەکانەوە ئەنجامیاندا و....هتد.

ڕۆحەکان تایبەتن بە سێ بەش لە جیهانەکانەوە: جیهانی فریشتە و جنۆکە و مرۆڤ و لەگەڵ ئەوانیشدا گیانەوەران و باڵندەکان و هەموو ئەوەی کە بەسەر زەویدا دەڕوات.

جیهانی فریشتە جیهانێکی ڕوون و ئاشکراو شەفافە و لە نوور و ڕووناکی دروست کراوە، خودای گەورە توانای ئەوەی پێداون کە خۆیان بەچەندین شێوە و شکڵ نیشان بدەن، هەرچەندە خودای گەورە هەندێکیانی تەرخان کردووە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکان وەك هێنانی وەحی و تۆمارکردنی کارو کردەوەو گوفتاری چاك و خراپی ئادەمیزاد و یارمەتیدانی ئیمانداران لەجەنگەکان و بوارەکانیتردا، بەڵام هەموو کارو چالاکیەکیان بە فەرمان و مۆڵەتی پەروەردگارە و ئەو زاتە ئاراستەیان دەکات. هیچ کەسێك دەسەڵاتی نییە بەسەریاندا، هیچ مرۆڤێکیش ناتوانێت زاڵ ببێت بەسەریاندا و ناشتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یارمەتیان لێ وەربگرێت. مەگەر بەڕەزامەندی و فەرمانی حەزرەتی حەق نەبێت.

کاتێك وەحی بۆ ماوەیەك نەهات بۆ پێغەمبەر(ص) و پچڕا، سەروەر زۆر موشتاقی بینینی فریشتەی هێنانی وەحی بوو (واتە جوبرەئیل) بەڵام نەهات بۆ لای پێغەمبەر(ص) هەتاوەکو خودای گەورە مۆڵەتی پێدا. بوخاری دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ص) بە جوبرەئیلی گوتووە: {باشە

بۆچی نەدەهاتیت بۆلامان و ڕێگرەکەت چی بوو؟ دواتر ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزی کە دەفەرمێت: ﴿وما نتنزل إلا بأمر ربك﴾ س مریم آ ٦٤. واتە: ئێمە ناتوانین دابەزین بۆلای تۆ مەگەر بە فەرمانی خوداکەت نەبێت.

هەربۆیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت ڕۆحێك یاخود فریشتەیەك ئامادە بکات.

کاتێك مرۆڤ ڕۆحی لە جەستەی جیادەبێتەوە بەتەواوەتی نازانێت شوێنی خۆی کامەیە بێجگە لە خودای گەورە نەبێت، هەرچەندە کۆمەڵێك باس و خواس هەیە کە پەیوەندی بەو مردووەوە هەیە و بەئەندازەی خۆی وەڵامی هەردوو فریشتەکە دەداتەوە و هەست بە نازونیعمەت و سزا دەکات و وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە سەلامی لێ دەکەن، یاخود لەم ئەندازەیەش زیاتر هەروەك لەبارەی پێغەمبەرانەوە گوتراوە کاتێك لە گۆڕدان، هەروەها خودای گەورە لەبارەی شەهیدانەوە دەفەرمێت ﴿ولا تحسبن الذين قُتلوا فی سبيل الله أمواتا بل أحياءٌ عند ربهم يُرزقون﴾ س آل عمران آ ١٦٩. واتە: هەرگیز وا گومان مەبەن ئەوانەی کە لەپێناوی خودا دەکوژرێن مردوون، بەڵکو زیندوون و لەلای خودای گەورە ڕسق و ڕۆزی دەدرێن.

موسلیم و غەیری ئەویش دەگێڕنەوە کە لەمبارەیەوە پرسیار لە پێغەمبەر(ص) کراوە ئەویش فەرموویەتی: {ڕۆحەکانیان لەناو باڵندەیەکی سەوزدایە کە چرای هەڵواسراویان هەیە بە عەرشەوە، بۆ هەرجێگەیەکی بەهەشت بڕوات ئازادە، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو چرایانە، خوداکەیان ئاگای لێیانە و پرسیاریان لێ دەکات و دەفەرمێت: ئایا حەزتان لە هیچ نییە؟ ئەوانیش دەڵێن حەزمان لە چ شتێك بێت لەکاتێکدا بەناو بەهەشتی بەریندا دێین و دەچین و ئازادین، خودای گەورە سێجار ئەم پرسیارەیان لێ

دەکات، کاتێك دەزانن کە ڕزگاریان نابێت لە پرسیارکردن، دەڵێن: خودایەگیان ئەمانەوێت ڕۆحەکانمان بچێتەوە بۆ ناو جەستەکانمان بۆ ئەوەی جارێکیتر لەپێناوی تۆدا بکوژرێین، کاتێك خودای گەورە دەزانێت پێویستیان بەو گێڕانەوەیە نییە ئیتر وازیان لێ دەهێنێت و هیچ پرسیارێکیان لێ ناکات}.

ڕۆحەکان لە جیهانی بەرزەخدا لەلای خودای گەورە دەمێننەوە و ناگەڕێنەوە بۆ ناو جەستەکانیان، مەگەر کاتی زیندووبوونەوە نەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ لێپرسینەوە، خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿حتى إذا جاء أحدهم الموت قال رب ارجعون لعلى أعمل صالحا فيما تركت كلا إنها كلمة هو قائلها ومن ورائهم برزخٌ إلى يوم يُبعثون﴾ س المؤمنون آ ٩٩– ١٠٠. واتە: کاتێك کەسێکیان دەکەوێتە سەرەمەرگەوە و دەمرێت، دەڵێت خودایە بمگێڕەوە بۆ دوونیا بۆ ئەوەی کاری چاکە ئەنجام بدەم و ئەوەی نەمکردووە بیکەم، خودای گەورەش دەفەرمێت شتی وا نابێت، ئەوەش قسەیەکە ئەوان دەیکەن، لەبەردەمیاندا جیهانی بەرزەخ هەیە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت کاتێك زیندوو دەکرێنەوە.

هیچ مرۆڤێك ناتوانێت زاڵ ببێت بەسەر ڕۆحی مردوودا و ئامادەی بکات و قسەی لەگەڵدا بکات بۆ ئەوەی بزانێت لە خۆشیدایە یاخود لە ناخۆشی و سزادایە، یاخود باسی ئەو ڕووداوانەی بۆ بکات کە نایانزانێت، هەندێك جار لەخەونەکاندا پەیوەندی پێوە دەکرێت بەڵام بەبێ ئەوەی کە مرۆڤی خەوبینەکە بتوانێت زاڵ ببێت بەسەریدا و کۆنترۆڵی بکات، پسپۆڕانی ڕافەکردنی خەون دەڵێن: بارودۆخی مردوو ئەوەی کە دەیڵێت حەق و ڕاستیە، چوونکە لە جیهانی بەتاڵەوە گوازراوەتەوە بۆ جیهانی حەق و

ڕاستی. پێشتر ئاماژەمان بە فەرموودەکەی پێغەمبەر(ص) کرد کە بوخاری و موسلیم ڕیوایەتی دەکەن و دەفەرمێت:{هەرکەسێك لە خەودا من ببینێت ئەوە وەك ئەوە وایە کە لەڕاستی و بێداریدا منی بینیبێت، چوونکە شەیتان ناتوانێت شێوەی وەك من لێ بکات}، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم خەونانە لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە و هیچ دەسەڵات و کۆنترۆڵێکیشی لەسەر مردووەکەدا نییە.

جنۆکەش جیهانێکی شەفافە و لە ئاگر دروستکراون، خودای گەورە توانای ئەوەی پێبەخشیون کە خۆیان لەسەر شکڵ و شێوەی جیاواز نیشان بدەن، هەروەك چۆن فریشتە لە حاڵەتە نورانیە ڕاستەقینەکەیدا نابینرێت، مەگەر بە ئیعجازێك لە خودای گەورەوە نەبێت، هەروەك چۆن لەبارەی بینینی پێغەمبەر بۆ جوبرەئیل گوتراوە لە ئەشکەوتی حەرائو شەوڕەویدا، جنۆکەش لە حاڵەتە شەفافەکەیاندا نابینرێن، هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿إنه يراكم هو وقبيله من حيث لاترونهم﴾ س اعراف آ ٢٧. واتە: ئیبلیس و دارودەستەکەی ئێوە دەبینن بەڵام ئێوە ئەوان نابینن.

جیهانی تایبەت بەخۆیان هەیە لە خواردن و خواردنەوە و هاوسەرگیری و ئەو چالاکیانەی تریش کە ژیانی ڕۆژانەیان ڕێك دەخات، هەیانە پیاوچاکە و هەشیانە پیاوخراپ و ناسالّحە، هەروەك خودای گەورە لەسەرزمانی خۆیانەوە دەفەرمێت: ﴿وأنا منا الصالحون ومنا دون ذالك كُنا طرائق قددا﴾ س الجن آ ١١. واتە: هەمانە پیاچاکە و هەشمانە بەوجۆرە نییە و ئێمە لەسەر چەندین ڕێگەی جیاوازین. پێغەمبەر(ص) هەندێکیانی بینیوە و گوێیان بۆ قورئانی پیرۆز گرتووە و ئیمانیان هێناوە، هەروەك لەسورەتی أحقاف ئایەتی ٢٩ و پاش ئەو باسی دەکات.

زاڵبوون و دەسەلاتداری مرۆڤ بەسەر جنۆکەدا تەنها بۆ پێغەمبەر سولەیمان بووە سەلامی خودای لەسەر بێت، ئەوەش بە فەرمانی خودای گەورە کە شەیاتین و ڕەشەبای بۆ ئەو پێغەمبەرە موسەخەر کربوو، هەروەک لەم ئایەتە پیرۆزانەدا ئاماژەی پێکراوە و دەفەرمێت: ﴿قال رب اغفر لی وهب لی ملکا لاینبغی لأحد من بعدی إنك أنت الوهاب* فسخرنا له الریح تجری بأمره رُخاء حیث أصاب* والشیاطین کل بناء وغواص* وآخرین مقرنین فی الأصفاد﴾ س ص ٣٥– ٣٨. واتە: سولەیمان پێغەمبەر گوتی: خودایە گیان دەسەلاتێکم پێ ببەخشە کە بەکەسی نەدەیت لەپاش من چوونکە تۆ زۆر بەخشندەیت، خودای گەورەش دەفەرمێت: ئێمەش ڕەشەبامان خستە ژێر دەسەلاتیەوە بە فەرمانی ئەو هەڵیدەکرد، شەیاتینەکانیشمان خستە ژێر کۆنترۆڵیەوە کە وەستاو شارەزای چوونە ژێر دەریاکانیان تێدا بوو، هەندێکیتر لە شەیتاتینەکان لەتەنیشت یەکەوە بەسترابوونەوە و ئیشی پێ دەکردن.

بوخاری و موسلیم دەیگێڕنەوە کە عیفریتێك لە جنۆکەکان هاتووە بۆلای پێغەمبەر(ص) و ویستوویەتی نوێژەکەی لێ تێك بدات پێغەمبەریش(ص) گرتوویەتی دەستی خستووەتە بینەقاقەیەوە، لەپاشان ویستویەتی بیبەستێت بەیەکێك لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە بۆ ئەوەی بەیانی موسوڵمانان ببینن، بەڵام بیری دووعاکەی سولەیمان پێغەمبەری برای دەکەوێتەوە و ئازادی دەکات. لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ئەگەر لەبەر دووعاکەی سولەیمان پێغەمبەری برام نەبوایە ئەوا دەمبەست بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە بۆ ئەوەی بەیانی منداڵی مەدینە گاڵتەیان پێ بکردایە} لە ڕیوایەتی نەسائیدا هاتووە

که خەریکبووە بەتەواوەتی بیخنکێنێت و بەدەستیەوە سارد بووەتەوە بەڵام دواتر ئازادی کردووە[٧٠].

هەربۆیە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت زاڵ ببێت بەسەر جنۆکەدا و بیانخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و ئامادەیان بکات و ناچاریان بکات کە کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدەن، بەڵام جنۆکە زاڵ دەبن بەسەر مرۆڤدا و ناچاری دەکەن کە کارێکی دیاری کراو ئەنجام بدات، مەگەر ئەو کەسانە نەبێت کە خودای گەورە هێزی پێ بەخشیون ڕزگاریان ببێت لەدەستیان هەروەك خودای گەورە لەسەر زمانی ئیبلیسەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمێت: ﴿قال رب بما أغويتنى لأزينن لهم فى الأرض ولأُغوينهم أجمعين* إلا عبادك منهم المخلصين* قال هذا صراط على مستقيم* إن عبادى ليس لك عليهم سلطانٌ إلا من اتبعك من الغاوين﴾ س الحجر آ ٣٨٩– ٤٢.

واتە: شەیتان گوتی: پەروەردگارا سوێند بێت لەبەر ئەوەی کە منت سەر لێ شێواو کرد هەرچی خراپەی سەرزەوی هەیە بۆیان دەڕازێنمەوە و هەموویان لە خشتە دەبەم، بێجگە لە بەندە موخلیس و دڵسۆزەکانت نەبێت، خودای گەورەش فەرمووی ئەوە ڕێگەی ڕاستی منە و ڕوون ئاشکرایە، تۆ هیچ دەسەلاتێکت بەسەر بەندە موخلیسەکانی منداا نیە، بێجگە لەوانە نەبێت کە ساویلکەن و سەرکەشی دەکەن.

هەروەها سەرکەشانیان بێجگە لە دروستکردنی وەسوەسە و هەڵخەڵەتاندن دەتوانن بە هەموو شێوەیەك زیان بە مرۆڤ بگەیەنن، چوونکە بەڵگەیەکمان نییە کە دژی ئەمە بێت.

---

[٧٠] تەفسیری نسیبن کەسیر.

بەلأم كاتێك مرۆڤ نەيتوانى زاڵ ببێت بەسەر جنۆكەدا مەگەر بە مۆڵەت و ئیزنی خودای گەورە نەبێت، ئەوە رێگر نییە لەوەی كە پەیوەندی پێوە بكات یاخود هاوكاری لەگەڵدا بكات بۆ ئەوەی كۆمەڵێك مەبەستی بۆ جێبەجێ بكات، ئەم پەیوەندییەش بەچەندین شێوە و شێواز دەبێت، ئەوەش لە كۆن و نوێدا بۆ چەند كەسێك ڕوویداوە، كە كاهین و عەراف و جادووگەرانێكی ناسراو ئەوكارەیان كردووە. ئەم پەیوەندییەش پێی دەگوترێت ئامادەكردنی ڕۆحەكان. ئەم ئامادەكردنەش هەروەك پێشتر باسكرا بۆ ڕۆحی فریشتە و ئادەمیزادەكان نابێت پاش مردنیان، بەڵكو بۆ ئەو ڕۆحانە دەبێت كە بەجنۆكە ناسراون.

قەرینی جنۆكە توانای چاولێگەری خاوەنەكەی خۆی هەیە لە دەنگدا و هەندێكجاریش خۆی وەك ئەو لێ دەكات، كە شارەزاییەكی باشی لە حاڵی دەرەوەی ئەو هەیە، هەندێكجار شارەزایی لەبارەی ناخیشیەوە هەیە كە دیاردەكان بەڵگەن لەسەری، قەرینەكانیش هەندێكیان پەیەندیان بەهەندێكی تردوە هەیە، لەڕێگەی ئەو هەواڵنەی كە بۆ خەڵكی ڕوودەدەن، بۆ نمونە قەرینی سەعد دەتوانێت هەواڵی سەعید بزانێت لەڕێگەی پرسیارکردن لە قەرینەكەیەوە.

هەربۆیە قەرین دەتوانێت باسی حاڵی خاوەنەكەی خۆی بكات یان بەدەنگێك كە دەیبیستێت و خاوەنەكەی نابینێت، كە بە تەلەفۆن ناسراوە، یان بە ڕێگەیەكی تری وەك هەواڵپێدان. جاری واش هەیە ئەم قەرینە یارمەتیدەری خاوەنەكەیەتی لە هەندێك كاردا و ئاسانكاری بۆ دەكات.

هەندێكجاریش هەیە بە پێچەوانەوەیە و بەربەست و كۆسپ دەخاتە بەردەمی و ئەویش هەست بە تەنگەتاوی دەكات، هەندێكجاریش شتی تر

ڕوون دەدەن، چوونکە جیهانی جنۆکە جیهانێکی نامۆیە و ئێمە ئاگاداری زۆرێك لە حاڵەت و بارودۆخەکانی نین. هەموو ئەم هەڵسووکەوتانەش لە بازنەی ئیمکان دایە، بەڵام هەندێك پێیانوایە کە لەو دانیشتنانەدا ڕۆحی مردوو ئامادە دەبێت ئەوەش بوختان و دریۆیەکی ڕوونە.

ئەگەر مرۆڤێك –بە شێوازو مواسەفاتێکی دیاری کراو– ڕۆحی کەسێکی ئامادە کرد، ئەوە ڕۆحی قەرینی ئەو کەسە ئامادە دەکات، کە دەتوانێت لاسایی دەنگی بکاتەوە و ئاگاداری زۆرێك لە بارودۆخەکانی بێت، هەروەها کۆمەڵێك مەسەلە کە قەرینەکان دەیزانن و زانیاری دەستاودەس دەکەن و مرۆڤیش وا دەزانێت ئەو ڕۆحەی کە قسە دەکات بریتیە لە ڕۆحی ئادەمیزادەکە، بەڵام ئەوە ڕۆحی قەرینەکەیەتی کە هەرگیز ناتوانێت باسی داهاتوو بکات، چوونکە بوارەکەی ئێستەیە کە لەلای هەندێك شاراوەیە.

چوونکە جنۆکە بەهیچ شێوەیەك غەیب نازانن هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿قل لایعلم الغیب الا الله﴾ س النمل ئا ٦٥. واتە: ئەی پێغەمبەر(ص) پێیان بڵێ کەس غەیب نازانێت بێجگە خودای گەورە نەبێت، هەروەها خودای گەورە باسی جنۆکەکانی پێغەمبەر سولەیمانمان بۆ دەکات پش مردنی و دەفەرمێت: ﴿فلما قضینا علیه الموت ما دلهم علی موته إلا دابة الأرض تأکل منسأته فلما خر تبینت الجن أن لوکانوا یعلمون الغیب مالبثوا فی العذاب المهین﴾ س سبأ آ ١٤. واتە: کاتێك پێغەمبەر سولەیمان تەمەنی کۆتاییهات و کۆچی دوایی کرد، جنۆکەکان نەیانزانی کە مردووە هەتاوەکو کرم لە دار عاساکەی خوارد و پاشان ئەو پێغەمبەرە کەوتە سەرزەوی، ئەوکات جنۆکەکان زانیان ئەگەر غەیبیان بزانیایە ئەوا بەردەوام

نەدەبوون لەو هەموو ئیش و کارە تاقەت پرووکێنەی کە پێغەمبەر سولەیمان پێی دەکردن.

هەندێکجار قەرینەکانیش لە هەواڵ و قسەکانیاندا درۆ دەکەن کە ئەوەش ئەسڵە و بەزۆری هەر وایە، بۆ نمونە قەرینی کافر دەڵێت من لە خۆشی و ناز و نیعمەتدام، بەڵام بەدەقی قورئانی پیرۆز لە ئاگری سوتێنەر و بەئازاردایە، پڕوحی ڕاستەقینەی هەموو مرۆڤێك پاش مردنی هەرگیز درۆ ناکات، چوونکە لەو دوونیادا کە ماڵی حەق و ڕاستیە هیچ درۆیەکی تێدا نییە، هیچ کاتێك ئەوەش ڕووی نەداوە کە بەناو ئامادەکارەکانی ڕۆحەکان بانگەشەی ئەوەیان کردبێت کە ڕۆحی پێغەمبەرێکیان ئامادە کردبێت، چوونکە شەیاتینەکان ناتوانن خۆیان بخەنە سەر شێوەی ئەوان، ناشتوانن لاسایی دەنگیان بکەنەوە، هەروەك کۆمەڵێك قەرین لەگەڵ هەندێك لە مرۆڤەکاندا ئەنجامی دەدەن. ئیمام محمد عەبدە تەحەدای ئامادەکارانی ڕۆحی کردووە کە ڕۆحی پێغەمبەر(ص) ئامادە بکەن، بەڵام نەیانتوانیوە.

بەکورتی ئامادەکردنی ڕۆحەکان بریتیە لە ئامادەکردنی قەرینی جنۆکە نەوەك ڕۆحی فریشتە یاخود مرۆڤ، هەربۆیە دروست نییە پشت بەو شتانە ببەسترێت کە گوایە ئەو ڕۆحانە دەیڵێن، چوونکە هەندێکجار ئەو شتانەی کە دەیڵێن درۆیە و هەندێکجاریش ڕاستە، بەڵام ئەسڵ و بنەڕەت لە قەریندا ئەوەیە کە درۆو گومڕاکردنە.

ئامادەکردنی قەرینی جنۆکە شتێکی مەحاڵ نییە و دەکرێت ڕوو بدات، چوونکە دەقێك نەهاتووە لەسەر ئەوەی کە ئەوە ڕووندات، ئەوەی کە مەحاڵە و ئێمە پێی دەڵێین خورافە بریتیە لە ئامادەکردنی ڕۆحی فریشتە و ڕۆحی ئادەمیزادەکان.

هەربۆیە پێویستە مەسەلەی ئامادەکردنی جنۆکە بەخراپ بەکار نەهێنرێت، هەروەک دەجال و جادووگەرەکان دەیکەن، هەروەک چۆن پێویستە کە حەماسەت نەمانگرێت و بەیەکجاری ئینکاری سیحر و جادوو بکەین، چوونکە جنۆکە بوونی هەیە و ئەوکارە بۆ ئەو کەسانە ئاسان دەکەن، واتە ئادەمیزادەکان ئاراستەیان دەکەن و ئەوانیش کۆمەڵێك ئیشیان بۆ دەکەن، ئەوانیش بە یارمەتی و مۆڵەتی خودایی دەتوانن زیان بە مرۆڤ بگەیەنن، هەروەک چۆن هەندێك لە خەڵکی زیان دەگەیەنن بە هەندێکیتریان.

ئەم زیانگەیاندنەش تەنها کورت نەکراوەتەوە لەسەر وەسوەسە و هەڵخەڵەتاندن، بەڵکو هەندێکجار لە بوارە مادیەکاندایە کە پەیوەندی بە خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگەوە هەیە، بەڵکو تەنانەت لە جەستەشدا، بەڵگە هەیە لەسەر ڕێگری لەو حاڵەتە و بسم الله کردن بۆ دەرکردنی شەیتان شتێکی بەناوبانگ و باوە لەناو خەڵکی موسوڵماندا.

ئامادەکردنی ڕۆحەکان و ئامادەکردنی قەرین بە مانا ڕاستەقینەکەی تەنها هەوڵێکە بۆ پەیوەندی کردن بەڕۆحی مردووەکان یان قەرینەکانیانەوە، لەڕێگەی نێوەندگیرێکەوە بۆ ئاشکرا کردنی کۆمەڵێك مەسەلەی غەیبی دیاری کراو، ئەم دیاردەیەش لە سەدەی نۆزدەیەمدا بلاو بوبویەوە، لەگەڵ تێپەڕنی کاتیشدا قسەو باسکردن لەبارەوە لە کۆڕ و مەجلیس و کۆبونەوە و کۆنفرانسەکاندا ئاسایی بوبویەوە. ئەگەر لە هەندێك فرۆفێڵ دووربکەوینەوە کە گوایە ئامادەکارانی ڕۆحەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوا کۆمەڵێك لە ڕووداوەکانمان بۆ دەمێنێتەوە کە لەبەردەم زانیاندا ڕوویانداوە و زانستیش هیچ تەفسیرێکی ڕوونی بۆ نەدۆزیوەتەوە،

چوونکه زاناکان بەتەواوەتی بیرۆکەی ئامادەکردنی ڕۆحی مردووەکان بەدوور دەزانن، بەڵام زۆربەی زانایان دەڵێن ئەوە تەنها ئامادەکردنی قەرینی جنۆکەی ئەو کەسەیە و بەهیچ شێوەیەک ڕۆحی مردووەکە یاخود فریشتە نییە.

لە توندترینی ئەو کەسانەی کە باوەڕی بە ئامادەکردنی ڕۆحەکان هەیە بریتیە لە نووسەری گەورە "سیر ئارسر کونان دویل" کە دامێنەری کەسایەتی "گارلز هولمزە".

لەبەرامبەر ئەمەشدا دەبینین کە توندترین دژەکانی ئەم مەسەلەیەش بریتیە لە جادوگەری گەورە " هاری هودینی" کە هەوڵیدا پەیوەندی بکات بە دایکە مردووەکەیەوە لەڕێگەی یەکێک لە نێوەندگیرە ڕۆحانیەکانەوە، کاتێک گوایە ڕۆحەکەی دایکی ئامادەکرا لەڕێگەی نێوەندگیرەکەوە بە زمانێکی ئینگلیزی ڕوون قسەی کرد، هەرچەندە بەهیچ شێوەیەک زمانی ئینگلیزی نەدەزانی، ئەمەش وای لە هودینی ساحیر کرد پاش ئەو ڕووداوە دژایەتی ئەو مەسەلەیە بکات و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو پوچەڵی بانگەشەی ئەوانە بسەلمێنێت کە بانگەشەی ئامادەکردنی ڕۆحەکان دەکەن. چوونکە بەڕوونی ئەوەی بۆ دەرکەوت ئەوەی کە قسەی کرد دایکی نەبوو بەڵکو بوونەوەرێکیتر بوو کە ئێمە دەڵێین جنۆکەیە.

هەندێک پێیانوایە کە ئامادەکردنی ڕۆحەکان جۆرێکە لە کاهینی و بەکارهێنانی قەرین، هەروەک خودای گەورە باسی دەکات کە هەموو مرۆڤێک قەرینی هەیە هەروەک لەم ئایەتانەدا دەفەمرێت: ﴿قال قائل منهم إنى كان لى قرين* يقول أئنك لمن المصدقين﴾ س الصافات ا ٥١– ٥٢. واتە:

یەکێکیان گوتی من کاتی خۆی هاوڕێ و قەرنێکم هەبوو، پێی دەگوتم باشە تۆ باوەڕ بە شتی وەها دەکەیت؟.

هەرەها پێغەمبەریش(ص) ئەمەی ڕاگەیاندووە بە موسوڵمانان و بۆی باسکردوون، بەڵام ئەو خودای گەورە یارمەتیداوە و قەرینەکەی موسوڵمان بووە، هەموو مرۆڤێك قەرینی هەیە، ئەم قەرینەش خراپە و پیسی لە پشتیوانە شەیتانە مرۆڤەکانیەوە بەدەست دەهێنێت و ئەویش داوای یارمەتی لە سەرکەشانی جنۆکە و پاشاکانیان دەکات و پەرستش و خزمەتی دیاری کراویان بۆ ئەنجام دەدات، لەوانەش سوکایەتی بە قورئانی پیرۆز و چەندین شتی ناڕەوای تر، هەربۆیە ئەو جادووگەرانە پرسیار لە قەرینەکەی دەکەن و ئەحواڵی مردووەکە دەپرسن، ئەگەر لە شوێنێکدا کۆببنەوە لەوانەیە قەرینەکە بێتە گۆ و قسە بکات و بڵێت: من لەوانەیە ئاواو ئاوا بووم‌ایە و باسی قەرینەکەی خۆی بکات کە مردووە، خزمەکانیشی سوێند بخۆن کە ئەوە ئەو بووە قسەی ڕاستەقینەی ئەوە و شتێکی تایبەتە و کەس ئەوە نازانێت بێجگە لەو کەسە نەبێت!! بەڵام ئەو قەرینەی کە بە شەوو ڕۆژ لەگەڵیدایە و کاروکردەوەکانی دەبینێت، هەرچیەك دەزانێت پێی دەڵێت، ئەوەش غەیب نییە، چوونکە غەیب ئەوەیە کە نادیار بێت لەلای هەموو دروستکراوەکان.

بەڵام ئەو جنۆکە ئاگاداری پشتیوانە مرۆڤەکەیەتی، وەك ئەوەی کە لەلای هەرکەسێك شاشەیەکی تەلەفیزیۆنی یان کامێرایەکی چاودێری هەبێت و کەسێك لە نوسینگەکەیدا ببینێت کە لە خولی چوارەمدا بێت، ئەوە غەیب نییە، بەڵکو ئاگاداری بووەتەوە بە کەرەستەیەك، کە خەڵکی نایبینن، هەربۆیە وایان دەزانی کە غەیب دەزانێت، ئەوە هەموو ئەو شتەیە کە لە

ئامادەکردنی ڕۆحەکاندا ئەنجامی دەدات، ئەوەش موسەخەرکردنی شەیاتینەکانە هەروەک خودای گەورە باسی دەکات لەبارەیانەوە لە ڕۆژی قیامەتدا و دەفەرمێت: ﴿وقال أولياؤهم من الأنس ربنا استمتع بعضنا ببعض وبلغنا أجلنا الذى أجلت لنا﴾ س أنعام آ ١٢٨. واتە: پشتیوانەکانیان لە مرۆڤ دەڵێن خودایا ئێمە هەندێکما چێژمان لە هەندێکیترمان وەرگرت و گەیشتین بەو وادەیەی کە تۆ بۆت دیاری کردبوین.

ئەوەش گومڕاکردن و فیتنەیە بۆ زیندووەکان و هەمان ئەو شتەیە کە شەیاتینەکان ئەیانەوێت بەدی بهێنن، هەربۆیە لەو دانیشتنانەدا بەدی دێن کە پێی دەگوترێت ئامادەکردنی ڕۆحەکان کە لەڕاستیدا ئامادەکردنی شەیاتینەکانە پەنا دەگرین بە خودای گەورە.

لەم سەردەمەی ئێمەدا باس و خواسی ئامادەکردنی ڕۆحەکان بلاوبووەتەوە و زۆرێك لەوانەش باوەڕیان پێی کردووە کە خەڵکی بە زاناو داناو ئاقڵیان دەزانن.

دکتۆر محمد محمد حسین لە کتێبەکەیدا (الروحية الحديثة) زۆرێك لە فێڵ و تەڵەکەی ئەوانەی ئاشکرا کردووە کە ڕاستیەکانیان شێواندووە و درۆیان لەگەڵ خەڵکیدا کردووە، ئەوانە تەنها لەبەر تیشکێکی سوری ماتدا نەبێت ئیش ناکەن، کە نزیکە لە تاریکیەوە، لەگەڵ دیاردەکانی بەرجەستەکردن و دەنگی ڕاستەوخۆ، گواستنەوەی جەستەکان و جوولاندنیان کە تێیدا دەڕوات و چاودێرەکەش ناتوانێت شوێنی دانیشتوان ڕوونبکاتەوە و سەرچاوەی دەنگەکەش نازانێت، هەروەها ناشزانێت هیچ شتێك لە ووردەکاری شوێنەکە بزانێت.

باسی حەشارگە (خبا ء) دەکات کە ژوورێکە لەتەنیشتەوە و لە ئامادەبوان دابڕاوە، یاخود بەشێك لەو ژوورەیە کە تێیدا دادەنیشن، کە لەو شوێنە جیاکراوەتەوە کە بۆ دانشتنی نێوەندگیرەکە ئامادە کراوە کە لەسەردەستیدا گوایە دیاردەی بەرجەستەکردنەکە ئەنجام دەدرێت.

لەم شوێنەی کە بە پەردە داپۆشراوە و شاراوەتەوە، گوایە ڕۆحە بەرجەستەکان دێنە دەرەوە و پاش کەمێك دەگەڕێنەوە بۆ ناوی، ڕێگە بە ئامادەبوان نادرێت کە دەست لە خێوو شەبەحەکان بدەن.

دکتۆر پێیوایە کە بەناو ڕۆحانیەکان لە کەشێکی تاریکی لەم شێوەیەدا کۆمەڵێك چوارچێوەی زانستی باس دەکەن و فێڵ و تەڵەکەکانی خۆیانی تێدا دادەنێن.

سەرلێشێواندنی خەڵکی بە فێڵ و تەڵەکە شێوازێکی کۆنی ناسراوە، کە شەیاتینەکانی مرۆڤ بەهۆیەوە بەندەکانی خودا لە خشتە دەبەن و چاوبەستیان لێ دەکەن، بانگەشەی پێشەوایەتی و گەورەیی لەلای خەڵکی دەکەن و داوای پارەش دەکەن. ئیبن تەیمیە باسی گروپێك دەکات لەسەردەمی خۆیدا بەناوی (البطائحیة): کە بریتین لەوانەی بانگەشەی غەیب زانین و ئاشکراکردنی شتە شاراوەکان دەکەن، دواتر زانای ناوبراو هەندێك لە فڕوفێڵەکانیانی ئاشکرا کرد، هەندێك لە ژنانیان دەنارد بۆ مالآن و دەنگوباسی نهێنی ماڵەکانیان بۆ دەهێنانەوە، دواتر بە دایشتوانی ماڵەکەیان دەگوت تۆ ئەوەیت و ئاوا دەکەیت و...هتد کە گوایە ئەمانە لە ڕێگەی غەیبەوە ئەوەیان زانیوە.

ئەم جادووگەر و ساحیرانە پەیمانیان بە پیاوێك دا کە پیاوانی غەیبی نیشان بدەن، هەربۆیە دارێکی درێژیان دروست کرد، کەسێکیان خستە

سەری بۆ ئەوەی بڕوات لەسەر شێوەی ئەوانەی کەیاری سیرك دەکەن و لەولاوە لەسەر کێوی موزە دەڕۆیشتن، کەسی داماوی خەڵەتێنراویش لەدوورەوە وایدەزانی خەڵکانێك بەدەوری شاخەکەدا دەسوڕێنەوە و لەسەر زەوییەوە زۆر بەرزن، بەڵام فێڵەکەی ئاشکرا کردن.

دکتۆر محمد محمد حسین ئەوەی ڕوون کردەوە کە نێوەندگیر– واتە ئەو کەسەی کە ئەهلی ئەو مەزهەبەیە گوایە ڕۆحانیانە وادەزانن کە توانای فیتری تێدایە کە شیاوی ئەوەی تێدایە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی ڕۆحیدا دروست بکات– بەزۆری ئەوە دەجاڵێکی گەورەی و فێڵبازێکی نالەبارە، ئەوەشی ڕوون کردووەتەوە کە چۆن زۆرێك لەو خەڵکە بەناو نێوەندگیرانە لەسەر کاری خێر و چاکە نین، باسی ڕووداوێك دەکات کە بۆ خودی خۆی ڕوویداوە کە پاش لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە بۆی دەرکەوتووە تەنها درۆو گومڕا کردنە و بەس.

هەروەها ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە چۆن هەندێك لە ئامادەبوان لەڕووی دەروونیەوە تێکەڵی ئامادەکارە ڕۆحیەکان دەبن، وە چۆن خۆیان لەو کەسانە دەپارێزن و بیانوو دەهێننەوە بۆ ئەوەی کە لەو کۆڕ و کۆبونەوەیەدا بەشدار نەبن و دوور بکەونەوە چوونکە دەزانن کەسانێکی زیرەکن و فێڵ و تەڵەکەبازییەکەیان ئاشکرا دەکەن.

دکتۆر محمد محمد حسین ئەو یەکەمین ڕێگایەی ئاشکرا کردووە کە بەناو ڕۆحانیەکان وادەزانن لەڕێگەیەوە ڕۆحەکان ئامادە دەکەن، کە کۆمەڵێك ڕێگەی درۆی بێمانایە و بەکارهێنانی کاریگەریە دەروونی و فێڵ و تەڵەکە زانستیەکانە (واتە تەپدەستیەکانە).

بانگەشەی ئامادەکردنی ڕۆحەکان شتێکی نوێ نییە، بەڵگو زۆر زۆر کۆنە و مێژوویەکی دێرینی هەیە، پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە چۆن هەندێك لەخەڵکی پێیانوابوو ڕۆحی مردووەکان پاش مردن دەگەڕێنەوە بۆ ژیان، ئیبن تەیمیە دەڵێت:" لەوانەش (واتە کافران و موشریکان و ساحیران) ئەگەر کەسێکیان بمرێت وادەزانن پاش مردن دێت و قسەیان لەگەڵدا دەکات و قەرزەکانی دەداتەوە، بە پێی وەصیەت ئەمانەت و ڕاسپاردەکانیش دەداتەوە، هەر بەو جۆرە دێت بۆلایان کە لە ژیاندا هەبووە، ئەوەش شەیتانێکە و لەسەر شێوەی ئەودا هاتووە بۆلای و ئەوانیش وا دەزانن ئەوە".

هەروەها قەرین بەشداری لەگەڵ ساحیر و جادووگەرەکاندا دەکات کە بانگەشەی پەیوەندی لەگەڵ جنۆکەدا دەکەن و دەڵێن کە گوایە نەخۆشی چارەسەر دەکەن و پێداویستیەکانیان بۆ دابین دەکەن، بە پێدانی کۆمەڵێك زانیاری کە لە قەرینە مرۆڤەکەیەوە بەدەستی هێناوە بەشداریان لەگەڵدا دەکات کاتێك ئەو مرۆڤە دەگاتە ئاستی ساحیر و جادووگەرەکان و پێی دەڵێت تۆ فلانی کوڕی فلانیت و ئەوەش پێویستی تۆیە، هەربۆیە پاش ئەوە هەرچیەك ئەو ساحیرە بە کەسەکەی دەڵێت باوەڕی پێدەکات و ئەوەش هەموو لەڕێگەی پەیوەندی جنۆکە یاخود شەیتانی هاوڕێی جادووگەرەکەوە دەبێت لەگەڵ قەرینە مرۆڤەکەیدا لەجنۆکە و ئەم هەواڵانەی بۆ دەهێنێت کە لە ڕابوردوودا ڕوویانداوە بۆ ئەو کەسە.

لێرەوە خراپە و فیتنەکە دەستپێدەکات کە خەڵی باوەڕ بەو ساحیر و جادووگەرانە دەکەن کاتێك هەواڵی داهاتوویان پێ دەدەن کە شتانێکی غەیبین و کەس نایانزانێت، هەروەك ئەوەی کە باوەڕ بە قسەی کاهین و

عەرافەکان دەکرێت، خودا و پێغەمبەری خودا لەو کەسانە بێ بەرین هەروەک چۆن پێغەمبەری خودا(ص) ئاگاداری کردوینەتەوە و ووریای کردوین کە هەرگیز سەردانی ئەو جۆرە کەسانە نەکەین.

هەروەها ساحیر و قاوەگر و دەستخوێنەوەکان و هاوشێوەکانیان قەرینی شەیتانی هاوڕێیان بەکار دەهێنن، ئەوکەسانەش قەرینی تریان لەگەڵدایە کە یارمەتیان دەدەن و پشتیوانیان دەکەن لەوکارەی کە خەڵکی پێ گومڕا دەکەن و ئەوانیش دەبنە هاوکاری شەیتان لە گومڕاکردنی خەڵکیدا.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ومن يعش عن ذكر الرحمن نقيض له شيطانا فهو له قرين* وإنهم ليصدونهم عن السبيل ويحسبون أنهم مهتدون* حتى إذا جاءنا قال ياليت بيني وبينك بُعد المشرقين فبئس القرين﴾ س الزخرف ا ٣٦– ٣٨.

واتە: کەسێك کە خۆی کوێر بکات لە ئاستی قورئان و یادی خودای میهرەبان ئەوە ئێمە شەیتانێك دەکەینە ملۆزمی و هەمیشە دەبێتە یار و یاوەری و لەگەڵیدا دەبێت، بێگومان ئەو شەیتانانە ڕێگەی ڕاستیان لێ دەگرن و وایان لێ دەکەن کە وابزانن بەدڵنیاییەوە لەسەر ڕێبازێکی پاك و چاکن، هەتاوەکو ئەو کاتەی کە خۆی و شەیتانەکەی لە قیامەتدا دێنەوە لامان، بە شەیتانەکەی دەڵێت خۆزگە نێوانی من و تۆ هێندەی دووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا بوایە، ئای کە هاوڕێیەکی ناڕەبار و خراپ بویت.

بەمشێوەیە دەبینی ئامانجی شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە هەر یەکە، شتێکی سەیریش نییە کە لە کۆمەڵێك شتی زۆردا هاوکاری یەکتری دەکەن، هەروەك پێشتر باسمان کرد، دوا لە خودای گەورە دەکەین بمانپارێزێت چوونکە هەر خۆی بەتوانایە بەسەر ئەو جۆرە کەس و شەیاتینانەدا.

قەرین و نەخۆشیەکانی مرۆڤ

- ڕۆڵی قەرینی شەیتانی کاتێك مرۆڤ تووشی نەخۆشی نەندامی و ڕۆحی دەبێت.
- ڕۆڵی قەرینی شەیتانی، کاتێك مرۆڤ تووشی شێتی و سیحر و نەوەی کە پێی دەگوترێت شێتی قەرین، یان سیحری قەرین و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر(ص).

ڕۆڵی قەرینی شەیتانی

کاتێك مرۆڤ تووشی نەخۆشیە جیاوازەکانی ئەندامی و ڕۆحی دەبێت

باسی ئەوەمان کرد کە قەرین ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە تووشکردنی مرۆڤ بە نەخۆشیە دەروونیەکان، گرنگترین و مەترسیدارترینیان نەخۆشیەکانی وەسوەسەیە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان بە شێواز و ڕێگا کۆنە پزیشکی و هەڵسووکەوتی و مەعریفی و ڕەبانیەکان، هەربۆیە لێرەدا پێویستە باسی ڕۆڵی قەرین بکەین کاتێك مرۆڤ تووشی نەخۆشیەکی ئەندامی یاخود شێتی یاخود جادوو یان چاوپیسی دەبێت.

نەخۆشی بریتیە لە لاوازییەکی مرۆیی و ئەندامی، کە تووشی جەستەی مرۆڤ دەبێت، بە مانایکی ووردتر ئەو مرۆڤەی کە لە مادە و ڕۆح پێکهاتووە، لەم حاڵەتە لاوازەی مرۆییەدا قەرینی شەیتانی چالاك دەبێت و هێز پەیدا دەکات و مەترسی خۆی لە وەسوەسەیەکی ئاسایی نەخوازراوەوە دەگەیەنێت بە نەخۆشیەکی زۆر بۆ کەسی تووش بوو ڕۆڕ لەدوای ڕۆڕ بەرەو خراپتر دەچێت، ئەمەش هەندێکجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤی موسوڵمان ئەرك و واجیبە شەرعیەکان و عیبادەتە ڕۆژانەکانی واز لێ بهێنێت وەك نوێژ، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە ناموسوڵمان یاخود موسوڵمانێکی سەرکەش بێت و واجیبەکانی سەرشانی جێبەجێ نەکات و پەرستشەکان

ئەنجام نەدات ئەوە خراپە و سەرکەشیەکانی زیاتر دەبن و دەچێتە قۆناێی کوفرەوە.

لێرەدا ڕۆڵی قەرینی شەیتانی تەواوکارییە، بەڵام جیاوازییەکە لەسەر ڕۆڵی قەرینی شەیتانیە لەوەی کە مرۆڤ تووشی هەر نەخۆشیەکی ئەندامی دەکات.

هەندێك ئینکاری ئەوە دەکەن کە مرۆڤ بەهۆی قەرینەوە تووشی نەخۆشی ئەندامی ببێت، چوونکە ئەرکی قەرینی شەیتانی تەنها وەسوەسەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە وەسوەسە هیچ شتێکی تێدا نییە و هیچ مەترسیەکیش لەسەر مرۆڤ دروست ناکات، هەرچەندە وەسوەسە یەکێك لە نەخۆشیە دەروونیە مەترسیدارەکانە و دەبێتە هۆی نەخۆشی ئەندامی هەروەك چۆن بۆ نەخۆشانی شەکرە و بەرزی پەستانی خوێن و نەخۆشیەکانیتر کە هۆکارەکەیان حاڵەتە دەروونیەکانی مرۆڤن ڕوودەدات.

ئەگەر ئەوەمان سەلماند کە قەرینی شەیتانی تەنها مرۆڤ تووشی وەسوەسە دەکات ئەوە بەسە بۆ دەرك کردنی ئاستی مەترسی و گرنگی قەرین لە ژیانماندا.

بەڵام ئێمەش و هەندێکی تریش پێمانوایە کە قەرینی شەیتانی دەکرێت مرۆڤ تووشی کۆمەڵێك نەخۆشی پەیوەندیدار بە غودە و شتیتر بکات، هۆکاری سەرەکیە لەوەی کە مرۆڤ تووشی نەخۆشیەکانی شەکرە و پەستانی خوێن و دڵ و بگرە هۆکاری سەرەکیە لە تووشبونی مرۆڤ بە چەندین نەخۆشی مەترسیداری کوشندە کە هۆکار و چارەسەرەکانی

نازانرێت و سالأنە دەبێتە هۆی مردنی ملیۆنان کەس لە جیهاندا و مرۆڤیش بەردەوام لەهەوڵی دۆزینەوەی چارەسەردایە بۆ ئەو نەخۆشیە.

ئێمە لێرەدا کاتێك باسی قەرین دەکەین مەستیشمان هەموو جیهانی جنۆکەیە، بەڵکەش لەسەر ئەمە ئەو حەدیسەیە کە ئیمام ئەحمەد لە مەسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردووە لە پێغەمبەرەوە(ص) کاتێك لەبارەی تاعونەوە پرسیاری لێ دەکەن کە وەك ئایدزی ئێستە وایە، دەفەرمێت: {دەگەی فریشتەکان لە جنۆکە و لە هەموو شایەتمانێکدا}.

جەستەی مرۆڤ پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ئەندامی درەکی و ناوەکی، دەرەکیەکانیان دیارن و دام و دەزگا و ئەندامی ڕەبانین و خودای گەورە بۆ خزمەتی مرۆڤ دروستی کردوون، بەڵام ناوەکیەکانیان واتە نادیارەکانیان لە کردارەکانەوە هەستیان پێدەکرێت و گرنگیەکی زۆریان هەیە وەك دەزگاکانی جەستە و هەستەکانی، ئەوەش ڕۆحی مرۆیی و قەرینی شەیتانی و قەرینی فریشتەییە، ئەم سێ دانەیە بزوێنەری حاڵەتی دەروونی و عەصەبی مرۆڤن.

کاتێك قەرینی شەیتانی زاڵبوو بەسەر مرۆڤدا و تووشی نەخۆشیە دەروونیەکانی کرد، تەندروستی جەستەیی و میزاجی و ئەقڵی تێك دەچێت، ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر چالاکی ئەو کەسە توشبووە لەناو کۆمەڵگەدا و لەپاشان کاریگەری دەکاتە سەر هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەوروبەرەکانیدا، ئەوەش بەهۆی دوورکەوتنەوەیە لەو بەرنامەی خودای گەورە کە بۆ بەندەکانی داناوە.

ئەگەر قەرینی فریشتەیی زاڵبوو ڕۆحی مەعنەوی و دەروونی مرۆڤ بەرز دەبێتەوە و بەرەوباشتر دەچێت و تەندروستی باش دەبێت و هێز دێتەوە

بەبەریدا و ئەم حاڵەتەش کاریگەری دەکاتە سەر هەموو کۆمەڵگە، ئەمەش بە پابەندبونە بە ڕێنماییەکانی خودای گەورە و بەرنامەکەی کە بۆ مرۆڤی ناردووە.

ئەمە ئەو چارەسەرەیە کە ئەقڵمەندانی زانایانی خۆرئاوا و وواڵتانی ئیسلامی پێی گەیشتوون، ئەم چارەسەرەیان خستووەتە پێش چارەسەری دەرمانیەوە، کە پزیشکەکان بۆ نەخۆشەکانی دیاری دەکەن و هەروەک بڵێی ئەوە تاکە چارەسەر بێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە پزیشکەکان ڕێگاکانی شیکاری دەروونی چارەسەری و هەڵسووکەوتیان لەبیرکرد.

کەوابوو سەرەتاکانی کاری قەرین کە بەباشی شارەزایەتی بریتیە لە وەسوەسە، کاتێك چالاکی زۆر دەبێت سەردەکێشێت بۆ لاوازی حاڵەتی مرۆڤ و هێزی وویست و ئیرادەی مرۆڤ.

کاتێك ئیرادە و وویستی مرۆڤ بەهێز بوو پلەی ئیمان و باوەڕی زۆر بوو، دەتوانێت قەرینەکەی خۆی ببەزێنێت و زاڵ ببێت بەسەریدا و کۆنترۆڵی بکات، هەروەك پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {مرۆڤی ئیماندار دەتوانێت شەیتانەکەی خۆی ڕەشوە بکات هەروەك چۆن کەسێك لەئێوە حوشترەکەی ڕەشوە دەکات لە سەفەردا}.

بەم شێوەیە مرۆڤی ئیماندار بەهێزە و زاڵە بەسەر شەیتان (قەرین)ـەکەیدا، بەاڵم مرۆڤی غەیرە موسوڵمان شەیتانەکەی زاڵ دەبێت بەسەریدا و بەرەو هەرکوێیەك بیەوێت دەیبات و دەیخاتە سەر ئەو ڕێگایانەی کە دەبنە هۆی فەوتان و لەناوچوونی لەدوونیاو قیامەتدا.

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت: ﴿وأن هذا صراطی مستقیما فاتبعوه ولاتتبعوا السبل فتفرق بکم عن سبیله ذالکم وصاکم به لعلکم تتقون﴾ س الأنعام آ ١٥٣.

واتە: ئەوە رێگای ڕاست و دروستی منە و شوێنی بکەون و مەکەونە شوێن رێچکان چوونکە لەڕێگەکەی من گومڕا دەبن، ئەوە وەسیەت و ئامۆژگاری خودایە بۆ ئێوە بەڵکو پارێزکار بن و لەخودای گەورە بترسن.

ڕێگە و ڕێبازی خودا بە شوێنکەوتنی شەرع و بەرنامەکەیەتی و ئەو پڕۆگرامەی کە ئاینی حەق هێناویەتی واتە ئاینی ئیسلام کە نوێنەرەکەی باشترین مرۆڤی سەرزەوییە و کتێبەکەیشی قورئانی پیرۆز و پاشان سوننەتی ئەو پێغەمبەرەیە(ص) کە فەرمانی پێ کردوین بە شوێنکەوتنیان بۆ ئەوەی پاش خۆی گومڕا و سەرگەردان نەبین و شوێنی بەرنامەی ناڕەوا نەکەوین.

هەروەک سەروەر(ص) دەفەرمێت: {دوو شتم لەپاش خۆم بۆ ئێوە بەجێ هێشتووە ئەگەر پابەند ببن پێیانەوە هەرگیز گومڕا نابن، کتێبەکەی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی}.

ئەوەش رێگەی ڕزگاری تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەتان و هەموو جیهانە بەگشتی.

ڕۆڵی قەرین لە حالەتی تووشبونی مرۆڤ بە شێتی و سیحر و حەسودی

دەگەڕێینەوە بۆ سەر باسی کارەکانی قەرین و هاوکاریکردنی لەگەڵ جادووگەر و ساحیرەکاندا بۆ ئازاردانی مرۆڤ، کاتێك جادووگەر جادوویەك

دەکات بۆ کەسێك و نەریتە سیحریەکان ئەنجام دەدات، کەسێك لە جنۆکە و شەیتانەکان کە پێی دەگوترێت خزمەتکاری سیحر داوای یارمەتی لە ساحیرە جنۆکەکە دەکات کە کاری لەگەڵدا دەکات، ئەم مەسەلەیەشمان لە چەند کتێبێکی تری خۆماندا باس کردووە وەك (جیهانی سیحر و نهێنیەکانی) و کتێبی (شەیتانی ئیبلیس و ململانێکانی لەگەڵ مرۆڤدا).

گرنگ ئەوەیە کە خزمەتکاری سیحر وەکالەتی ساحیرەکە وەر دەگرێت و پێشکەشی قەرینی شەیتانی دەکات بۆ ئەو کەسەی کە مەبەستیەتی ئازاری بدات بەو سیحر و جادووەی، ئەوکات قەرینی شەیتانیش هاوکاری خزمەتکاری سیحرەکە و ساحیرێك لە جنۆکە دەکات و هاوکاری دەکات لە جێبەجێ کردنی ئەو سیحرەدا، ئەوەش کاتێك خودای گەورە بیەوێت ئەو مرۆڤە تاقیبکاتەوە نەوەك سزای بدات، چوونکە موسوڵمان و کافر بەوجۆرە شتانە تاقی دەکرێنەوە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿واتبعوا ما تتلوا الشياطين على ملك سليمان وما كفر سليمان ولكن الشياطين كفروا يعلمون الناس السحر وما أنزل على الملكين ببابل هاروت وماروت وما يعلمان من أحد حتى يقولا إنما نحن فتنة فلا تكفر فيتعلمون منهما ما يفرقون به بين المرء وزوجه وما هم بضارين به من أحد إلا بأذن الله ويتعلمون ما يضرهم ولا ينفعهم ولقد علموا لمن اشتراه ماله فى الآخرة من خلاق ولبئس ما شروا به أنفسهم لو كانوا يعلمون﴾ س البقرة آ ١٠٢.

واتە: جوولەکەکان وازیان لە کتێبەکەی خودا (تەورات) هێناو شوێنی ئەوە کەوتن کە شەیتانەکان دەیانخوێندەوە دەربارەی دەسەلآت و حکومەتی سولەیمان، دیار و ئاشکرایە کە سولەیمان هەرگیز کافر نەبووە،

بەڵکو شەیتانەکان کافر بوون خەڵکیان فێر سیحر و جادوو دەکرد، هەروەها خەڵکیان فێری ئەوە دەکرد کە بۆ هاروت و ماروت دابەزی بوو،(کە دوو فریشتە بوون لە بابل) و مەبەستیشیان تێگەیاندنی خەڵکی بوو لە سیحر و جادوو، ئەوانیش کەسیان فێری هیچ شتێك نەدەکرد تا پێیان نەوتایە: ئەم کارەی ئێمە بۆ تاقیکردنەوەیە و خۆت کافر مەکە، بەڵام هەندێك هەر وازیان نەهێنا و لەو فریشتانەوە شتی وا فێر دەبوون کە ژن و مێردی پێ لەیەکتری جیادەبوونەوە، هەرچەندە ئەو جادووگەرانە ناتوانن هیچ زیانێك بە کەس بگەیەنن، مەگەر ویستی خودای لەسەر بێت، ئەو خەڵکە سەرگەردانە هەمیشە فێری شتێك دەبن کە زیانیان لێ دەدات و سودی نییە بۆیان، بێگومان دەشزانن ئەوەی کالای وای کڕیبێت و شتی وا فێر ببێت لەو دوونیا هیچ بەهرەیەکی دەست ناکەوێت، بەڕاستی ئەو شتەی ئەوان خۆیان پێ فرۆشتووە و کەوتونەتە داوێەوە شتێکی ناپەسەندە و ئەگەر بزانن و تێبگەن، (چوونکە سیحر و جادوو چەواشەکارییە و کارێکی نادروستە).

هەندێك ئینکاری ئەم ڕۆڵەی قەرینی شەیتانی دەکەن، بەڵام هەموو کەسێك خاوەنی بیرو بۆچوونی خۆیەتی، بەڵام ناکرێت بیسەپێنێت بەسەر خەڵکانیتردا بە بیانوی ئەوەی کە ئەمە لە عەقیدە و بیروباوەڕی ئاینە.

ئەوەی کە ئێمە باسمان کرد شتێکی موستەحیل نییە و دژایەتی مەسەلە جێگیرەکانی ئاین ناکات و دژبەریش نییە لەگەڵ ئەوەی کە سەبارەت بە جیهانی جنۆکە باسمان کرد، چوونکە ئەم جیهانە هەمووی پەیوەستە بەیەکترییەوە.

بەڵام ئەوەی کە هەندێك لە ناولێنەرانی شێتی قەرین یاخود سیحری قەرین باسی دەکەن و ئێمەش لە هەردوو کتێبماندا بەناوەکانی

(موعجیزەکانی شیفا بە کەڵەشاخ) و (موعجیزەکانی شیفا بە دەرمانە ئیلاهی و پێغەمبەرایەتیەکان) باسمان کردووە، مەبەست لێی ئەوەیە کە لە زۆربەی حاڵەتەکانی شێتی بەهۆی جنۆکە یاخود سیحرەوە کاریگەری قەرین لەسەر ئەو شێتی و سیحرە بوونی هەیە، بەڵکو ئازاریشی پێ دەگەیەنێت، هەربۆیە پێویستە لەگەڵ چارەسەرکردنی مرۆڤەکەدا چارەسەری قەرینەکەش بکرێت، کاتێك دەڵێین چارەسەری قەرین بۆ نمونە بە قورئانی پیرۆز یاخود بە کەڵەشاخ مەبەستمان دەرکردنی قەرینەکە نییە لەناو جەستەدا هەروەك چۆن جنۆکەی ئاسایی دەردەکرێت.

بەڵکو مەبەستمان چارەسەکردنیەتی بە گێڕانەوەی بۆ حاڵەتی سەرەتای خۆی کە لاوازبووە و نەیتوانیوە دەستێوەردان بکات لە ژیانی ئەندامی و نەخۆشی مرۆڤەکەدا، واتە گێڕانەوەی بۆ سەر ئەو حاڵەتەی کە لەسەری بووە لە وەسوەسەی ئاسایی کە خۆی لە هاندانی مرۆڤدا دەبینێتەوە بۆ خراپە، ئەوەش مرۆڤی موسوڵمان دەتوانێت بە خوێندنی أعوذ بالله من الشیطان الرجیم و زیکرەکانی ڕۆژانە لەخۆی دووری بخاتەوە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿إن کید الشیطان کان ضعیفا﴾ س النساء آ ٧٦. واتە: بەدڵنیاییەوە فێڵ و تەڵەکەی شەیتان لاوازە.

هەروەها کەڵەشاخ وەك شیفا و چارەسەر بۆ هەموو نەخۆشیەکان سودی هەیە، کە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ وەستاندنی چالاکی قەرین و هاوکارە لە دەرکردنی شێتی شەیتانی و سیحر لە جەستەی مرۆڤدا، ئەم باسەشمان لە هەردوو کتێبمان (موعجیزەکانی شیفا بە کەڵەشاخ) و (موعجیزەکانی شیفا بە دەرمانە ئیلاهی و پێغەمبەرایەتیەکان) بەوردی هێناوە، هەرکەسێك زانیاری زیاتری دەوێت با بیانخوێنێتەوە.

شەیتان بەناو دەمارەکانی خوێنی مرۆڤدا هاتووچۆ دەکات هەروەک لە فەرموودەی پێغەمبەردا(ص) هاتووە و پێشتر ئاماژەمان پێکرد، هەروەها دەکرێت بە کەڵەشاخیش لاواز بکرێت کە شیفایە و بگرە باشترین شیفایەو دەرمانە، هەروەک سەروەرمان دەفەرمێت: {شیفا لە سێ شتدایە: خواردنی هەنگوین، ئەنجامدانی کەڵەشاخ، وە کەوی کردن، بەڵام من دەڵێم کەوی کردن ئەنجام مەدەن} بوخاری لە صەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە.

هەروەها لە فەرموودەیەکیتردا دەفەرمێت: {باشترین شتێك کە چارەسەری خۆتانی پێبکەن بریتیە لە کەڵەشاخ} متفق علیە.

ئێمە بەڵگەیەکی ئەوتۆمان نییە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەی کە ئەم بۆچوونەی ئێمە بە بێ ئەقڵانە دەزانن، بەڵام پێیان دەڵێین خودا و پێغەمبەرەکەی ڕاست دەکەن و ئەوانە درۆ دەکەن کە پێچەوانەی ئەوان قسە دەکەن.

ئەوەی کە قەرینی شەیتانی لەگەڵ مرۆڤی توشبوودا بە شێتی سیحر دەیکات، بەهەمان شێوەش لەگەڵ کەسێکی توشبوو بە حەسوودی و چاوی پیسدا دەیکات، لەوانەیە حەسودی و ئیرەیی سەرچاوەکەی مرۆڤ یاخود جنۆکە بێت، هەروەک ئیبن قەیمی جەوزی دەڵێت چاوو بریتیە لە دوو دانە، چاوێك مرۆیی و چاوێکی جنۆکە.

بە گشتی قەرینی شەیتانی کاریگەری ئەرێنی دەکاتە سەر مرۆڤ ئەگەر بێت و نەخۆشیەکەی ئەندامی یاخود ڕۆحی بێت، هەربۆیە مرۆڤ پێویست دەکات لەڕووی ئیمان و باوەڕبوونیەوە بە بەرنامەی خودای گەور و بەردەوامی لەسەری چارەسەری خۆی بکات و لەگەڵ خودای خۆیدا ئاشت ببێتەوە و نوێژی سوننەتی زۆر بکات و پەرستش و عیبادەتەکان ئەنجام

بدات و خێر و چاکه بکات به نیەت و مەبەستی شیفا و قورئان بخوێنێت و هۆکار و سەبەبە ڕێگەپێدراوەکان بگرێتەبەر وە چارەسەری دەرمانی و شتەکانیتر کە پزیشکە پسپۆڕەکان بۆ نەخۆشەکانی دادەنێن، چوونکە شیفادەر خودای گەورەیە کە خۆی دەردەکەی دروستکردووە و دەرمانەکەشی داناوە.

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {خودای گەورە هەر دەرد و نەخۆشیەکی ناردبێت دەرمان و چارەسەرەکەشی داناوە}[٧١].

هەروەها دەفەرمێت: {شیفا بەدەست بهێنن بەوەی کە خودای گەورە سوپاسی خۆی کردووە پێی پێش ئەوەی دروستکراوەکانی سوپاسی بکەن، هەروەها شیفا بەدەست بهێنن لەوەی کە خودا خۆی مەدح و سەنای خۆی پێکردووە، الحمد لله و قل هو الله احد، هەرکەسێك قورئان شیفای نەدات ئەوا شیفای بۆ نییە}[٧٢].

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمێت: {پابەندی هەردوو شیفاکە بن، هەنگوین و قورئان}[٧٣].

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت: ﴿وننزل من القرآن ماهو شفاء ورحمة للمؤمنين ولا يزيد الظالمين إلا خسارا﴾ س اسراء آ ٨٢. واتە: ئێمە لە قورئانی پیرۆزدا شیفامان داناوە کە ڕەحمەتە بۆ ئیمانداران، ستەمکارانیش تەنها خەسارۆمەندیان بۆ دەمێنێتەوە.

---

[٧١] رواه احمد في المسند.
[٧٢] رواه ابن نافع.
[٧٣] رواه ابن ماجة مرفوعا.

هەربۆیە قورئانی پیرۆز کتێبی عیبادەت و شەریعەت و شیفایە بۆ هەموو شتێك، بەڵام بە کۆمەڵێك بنەمای دیاری کراو کە لە کتێبی دانراوی خۆماندا بەناوی (شیفا بە دەرمانە ئیلاهیەکان و پێغەمبەرایەتیەکان) باسمان کردووە.

هەربۆیە لە باشترینی چارەسەرەکان بۆ ئەوانەی کە تووشی شێتی جنۆکە و سیحر دەبن لەگەڵ بەشداری قەرینی شەیتانی لەگەڵ ئەو دووانەدا و زۆربوونی چالاکیەکانی، پێویستە لەسەری لەگەڵ چارەسەری شێتی و سیحرەکەدا چارەسەری ڕۆحی قورئانیش بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی چالاکی زۆری قەرینەکەشی کەم بکاتەوە.

ئێمە دەبینین کە کۆمەڵێك نەخۆشی شێتی شەیتانی و سیحر بۆ ماوەی چەند ساڵێك بە قورئان چارەسەر دەکرێن، بەڵام نەخۆشیەکە هەرماوە و نیشانەکانی لەناو ناچن و نەخۆشەکەش چاك نابێتەوە و هەندێکجاریش حاڵەتەکەی زیاتر دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هۆکاری نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە جنۆکەی ئاسایی یان خزمەتکاری سیحر نییە، بەڵو بریتیە لە قەرینی هاوپەیمان لەگەڵ جنۆکە و خزمەتکاری سیحرەکەدا.

لەزۆربەی ئەم حاڵەتانەدا کە لە مەودای چەند ساڵێکدا بینیومانە چارەسەری شێتی و سیحرەکەیان دەکرێت، بەڵام قەرینەکە دەمێنێتەوە و ڕۆڵی ئەو جنۆکەیە دەبینێت کە هاوەڵی مرۆڤە بۆ ئەوەی مرۆڤ وابزانێت کە هێشتا سیحری لێکراوە و شێتیەکەی هەر پێوەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی بێ هیوا ببێت لە ژیانی خۆی، بەداخەوە زۆربەی کات ئەوەش ڕووەدات.

یەکەمینی هەنگاوەکانی چارەسەری ئەم جۆرە حاڵەتانە بریتیە لە ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە بۆ نەخۆشی تووشبوو تێگەیاندنی کە ئەوە کاری

قەرینی شەیتانیە کە لەگەڵیدایە، هەربۆیە زۆربەی کات قوربانی کاریگەری ناکاتە سەری چوونکە لەخاوەنەکەی و غەیری ئەویشەوە دەیبیستێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا کە سروشتی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە نییەت زۆر گرنگە لە چارەسەردا کاتێک نەخۆشەکە قوربانی بەسەردا دەخوێندرێت بۆ چارەسەری شێتی و سیحرەکە قوربانی خوێندنەکە ئاراستەی شێتی و سیحرەکە بکرێت نەوەک ئاراستەی قەرینەکە بکرێت.

دەبینین جیاوازییەکە زۆر گەورەیە کاتێک نەخۆشەکە نیەتی خۆی ئاراستەی قەرینەکە دەکات و حاڵی زۆرێک نەخۆش باش بووەتەوە و گەڕاونەتەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی خۆیان بە فەزڵ و یارمەتی خودای گەورە.

قەرینی شەیتانی لاسایی ئەو شتانە دەکاتەوە کە جنۆکە تێکەڵی مرۆڤ دەبێت و لەکاتی بوونیدا لەناو جەستەیدا لە کەسەکەوە فێری دەبێت، کاتێک نەخۆشەکە بەقوربانی چارەسەر دەکرێت و جنۆکەکە دەردەچێت، قەرینە شەیتانیەکە دەمێنێتەوە و پێیناخۆشە مرۆڤەکە شیفای بۆ هاتووە، هەربۆیە هەوڵدەدات وای نیشان بدات کە هێشتا ئەو کەسە نەخۆشە، ئەم حاڵەتەش پێی دەگوترێت نەخۆشی دەروونی، کە باشترین چارەسەر بۆ ئەو حاڵەتە، قوربانی پیرۆز و دووعای زۆر و ڕۆژووگرتنە بۆ گێڕانەوەی ئەو قەرینە سەرکەشە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی و دووبارە لە قاڵبدانەوەی وەک جاران و سنوورداکردنی چالاکیەکانی.

لە نیشانەکانی ئەوەی کە لەم حاڵەتەدا قەرین دەیکات کە لە واقیعی کرداریدا بینیومانە ئەوەیە کە نەخۆشەکە تووشی وەسوەسە و شک و گومان دەبێت لە هەموو شتێکدا، لە جەستەیدا پەڵە و ڕوشاوی سورباو زۆر

بچووك دروست دەبێت و دواتر ڕەنگیان ڕەش دەبێتەوە و لەپاشان بەبێ هیچ چارەسەرێك دیار نامێنن.

یەکێك لە نیشانەکانیتریش هەبوونی هێڵی ناڕێکە لەسەر جەستە کە هۆکار و ئەنجامدەرەکەی نازانرێت.

یەکێك لە نیشانەکان بریتیە لەوەی کە نەخۆشەکە هیچکام لە دەرمانەکان سودی پێناگەیەنێت کە ناسراون بۆ چارەسەری سیحر و شێتی شەیتانی لە قورئانی پیرۆزدا.

لە هەندێك حاڵەتدا قەرینی شەیتانی لەسەر زمانی کەسە سیحرلێکراوەکە یاخود تووشبووەکە بە شێتی شەیتانی قسە دەکات بۆ ئەوەی نەخۆشەکە و تەنانەت چارەسەرکارەکەش هەڵبخەڵەتێنیت و لە ڕاستیەکە دوورپان بخاتەوە.

کاتێك ئەم ڕاستیانە بۆ نەخۆشەکە ڕوونکرایەوە و ڕووبەڕوویان بوویەوە، ئەوکات بە یارمەتی خودای گەورە شیفای مسۆگەر دەبێت.

لەو سورەتانەی قورئانی پیرۆز کە ئەگەر هاتوو نەخۆشەکە بەردەوام ئازاری قەرینی لەسەر بوو پێویستە خوێندنیان بەردەوام بێت بۆ ئەوەی شیفا و چارەسەرەکە مسۆگەر بێت، بریتیە لە خوێندنی سورەتەکانی: هەموو سورەتی الصافات و هەموو سورەتی ق و سورەتی الناس بەیانی و ئێوارە و لەزۆربەی کاتەکاندا،چوونکە ئەو سورەتە (الناس) کاریگەریەکی زۆری هەیە لە نەهێشتنی ئازاری قەرینی وەسواسی خەناس، ئەگەر بێت و نەخۆشەکە مانای ئایەتەکانیش بزانێت ئەوە زۆر باشتر دەبێت و کاریگەری زۆر زیاترە.

وەهەروەها پەیڕەوکردنی ئەو ڕێگا و شێوازانەی خۆپارێزی کە لە لاپەڕەکانی دواتردا باسیان دەکەین واتە لە کۆتایی کتێبەکەدا بەیارمەتی خودای گەورە.

ئاگاداربن و زۆر وریابن نەکەونە شوێن ڕێگای فاڵچی و ساحیرەکان لە چارەسەرکردنی قەرینداوەک سەربڕین و ڕاز کردنی ئەو ناڕەبارە وەک دانانی خوێ لەو ژوورەی کە تێیدا دەخەوێت، ئەمکارەش پێی دەڵێن (ڕەزامەندانە) یاخود شێوازەکانیتر کە فاڵچیە ساختەچی و قۆڵبڕەکان دەیگرنەبەر گوایە بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە، ئەوەش زیاتر ئازاری قەرینەکە دەدات و دژایەتیەکی توندی شەرع دەکات بۆ ئەوەی جنۆکەکە ڕازی بکات.

دووعاکانی دوورخستنەوەی ئازارەکانی قەرینی شەیتانی

"بسم الله والحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وآله وصحبه وسلم":

" اللهم اغفر ذنبى وإخسأ شيطانى وفك رهانى واجعلنى فى الندى الأعلى".

"الله احرسنى بعينك التى لا تنام واكنفنى بركنك الذى لايرام وارحمنى بقدرتك علي فلا أُهلك وأنت ثقتى ورجائي، اللهم اشفنى واشف كل مريض مسلم واجعل شفائى وشفاء المسلمين سهلا ميسورا، وصل اللهم وسلم وبارك على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم. والحمد لله رب العالمين".

خۆپاراستن لە خراپەکانی قەرینی شەیتانی

-پەناگرتن بەخودا لە خراپەی شەیتانی نەفرەت لێکراو.

-پشت بەستن بە خودای گەورە.

-تورەنەبوون.

-بەردەوامبوونی دەستنوێژ.

-خوێندنی سورەتی البقرە.

-پاراستنی نوێژە فەرزەکان و نەنجامدانیان لەکاتی خۆیدا.

-بانگدانی شەرعی بۆ نوێژ.

-خوێندنی زیکرەکان و بەردەوامبون لەسەریان.

خۆپاراستن لە خراپەکانی شەیتان

پەناگرتن بە خودا لەشەیتانی نەفرەت لێکراو یەکەم هەنگاوە بۆ خۆپارێزی لەو حاڵەتە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿وأما ينزغنك من الشيطان نزغٌ فاستعذ بالله إنه هو السميع العليم﴾ س فصل آ ٣٦.

واتە: ئەگەر دڵەخورپەیەکی خراپی شەیتانی هات بە مێشکدا پەنابگرە بە خودای گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراو چوونکە ئەو بیسەر و زانایە.

پێداگری لەسەر ئەوەی کە ڕزق و ڕۆزی مرۆڤ و خواردن و خواردنەوەکەی حەڵاڵ بێت و نەکەوێتە شوێن هەنگاوو پیلانەکانی شەیتان، هەروەك خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿يأيها الذين آمنوا كلوا مما فى الأرض حلالا طيبا ولاتتبعوا خطوات الشيطان إنه لكم عدوٌ مُبين﴾ س البقرة آ ١٦٨. واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هێناوە بەخودای گەورە، ئەوەی لەسەرزەویدا هەیە و حەڵاڵ کراوە ئەوە بخۆن چوونکە پاك و بێگەردە، شوێنی هەنگاوو پیلانەکانی شەیتان مەکەون چوونکە ئەو دووژمنێکی ئاشکراو دیاری ئێوەیە.

خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئامۆژگاریمان دەکات کە مرۆڤ نابێت شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان بکەوێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە مرۆڤ هاوڕا

نەبێت لەگەڵ قەریەکەیدا لەو بیرو فیکرانەی کە قەرینەکەی دەیهێنێت بەلای گوێیدا و دەیخاتە ناو بیرو مێشکیەوە و جێبەجێیان نەکات.

ئەم ڕێنماییانەی خودای گەورە لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی پێغەمبەر(ص)دا بوونیان هەیە، هەروەک ئەم فەرموودەی خوارەوە کە دەفەرمێت:

{ئەبوهورەیرە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی: " شەیتان دێت بۆلای کەسێکتان و پێی دەڵێت کێ ئەوەی دروست کردووە؟ کێی ئەوەی ئافراندووە؟ هەتاوەکو لە کۆتاییدا دەڵێت: باشە کێ خودای تۆی خولقاندووە؟ ئەگەر گەیشتە ئەوە با ئەوکەسە پەنابگرێت بەخودا لەشەیتان و لە نیەتەکەی خۆی}[٧٤].

هەربۆیە دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕێگە و شێوازی ڕاست و دروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وەسوەسەکانی قەرینی مرۆڤ (شەیتانەکەی) بریتیە لە زیکر و یادی خودای گەورە، ئەوەش بزانە کە سەرچاوەی ئەو فیکرانەی کە خراپە و خراپەکاریان تێدایە و گوتنی شتانێك لەبارەی خودا و غەیبیاتەوە بەبێ ئەوەی مرۆڤ هیچ زانیاریەکی لەسەریان هەبێت، بریتیە لە شەیتان نەوەك نەفس و دەروونی مرۆڤ.

هەروەها پێویستە لەسەر مرۆڤ بیر لەمجۆرە فیکرانە نەکاتەوە و نەچێتە ناو بازنەیەکی دڕندەوە و بیری لێ بکاتەوە. پێویستە لەسەر مرۆڤ بیر لەو شتانە بکاتەوە کە خۆی ئەیەوێت بیریان لێ بکاتەوە و وەسوەسە و فیکرەکانی شەیتانی بەلاوە گرنگ نەبێت.

---

[٧٤] رواه البخاری فی صحیحه.

مرۆڤی موسوڵمان هەمیشە دەبێت بیری ئەوەی هەبێت کە شەیتان دووژمنی سەرسەختیەتی و ئەم پەیامەی خودای گەورەی لەبیر بێت کە دووژمنە سەرەکیەکەی بۆ دیاری کردوون کە شەیتانی نەفرەت لێ کراوە، هەروەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرمێت: ﴿وإذ قلنا للملائكة اسجدوا لآدم فسجدوا إلا إبليس كان من الجن ففسق عن أمر ربه أفتتخذونه وذريته أولياء من دوني وهم لكم بئس للظالمين بدلا﴾ س الكهف آ ٥٠.

واتە: کاتێك بە فریشتەکانمان گوت: کڕۆنۆشی ڕێز بۆ ئادەم ببەن، ئەوانیش کڕنۆشیان برد بێجگە لەشەیتان(ئیبلیس) نەبێت کە لە جنۆکە بوو لەفەرمانی خودا لایدا، خودای گەورەش دەفەرمێت: باشە ئەی ئادەمیزاد ئایا شەیتان و زوڕیەتەکانی دەکەن بە پشتیوانی خۆتان بێجگە لە خودای گەورە، کە ئەوانە دووژمنی ئێوەن، بەڕاستی ستەمکاران لەبرێکی خراپیان بۆ خودای گەورە داناوە.

خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەوەمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە کە شەیتان دووژمنی سەرسەختی مرۆڤە و ئەم دووژمنەش ئەیەوێت مرۆڤ تووشی خەمۆکی و بێزاری و ئازاری دەروونی ببێت.

هەروەک بڵێی خودای گەورە دەفەرمێت ئەی خەڵکینە ئێوە لەڕێگەی پشتیوانی بیرو فیکرە شەیتانیەکانەوە ئەو نەفرەتیەتان کردووە بە دۆست و هاوڕێی خۆتان و سەرکەشی لە فەرمانەکانی خودای گەورە دەکەن کە هەموو ناز و نیعمەتێکی بەسەردا ڕشتوون، بەڕاستی خراپترین لەبر و بەدیلتان بۆ خودای گەورە داناوە.

خودای گەورە دەفەرمێت: ﴿ألم أعهد إليكم يا بني آدم أن لا تعبدوا الشيطان إنه لكم عدوٌ مبين* وأن اعبدوني هذا صراط مستقيم* ولقد أضل

منكم جبلا كثيرا أفلم تكونوا تعقلون﴾ س يس آ ٦٠ – ٦٢. واتە: ئەی ئادەمیزاد ئایا ئێمە پەیمانمان لێ وەرنەگرتن کە شەیتان نەپەرستن، چوونکە ئەو دووژمنی ڕوون و ئاشکرای ئێوەیە، من بپەرستن چوونکە ئەوە ڕێگەی ڕاستە، پێشتر چەندین وەچە و هۆزی لە ئێوە گومڕا کردووە ئایا ئێتر پەند وەرناگرن و ئاقڵ نابن.

خودای گەورە ئەوەمان پێ دەفەرمێت کە پەیمانی لە ئادەمیزاد وەرگرتووە کە شەیتان نەپەرستێت، ئەمەش لەڕێگەی ئەو ئاشکراکردنەوەیە کە خودای گەورە سەبارەت بە کاریگەری شەیتان لەسەر مرۆڤ لە قورئانی پیرۆزدا باسی دەکات بە شێوەیەکی تەواوو کامڵ. خودای گەورە ئامۆژگاری خەڵکی دەکات شەیتانەکانیان (قەرینەکانیان) نەکەنە پشتیوانی خۆیان، (واتە پشتیوانی شەیتانەکانیان نەکەن لەڕێگەی ڕازی بوونیان بەو بیرو فیکرانەی کە وەسوەسەیان بۆ دروست دەکەن)، هەروەها خودای گەورە ئامۆژگاریمان دەکات کە شوێنی ڕێنمایی قورئانی پیرۆز بکەوین.

لە ڕۆژی قیامەتدا خودای گەورە بە خەڵکی دەفەرمێت شەیتان زۆرێك لە ئێوەی گومڕا کردووە و پرسیاریان لێ دەکات و دەفەرمێت ئایا ئێتر ئاقڵ نابن و پەند لەوانەی پێشوو وەرناگرن کە چۆن شەیتانی نەفرەتی لەخشتەیان دەبات و هەوڵی گومڕاکردنیان دەدات لەسەر ڕێگەی ڕێبازی خودای گەورە دوورپان دەخاتەوە، وەئایا خەڵکی بیرناکەنەوە کە پابەندبون بە کتێبی خودا و تێگەیشتن لێی تاکە چارەسەری کێشە و ئاریشەکانی ژیانی مرۆڤایەتیە.

خودای گەورە باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە تاکە پەناگە بۆ خۆپاراستنی مرۆڤ لە خراپەی شەیتان بریتیە لە قورئانی پیرۆز، هەربۆیە دەفەرمێت: ﴿وننزل من القرآن ما هو شفاء ورحمة للمؤمنين ولا يزيد الظالمين إلا خسارا﴾ س اسراء آ ٨٢.

واتە: ئێمە لە قورئاندا شیفاو ڕحمەتمان نازڵ کردووە بۆ ئیمانداران، بەڵام ستەمکاران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر خەسارۆمەند دەبن.

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ڕەحمەت و شیفای تایبەت کردووە بە ئیمانداران‌ەوە، ئیمانداریش ئەو کەسەیە کە تێدەگات و دەبیستێت و قورئانی پیرۆز لە ژیانیدا جێبەجێ دەکات و هەمیشە لە هەوڵی بەرزکردنەوەی پەیامی خودای گەورەدایە، هەربۆیە خودای گەورە دەفەرمێت قورئانی پیرۆز خەسارۆمەندی ئەوانەی کە ستەم لەخۆیان دەکەن و یاخی دەبن زیاتر و زیاتر دەکات، چوونکە لەڕێگە و ڕێبازی خودای گەورە دوورکەوتوونەتەوە.

هاوماناییەکی ڕوون و ئاشکرا لەنێوان ئایەتە پیرۆزەکەی خودای گەورە سەبارەت بەوەی کە دوورکەوتنەوە لە تێگەیشتن و جێبەجێ کردنی کتێبەکەی خودا لە ژیانی مرۆڤدا خەسارۆمەندی بەدوادا دێت لە دوونیا و قیامەتدا لەگەڵ ئەم فەرموودەی خوارەوەی پێغەمبەر(ص) هەیە کە دەفەرمێت:

{پێغەمبەر(ص) فەرمووی: جوبرەئیل هات بۆ لام و گوتی: ئەی محمد ئوممەتی تۆ پاش تۆ جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە، منیش پێمگوت: باشە چارەسەر چیە ئەی جوبرەئیل؟ ئەویش گوتی: کتێبەکەی خودای گەورە، کە بەهۆیەوە هەموو ستەمکارێك بۆڕ دەدرێت، هەرکەسێك پابەند بێت

پێیەوە ڕزگاری دەبێت، هەرکەسێکیش وازی لێ بهێنێت دووجار دەفەوتێت، ئەمەش قسەیەکی گاڵتەجاڕانە نییە و ڕاستیە، سەرسوڕهێنەرەکانی خودای گەورە لەناو ناچن، کە هەواڵی پێش ئێوەی تێدایە و یەکلایکەرەوەی نێوانتانە و هەواڵ دەدات سەبارەت بەوەی کە پاش ئێوە ڕووەدات}[٧٥].

دەبینین کە جوبرەئیل ئەوە بە پێغەمبەر(ص) ڕادەگەیەنێت کە هەرکەسێك واز لە قورئانی پیرۆ بهێنێت دووجار دەفەوتێت جارێك لە دوونیا و جارێکیش لە قیامەتدا.

وەهەروەها مانای ئەوەشی تێدایە کە دوورکەوتنەوەی موسوڵمانان لە تێگەیشتنی قورئان و جێبەجێ کردنی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا دەبێتە هۆی زۆربوونی کاریگەری شەیتان لەسەر مرۆڤ و دەبێتە هۆی ئازاری دەروونی گومڕایی.

ئەمە لەکاتێکدایە ئەوکەسەی کە لە قورئان تێدەگات و جێبەجێ دەکات لە ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی بەوە نییە کە بگەڕێتەوە بۆ زانستێکی کەموکورت و دامەزراو لەسەر هەواو ئارەزوو گریانەکان کە هیچ بنەمایەکی ڕاست و دروستیان نییە، هەروەك لە زانستی پزیشکی هاوچەرخدا بوونی هەیە.

پێغەمبەر(ص) هەمیشە پەنای گرتووە بە خودا لە شەیتانی نەفرەت لێکراو لە مردنی و شیعر و لەخۆبایبونەکانی ئەو نەفرەتیە.

---

[٧٥] رواه احمد فی المسند.

ئەبوبەکری صدیق خودای لێ ڕازی بێت دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا کۆمەڵێك ووشەم پێ بڵێ بۆ ئەوەی ئێوارە و بەیانی دووبارەیان بکەمەوە....

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: بڵێ: خودایە دروستکەری ئاسمان و زەوی زانای غەیب و جیهانی دیار و ئاشکرا خودای هەموو شتێك پاشاو دەسەلاتداری هەموو ییوونەوەران، شاهێدی دەدەم کە هیچ خودایەك بێجگە لە خولقێنەری ئاسمان و زەوی لەم جیهانەدا نییە، پەنات پێدەگرم لە خراپەی نەفسی خۆم و خراپەی شەیتان و شەریکدانانەکەی...

فەرمووی: بەیانیان کاتێك خەبەرت بوویەوە ئەمە بخوێنە و ئێوارەش هات بیخوێنە و کاتێکیش چوویتە سەر جێگاکەت بۆ خەوتن هەر بیخوێنە}[٧٦].

تۆڕە نەبوون، چوونکە ئەوە کردەوەی شەیتانە و ئەویش ئامادەی دەکات و کۆکەرەوەی خراپەیە.

پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر(ص) و داوای لێ کرد ئامۆژگاری بکات، ئەویش فەرمووی: {تووڕە مەبە، چەندجارێك داواکارییەکەی دووبارە کردەوە هەر فەرمووی تووڕە مەبە}[٧٧].

حەمیدی کوڕی عبدالڕەحمان لەیەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە(ص) دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئامۆژگاریم بکە.

پێغەمبەریش(ص) فەرمووی: تووڕە مەبە.

---

[٧٦] رواه احمد وابوداوود والترمذی.
[٧٧] رواه البخاری فی صحیحه.

پیاوەکە دەڵێت کاتێک پێغەمبەر(ص) قسەکەی فەرموو، بیرم لێ کردەوە کە بەڕاستی وایە کە ئەو دەیڵێت چوونکە تووڕەیی کۆکەرەوەی هەموو خراپەیەکە[٧٨].

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ئەگەر کەسێک لە ئێوە تووڕە بوو بە پێوە وەستابوو با یەکسەر دابنیشێت، ئەگەر تووڕەییەکەی نەما ئەوە باشە وەگەرنا با دواتر یەکسەر پاڵبکەوێت}[٧٩].

پشت بەستن بەخودای گەورە دوورکەوتنەوەیە لە شەیتان هەروەک خودای گەورە خۆی دەفەرمێت: ﴿إنه ليس له سلطانٌ على الذين آمنوا وعلى ربهم يتوكلون * إنما سلطانه على الذين يتولونه والذين هم به مُشركون﴾ س النحل آ ٩٩– ١٠٠. واتە: شەیتان دەسەلاتی بەسەر ئەوانەدا نییە کە ئیماندارن و پشتیان بەخودای گەورە بەستووە، بەڵکو دەسەلاتی ئەو نەفرەتیە بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێت کە پشتیوانی دەکەن و ئەوانەشی کە شەریک بۆ خودای گەورە بڕیار دەدەن.

پارێزگاری کردن لە دەستنوێژ بریتیە لە قەلای ئیماندار لەبەرامبەر شەیتاندا، هەروەک پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ڕاست و دروست بن و لامەدەن، بزانن کە باشترین کارەکانتان نوێژەکانە، تەنها ئیماندار پارێزگاری لە دەستنوێژی خۆی دەکات}[٨٠].

---

[٧٨] رواه احمد والبخاری.
[٧٩] رواه احمد وابو داوود.
[٨٠] رواه احمد وإبن ماجة.

هەروەها لە حەدیسێکیتردا دەفەرمێت: {ئەگەر کەسێك لە ئێوە خەبەری بوویەوە با سێجار ئاو بدات لە لوتی چوونکە شەیتان لەناو بڕناخەکانیدا دەمێنێتەوە}[٨١].

بانگی شەرعی بۆ نوێژکردن شەیتانی نەفرەت لێکراو دوورەخاتەوە، هەروەك پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {کاتێك بانگ درا بۆ نوێژ شەیتان پشت هەڵدەکات و بایەکی لێ بەردەبێتەوە بۆ ئەوەی گوێی لە بانگەکە نەبێت}.

خوێندنی سورەتی البقرە لە ماڵەکاندا دوورخەرەوەی شەیتانە، هەروەك پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {کاتێك سورەتی البقرە لە ماڵێکدا دەخوێندرێت شەیتان لەو ماڵە ڕادەکات}[٨٢].

لە ڕیوایەتێکیتردا هاتووە پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ماڵەکانتان مەکەنە گۆڕستان چوونکە شەیتان لەو شوێنە ڕادەکات کە سورەتی البقرەی تێدا دەخوێندرێت}.

هەروەها دەفەرمێت: {قورئان بخوێنن چوونکە لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێتە تکاکار بۆ خاوەنەکانی، هەردوو زەهراوەینەکە بخوێنن (البقرە وسورەتی ال عمران) چوونکە ئەو دوو سورەتە لەڕۆژی قیامەتدا وەك دوو پەڵە هەور یاخود وەك دوو پۆل باڵندەی پەڕوپۆدار سێبەر بۆ خاوەنەکانیان دروست دەکەن}.

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمێت: {سورەتی البقرە بخوێنن چوونکە خوێندنی بەرەکەتە و پشتگوێ خستنی حەسرەتە، ساحیرەکان ناتوانن زەفەری پێ بەرن}[٨٣].

---

[٨١] متفق علیه.
[٨٢] رواه مسلم ف صحیحه.

خوێندنی ئایەتی کورسی کە ئایەتێکە لە سورەتی البقرە موسوڵمان لە شەیتان دەپارێزێت و هەرکەسێك لەشەواندا بیخوێنێت بەردەوام فریشتەی پارێزکاری خودای بەسەرەوەیە، هەروەك لەو حەدیسەدا هاتووە کە بوخاری لە ئەبو هورەیرەوە ڕێوایەتی کردووە.

وەهەروەها هەرکەسێك کۆتا دوو ئایەتی سورەتی البقرە بخوێنێت بەیانی هەتاوەکو ئێوارە پارێزراو دەبێت لە خراپەی شەیتان، لەبەر ئەم فەرموودەی پێغەمبەر(ص) کە دەفەرمێت: {هەردوو ئایەتی کۆتایی سورەتی البقرە هەرکەسێك لە شەودا بیخوێنێت ئێمە گرنتی پارێزراوی پێ دەدەین}[٨٤].

هەروەها دەفەرمێت: {خودای گەورە هەزار ساڵ پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات کتێبکی نوسیوە و دوو ئایەتی لێ دابەزاندووە و سورەتی البقرەی بەوانە کۆتایی پێ هێناوە، ئەگەر شەوانە لەهەر ماڵێکدا بخوێنرێن شەیتان ڕووی تێ ناکات}[٨٥].

فێرکردنی منداڵان بۆ خۆپاراستن لە شەیتانی نەفرەت لێکراو زۆر گرنگە، پێغەمبەر(ص) ئەوەی فێری حەسەن و حوسەین دەکرد و دەیگوت باوکتان وەك ئیسماعیل و ئیسحاق بەمشێوەیە پەنای بەخودای گەورە دەگرت لە شەیتانی نەفرەت لێکراو: پەنا دەگرم بە ووشە تەواوەکانی خودا لە هەموو شەیتانێکی وەهمکار و لە هەموو چاوێکی پیسی زیانبەخش}[٨٦].

---

[٨٣] رواه مسلم فی صحیحه.
[٨٤] متفق علیه.
[٨٥] رواه احمد والترمذی والنسائی.
[٨٦] رواه البخاری فی صحیحه.

ئیبن عەباس دەڵێت شەیتان هەمیشە لە بۆسەدایە بۆ دڵی مرۆڤ ئەگەر سەهوی کرد و بێئاگابوو وەسوەسەی بۆ دروست دەکات، بەڵام ئەگەر زیکر و یاد خودای کرد لێی دوور دەکەوێتەوە}.

پەناگرتن بەخودای گەورە لەخراپەی شەیاتینەکان لەکاتی چوونە توالیت، پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {خودایا من پەنات پێ دەگرم لە پیس و پیساییەکان}[87].

پەناگرتن بە خودای گەورە لە خراپەی وەسواسی خەناس هەروەک پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {شەیتان دێت بۆ لای کەسێکتان و پێی دەڵێت: کێ ئەوەی دروست کردوو؟ کێ ئەوەی خولقاندووە؟ هەتاوەکو دەگاتە ئەو پرسیارە و دەڵێت: باشە کێ خودای دروست کردووە؟ ئەگەر گەیشتە ئەو پرسیارە با پەنا بگرێت بەخودا لەو نیەت و خەیالاتە خراپە}[88].

وازهێنان لە شك و گومان ودوودڵی و دامەزراوی لەسەر دڵنیایی لە ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژدا، هەروەک پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ئەگەر کەسێك لە ئێوە لە نوێژەکەیدا کەوتە گومانەوە نەیزانی چەند ڕکاتی کردووە سێ یاخود چوار، با شك و گومانەکەی فڕێ بدات و دڵنیابێت و لەپاشان دوو سوجدە ببات پێش ئەوەی سەلام بداتەوە،ئەگەر پێنج ڕکات بکات ئەو نوێژەی دەبێتە تکاکار بۆی، ئەگەریش وەك تەواوکاری بۆ چوار ڕکاتەکە ڕکاتی تر بکات ئەوە پۆرت شکاندنی شەیتانە}[89].

---

[87] متفق علیه.
[88] متفق علیه.
[89] رواه مسلم فی صحیحه.

ئامادەبوون لەناو کۆڕ و کۆمەڵ و خەڵوەت نەکردن لەگەڵ ژنی نامەحرەمدا، هەروەک پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {هەرکەسێك لە ئێوە ئەیەوێت بۆنی بەهەشت بکات با هەمیشە لەناو کۆڕ و کۆمەڵدا بێت، چوونکە شەیتان لەگەڵ ژن و پیاوی نامەحرەمدایە و دەبێتە سێیەمیان، با کەس لە ئێوە بەتەنیا لەگەڵ ژنێکی نامەحرەمدا نەبێت چوونکە شەیتان سێیەمیانە، هەرکەسێك بە چاکەکانی خۆی دڵی خۆش بێت و بە خراپەکانیشی دڵتەنگ بێت ئەوە ئیمانداری ڕاستەقینەیە}[٩٠].

هێنانی ناوی خودا لەسەر هەموو شتێك وەك داخستنی دەرگا و کردنەوەی و چوونە ماڵەوە و داپۆشینی قاپ و دەفرەکان و....هتد.

پێغەمبەر(ص) دەفەمرێت: {دەرگاکان دابخەن و ناوی خودا بهێنن چوونکە شەیتان دەرگای داخراو ناکاتەوە}[٩١].

هەروەها لە حەدیسێکی تردا دەفەرمێت: {دەرگاکەت دابخە و ناوی خودا بهێنە}.

داخستنی دەم لەکاتی باوێشکداندا

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {باوێشك لە شەیتانەوەیە هەرکەسێك لە ئێوە باوێشکی دا با هەتاوەکو دەتوانێت بیگێڕێتەوە چوونکە کاتێك ئێوە باوێشك دەدەن شەیتان پێڕ دەکەنێت}[٩٢].

---

[٩٠] رواه احمد فی المسند.
[٩١] متفق علیه.
[٩٢] رواه البخاری.

هەروەها دەفەرمێت: {ئەگەر کەسێك لە ئێوە باوێشکی دا با دەست بگرێت بەدەمیەوە چوونکە شەیتان لەگەڵ باوێشکەکەدا دەچێتە ژوورەوە}[٩٣].

زیکری خودا لەکاتی چوونە دەرەوە لەماڵەوە و چوونە ژوورەوەدا

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {ئەگەر کەسێك لە ماڵەکەی خۆی چوویە دەرەوە با بڵێت: بسم الله پشتم بە خودای گەورە بەست چوونکە هیچ پشت و پەناو هێزێك نییە بێجگە لە خودای گەورە نەبێت}.

ئیبن قەیم ڕەحمەتی خودای لێبێت دەڵێت: {بە زیکر و یادی خودا عەبد شەیتان دەدات بەزەویدا هەروەك چۆن شەیتان ئەهلی بێئاگایی و لەبیرچوونەوە دەدات بەزەویدا}.

هەندێك لە سەلەفی صاڵح دەڵێن: ئەگەر زیکر و یادی خودا لەناو دڵی مرۆڤدا جێگیر بوو کاتێك شەیتان نزیکی دەبێتەوە زۆرانبازی لەگەڵدا دەکات هەروەك چۆن مرۆڤ کاتێك شەیتانی لێ نزیك دەبێتەوە زۆرانبازی لەگەڵدا دەکات، شەیاتینەکان کۆدەبنەوە و دەڵێن: باشە ئەمە چیەتی کە نابەزێت؟ دەگوترێت ئینسی کاریگەری کردووەتە سەری (واتە زیکری کردووە) کە ڕۆحی کردەوە چاکەکانە، ئەگەر کارو کردەوەی مرۆڤ زیکر و یادی خودای تێدا نەبوو وەك ئەو جەستە وایە کە ڕۆحە و گیانی تێدا نییە. خودای گەورە باشتر دەزانێت.

---

[٩٣] رواه احمد وابو داوود.

پارێزگاری کردن له زیکرەکانی بەیانی ئێوارە و زیکرەکانی پاش نوێژە فەرزەکان، کە لە زۆرێك لە کتێبەکانی ترماندا باسمان کردووە وەك (ڕاوەدونەری جنۆکە) و (شیفا بە زیکر و دووعاکردن).

کەمترینی زیکرەکان ئەگەر بێت و مرۆڤ لەسەری بەردەوام بێت دەبێتە قەلایەکی بەهێز لەبەرامبەر شەیتانی نەفرەتی و خۆپاراستن لە سیحر و جادوو دەگەی شەیتانی و ئیرەیی، کە بریتین لە خوێندنی سورەتی فاتیحە و پێنج ئایەتی سەرەتای سورەتی البقرە و دوو ئایەتی کۆتایی هەمان سورەت و (آیة الکرسی) و سورەتەکانی الفلق و الناس.

دووعا نەبەویەکان

پێغەمبەر(ص) دەفەرمێت: {هەرکەسێك هەموو ڕۆژێك سەدجار بڵێت لا اله الا الله وحده لاشریك له له الملك وله الحمد وهو علی کل شیئ قدیر وەك ئەوە وایە دە عەبدی ئازاد کردبێت و سەد چاکەی بۆ دەنوسرێت و سەد خراپەی دەسڕێتەوە، ئەو ڕۆژەش لە شەیتان پارێزراوە هەتاوەکو ئێوارە، هیچ کەسێکیش باشتر لەمەی نەهێناوە مەگەر کەسێك کە لەمە زیاتری کردبێت}[٩٤].

عوقبەی کوڕی عامیر دەڵێت: گەیشتم بە پێغەمبەری خودا (ص) پێی گوتم: ئەی عوقبەی کوڕی عامیر ئایا فێری کۆمەڵێك سورەتت بکەم کە نە لە تەورات و نە لە ئینجیل و نە لە زەبور و نە لە فورقانیشدا نەهاتوون؟ هیچ شەوێك نەبووە کە من ئەوانە نەخوێنم: قل هوالله أحد و قل أعوذ برب الفلق و قل أعوذ برب الناس.

---

[٩٤] متفق علیه.

عوقبە دەڵێت: لەوکاتەوە هەموو شەوێك ئەو سورەتانەم خوێندووە، دەبێت وازیان لێ نەهێنم چوونکە پێغەمبەر فەرمانی پێکردووم.

***

وتەی کۆتایی

لەوانەیە پاش ئەم باسانەی کە سەبارەت بەم بابەتە گرنگەی قەرینی شەیتانی کردمان و نهێنیەکانمان ئاشکرا کرد و شاراوەکانیمان خستەڕوو، توانیبێتمان تیشك بخەینە سەری و ڕوونی بکەینەوە بۆ خەڵکی، ئەوەش دەچێتە خانەی (دووژمنەکەت بناسە).

هەتاوەکو ئێستەش مەسەلەی ئەم قەرینە بەلای زۆرێك لە خەڵکییەوە شاراوە و نادیارە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر بابەتێکی گرنگە، ئەوەش لەبەر کەمی بابەت و کتێبی نوسراو لەوبارەیەوە، چوونکە بابەتەکانی دەچنە ناو کۆمەڵێك باس و بابەتی تردەوە و سەربەخۆیی وەرناگرن و نابنە بابەتێکی تایبەت.

ئێمەش کۆمەڵێك مەسەلەمان خستەڕوو کە لە کۆن و نوێدا جیاوازیان لەسەر هەبووە، هەموو بۆچونە جیاوازەکانیشمان باس کرد، ئەوەی کە یەکێك لەو بۆچونانەمان بە باشتر زانیبێت لەبەر ئەوە بووە کە قەناعەتمان بە ڕاستیەتی ئەو دەرئەنجامە هەبووە کە پێی گەیشتوین، هەربۆیە ئێمەش وەك ئیمامی شافیعی دەڵێین لەوانەیە بۆچونێکی ڕاستی من هەڵەیەکی تێدا هەبێت و بۆچونێکی هەڵەیشم ڕاستیەکی تێدا هەبێت.

بەهیچ شێوەیەک بۆچوونی خۆمان فەرزناکەین بەسەر کەسی تر و بەتایبەت ئەوانەدا کە جیاوازی بۆچوونیان لەگەڵ ئێمەدا هەیە، بەبیانوی ئەوەی کە ئەو شتانە کۆمەڵێک مەسەلەن کە دەگە لە عەقیدە و بیروباوەڕ دەدەن وەک هەندێک لە کەسانی نەزان دەیڵێن.

ڕێز لەو کەسەش دەگرین کە ناچێت بەناو قولاێیی ئەم مەسەلانەدا بە بیانوی ئەوەی کە ئەم جۆرە باس و بابەتانە لە غەیبیاتەکانە و دروست نییە مرۆڤ قوڵ ببێتەوە تێیاندا.

داوا لە خودای گەورە دەکەین کە هیدایەتمان بدات و یارمەتی هەموو لایەک بدات لە کارە باشەکاندا و ئەم ئیشەی ئێمەش وەک کاری چاکە قبوڵ بکات و ببخاتە تەرازوی چاکەکانمانەوە لە ڕۆژی دواییدا، هەر ئەو پشتوپەنای هەموو چاکەکارانە، درود و سەلاوات لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەر(ص) و یارو یاوەرانی هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت.

(نووسەر)

یەکێک لە سەربازانی ئیبلیس و نوێنەرەکانی کە هەمیشە لەگەڵ ئادەمیزاددایە بریتییە لە قەرینی شەیتانی، یاخود قەرینی جنۆکە، کە بریتییە لە دوژمنێکی شاراوە لەبەرچاوەکانمان، سەرەڕای مەترسی و گرنگییەکانی لەسەر ژیانی مرۆڤ لەڕووی گومڕاکردن و هەڵخەڵەتاندن و لەخشتەبردنیەوە، بەڵام هەمیشە لێی جیانابێتەوە و شەووڕۆژ لەگەڵ ئادەمیزاددایە.

مەترسی ئەم قەرینەش کە بریتیە لەشەیتان، بۆ هەموو مرۆڤێک ئەوەیە کە مرۆڤ وەک دووژمن سەیری ناکات، هەروەک خودای گەورە فەرمانی پێ دەکات، هەروەها لەبیریدا نییە چوونکە نایبینێت.

لەم کێبەدا ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە هەموو مرۆڤێکی وەک ئێمە قەرینێکی لە جنۆکە و قەرنێکی لە فریشتەکان هەیە، کە هەر یەکەیان ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان هەیە لە ژیانی ئادەمێزاددا.

قەرینی شەیتانی هاوەڵەکەی هاندەدات لەسەر خراپە و خراپەکاری، قەرینی فریشتەیش هاوەڵەکەی هان دەدات لەسەر خێر و چاکەکردن، ئەوە مرۆڤە کە خۆی ئازادە لە هەڵبژاردنی ڕێگەی خۆیدا و خودای گەورەش لە قیامەتدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات لەسەر ئەو هەڵبژاردنەی.

پێشینان و پاشینانمان جیاوازی بۆچونیان هەیە لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری قەرینی شەیتانی، وە ئایا شتێک هەیە بەناوی جادووی قەرین، یاخود دەگەدانی قەرین لە مرۆڤەکان، وە ئایا مرۆڤ بەهۆی قەرینەوە تووشی نەخۆشی دەبێت؟!

لەم دواییانەدا جیاوازییەکە هێندە توند بووەتەوە و گەیشتووەتە لوتکە هەتاوەکو کار گەیشتوەتە ئەوەی کە لە سەر چەندین پێگەی ئینتەرنێتی باس و خواسی لەسەر دەکرێت و هەرکەسەو پابەندە بە بۆچوونی خۆیەوە و ئەویتر بە نەفام و کاڵفام دەداتە قەڵەم.

هەربۆیە لەم کتێبەدا هەوڵ دەدەین مەسەلەکە ڕوون بکەینەوە و هەموو بیرو بۆچونەکانیش لەو بارەیەوە بخەینە ڕوو...

خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
renma_bookstore
نرخ(8000)دینار